گیتا گرکانی

# مێژووی سینەما

وەرگێڕانی: ستار کەریم

پیاچوونەوە: ئازاد سەرزە









گیتا گرکانی

# مێـــژووی ســـینەمـــــا

وەرگێڕانی

**ستار کەریم**

پیاچوونەوە

**ئازاد سەوزە**

سلێمانی \ ٢٠٠٢

ناوی کتێب: مێژووی سینەما

ناوی نووسەر: گیتا گرگانی

ناوی وەرگێڕ: ستار کەریم

بابەت: مێژووی هونەری

مۆنتاژ : سەیران عەبدولرەحمان

هەڵەچن: هەوار شەریف

تیراژ: ٣٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن : ١٧٦ ی ٢٠٠٢

**زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٨٢)**

**www.sardam.org**

# بـــــەشی یــەكـــــەم

## مێژوویەكی كورت:

سینەما یەكێكە لەو هونەرانەی كە زۆر خۆشەویستەو جەماوەرێكی فراوانی هەیە، جووڵەی سیحرئامێزی وێنە بزۆكەكان لەسەر پەردەی سینەما بینەر دەخاتە جیهانێكی ترەوە. ئەو جیهانەی كە سەرەڕای جیاوازیشی لەگەڵ جیهانی واقیعی بە تەواوی جێی پێشوازی كردنە. گەشت لە زەمەن و شوێن دا، هاوبەشی كردن لە ئەزموونە نوێكان و هەتا جێگرتنەوەی ئەوانە لە جێی ئەزموونی كەسێتی لەو تواناییانەیە كە سینەما دەیخاتە خزمەتی ئێمە.

سینەما بە هونەری حەوتەم ناودەبرێت چونكە لە دوای، تەلارسازی، پەیكەرسازی، شانۆ، نیگاركێشان، مۆسیقاو سەما پەیدا بووەو پێك هاتەیەكە لەوانە. لە لایەكی ترەوە ئەم هونەرە بێجگە لە خولقاند نی هزری سینەمایی پێویستی بە كامێراكان، كەل و پەلی تایبەتی و هۆكارە تایبەتی‌یەكانی پیشەسازی هەیە. بەو هۆیەوە دەتوانین ئەوە بە پیشە دابنێین.

ئەم هونەرە جوانە كە بەردەوام لە حاڵەتی گەشەكردن و گۆڕاندایە لەگەڵ هەموو ئەو سەرنج ڕاكێشیانەی لە واقیع دا شتێك نی‌یە تەنیا كۆمەڵێك لە وێنەی نەگۆڕ (ڕەش و سپی یا ڕەنگاوڕەنگ) كە بە خێرایی‌یەكی دیاریكراوی (٢٤ وێنە لە چركە)یەكدا بە ئامێرێك بە ناوی پرۆژكتۆر كە لە سەر ڕووی پەردەیەكی تایبەتی دەبینرێ. ئەم وێنە جێگیرانە بە هۆی مانەوەی كاریگەریی ڕووناكی لەسەرچاو، بە

زیندوو جولاو دێته بەرچاو. بەو جۆرەی ئەم وێنانە واقیعتر دێته پێشێ. تۆمارکردن و پەخش کردنی هاوکاته لەگەڵ دەنگەکەدا.

{بە جووڵە دەرهاتنی وێنەکان لە ڕاستیدا خەونی چەندین هەزاران ساڵی مرۆڤ بووە. ئەو وێنانەی کە لە ٢٥٠٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا لەسەر دیوارەکانی ئەشکەوتی "ئالتامیرای" ئیسپانیا بۆ یادگاری ماوەتەوە، نیشانەی ئەم ئارەزووەی مرۆڤ بووە. لەم ئەشکەوتەدا باس لە وێنەی بەرازێك دەکرێ کە دوو جووت دەست و دوو جووت پێی هەیە. ئەم نیگارە سەرسوڕهێنەرە نموونەی زەوق و شەوقیوێنەکێشە بۆ پیشاندانی جووڵە . چونکە هەردوو جووت دەست و پێ قۆناغێکی جووڵە پیشان دەدەن. دەتوانرێ ئەم وێنانە بە باوکی ئەنیمەیشن واتە "کارتۆنی" دابنرێ. والت دیزنی دوای چەند هەزار ساڵ لە وێنەکێشانی بێناوونیشانی ئەشکەوتی "ئالتامیرا"، بە جیاکردنەوەی هەر قۆناغێکی جووڵەو دروست کردنی دوو وێنە بە یەك جووت دەست و پێ توانی ئەوە لەسەر ڕووی پەردەی سینەما بە جووڵە دەربهێنێ}.

لە پەرستگاکانی هیندستانیش دا هەندێ پەیکەر هەیە کە "شیوا" لە حاڵەتی سەما پیشان دەدات و هەریەکەیان چەندین دەستی هەیە. هەر یەکە لە دەستەکانی شیوا قۆناغێك لە یەك جووڵە پیشان دەدات. ئەمەش نیشانەیەکی ترە لە ئارەزووی دێرینی مرۆڤ لە بە جووڵە دەرهێنانی وێنەکاندا.

لە سەدەی ١٦ی زایندا، لیۆناردۆ داڤنشی، وێنەکێشی گەورەی ئیتالی، بۆ فێرکردنی وانەکانی وێنەکێشان ئامێرێکی دروست کرد کە دایکی ئامێرەکانی ئێستای تۆمارکردنی وێنەیە. کە پێش لیۆناردۆ داڤنشی لە سەدەکانی ناوەڕاست دا، وێنەکێشەکان (پرسپکیتۆ)یان نەبوو واتە وێنەکێشەکان لە وێنەکێشانی دیمەنەکان و کەل و پەلەکاندا گرنگییان بە دووری و نزیکی لە دیمەندا نەدەدا. بچووکی و گەورەیی وێنەگرتن پەیوەندی بە گرنگی وێنەگرتنەوە هەبوو. کەسانی پیرۆزترو گرنگتر لەوانی تر هەمیشە لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا کێشراوە. داڤنشی بۆ ئەوەی بتوانێت سەرنجی قوتابیەکانی بۆ پرسپکیتۆ ڕابکێشێت ژوورێکی دروست کرد کە دەتوانرا هەڵبگیرێ و بگوێزرێتەوەو لە هەمان کاتدا ئەوەندە گەورە بوو کە وێنەکێشێك دەیتوانی بە ئاسانی

له ناویدا كاربكات. لەسەر ڕووی دیواری ئەم ژوورەدا پەنجەرەیەكی یا كونێكی تیا دروست كردو ئەو پارچەیەی وێنەكەی تیا دەكێشێ لە بەرامبەر كونەكەدا دادەنا. ئەگەر ئەم هۆكارە لە بەرامبەر دیمەنێك دابنرێت لەبەرئەوەی ژوورەكە هیچ كلاورۆژنەو د رزێكی تری تیا نەبوو وێنەیەكی پێچەوانە لە دوور نمای بەرامبەری ئەوە لەسەر ڕووی پارچەكە دەردەكەوێت و وێنەكێش دەتوانێت بە خێرایی وێنەكە بكێشێت. ئاساییە كە ئەم وێنە گرتنە ڕێژەی بەشەكانی بە پێی دووری و نزیكی ئەوانە دیاریكرابوو. داڤنشی ئەم ئامێرەی یا ئەم هۆكارەی بە كامێرای ئوبسكورا Camera Obescura، یا ژووری تاریك ناونا.

لە ساڵی ١٥٥٠ز. زانایەكی تر بە ناوی "جیرو لامو كاردانو" بە دانانی عەدەسەیەك لەسەر ڕووی كونی ژوورە تاریكەكەی داڤنشی، ئەوەی تەواوكردو بووە هۆی ئەوەی كە وێنەكان زۆر ڕوونتر لە وێنەكانی پێشتر دەربكەوێ. لە دوایی‌دا ئەم داهێنانە تەواوترو بچوكتر كرا، بە شێوەیەك كە هەر وێنەكێشێك لەو قۆناغەدا دەیتوانی ئەوە لەگەڵ خۆیا هەڵبگرێ. بەڵام هێشتا لە ژوورە تاریكەكەی داڤنشی هەتا كامێرای وێنەگرتن ڕێگەیەكی درێژ بوو.

لەگەڵ پێشكەوتنی زانست دا لە قۆناغی ڕێنیسانس دا، زاناكانی كیمیا سەرنجی كاریگەرییەكانی ڕووناكی‌یان دا لەسەر هەندێ پێك هاتەی كیمیایی وەك نیتراتی زیو، كلۆرو زیو وەك ئەوانەیان لێ دەهات. هەوڵی ئەم زانایانە لە دواییدا بووە هۆی پەیدابوونی مادەیەكی تایبەتی هەستیار بۆ ڕووناكی كە لە وێنەگرتن دا كارێكی‌گرنگی دانا. هاوكات لەگەڵ ئەم پێشكەوتنانەدا سەرگەرمی و كاری فیزیایی بچوكتریش داهێنران كە هەموو ئەوانە لەسەر یەك بنەمای فیزیۆلۆژی داڕێژراوە، كە بنەڕەتی مانەوەی كاریگەریی ڕووناكی‌یە لەسەر گلێنەی چاو.

(ژوزف ئانتونین فردنیاند پلاتۆ) كە زانایەكی بەلجیكی بوو، ماوەی كاریگەریی ڕووناكی لەسەر گلێنەی چاوی بە١/٢ تا ١/٣ ی چركە ڕاگەیاند. بەڵام لێكۆڵینەوەكانی دوایی دەریان خست كە ئەم ماوەیە زۆر كورت ترو نزیك ترە بۆ ١/٨ تا ١/١٠ ی چركە. لەسەر بنچینەی ئەم دۆزینەوەیە، زاناكان ئامێرێكیان دروست

کرد کە کاتێك  وێنـە کێشـراوەکان لـەوێدا دەسـوڕێنن بینـەر ئەوانـە بـە شـێوەی جووڵـە دەبینێت. یـەکێ لـەو ئامێرانـە (فیناکیستسکوپ Phenakistiscope) بـوو کـە پلاتـۆ لـە ساڵی ١٨٣٣ دا دروستی کرد. پلاتۆ لە دوای ساڵی ١٨٤٩ داهێنانەکەی تەواوکردو لە جێگـەی وێنەکێشراوەکان، لەو وێنانە سودیوەردەگرت کە بە کامێرای وێنەگرتن گیرابوو.

ئەو پێشکەوتنانەی کە لە زەمینەی وێنەگرتن دا دەرکەوت لە بەدیهێنانی سـینەمادا بەشداریەکی زۆری هەبوو.  یـەکێك لـەو پێشـکەوتنانە زیـاتر هەسـتیارکردنی مـەوادی هەستیاربوو بۆ ڕووناکی  یا ئەمولسیون (Emulsion) بـە سـوود وەرگرتـن لـەم مادەیـە زەمەنی وێنەگرتنی زۆر کورتر کردەوە. بەو خێراییە کاری پێکراو  لـە ڕووی حاڵەتی جووڵە پێکردنی وێنەکان بە دوای یەکدا ئەنجام درا. ئەم قۆناغە لە مێژووی وێنەگرتن دا بـە قۆنـاغی کرۆنـۆ فتوگرافـی Chrono  Photography یـا وێنـەگرتنی دوابـەدوا یـا بەردەوامی پێ دەوترا.

لێکۆڵینەوەکانی دوکتۆر ماری و وێنەگرتنی دیمەنە جیاجیاکان بووە هۆی ئەوەی لە نێوان ئەو و (ئستانفورد) کە قائمقامی کالیفۆرنیا بـووە گفتوگۆیـەك ڕووبـدات. دکتـۆر ماری جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەسپ لە  حاڵـەتی ڕاکردنـدا لـە حاڵـەتێکدا قـەرار دەگرێت کـە سێ پـێی بـەرزەو یـەك پێکـەی تریشی لەسـەر زەمینــە. ئسـتانفورد لـە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕایەدا وێنەگرێکی بە ناوی (ئیدوارد جیمز مویبریج) دامەزراند هەتا لە ڕاکردنی ئەسپەکاندا چەند وێنەیەکی بەڵگەنامەیی ئامادە بکات.

مویبریج ٢٤ کامێرای وێنەگرتنی بە  شـێوەیەك لەسـەر ڕێگـای ڕاکردنـی ئەسـپەکاندا دانـاو کـە هـەموویان لەگـەڵ یـەکتردا ماوەیـەکی یەکسـانیان هـەبوو هـەروەها گۆشـەی بینینی ئەوانە بە تەواوی وەك یەك بوو. دوگمەی کامێراکان بە دەزوویەك  بەسـترابۆوە بە پێی ئەسپەکەوە وێنەی دەگرت. ئەم جۆرە وێنەگرتنە زۆر دژوار بوو.  هـەندێ جـار کامێراکە دەکەوتە سەر زەمـین و دەشـکاو هـەندێ جـاریش بـە تـەواوی کـاری نـەدەکرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو زەحمەتەدا مویبریج توانی ٢٤ وێنەی ئەسپەکە بـە دوای یـەکدا لە حاڵەتی جووڵەدا بگرێت.

لە ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیەدا کە چەند ڕۆژێك درێژەی کێشا دووپاتی بۆچوونەکەی دوکتۆر ماریێ کردەوە. واتە ئەسپ لە حاڵەتێکدا سێ پێی لە هەوادا دەبێو پێگەی تریشی لەسەر زەمین دادەنێ.

لە نمایشگایەدا کە لە ساڵی ١٨٨١ بۆ وێنەکانی مویبریج سازدرابوو. وێنەکان بە ئامێرێکی دروست کراوی (ئەمیل رنو) لەسەر ڕووی پەردە پیشان درا. ئەو وێنانەی کە بە دوای یەکداو لە نێوانێکی دیاری کراودا دانرابوون لەسەر ڕووی پەردەکە وا هەست دەکرا کە جووڵە پێك دەهێنێت. لەگەڵ بوونی گرنگی تاقیکردنەوەی مویبریج لە دایك بوونی سینەما پێویستی بە مادەیەکی تازەی هەستیار بوو بۆ ڕووناکی. هاوکات لەگەڵ ئەزموونەکەی مویبریج دا یەکێك لە ئەندازیارەکانی کۆمپانیای "ئیستمن فۆرمول" مادەیەکی حەساسی بۆ ڕووناکی دۆزییەوە لە بەرواری ٩ی ئەبریلی ١٨٨٩دا ئەوەی بەناوی خۆیەوە ناونا. بەڵام جۆرج ئیستمن، خۆی وەك داهێنەرێکی فیلمی نوێ بە جیهان ناساند. فیلمی خامی سیلولۆیدی **Celluloid** کارخانەی ئیستمن کاری وێنەگرتنی فیلمی ئاسان کرد. "کارخانەی ئیستمن" ئێستاش یەکێکە لە چالاکترین مەڵبەندەکانی دروست کردنی فیلمی خام لە جیهاندا.

لە فەرەنسا (برایانی لۆمێر*)، ئاگۆست و لویس، کە کامێرای وێنەگرتنیان دروست دەکرد لەسەر بنچینەی تواناکانی کارخانەی ئیستمن توانیان کامێرایەکی نوێ دابهێنن کە دەیتوانی بە بەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زیاتر وێنەکانی بە دوای یەکدا بگرێت. ئەم ئامێرە کە ناوی "سینەما توگراف" بوو باوکی کامێراکانی ئەمڕۆیە. ئەوانە بە ئامێرە نوێکانی خۆیان. لە دیمەنە واقیعییەکان فیلمیان ئامادەکردو لە ڕاستیدا یەکەمین فیلمی بەڵگەنامەیی جیهانیان دەرکرد. دەرچوونی کرێکاران لە کارخانەی لومێر، حەبلی کراوە، ڕاوکردنی ماسییە سوورەکان، خۆراك دان بە منداڵ، مەیدانی کوردلیە لە لیۆن، دەریا، هاتنی شەمەندەفەر بۆ وێستگەی هێڵی ئاسن، باخەوانی تەڕبوو. لەو دیمەنە سەرەتاییانە بوون کە برایانی لومێر فیلمیان لێ وەردەگرت. ئەوان بۆ نمایشی فیلمەکانیان ژێرزەمینی کافتریایەکی گەورەی پاریسیان بەکرێ گرتووەو لە شەوی ٢٨

کانونی یەکەمی ١٨٩٥ خەڵکی پاریس بە بڕینی بلیت چوونەتە ناو هۆڵەکەو یەکەمین جاروێنە جوڵاوە تۆمارکراوەکانی "سینەماتۆگراف"یان لەسەر پەردە بینیووە.

فیلمەکانی لۆمێر کە تۆمارکردنی دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بوون لەلای خەڵك بە تەواوی بە واقیعی دەهاتنە بەرچاو. لە کاتی پیشاندانی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە بۆ وێستگاکە، کاتێك شەمەندەفەرەکە نزیك دەبێتەوە لە کامێراکەو لە تەنیشتەوە تێدەپەڕێ بینەران تووشی ترس بوون و هەندێکیان خۆیان داوە بە زەویدا.

(سینەمای داستانی) لە دوای سینەمای بەڵگەنامەیی هاتەکایەوەو دوایی بۆ یارمەتیو ئاسان کردنی تێگەیشتنی باشتر لە فیلم نووسینەوەیان بە شێوەی ژێرنووس لە فیلمەکاندا بەکارهێنا. لە ساڵی (١٩٠٥) یەکەمین هۆڵی نمایشی فیلم لە ئەمریکا دروست کرا. ئەم هۆڵانە بە (نیکولۆ ئادیۆن) ناسرابوون و باوکی هۆڵەکانی سینەمای ئەمڕۆن. هەروەها لە هۆڵەکانی سینەمادا پیانۆ ژەنێکیش ئامادە دەبوو لەگەڵ دیمەنە جیاجیاکانی فیلمەکەدا ئاوازی گونجاوی دەژەنی بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی سینەمای بێ دەنگ، لە وڵاتە جیاجیاکاندا داهێنانی جۆراوجۆر بەکاربراوە. سوودوەرگرتن لە حیکایەت خوان لە جێی ژێرنووسی فیلمەکەو گروپەکانی کارئەکتەران بۆ حیوارەوتن لە جێی تاك تاکەی کەسایەتییەکانی فیلم لەو جۆرە داهێنانە بوون. لەگەڵ ئاشنای بوونی خەڵکی بە سینەما وردە وردە کۆمپانیای گەورەی سینەمایی دروست بوون و لە ساڵی ١٩١٠ بە دواوە کۆمپانیاکان بۆ بەرزکردنەوەی فرۆشتنی فیلمەکانیان پڕوپاگەندەی زۆریان دەکرد دەربارەی کارئەکتەرەکانی فیلمەکانیان. بەم کارەیان دەگوت ئەستێرەسازی. ئەستێرەکانی سینەما لە فرۆشتنی فیلمەکاندا ڕۆڵی دیاری کراویان دەبینی. خەڵکی بەرامبەر ئەوان، ژیان و چارەنووسیان ئارەزوویەکی زۆریان پیشان دەداو زۆر لە ئەستێرەکانی سینەما چاوەڕوانیان دەکرد لەو ڕۆڵانەدا دەربکەون کە لەیەك دەچوون و نزیکن لە یەکەوە.

قۆناغی سینەمای بێ دەنگ ٢٠ ساڵ درێژەی کێشا، بەڵام لە دواییدا پسپۆڕان توانیان دەنگ بۆ فیلم بەکاربهێنن. یەکەمین بەرهەمی سینەمای دەنگ دار چەند

فیلمێکی کورتی کۆنسێرتی مۆسیقا بوون. له ساڵی ١٩٢٧ به دەرهێنانی فیلمی "گۆرانی بێژی جاز" له نواندنی ئال جالسون، یەکەمین فیلمی سینەمایی دەنگدار هێنرایە سەر پەردەی سینەما.

گۆڕینی سینەمای بێدەنگ بۆ سینەمای دەنگ دار بە هۆی هەندێ کێشەی هونەریی ساڵێکی خایاند. سەرەڕای هەندێ کێشەی تەکنیکی و زەحمەتێکی زۆریش دروست کردنو بەرهەم هێنانی فیلم بەدی هات کە زۆر پێش بینی نەدەکراو دوور بوو لە چاوەڕوانی.

له سەرەتادا زۆربەی دەرهێنەرو هونەرمەندە گەورەکانی سینەمای بێدەنگ لەگەڵ ئەم داهێنانە تازەیەدا نەیار بوون، ئەوان زیادکردنی دەنگیان بۆ فیلم بۆ سەنگ و بەهای هونەری سینەما بە مەترسییەکی جدی دەزانی ڕاگەیاندنێکیان دژی سینەمای دەنگ دار دەرکرد. چارلی چاپلن و ئایزنشتاین Eisenstin لەو کەسانە بون کە ئەم ڕاگەیاندنەیان ئیمزا کردبوو.

سینەمای دەنگ دار لە جیاتی نووسینەوەی گفتوگۆکان ئیتر پێویستی بە دەقی فیلمانەی تەواو هەبوو. نووسینی دەقی فیلمەکان و گفتوگۆکانی پێویستی بە نووسەری نوێ هەبوو کە توانای هەبێت لە ئەدەبیات و زمانی نمایش لە یەك ئاستدا. سودوەرگرتن لە گفتوگۆو پێویستی قسەکردنی کارئەکتەرەکان، کێشەی تازەی بۆ سنیەماکاران دروست کرد. زۆر لە ئەستێرە خۆشەویستەکان کە پێشتر هەرگیز لە بەرامبەر کامێرادا وشەیان بەکارنەهێنابوو بە هۆی بەهرەمەند نەبوونیان لە دەنگی گونجاو لە سینەما دووركەوتنەوەو جێی خۆیان دا بە نەوەیەکی نوێ لە کارئەکتەران.

سینەمای کۆمیدیش لەم نێوانەدا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات. ئیتر قۆناغی کۆمیدیای سینەمای بێدەنگ کۆتایی هاتبوو. ئێستا کۆمیدی قەرەباڵغ و پڕدەنگ و هەراو هوریا کە لەوێدا لە پانتۆمایم و حیواری کۆمیدی بە ئەندازەیەك سودی لێ وەرگیرا. جێگەی کارەکانی "چاپلن و باسترکیتون"یان گرتەوە. لە ساڵی (١٩٥٠)وە سینەما ڕەقیبێکی سەرسەختی تازەی بۆ پەیدابوو کە ئەویش (تەلەفزیۆن) بوو.

سینەماکاران ناچار بوون بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ هۆڵەکانی سینەما سوود لە ڕێو شوێنی هونەریی تازە وەربگرن. بەم جۆرە و بە هەوڵی پسپۆڕانی هونەریی، سینەمای سێ مەودایی هاتەکایەوە. بینەران ناچاربوون بۆ بینینی ئەم جۆرە فیلمانە سود لە چاویلکە تایبەتییەکان وەربگرن. لەم سینەمایەدا شتەکان بە سێ مەوداو زیندوو دەهاتنە بەرچاو بینەر وای هەست دەکرد ئەوەی دەیبینێ واقیعییە. سینەمای سێ مەودایی هەرگیز بە مەسەلە جدییەکانەوە خەریك نەدەبوو بەڵکو تەنیا هۆکارێك بوو بۆ سەرگەرمی و کات بەسەربردن. ئەم جۆرە سینەمایە زیاتر پشتی بە ترساندنی بینەرو بزواندنی هەستیان بەستبوو. بۆ نموونە بینەر خەیاڵی دەکردەوە- کە تۆپێك بەرەو ڕووی دەتەقێنرێ، یا لافاوێکی گەورە بەرەو ڕووی دێت. سینەمای سێ مەودایی بەو هەموو سەرنج ڕاکێشییەی لە سەرەتاوە سەرکەوتوو نەبوو، خەڵك هەر زوو لێی بێزار بوون. لە ساڵی ١٩٥٢ دا سیستەمێکی تازە داهێنرا بۆ پەخشی فیلم کە پێیان دەوت "سینەراما- Cinerama". لەم شێوازەدا وێنەکان بە سێ پرۆژکتۆر لەسەر ڕووی پەردەیەکی گەورەو فراوان نمایش دەکراو، هەر پرۆژکتۆرێك ٢/١ ی پەردەکەی دادەپۆشی. لە ئەنجام دا وێنەکان کەمێك بەرجەستەو واقیعی دەهاتنە بەرچاو. لە دوای داهێنانی سینەراما "دەنگی ستریۆفۆنیك" بۆ فیلم زیادکرا لەم شێوازەدا چەندین بڵندگۆی دوور هەتا لە دووری هۆڵەکە دادەنران و بینەران بە بیستنی دەنگەکان لەلای خۆیانەوە وا هەستیان دەکرد کە ڕووداوەکان لە دەووروو بەریان ڕوودەدا.

ئەو دژوارییەی لە ئەنجامی شێوەی پەخش کردنی سینەراماو سنوورداری هۆڵە گونجاوەکان بۆ ئەم جۆرە نمایشەی فیلم لەگەڵ سەرنج ڕاکێشییەکەشی خرایە لاوەو فەرامۆش کرا. تەکنیکێکی نوێ کە بۆ نمایشی فیلم بەکارهێنرا "سینەماسکوپ- Cinema Scope" بوو. لەم شێوەیەدا پرۆژکتۆر بە یارمەتی عەدەیەسەکی تایبەتی وێنەی پان و قووڵی لەسەر پەردەی سینەما پێچەوانە دەکردەوە. سودوەرگرتن لە پەردەی پان، دەنگی ستریۆفۆنیك و چۆنیەتی ڕەنگی باش، بووە هۆی ئەوەی هەتا فیلمی درێژترو سەرنجڕاکێش تر بەرهەم بهێنرێ.

له ده ساڵی ١٩٦٠دا گۆڕانکاری تەکنیکیزۆر هاتە ئاراوه. ئەو کامێرایانەی کە هەڵدەگیران و ٣٥ ملم بوون توانای وێنەگرتنیان لە دیمەنێکدا بە دەست هێناو داهێنانی عەدەسە (دووربینی) نوێ سنووردارییەکانی پێشووی کاتی وێنەگرتنی لەناوبردو توانای وێنەگرتنی له دیمەنه فراوان و گەورەکاندا به ئەندازەی دیمەنه بچکۆلەکان وەك ناو ژوورو ئۆتۆمبێل بەدەست هێنا.

لەگەڵ پێشکەوتنەکانی هونەریی، له وێنەگرتن دا توانای گرتنی وێنەی گەوره لە مەسافەیەکی دوورەوه بەدیهێنا. لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ لەگەڵ تەواوبوونی ڤیدیۆ، سودوەرگرتن لە تەکنیکییەکانی ڤیدیۆیی لە مۆنتاژی فیلم و گرتە تایبەتییەکان گۆڕانکارییەك بەدی هات.

بەڵام ئەوه به ڕاستی سینەمای هێنایه قۆناغێکی تازەو له ڕادەبەدەر سوودوەرگرتن بە شێوەیەکی فراوان لە کۆمپیوتەر لە خولقاندنی ئەو وێنانەی کەمەبەست بوو. کۆمپیوتەر ئەو توانایەی به سینەماکاران داوه هەتا بتوانن هەرچییەك له ناخیاندایە بیهێننە سەر پەردەی سینەما. گیان بەخشین بە کەل و پەل، گۆڕینی فیلمە بەڵگەنامەییيه کۆنەکان و سەرلەنوێ سودوەرگرتنەوه لەوانه له فیلمێکی سینەماییدا، گەیشتن بە شێوه تازەکانی مۆنتاژو توانای گۆڕینی دیمەنە تۆمارکراوەکان بە هۆی کامێراوه. بۆ نموونە خستنەسەری کەسەکان بەو دیمەنانەی کە بەبێ ئامادەبوونی ئەوان گیراوه، نمایش کردنی کارئەکتەرەکان بەو شێوەیەی که دەتەوێ وەك بەبێ دەست یا بێ پیشاندانی کارئەکتەرێکی تەواو لە زۆربەی لایەنەکانی تر بە هۆی هەبوونی کۆمپیوتەر له خولقاندنی فیلمە سینەماییيەکاندا دەکرێ. هێشتا کەس نازانێت بە سوودوەرگرتن له شێوه تازەکان، سینەما تا چ ئاستێك گۆڕانی بەسەردا هاتووه. لەگەڵ ئەوەی کە برایانی لۆمێر یەکەمین جار بە نمایش دەریان هێناوه. چەندە میانەی هەیە. بەڵام ڕاستی ئەوەیه که سینەماکارانی ئەمڕۆ بۆ دروست کردنی ئەو وێنانەی که له بیرو ناخیاندایە بەو توانایانەی کە بە ئاستێکی فراوان ترو ئاڵۆزتر لە نەوەکانی پێشووی خۆیان بەهرەمەندن.

## ئەڵمانیا

سینەمای ئەڵمانیا لە سەرەتای دروست بوونیدا، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە. دیارە سینەمای هونەریی ئەڵمانیا لە ڕۆژگارە ناخۆشەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، گەشەی کرد. لە ساڵی ١٨٩٥دا نزیکەی ٢ مانگ لە دوای ئەوەی (برایانی لومێر) یەکەمین فیلمی سینەمایییان بە شێوەیەکی ڕەسمی بە نمایش دەرهێنا. ماکس و ئەمیل سکلادا نوڤسکی، لە بەرلین فیلمێکیان پیشان داوەو یەك ساڵ لە دوای ئەوە "ئۆسکار میستەر Oskar Messter" دەستی بە فیلمسازی کرد. سینەمای ئەم قۆناغەی ئەڵمانیا لە خەیاڵ بێبەهرە بووەو لە ڕووی هونەرییەوە بێبەها بوو.

لەو ساڵانەدا بەشێکی زۆری فیلمە نمایش کراوەکان لە ئەڵمانیا لە بەرهەمی سینەمایی فەرەنسا، ئیتالیاو ئەمریکا پێك هاتبوون.

لە ساڵی ١٩١٠دا هونەرمەندانی بەرجەستەی شانۆیی بە پەیڕەوکردنی فەرەنسییەکان ئامادەبوون هەتا ناویشیان لە فیلمەکاندا دەربکەوێ. لە کاتێکدا کە تا ئەو سەردەمە سینەما لە ئەڵمانیا هونەرێکی بێ بەهاو بە گشتی لای عامەی خەڵك شایستەو ناسراو بوو. گرنگترین ڕووخساری ئەم جوڵانەوەیە "ماکس راینهارد" بوو کە گرنگترین ئامادەکارو دەرهێنەری شانۆیی بوو لە ئەڵمانیاو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر سینەمای ئەڵمانیاو جیهان بەجێ هێشت. هەموو کارئەکتەرو دەرهێنەرە گرنگەکانی ئەڵمانیا بێجگە لە (فریتس لانگ)، کە لە دەیەی ١٩٢٠ تا سەرەتاکانی ١٩٣٠، قۆناغی ئاڵتونی سینەمای ئەم وڵاتە، چالاکییان هەبوو، لەژێر چاودێری ئەودا وانەیان وەردەگرت و گەشەیان دەکرد. دەرهێنەرانی وەك (مورناو، لنی و لوبیچ) و کارئەکتەرەکانی وەك (یانینگەز، ڕاینەرو دیتریش) لەم گروپەن.

لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەدەها هۆڵی سینەما دروست کران و دوو ستۆدیۆی گەورەی سینەمایی دامەزران. لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم دا ئەڵمانیا دووچاری کێشەی ئابووری و سیاسی گەورە بوو کە دەیان ساڵ درێژەی کێشا. بەڵام هەر

لەو بارودۆخەدا سینەمای ئەم وڵاتە توانی خۆی لە دەسەڵاتی سینەمای وڵاتانی تر بپارێزێ. لە درێژەی جەنگ دا بە هۆی بوونی ٢٠٠٠ هۆڵی سینەماو پێویستی سەرگەرم کردنی خەڵك، بەرهەم هێنانی فیلم چوو بووە سەرەوە. دامەزراوەی سینەمایی یوفا (UFA) کە بە یارمەتی دارایی دەوڵەت لە ساڵی ١٩١٧دا دامەزرێندرابوو هەتا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، سینەمای ئەڵمانیای خستبۆوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. دەرهێنەرانی وەك (ئەرنست لوبیچ و فریتس لانگ) و ئەستێرەکانی سینەما وەك (ئەمیل یا نینگەزو پولانگری) لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دا کارەکانی خۆیان دەست پێکردبوو. لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ سەردەمی ئاڵتونی سینەمای ئەڵمانیا دەستی پێکرد. لەم قۆناغەدا کۆمپانیا گەورەکانی فیلمسازی دەستیان بەکارکردن کردو لە ساڵی ١٩٢٢ دا ئەڵمانیا لە ئاستی بەرهەم هێنانی فیلم لە جیهاندا لە پلەی دووەم دا بوو لە دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەم قۆناغەدا گرنگترین شێوەی فیلمسازی لە ئەڵمانیا (سینەمای ئەکسپرسیۆنیستی) بوو. ئەم سینەمایە هەوڵی ئەدا جیهانی نادیاری ناوەوەی مرۆڤ نمایش بکات. گرنگترین بەرهەمی سینەمای ئەکسپرسیۆنیستی ئەڵمانی "عیادەی دوکتۆر کالیگاری" بوو لە ساڵی ١٩١٩ لە دانانی "ڕۆبێرت واین". کە لە هەموویاندا هۆکارەکانی فیلمەکانی ئێکسپرسیۆنیستی وەك کەشێکی خەیاڵ ئامێز، سێبەری نیگارە گەورەکان و هێڵەکان و شێوە ئەندازەییەکان بەکارهێنراوە. فیلمەکانی "لە نێوان جیهانەکان و چارەنووس" لە ساڵی ١٩٢١ داو "دوکتۆر مابوزەی قومارباز" لە ساڵی ١٩٢٢ لە دانانی فریتس لانگ، نۆسفراتۆ Nosferatu ١٩٢٤ لە دەرهێنانی مورناو، (دەستەکانی ئورلاك) The hands of orlac لە دانانی ڕۆبێرت واین، (مۆدێلەکانی مومی) ١٩٢٤ بەرهەمی پل لنی، لە بەرهەمە بەرجەستەکانی "سینەمای ئێکسپرسیۆنیستی" بوون.

بێجگە لە دەرهێنەرە ناسراوەکان، هونەرمەندانی تریش لە چەسپاندنی سینەمای ئێکسپرسیۆنیستیدا ڕۆڵی گرنگیان هەبووە. کارل مایر فیلمنامەنووس، کارل فروندو فریتس واگنەر لە بواری وێنەگری سینەمایی داو شانۆکارانی وەك: هرمان وارم، ڤاڵتەر ڕویریك، ڕۆبێرت هرلت و ئوتوهۆنت، لەو کۆمەڵە هونەرمەندانە بوون. ساڵی ١٩٢٥

لوتکەی ئێکسپرسیۆنیستی بوو لە ئەڵمانیا هەتا چەندین ساڵ سینەمای ئەم وڵاتەو هەروەها سینەمای جیهانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەم شێوازە.

دوایی لە تەنیشت سینەمای ئێکسپرسیۆنیستی‌دا شێوەکانی تری فیلمسازی داهێنراو لەم شێوانەشدا شاکارە گەورەکان خوڵقابوون. ئەو فیلمسازانەی کە لە دەرەوەی قوتابخانەی ئێکسپرسیۆنیزم کاریان دەکرد زۆربەیان قوتابییەکانی ڕاینهاردو پەروەردەکراوی شێوەکانی شانۆیی ئەو بوون. یەکێ لە بەتواناترین قوتابییەکانی راینهارد، ئەرنست لوبیچ بوو. ئەو توانی بە سوود وەرگرتن لە شێوەکانی شانۆی ڕاینهارد لە زۆربەی فیلمە مێژووییی‌یەکان، شانۆ گەورەکان و قەرەباڵغەکان بەسەرکەوتوویی کارەکانی بکات. (مادام بۆڤاری) ١٩١٩، (ئالن بۆلین) ١٩٢٠، (شەوێکی عەرەبی) ١٩٢٠، (عەشقەکانی فیرعەون) ١٩٢١ لە بەرهەمەکانی ئەو بوون. فیلمەکانی (پلیکانەی دواوە) ١٩٢١ بەرهەمی پل لنی، (دواپیاو) ١٩٢٤ بەرهەمی مورناو کە پەیوەست بوو بە شێوەیەکی تری فیلمسازی کە زیاتر بە شانۆ پەیوەست بوو. ئەم شێوەیە بە دەروون ناسی و لێکۆڵینەوەی جیهانی ناوەوەی مرۆڤەوە خەریك بوو گرنگی زۆری بە دیکۆر ئەدا.

ئێروین پیسکاتۆر **Erwin Piscator**، دەرهێنەری گەورەی شانۆی ئەڵمانیا، لەسەر سینەمای ئەم وڵاتە کاریگەریی هەبووە. شاکاری لانگ، میترۆ پۆلیس ١٩٢٧، لەژێر کاریگەریی شێوە نمایشی‌یەکانی پیسکاتور دانراون.

دوو شێوەی تری فیلمسازی سەرنج ڕاکێش و دلگیر لە سینەمای دەیەی ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا، فیلمەکانی سەرشەقامەکان و فیلمە کوێستانی‌یەکان. فیلمی شەقام لە ساڵی ١٩٢٣، لە دەرهێنانی کارل گرون، سەرەتای ئەو بەرهەمانە بوو کە ناسراو بوون بە فیلمی سەر شەقامەکان. لەم فیلمانەدا کە زۆربەیان میلۆدرامیەکانی دەروون ناسی بوون، پاڵەوانی داستانەکە لەسەر شەقام یا شوێنە گشتی‌یەکانی وەك ڕیستۆران و پێکادانی لە ناکاوی ڕوودانی نهێنی ئامێز دەبوو. (شەقامی خەماوی) لە ساڵی ١٩٢٥، بەرهەمی پابست، (تراژیدیای شاقەمەکان) لە ساڵی ١٩٢٧ لە دەرهێنانی برونوران، بەم جۆرە سینەمایە پەیوەست بوون. لە فیلمە کوێستانی‌یەکاندا جوانی سروشت و زاڵ

بوونی مرۆڤ بەسەر سـ ەختیيەکانی سروشت دا، پیشان دەدرا. ناسراوترین دەرهێنـەری ئەم شێوازە: ئارنۆڵد فرنك، لنی ریفینشتاڵ و لویس ترنکەر بوون.

لە ساڵی ١٩٢٥ بەدواوە سینەمای ئەڵمانیا زیاتر گرنگی بـە واقیعی دەداو فیلمـەکانی بەڵگەنامەیی، ڕەخنــەیی و کۆمەڵایـەتی دادەنـران. لـە سـاڵی ١٩٢٧ والتـەر ڕوتمـان فیلمـی بەڵگانەمەیی بەرلین و، سەمفۆنی شارێکی گەورەی دەرهێنا. بەرلین کـارێکی ئـەزموونی بـوو کـە فیلمسـازانی تریـش لـە چەسـپانیدا ڕۆڵیـان هـەبوو. گرنگـترین فیلمـی ڕەخنەئامێزی ئەم قۆناغە "گەشتی دایە کراوزە بەرەو خۆش بەختی"یە لـە بەرهـەمی پیل یوستی کە لە دایك بووی (١٨٩٤)ە.

(یوستی) لە سینەماکارانی پێشڕەو و ڕیالیزمی ئەڵمانیا بوو لـە بەرهەمـەکانیدا بـە مەسـەلەکانی چینـی کرێکـارەوە خـەریك بـوو. لـە فیلمـی (گەشـتی دایـە کـراوزە بـەرەو خۆشبەختی)، یوستی هەوڵی دابوو تا شوێنگەی چینی کرێکار لە گۆشەنیگای هونەرەوە باس بکات. فیلمـی "نـانی ڕۆژانـەی ئێمـەو برسـێتی لـە والدنبـێرگ" لـە سـاڵی ١٩٢٨، لـە بەرهەمە بەرجەستەکانی تری ئەو بوون.

لـە قۆنـاغی زێڕینـی سـینەمای ئـەڵمانیادا چـەند فیلمێکـی هونـەریی زۆر بەرهـەم هێنرابوون. بەڵام بە سەرنج دان بەوەی کە لەو ساڵانەدا زیـاتر لـە (٢٠٠) فیلـم بەرهـەم دەهێنرا، ئاستی فیلمە بە نرخەکان لە بەرامبەر زۆری بەرهەمی مام نـاوەندی، یـا نـزم، زیـاد نـەبوو. بـە هـۆی زیـاتر فرۆشـتنی فیلمـە ئەمریکیـیەکان ئامادەکـارانی هـاندا بـە بەرهەم هێنانی فیلمی بازرگانی لە ئاستێکی نزم دا، لە لایەکی ترەوە سـینەماکارانی بـە توانای وەك: لوبیچ، مورناو، لنی، یەك لە دوای یەك ئەڵمانیایان بەجێهێشت.

پـەیدابوونی سـینەمای دەنگـدار هیـچ کێشـەیەکی بـۆ سـینەمای ئـەڵمانیا دروسـت نـەکرد، لەبەرئـەوەی ئەڵمانیـیەکان لـە پێـش ئەمریکیـیەکاندا بـە شـێوەیەك دەسـتیان دابووە سینەمای دەنگدار. لەم قۆناغەدا فیلمـەکانی مۆسـیقائامێز ڕەواجیـان هـەبوو کـە زۆربــەیان لەگــەڵ کۆمپانیاکــانی نەمســادا بەرهــەم دەهێــنران. بێجگــە لــە فیلمــە مۆسیقائامێزەکان لەم قۆناغەدا جۆرێکی تری لە فیلم وەك فیلمە پۆلیسیيەکان و دراما خێزانیيەکانیش دڵگیر بوون و بەرهەم دەهێنران. (فریشتەی ئاوی) ١٩٣٠ لـە بەرهـەمی

جوزێف فون ئیشترنبێرگ، که فیلمسازێکی ئەمریکی و بە ڕەگەز نەمسایی‌یە، (ئۆپێرای سێ پۆلی) لە ساڵی ١٩٣٠، لە دەرهێنانی پابست، (دایك) لە ساڵی ١٩٣١، دکتۆر مابوزە لە ساڵی ١٩٣٣ بەرهەمی فریتس لانگ، لە فیلمە گرنگەکانی ئەو ساڵانە بوون.

بە هۆی قەیرانی سیاسی ١٩٢٩ لە ئەوروپاو ئەمریکا کۆمپانیا گەورە سینەمایی‌یەکانی لە ئەڵمانیا تووشی تەنگژە کرد. هونەرمەندان لە بارەی هەڵوێست وەرگرتنی سیاسی‌یەوە بوون بە ٢ بەش. فیلمسازانی وەك "پابست" لە بەرهەمەکانیاندا بەرگری‌یان لە ئازادی و ئازادی خوازان دەکرد، لە کاتێکدا کە فیلمسازانی تریش ئەو فیلمانەیان بەرهەم دەهێنا کە لایەنگری جوداخوازی نەژادی و حکوومەتی چەوسێنەر بوون.

لە کۆتایی‌دا ئەم قەیرانە هاتنە سەر کاری نازی‌یەکانی لێکەوتەوە. ناسیونالیستە سۆشیالیستی‌یەکان هەتا لە پێش بە دەست گرتنی دەسەڵات بە یارمەتی ئالفرد هوگنبێرگ کە یەکێك بوو لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای "یوفا" و لایەنگرانی هێتلەر، کە ئامادەکردنی فیلمە کورتە هەواڵنامەییەکان و پڕوپاگەندەکانی لە ئەستۆدا بوو.

نازی‌یەکان لە ساڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتیان گرتە دەست و "جوزیف گویلز" وەزیری ڕاگەیاندنی هێتلەر بەسەر هەموو گروپەکانی ڕاگەیاندندازاڵ بوو. نازی‌یەکان بەشێکی تایبەتی‌یان بۆ کۆنترۆڵ کردنی سینەما دامەزراند. سەرەڕای ئەوەوە لە ساڵی ١٩٣٤ یاسایەك دەرکرا دەسەڵاتێکی زیاد درا بە کارمەندانی سانسۆر ئەوانە ئەوەندە دەسەڵاتیان هەبوو لە بەرهەم هێنانی فیلم دا هەر لە قۆناغی نووسینی فیلمنام ە هەتا تەواوکردنی هەموو کارەکانی فیلمەکە چاودێری بکەن، نازی‌یەکان بێجگە لە مەوزوعی فیلمەکە، خودی فیلمسازیشیان کۆنترۆڵ دەکرد. یەهودی‌یەکان، ئازادی خوازەکان، ئەوانە بیری سەربەخۆیی‌یان هەبوو مافی ئەوەیان نەبوو لە ئەڵمانیای هێتلەری فیلم بەرهەم بهێنن. لە هەمان کاتدا لە ئەنجامی گوشاری زۆر زۆربەی فیلمسازەکان، خۆیان لە سینەما دوورخستەوە. سانسۆر فیلمە کۆنەکانیشی دەگرتەوە. پیشاندانی زۆر لەو فیلمە کۆنانەش قەدەغە کرا. لە ئەنجامی ئەم هەموو گوشارانەدا، هەموو دەستکەوتەکانی سینەمای ئەڵمانیای ژێر سایەی نازی‌یەکان لەناوچوو فیلمە خەیاڵی‌یەکان کەم بەهاکان و فیلمە پێشکەوتووەکان جێی ڕەزامەندی گشتی بووەو جێی بەرهەمە باشەکانی سینەمایان گرتۆتەوە.

ئەو فیلمانەی کە جێی ڕەزامەندی حکومەت بوون لەو قۆناغەدا، ئەو بەرهەمانە بوون کە گوێڕایەڵی کوێرانەیان لە دەسەڵاتی حوکم کردووە. دوایی ئەو فیلمانەی کە پەسەندکراوی یاساشکێنی بە دەسەڵاتەکانیش بوون بۆ ئەم جۆرە فیلمە پڕوپاگەندانە زیاد بوون. بێجگە لەمانەش بەرهەم هێنانی فیلمی جەنگی و ئەو فیلمانەی کە ڕاستەوخۆ پڕوپاگەندەی ئامانجەکانی حیزبی نازی یان دەکرد، ئازادبوون.

دیارترین دەرهێنەری لا یەنگری نازییەکان "لنی ریفنشتال"[٣] بوو ئەو لە ساڵی ١٩٣٣، فیلمی "سەرکەوتنی بڕوا" و لە ساڵی ١٩٣٥ "سەرکەوتن ورەی خولقاند" کە هەردوو فیلمەکە بەڵگەنامەیی و پڕوپاگەندەیی‌یە لە بەرهەم هێنانی ڕەسمی حیزبی نازی بوون. لە سەرکەوتنی ورەدا گروپێکی ١٢٠ کەسی بێجگە لە ٤٠ وێنەگر لە خزمەتی "ڕیفنشتاڵ"دا بوو. لە کارەکانی ڕیفنشتاڵ دا، ڕابەر بە شێوەی وجودێکی ئەفسانەیی و لە سەروو مرۆڤە کۆچ کردووەکان پیشان دەدرا. بەرهەمەکانی ئەو بەو هەموو تەواوییو جوانی هونەرییەوە بە هۆی پڕوپاگەندەی دژ بە بەهاکانی مرۆڤایەتی، بەرهەمی خراپ و هەتا ترسناکیش بوون.



**جوزیف فۆن**

لە ماوەی دەسەڵاتی نازیەکاندا لە ئەڵمانیا زیاتر لە (١٠٠٠) فیلم بەرهەم هێنراوە. کە باشترینیان لەوانە مونشهاوزن (Munchausen) لە دەرهێنانی جوزیف فون بوو. ئەم فیلمە بە بۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵڕۆژی یوفا، بەرهەم هێنرا.

لە دوای ڕووخانی هێتلەر سینەمای ئەڵمانیا هەوڵی دا تا بۆ خوبەدەستەوەدانی خەڵك لە بەرامبەر دەسەڵاتی نازیەکان پەیامێك بدات و ویژدانی گشتی ئارام بکات. بوونی هێزەکانی بێگانە لە ئەڵمانیا کە هەرکامێکیان بەشێکی وڵاتیان لە دەست دا بوو پەیڕەوی سیاسەتی تایبەتی خۆیان دەکرد، کێشەکانی سینەمای لە دوای جەنگ زیاتر کردبوو. لە بەشەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی خۆرئاوا، فیلمسازان بۆ ئەنجام دانی فیلم دەبوایە مۆڵەت نامەی تایبەتی‌یان وەربگرتایە، هەر فیلمێك لە دوای خوێندنەوە بابەتی فیلمەکە و لێکۆڵینەوەی ڕابردووی فیلمساز مۆڵەتی پێدەدرا بۆ کارکردن. لەم نێوانەدا فیلمسازانی وەك "لنی ریفنشتال"[٣] کە لە خزمەتی حکومەتی نازیەکاندا بوو، لە فیلمسازی بێبەش کرا. بەڵام پێشتر ستۆدیۆکانی فیلمسازی لەژێر دەستی هێزەکانی سۆڤیەتدا بوو. ئەوان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا سینەمای میللی‌یان ڕاگەیاند. بەکردەوەش باشترین ئەو فیلمانەی قۆناغی دوای جەنگ لەم وڵاتەدا لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات بەرهەم هێنرابوون.

فیلمی (تاوانباران لە نێوان ئێمەدا) لە ساڵی ١٩٤٦ لە بەرهەمی ولفگانگ ستاوت، نیشتمان لە ساڵی ١٩٤٨ لە دەرهێنانی پابست، فیلمی (بەبێ ناونیشان) لە ساڵی ١٩٤٨ بەرهەمی ڕۆدۆلف یوگرت، لەو بەرهەمە بەرجەستانەی دوای جەنگ بوون لە ئەڵمانیا.

لە ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ دابەش کردنی ئەڵمانیا بە دوو بەش، سینەماش بووە دوو بەش. سینەمای ئەڵمانیای خۆرئاوا زیاتر سینەمایەکی بازرگانی بوو، سینەمای ئەڵمانیای خۆرهەڵاتیش دووچاری یەك لایەنەی فیلمە پڕوپاگەندەیی‌یەکان بوون، هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاری‌یەدا ئەو دەرهێنەرانەی کە ئەڵمانیایان بەجێهێشت بوو وەك "لانگ و سیودماك" گەڕانەوە بۆ نیشتمان بەڵام بەهەرحاڵ سینەمای ئەڵمانیا ئیتر ئەو گرنگیەی ڕۆژگاری پێش هێتلەری بۆ نەگەڕایەوە. لە ساڵەکانی دوای جەنگ و دابەش کردنی هەردوو ئەڵمانیا، هونەر پیشەکانی ناسراوی وەك، ماریاشل، ماکسیمیلیان

شل، رومی ئشنایدەر، جیٚی باس کردن بوون، بەڵام هەتا چەندین ساڵ سینەمای ئەڵمانیا دەرهێنەری ناسراوی نەبوو هەروەها تا چەندین ساڵ لە دوای جەنگ لە سینەمای ئەم وڵاتەدا هیچ بزووتنەوەیەکی تازە نەدەبینرا.

لە دواییدا لە ساڵی ١٩٦٢، ٢٦ نووسەرو فیلمسازی لاو لە فیستیڤاڵی فیلمی ئوبەر هاوزن "Oberhausen"، پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە بە "مانیفێستی ئوبەرهاو زن" ناسراوە. لەم پەیماننامەیەدا ڕاگەیەندرابوو کە ئەم گرووپە لە سینەمای بازرگانی دوور دەکەونەوە هەتا سینەمای واقیعی و مۆدێرنی ئەڵمانیا بەدی بهێنن. ئەم بزووتنەوەیە بووە هۆی ئەوەی هەتا لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا دەوڵەتی ئەڵمانیا بڕیار بدات بە پشتگیری کردنی فیلمسازە لاوەکان. بەم جۆرە لە ساڵی ١٩٦٨ یەك دەزگای سینەمایی لە بەرلین هاتە کایەوە. تەلەفزیۆنی ئەڵمانیش پشتگیری لە فیلمسازە لاوەکان دەکرد. لە ئەنجامی ئەم پشتگیرییە لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا فیلمسازی تازە پەیدا بوون. (تۆرلسی لاو- Young Torless)، لە ساڵی ١٩٦٦ لە بەرهەمی فولکەر شالویندروف، یەکەمین فیلمی ئەڵمانی بوو لە دوای جەنگ کە توانی سەرنجی جیهان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە دەیەی ١٩٧٠ دا جوڵانەوەی سینەمای نوێی ئەڵمانیا بە پەیدابوونی فیلمسازانی وەك: ڕاینەر ورنەر فاسبیندەر، ورنەر هرتزوگ، ویم وندرس، گەیشتنە لووتکەی سەرکەوتن، ئەم دەرهێنەرانە لە بارەی شێوازەوە لەگەڵ یەکدا جیاواز بوون، بەڵام هەموو ئەوانە بە شێوەی ژیانی ئاسوودەو باو ناڕازی بوون و لایەنگرییان لە بەهاکانی مرۆڤایەتی دەکرد. جۆری بەرهەم هێنانی ئەم فیلمانە لەگەڵ بەرهەمە سینەماییيە باوەکان دا جیاواز بوو بە هەمان هۆ لەگەڵ ئەوەی کە لە فیستیڤاڵەکان و لە لایەن ڕەخنەگرانی سینەمایی بە سەرکەوتوویی ڕووبەڕوو بوونەتەوە، نەیان توانیووە سەرنجی بینەرانی ئاسایی ڕابکێشن و لە بارەی داراییيەوە شکستیان دەخوارد.

لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیا لە ئەورووپادا هێشتا بەرزترین ئاستی بینەری فیلمیان هەیە، بینەرانی ئەڵمانی، فیلمەکانی هۆلیوۆد دەخەنە سەروو فیلمە ئەڵمانییەکان. بەڵام پشتگیری کردنی حکومەت لە فیلمسازان بۆتە هۆی ئەوەی کە بتوانن بەردەوام بن لە کاری خۆیاندا.

لـەنێو فیلمســازە ســەرکەوتووەکانی دەیــەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ی ســینەمای ئــەڵمانیادا دەتوانین: ئەگنیتسکا هولاند، د رویس دویری، پرسی ئادلون و مایکل کلەر ناوبەرین. بە یــەکگرتنی هــەردوو ئــەڵمانیا لــە ســاڵی ١٩٩٠ زەمینــەی بــۆ گەشــەکردنی تواناکــان و بیروبۆچوون و تیـۆرە تازەکـان خـۆش کـرد تـا دەربـارەی بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی نـوێ فیلم بەرهەم بهێنرێت.

## ئەمریکا

یەکەمین کەسێکی ئەمریکی کە لە زەمینەی داهێنانەکانی سینەماییدا بەسەرکەوتوویی دەستی دایە ئەو تاقیکردنەوەیە "کلمەن سلرز" بوو، ئەو لە ساڵی ١٨٦١ دەزگایەکی بۆ نمایشی یەك لە دوای یەکی وێنەکان داهێناو ناوی نا "کیناتوسکوپ- Kinematoscope"، لە دوای ئەو وێنەگرێك بەناوی "هنری هیل" دەزگایەکی بەناوی "فاسموتروپ Phasmotrope " بۆ نمایش دروست کرد، فاسمو تروپ بە نمایش کردنی یەك لە دوای یەکی وێنە نەگۆڕەکان، هەست کردنی جووڵەی دۆزییەوە. کەم و کوڕی گەورەی فاسموتروپ ئە وە بوو کە ئەو وێنانەی جێی سودی هیل بە کامێرای وێنەگرتنی ئاسایی گیرابوون و نەیان توانیبوو بە تەواوی هەست کردن بە جووڵە لەلای بینەر بخولقێنن.

لە ساڵی ١٨٧٢دا وێنەگرێك بە ناوی "ئیدوارد مویبریج"، بۆ قائمقامی کاتی کالیفۆرنیا کە ناوی "لیلاند ستانفورد" بوو زنجیرەیەك وێنەی لە شێوەی جووڵەی ئەسپەکان بۆ ئامادە کرد. مویبریج وێنەکانیشی بە کامێرای وێنەگرتنی ئاسایی گرتبوو بەڵام دەستی دایە داهێنانێك کە توانی وێنەکان بە شێوەی یەك لە دوای یەك و بەردەوام بگرێ. ئەزموونی مویبریج لە داهێنانی کامێرای وێنەگرتن دا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو.

هەوڵەکانی ئەم کەسانە بۆ شێوە وەرگرتن و چەسپاندنی سینەما لە ئەمریکا کۆمەکێکی باش بوو بەڵام گەورەترین داهێنەری سینەما لەم وڵاتە "ویلیام کەندی لوری دیکسون" بوو. دیکسون کە بە ڕەگەز ئینگلیزی و لە فەرەنسا لە دایك ببوو لە ساڵی ١٨٧٩ بە کارمەند لە کۆمپانیای ئەدیسۆن وەرگیراو لە ساڵی ١٨٨٥ لە "تاقیگەی لێکۆڵینەوەی توماس ئەلفا ئەدیسۆن" خەریکی کارکردن بوو. لە ساڵی ١٨٨٩ دیکسون "کینەتو فۆتۆگراف"ی دروست کرد. ئەم دەزگایە دەی توانی وێنەکان هاوکات لەگەڵ شریتی دەنگ بە نمایش دەربهێنێ. ئەو لە ساڵی ١٨٩١، جۆرێ کامێرای وێنەگرتنیفیلمی بە ناوی "کینەلوگراف Kinetograph"ی دەزگایەکی بۆ نمایشی فیلم بە ناوی "کینە

توسكۆپ Kinetoscope" داهێنا. له ساڵی ١٨٩٣ دیكسۆن ستۆدیۆی فیلمسازی "بلك ماریـا Black Maria"ی بۆ كۆمپانیای ئەدیسۆن نەخشەسازی كرد. به حەق دەبێ دیكسۆن به باوكی سینەما دابنرێ له ئەمریكا بەڵام ئەدیسۆن له ساڵی ١٨٩٣ داهێنانەكانی ئـەوی بـه ناوی خۆیەوە تۆماركردو داهێنەری ڕاستەقینە سودی له هەوڵەكانی خۆی نەبینی.

لـه ســاڵی ١٨٩٤ كەنەدایی‌یــەك بــه نــاوی (ئــەندرو. م هــالاند) دوكــانێكی گــەورەی پێڵاوفرۆشتنی له گەڕەكی برادوی نیۆیۆرك كرد بـه شـوێنی نمایشـی كینەتوسـكۆپ. لـه سەرەتادا خەڵكی به باشی پ ێشوازی‌یان لەم داهێنانه تازەیه كردو چەند شـوێنێكی تـری وەك ئەوە له شیكاگۆو سانفرانسیسـكۆ بـۆ نمایشـی كینەتوسـكوپ تـەرخان كـراوە. بـەڵام كەم و كوڕی ئەم دەزگایه بووە هۆی ئەوەی ئەو سەرگەرمی‌یه تازەیه بۆ زیاتر له چەند مانگێك نەتوانێت سەرنجی خەڵكی بۆ لای خۆی ڕابكێشێت.

لـه سـاڵی ١٨٩٥دا داهێنــەرێكی لاو بـەناوی "تومـاس ئارمـات" كـه شمـەكی میكـانیكی جۆراوجۆری دروست كردبوو، جۆرێكی كامێرای وێنەگرتنی فیلمی بەناوی "فانتوسكوپ Phantoscope" داهێناو ئەوەی له ئەتڵەنتا بۆ نمـایش دەرهێنـا. داهێنانەكـەی ئـەو لـه ساڵی ١٨٩٦ لـه خزمـەتی كۆمپانیـای ئەدیسـۆن دانـرا. ئەدیسـۆن دەزگـای "ئارمـات"ی بـه "ڤیتاسكوپ Vitascope" ناوناو ئەو داهێنانەی كرد به ناوی خۆیەوە. له هـەمان سـاڵدا ڤیتاسكۆپ له نیۆیۆرك نمـایش كـرا. لـەم نمایشـەدا فیلمـه كورتـەكان پیشـان دەدران. لـه یەكێك لەو فیلمانەدا شەپۆلی شكاوە پیشــان دەدرا. ڕۆژنامەیـەكی نیۆیـۆرك نووسـیبووی كه بینەران دەترسان تەڕببن. دوو مانگ له دوای ڤیتاسـكوپ لـه نیۆیـۆرك شـوێنێك بـۆ نمایشی فیلم به "سینەما توگراف"ی بۆ برایانی لۆمـێر تـەرخان كـرا. لـه هـەمان سـاڵدا ئامێرێكی تری نمایشی فیلم به ناوی (بیوگراف Biograph)، له ئەمریكا داهێنرا. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو ئامێرانەی تـر كـه لـەو دەچـوون. ڤیتاسـكۆپ هـەتا سـەرەتای سـەدەی بیستەم، سەركەوتووترین ئامێری نمایشی فیلم بوو له ئەمریكا.

لـه شـاره گـەورەكاندا ورده ورده نمایشی فیلـم لـه شـوێنه دیاریكراوەكـاندا بایـەخی پەیداكرد. له شاره بچوكەكانیش دا نمایشی كارەكان به شێوەی گـەڕۆك و هـەر شـوێنێك كه دەیانتووانی شوێنێكیان به كرێ دەگرت و فیلمەكانیان نمایش دەكـرد. تەماشـاچیانی

ئەو قۆناغە سەخت گیر نەبوون هەرچەند لەسەر پەردەی سینەما پیشان دەدرا، بە خۆشی‌یەوە تەماشایان دەکرد. ئەو فیلمانەی کە پیشان دەدران زۆر کورت بوون و چیرۆکێکی دیاریکراوی نەبوو. ئەو فیلمانە زیاتر ٣ کۆمپانیای فیلمسازی وەك (ئەدیسۆن، بیوگراف و ڤیتاگراف Vitagraph) ئامادەیان دەکرد.

سینەما لە ئەمریکادا وەك سەرگەرمی و پیشە بە خێرایی گەشەی کرد. بەلاّم یەکەمین کەس کە هەولّی دا خەریکی لایەنی هونەریی سینەما بێت (ئەدوین. ئێس. پورتەر) بوو. پورتەر کوڕی بازرگانێك بوو کە لە چواردە سالّیدا خوێندنی بەجێ‌هێشت، لە سەرەتادا بە چەند کارێکی جۆراوجۆرەوە خەریك بوو لە دوایی‌دا حەزی لە سینەما کرد. پۆرتەر هەم فیلمی بەرهەم دەهێناو هەم لە زەمینەی کارەکانی لێکۆلّینەوەو تەواوکردنی ئامێرەکانی وێنەگرتنی سینەمایی چالاکی هەبوو. کە لەوانەیە لەژێر کاریگەریی "ملی یس" فیلمسازو داهێنەری فەرەنسی‌دا بووبێ، ئەو شێوە فیلمسازیانەی لەو ڕۆژانەدا ڕەواجی هەبوو خستی‌یە لاوەو بەرەو تەکنیکی‌یە سینەمایی‌یەکان و شێوەکانی مۆنتاژ هەنگاوی نا. پۆرتەر لە سالّی ١٩٠٣دا (ڕفاندنێکی گەورەی شەمەندەفەر)، یەکەم فیلمی داستانی ئەمریکی بەرهەم هێنا. ئەم فیلمە بێ‌دەنگ بوو ماوەکەی ٨ خوولەك بوو جێگەی پێشوازی خەلّك بوو، هەروەها لە دوای ئەوەی چەند فیلمێك لەسەر بنچینەی بابەتە سادە پۆلیسی‌یەکان دانران.

گرنگی‌دانی خەلّك بە سینەما بووە هۆی ئەوەی کە زنجیرەیەك شوێنی نمایشی فیلم بە ناوی "نیکلۆدیۆن Nicelodeon" دروست بکرێن. لە سالّی ١٩٠٨ لە ئەمریکا نزیکەی ١٠,٠٠٠ هەزار هۆلّی نیکلۆدیۆن کرایەوە. بلیتی ئەم هۆلاّنە (٥) سەنت بوو. بە هۆی نرخی کەمی بلیتی چوونە ژوورەوەو بێ‌دەنگ بوونی فیلمەکان وای لێ‌هات تەماشاچیانی ئەم جۆرە هۆلاّنە زیاتر کرێکاران و کۆچ کەرانی پێك دەهێنا. لە سالّی ١٩١٠دا سەرنجی خەلّك بۆ هۆلّەکانی نیکلۆدیۆن گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. لەو سالّەدا لە هەفتەیەکدا ٢٦ ملیۆن بینەر دەچوون بۆ ئەو هۆلاّنە. بەلاّم وردە وردە ئەو ئارەزووە بۆ ئەو هۆلاّنە کەمی کردو لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم دا ئیتر ئەو شێوە نمایشە نەبووە جێی سەرنجی خەلّك.

هاوكات لەگەڵ دابـەزینی بایـەخی نیكلۆدیۆنـەكان، ١٠ كۆمپانیـای سـینەمایی لەوانـە "ئەدیسۆن، بیوگراف، ڤیتاگراف و ئارمـات" یـەكیان گـرت و كۆمـەڵێكی بـەهێزیان پێـك هێنا لەوە بەدواوە هەر فیلمسازێك بـۆ كرینـی فیلـم لـە كۆمپانیـای "ئیسـتمن كـوداك"، ئامـادەكردنی كـامێرای وێنــەگرتن و ئامــادەكردن و پەخشـی فیلمــە سـینەماییەكان پێویستی بە مۆڵەت نامەی ئەم گروپە هەبوو.

گوشـاری لەڕادەبـەدەری ئـەم گروپـە بـووە هـۆی ئـەوەی فیلمسـازە سـەربەخۆكان بـە ناچاری بۆ بەرهەم هێنـانی فیلـم ڕووبكەنـە باشـووری كالیفۆرنیـاو نزیـك سـنوورەكانی مەكسیك. تـا بتوانـن دوور لـە هەسـتكردن بـــە مەترســی خــەریك بــن. خــاوەنی ئــەو سـینەمایانەی كـە لایـەنگری بڕیارەكـانی ئـەو گروپـە نـەبوون و پێویسـتیان بـە نمایشـی فیلم هەبوو، ڕووی كردە فیلمسازە سەربەخۆكان یـان خۆیـان فیلمیـان بەرهـەم دەهێنـا. كۆمپانیاكانی فیلمسازی پـارامونت **Paramount**، فۆكـس **Fox**، میـترۆ **Metri**، گوڵدویـن **Goldwyn**، هـەموویان لـە ژێـر كاریگـەری هـەوڵی خـاوەن هۆڵــەكانی سـینەما لەگـەڵ دەسەڵاتداری گروپی كۆمپانیاكان هاتنە كایەوە.

لـە لایـەكی تـرەوە سـینەماكارانی سـەربەخۆ بـۆ بەرزكردنـــەوەی ئاســتی فرۆشــتنی فیلمەكانیان دەستیان دایە دروست كردنـی ئەسـتێرەی فیلـم. تـا ئەوكاتـە كۆمپانیاكـانی ئەندامی ئەو گروپە مۆڵەتیان نەدەدا ناوی كارئەكتەرەكانی فیلم باس بكرێت.

لەبەرئــەوەی لــەوە دەترسـان كاتـێ كــە كارئەكتــەرەكان ناوبــانگ دەربكــەن و داوای زیـاتری دەســتكەوت و مافــەكانیان بكــەن. (مــاری پیكفـورد)، ئەسـتێرەی بـەناوبانگی سینەمای بێدەنگی ئـەمریكی هـەتا ئەوكاتـەی كـە بۆكۆمپانیـای بیوگـراف كـاری دەكـرد بەناوبانگ نەبوو. لە ساڵی ١٩١٠ دا یەكێ لە سینەماكارانی ئازاد بە ناوی (كارل لیمل) كە خاوەنی كۆم پانیایەكی فیلمسازی بوو ماری پیكفوردی لای خۆی دامەزراندو ئەوی كـردە ئەستێرەیەكی بەناوبانگ.

ســەركەوتنەكانی ســینەماكارانی ئـازاد، توانــاو بــەربڵاوی كۆمپانیاكــانی ئــەندامی گروپەكەی كـەم كـردەوەو لـە سـاڵی ١٩١٨ بـەدواوە ئـەم كۆمپانیایانـە دەسـكەوتی یاسـایی خۆیــان لــە دەســت دا. هاوكـــات لەگــەڵ ئـــەم گۆڕانكاریانـــەدا هۆڵـــە بچوكـــەكان و

نەگونجاوەکانی نیکلودیۆن جیّی خۆیان دا بە هۆڵە گەورە ئامادەکراوەکانی نمایش. لە سینەمای ئەمریکادا قۆناغێکی تازە دەستی پیّکرد.



دیڤد وارك گریفث

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٠ چەند فیلمسازێکی بەرجەستە دەرکەوتن کە کاریگەرییان لەسەر سینەمای ئەمریکا هەبوو. لە ساڵی ١٩١٥ دیڤید وارك گریفیت، فیلمی پڕخەرج و سیّ سەعاتی (لە دایك بوونی میللەتێك)ی دەرهێنا. گریفیت توانی لە فیلمەکانیدا بە دابەش کردنی دیمەنەکان بە چەندین ڕوو، بە یەکەوە بەستنی ڕووە جیاجیاکان، شێوەیەکی مۆنتاژ ی تازەی داهێناو دەستی دایە تازەی سینەمایی. داهێنانی تری ئەو گۆڕانی بڕین و ئەندازەی وێنەگرتن بوو. گریفیت جارێك مەوداکانی وێنەکانی درێژتر یا باریکتر دەکردو جارێك وێنەکانی بە شێوەی بازنە دەردەهێنا.

یەکێکی تر لە کەسایەتی‌یە گرنگەکانی سینەمای ئەو قۆناغە (مك سنت) بـوو. مـك سنت لە ساڵی ١٩٠٨ وەك کارئەکتەر لە کۆمپانیای سینەمایی بیوگراف خەریکی کارکردن بوو لە ساڵی ١٩١٠ خەریکی دەرهێنان بوو. مك سنت لە ساڵی ١٩١٢دا بووە سەرپەرشتیاری بەرهەم هێنان لە کۆمپانیای فیلمسـازی کـی سـتون- Kestone. بـە دانـانی کۆمیدی‌یـەوە خـەریك بـوو. کۆمیدی‌یـەکانی مـك سـنت لـە خۆشەویسـتی‌یەکی زۆر بەهرەمـــەند بـــوو لەسەر سینەمای کۆمیدی کاریگەری‌یەکی باشی هەبوو.

لەگەڵ پێشکەوتنی سینەمای بێ‌دەنگ دا ئامادەکارانی سـینەمای ئـازاد جێگـەی خۆیـان دا بـە کۆمپانیـا گـەورەکانی سـینەمایی. ئـەم کۆمپانیایانـە کۆمـەڵێك لـە دەرهێنـەران‌و بەرهـەم هێنەرەکانی ستۆدیۆکان بوون. کۆمپانیا سینەمایی‌یەکانی پێش جـەنگی جیهانی یەکـەم لـە بەشێکی شاری لۆس ئـەنجلۆس لـە ویلایـەتی کالیفۆرنیـا کـە نـاوی هۆلیـۆد بـوو، کۆبوونـەوەو ئـەم شـوێنە وردە وردە بـووە مەڵبـەندی کۆبوونـــەوەی بەرهـەم هێنـەران و فیلمسـازەکان. هۆلیـۆد بـە خـێرایی ناوبـانگی دەرکـردو کۆمپانیـا سـینەمایی‌یەکانی کـە لـەوێدا کۆببوونـەوە لەسـەر کـاری چـاودێری و پەخشـی فیلـم کۆنـــترۆڵی تـەواویان کـرد. لـەو سـاڵانەدا سـینەما ئەوەندە جێی سەرنجی خەڵك بوو کە لـە سـاڵی ١٩١٤ یەکـەمین هۆڵـی گـەورەی نمایشـی فیلـم بە قەبارەی جێگەی ٣٠٠٠ بینەر دروست کرا.

دەرکەوتنی ئەستێرەکان لەم قۆناغەدا گەیشتە لووتکە. کۆمپانیا سینەمایی‌یەکان بە پڕوپاگـەندە دەربـارەی هونەرمـــەندەکان لەوانــە کەسـانی لــە ڕادەبــەدەر خۆشەویسـت پـەروەردە دەکـران. ئـەم ئەسـتێرانە بـە شـێوەیەکی ئاسـایی ڕۆڵـە سـەرەکی‌یەکانیان دەبینی‌و تەنیا نا وی ئەوانە بەس بوو بۆ ئەوەی فیلمەکە ببێتە جێی پێشوازی خەڵك. ئــەم کۆمەڵـە لـە ئەسـتێرەکانی سـینەمای ئـەمریکی بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـازادی هونەریی‌یان نەبوو نەیان دەتوانی فیلمێك یا دەرهێنەرێك بۆ خۆیان هـەڵبژێرن، بـەڵکو ناچار دەبوون لەو فیلمانەدا کە جێی پەسەندی کۆمپانیاکانـە کاربکـەن. لـەو قۆناغـەدا تەنیا ئەستێرەکانی سینەمای کۆمیدی ئـەمریکی سـەربەخۆییان هـەبوو. ئەوانـە دەیـان توانی ئەو فیلمانەی کە لەسەر بناغەی ئەو چیرۆکانەی کـە خۆیـان نووسـیویانە ڕێکـی بخەن و کاری دەرهێنان جێبەجێ بکەن. بە هەمان هۆ لە قۆناغی سینەمای بێ‌دەنگدا،

هـەندێ لـە کارئەکتـەرەکانی فیلمـە کۆمیدیـیەکان نـەوەك تـەنیا هـەر بـە شـێوەکانی نواندنـی خۆیـان بـەڵکو توانیـان توانایـەکی تـازە بـە سـینەما ببەخشـن و لـەم بـوارەدا سـینەمایان بـە تـەواوی گـۆڕی. لـەناو ئـەو ئەسـتێرانەی سـینەمادا دەبـێ نـاوی (چـارلی چاپلن، باسترکیتون، هرولد لویـد) بـەرین کـە هەریەکـەیان بـە شـێوەی خـۆی سـینەمای کۆمیدیـیان دەوڵەمەند کرد. ئەوانە هەرکەیان گروپێکی تایبـەتی و جیاجیایـان هـەبوو لە نمایش دا، لە کۆمیدیـیەکانیاندا گرنگیـان بـە مەسـەلە بنچینەییـیەکانی ژیـان دەداو بە بینینی بەرهەمەکانیان بینەریان دەخستە بیرکردنەوە.

سێر چارلز سپنسـر چاپلن، کارئەکتـەرێکی ئینگلیـزی بـوو کـە بـە شـارلی شـاپلن بـەناوبانگ بـوو. چاپلن لـە تەمـەنی ١٧ سـاڵیدا پـەیوەندی کـرد بـە گروپـی نواندنــی "فریدکـارنۆ Fr ed Karno". چاپلن جارێك لـە سـاڵی ١٩١٠ و جارێکی تریـش لـە سـاڵی ١٩١٢ لەگـەڵ گروپــی کـارنۆ گەشتی کـرد بـۆ ئـەمریکا. لـە دووەمـین گەشـتیدا "مـك سـنت" نوانـدنی ئـەوی لـە نمایشـێکی کۆمیدیدا بینی و سەرنجی ڕاکێشـا. چاپلن لـە سـاڵی ١٩١٣ لـە (کۆمپانیـای فیلمسازی کی ستون) بـە سەرپەرشـتی مـك سـنت دامـەزرا. چاپلن زۆر زوو نووسـین و دەرهێنـانی فیلمـەکانی خـۆی گرتە ئەسـتۆو کەسایەتی گـەڕیدەی خوڵقـاندو ئـەوەی لەسـەر پـەردەی سـینەما نمـایش دەکـرد. گەڕیدەیەك بە سمێڵێکی بچووك، شـەبقەیەکی ڕەنگـاوڕەنگ، پـانتۆڵ و پێڵاوی گـەورە، چاپلنی کردبـوو بـە یـەکێ لـە خۆشەویسـترین کۆمیدیـیەکانی جیهان. ئـەو بــە دانـانی فیلمـی (ژیـانی سەگێك) و (ئامادەباش) لە ساڵی ١٩١٨، جۆرێك لە کۆمیدی کۆمەڵایەتی جیاجیـای پێشکەش بـە جیهان کرد.

چاپلن لە ساڵی ١٩١٢ مناڵە بچکۆلەکە (Kid)ی دەرهێنـا. منـاڵە بچکۆلەکـە یەکـەمین فیلمی درێـژی چـاپلن بـوو. لـەم فیلمـەدا گـەڕیدەی کارئەکتـەری بچووکـی هەیـە کـە لـە چارەنووسی ئەودا هاوبەشە.

ئەم فیلمە بێجگە لــە نواندنـی سەرسـوڕهێنەری جیکی کوگـان لـە ڕۆڵـی مناڵەکـەدا، نیشانەی هەماهەنگی سەرسوڕهێنەری نواندنی گەڕیدەی گەورەو گـەڕیدەی بچووکیشە. ئەوانە وەك دوو ئاوێنە ڕووبەڕووی دیمەنی هەژاری، ئازادی و وەستان لە بەرامبـەر بـێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە نمایش دەربخات.



**چارلی چاپلن**

چاپلن له ساڵی ١٩١٩ به هاوکاری (مری پیکفۆرد، داگلاس فرینکس و دیڤید وارك گریفیث) کۆمپانیایەکی سینەماییان دامەزراند بەناوی (یونایتد ئارتیستز United Artists)، هەتا ئەوکاتەی ناچار بوون ئەمریکا بەجیّبهێڵن، چەند فیلمیان بۆ ئەم کۆمپانیایە ئامادەکرد. (خانمێك له پاریس) ساڵی ١٩٢٣، (گەڕان به دوای ئاڵتوون) ساڵی ١٩٢٥، (سێرك) ١٩٢٨ ئەمانەیان بۆ ئەو کۆمپانیایە بەرهەم هێنابوو. گەڕان بە دوای ئاڵتوون باشترین فیلمی چاپلنەو بە یەکێك لە باشترین فیلم دادەنرێت لە مێژووی سینەمادا. دوای دروست بوونی سینەمای دەنگداریش چاپلن ماوەیەك لەگەڵ سینەمای بێدەنگ مایەوە بەڵام له کۆتاییدا فیلمی (ڕووناکیيەکانی شار) ١٩٣١ و (سەردەمی نوێ) ١٩٣٦ی بەرهەم هێنا کە لەم دوو فیلمەدا سوودی لە دەنگ وەرگرت. لە فیلمەکانی: (دیکتاتۆری گەورە) ١٩٤٠، (میستەر وردو) ١٩٤٧ چاپلن به شێوەیەکی تەواوتر سودی لە دەنگ وەرگرت. له ساڵی ١٩٥٢ (لایم لایت)ی بەرهەم هێناو گەشتی کرد بۆ ئەوروپا. چاپلن که گەشتی کرد هاوکات وەزارەتی دادی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو که ئەو ئیتر مافی ئەوەی نییە بگەڕێتەوە ئەمریکا ئەویش ئیتر نەگەڕایەوە ئەمریکا.

"هرولد لوید" به یەکێك له کارئەکتەرە خۆشەویستەکانی تری کۆمیدی لە دەیەی ١٩٢٠ دادەنرێت. سەرکەوتنی لوید به هۆی ڕوخساری گونجاو و لەباری بوو کە لە خۆیا پیشانی دەدا. ئەو نواندنی له ١٤ ساڵییەوە له شانۆوە دەست پێکردو له ساڵی ١٩١٣ چووە جیهانی سینەماو لە ساڵی ١٩١٧ لە بینینی ڕۆڵی لاوێکی ئاساییدا دەرکەوت کە بە تەواوی بەبێ کەم و کوڕی دەهاتە بەرچاو هەوڵیدا لەگەڵ دەوروبەر خۆی بسازێنێ. دوا فیلمی لوید (چوار شەممەی دێوانە) بوو لە ساڵی ١٩٤٧، ئەم فیلمە برستون ئستورجس دەریهێنابوو زۆربەیان به باشترین فیلمی (هرولد لوید)ی دادەنێن.

"جوزف فرانسیس" ناسراو به باسترکیتون یەکێکی تر بوو لەو کارئەکتەرانەی کە توانی له سینەمای کۆمیدیدا کەسایەتییەکی تایبەتی بخوڵقێنێ. ئەو کەسایەتییەی که کیتون دەی خوڵقاند به ڕووخسارێکی تایبەتی و بەبێ زەردەخەنە لەگەڵ نایەکسانیدا دەجەنگا. لەبەرئەوەی ئەم کەسایەتییە هەرگیز پێنەدەکەنی ئەویان به "ڕەزا قورس" یا "ئەو پیاوەی که هەرگیز پێ ناکەنێ" ناونابوو. کیتون لە تەمەنی ٣ ساڵییەوە لە

نمایشە كورتـەكاندا ڕۆڵی دەبینـی و لـە سـاڵی ١٩١٧ تـا ١٩٢٣ لــە فیلمــە كورتــەكاندا زۆر دەركـەوت. بەرهـەمی سـەرەكی ئـەو ١٠ فیلمـی سـینەماییە كـە ئەوانــەی لـە نێـوان ساڵەكانی ١٩٢٣ تـا ١٩٢٨ داینـاوە. فیلمـی ژەنـەڕاڵ ساڵی ١٩٢٦ بـە هـۆی جوانـی و سـەرنج ڕاكێشـی وێنەگرتنەكـەی بـە شـاكاری كیتـون دادەنرێـت. لەگـەڵ پـەیدابوونی سـینەمای دەنگ دار ئیتر كیتون لە سینەمادا كـاری نـەكرد تـەنیا لـە چـەند دیمـەنێكی كـورت لـە فیلمی دۆستەكانی‌دا وەك "لایم لایت" لە دانانی چاپلن دەركەوت.

لـەو قۆناغـەدا سـەرەڕای فیلمـە كورتـەكان و كۆمیدی‌یـە سـەركەوتووەكان چـەند فیلمێكی وەك (١٠ فـەرمان) لـە ساڵی ١٩٢٣ لـە دەرهێنـانی سیسـیل. ب دومیـل، (كۆتـایی خۆر) لە ساڵی ١٩٢٦ لە بەرهەمی فرد نیبلو بەرهەم هێنران. (كۆتـایی خـۆر) پـڕ خـەرج تریـن فیلمـی سـینەمای بێ دەنـگ بـوو كـە ٤ ملیـۆن دۆلاری تـێ‌چوو بـوو. دووەمـین نوسخەی ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٥٠دا بـە شـێوەی دەنگـدار بەرهـەم هێـنراو بـە ئـەندازەی نوسخەی یەكەم بووە جێی پێشوازی خەڵك.

لـە ناوەڕاسـتی دەیـەی ١٩٢٠دا ڕادیـۆ داهێـنراو وەك ڕەقیبـی سـینەما دەركـەوت. ئـەم داهێنانـە لـە دوایـی‌دا بـۆ پێشـكەوتنی هونـەریی سـنیەماو دەنـگ خسـتنە سـەر فیلـم یارمەتیەكی باشی دا. لـە سـاڵی ١٩٢٧ فیلمـی (گۆرانـی بێـژی جـاز) بەرهـەم هێـنراو بـەم جۆرە یەكەمین فیلمی سینەمایی دەنگدار هاتە سەر ڕووی پەردەی سینەما.

سینەمای دەنگدار بەو هەموو سەرنج ڕاكێشـی‌یەوەی لـە لایـەك تـەنگ و چەڵەمـەی تازەی لە كاری فیلمسازی‌دا دروست كردو لە لایـەكی تریـش بـووە هـۆی گۆڕانكـاری زۆر. نووسین و دەرهێنان و نواندن بۆ سینەما بە ناچاری دەبوایە بە شێوەی تـازەو گونجـاوی سینەمای دەنگدار ئەنجام بدرێت. زۆر لە ئەسـتێرە بەناوبانگـەكانی سـینەمای بێ‌دەنـگ نـەیان توانـی لـەو بارووۆخـە تازەیـەدا ناوبـانگ و خۆشەویسـتی خۆیـان بپـارێزن لـە سینەما دووركەوتنەوە. لە لایـەكی تریشـەوە قۆنـاغی كۆمیدی‌یـە جوانـەكانی سـینەمای بێ‌دەنگیش كۆتایی پێ‌هات. كۆمیدی‌یە پڕ جووڵەكانی سینەمای بێ‌دەنـگ جـێی خۆیـان دا بە فیلمە پڕ هەراو هوریای "برایانی مـاركس" كـە كۆمیدی‌یـەكانیان بـە پـانتۆمیم و

دیالۆگ بە ئەندازەیەك پەیوەست بوو. برایانی مارکس بە فیلمی (گوێزە هیندیەکان) لە ساڵی ١٩٢٩، بە جیهان ناسران.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٣٠ هاوکات لەگەڵ قەیرانی ئابووری، فیلمەکانی چەتەگەری ڕەواجیان هەبوو ئەم فیلمانە جۆرێك واقیعی ناخۆشیان باس دەکرد. خەڵك بە هۆی قەیرانی ئابووری و بێکاری گەشبینی خۆیان لە دەست دابوو کە سایەتی خراپەکار بە هۆی نەیاری لەگەڵ یاساکانی حوکم لەسەر کۆمەڵگە، جێی پەسەندی ئەوانە بوو. ئەم فیلمانە ئەستێرەی سینەمایی خۆیان هەبوو. لەوانە (جیمز گاگنی، کلارك گیبڵ و ئیپنسەر تریسی) بەم جۆرە فیلمانە ناوبانگیان دەرکرد.

لە هەمان دەیەی ١٩٣٠، لە هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە واقعیەت و لە تەنیشت فیلمەکانی واقیعیانەی چەتەگەری جۆرێك لە سینەما هاتە کایەوە کە هەوڵی دەدا بە یارمەتی مۆسیقاو سەما واقیعیەت لەژێر پەردەیەکدا لە جوانی بپۆشن و بە تەواوی سینەمایان بۆ خزمەتی خەیاڵ کردنەوە (ئەندێشە) دەرهێنا.

ئەم جۆرە سینەمایە، بە سینەمای مۆزیکال ناونراو ئەستێرەکانی وەك: (فرد ئاستەر، جینجر راجرز، جین کلی) لە زەمینەی سەمادا چەند هونەرمەندێکی گەورە بوون، لەوانەدا ڕۆڵیان دەبینی.

لە ساڵی ١٩٣٧ والت دیزنی، (بەفرین و حەوت کورتە بنە)ی بەرهەم هێنا. ئەم فیلمە کارتۆنیە درێژە لە نێوان منالان و گەورەکاندا بە ئەندازەیەکی زۆر خۆشەویستی پەیداکرد. لە ساڵی ١٩٣٩ (سیحربازی شاری زمرد) لە ڕووی داستانێکی ناسراوەوە بۆ منالان بەرهەم هێنا. ئەم فیلمە ڕەنگاوڕەنگ و مۆزیکالی بوو، کارئەکتەرێکی ١٥ ساڵان بە ناوی (جودی گارلند) تیایا ڕۆڵی دەبینی و جودی گارلند یەکەمین کار ئەکتەر بوو لە گروپی کارئەکتەرە منالەکان. لەو قۆناغەدا گروپێك لە ئەستێرە بچووکەکان کە زۆر خۆشەویست بوون بۆ ئە ستێرەکانی هۆلیۆد زیادکران وەك (شرلی تمپل لە دایك بووی ١٩٢٨، جکی کوپر، میکی رونی) بەڵام زۆر لەوانە لە دواییدا بە هۆی لە دەست دانی جوانی و سەرنج ڕاکێشی قۆناغی منالی، خۆیان لە سینەما دوورخستەوە.

له ساڵی ١٩٣٩ فیلمی ناسراوی (بابردەڵە) لە دەرهێنــانی ڤیکتـۆر فلمینـگ و نواندنـی کلارك گیبل و ڤیویـن لی، بەرهـەم هێـنرا. ئـەم فیلمـە کـە چیرۆکی خـێزانێکی باشـوور لەناو جەنگەڵەکانی ئـەمریکا دەگێڕێتـەوە، بـە هـۆی دیمـەنی وردو پـڕ خـەرج و جـل و بەرگی گرانبەهاو جوانی هونەرمەندانی کارئەکتەرەکان لە نواندنی ڕۆڵـەکاندا، بـوو بـە یەکێ لە خۆشەویسترین و پڕ فرۆشترین ئەو فیلمانە لە مێژووی سینەمادا.

یەکێکی تر لـە دەرهێنـەرە گـەورەکانی سـینەمای ئـەمریکی (ئورسـن ولـز) بـوو. لـە ساڵی ١٩٤١ بە بەرهەم هێنانی فیلمە بەناوبانگەکەی (هاووڵاتی کـین) گۆڕانێکـی گـەورەی لە سینەمای ئەمریکا بەدی هێنا. ئەو کـە لـەو ڕۆژانـەدا هونەرمـەندێکی لاو و خـاوەنی بیرو ئەندێشەی نوێ بوو لە فیلمەکەی خۆیدا هەوڵی دا کەسایەتی پیـاوێکی ناسـراو لـە دیدی کەسانی جیاجیاوە بکۆڵێتەوە. ولز لە (هاووڵاتی کین)دا بە شێوەیەکی تازە سودی لە گفتوگۆ، جووڵە، کامێرا، مۆسیقاو شانۆ وەرگرتووە.

سـینەماکارێکی تـر کـە لـەم ڕۆژگـارەدا لەسـەر گۆڕانــی سـینەما یارمــەتیدەر بــووە (ویلیـام وایلـەر) بـوو. وایلـەر ڕیـالیزمی بـوو لـە وێنـەگرتن دا پـەیڕەوی لـە شـێوازێکی تایبـەتی نـەدەکرد بـەڵکو هـەوڵی دا سـوود لـە هونـەرەکانی سـینەمایی بـۆ دەربڕینێکـی قووڵتری لە داستانی فیلم دا بکات.

له ساڵی ١٩٣٩ بە هاتنی (ئەلفرد هیچکۆك) بـۆ هۆلیـۆد سـینەمای ترسـناك بـۆ قۆنـاغێکی تازە هەنگاوی نا. هیچکۆك فیلمسازێکی ڕیالیزمی بوو کە تـەنیا حـەزی بـە دانـانی بەرهـەمی ترسناك هەبوو فیلمەکانیشی بە گێڕانـەوەی شـتە باوەکـانی ڕۆمانـە ترسـناکەکانی ئینگلیـزی دادەنـا. کاریگـەریی هیچکـۆك لەسـەر سـینەمای ترسـناك بـە حـەدێك بــوو کــە تــا ماوەیــەك فیلمەکانی ئەو بە ڕێك و پێك ترین ئەم جۆرە بەرهەمانە دەژمێردرا.

چاپلن لە ساڵی ١٩٤٠ (دیکتاتۆری گەورە) و لە ساڵی ١٩٤٧ (میستەر وردو)ی دەرهێنـا. ئەم دوو فیلمە لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووی ئەو بە تەواوی جیاواز بوون.

لـە دیکتـاتۆری گـەورەدا هێشـتا گـەڕیدە لـە ڕۆڵـی سەرتاشـێکی یـەهودی و بـە شـێوە کـەمێ جیـاواز ئامـادەیی هـەبوو بـەڵام لـە (مسـتەر وردو) گـەڕیدە جێگـەی خـۆی دا بـە پیاوێکی زۆر ڕێك و پێك و پەیوەست بە نەریتی کۆمەڵایەتی. کە بۆ ژیانی کەسـانی تـر

ڕێـزی دانـەدەنا و بـە تاوانکاری بـە شـێوەی جـۆرە بازرگـانی و شـێوەی دەسـت کـەوت گوناهکاری دەکرد. چاپلن لە ساڵی ١٩٥٧ ، لە دوای بەرهەمی (سوڵتانێك لە نیۆیـۆرك) بـە کردەوە لە سینەما دوورکەوتەوەو وردە وردە شـێوازەکانی تـری کۆمیـدی جێگـەی شـێوە تایبەتی‌یەکەی ئەو کۆمیدیای سینەمای بێ‌دەنگی گرتەوە.

پرستون ئیسترجس لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٠ تا ١٩٤٩، ١٥ فیلمی کۆمیدی دانـاو لەوانـە لە شێوە کۆنە فەرامۆش کراوەکانی فیلمە کۆمیدی‌یەکان سوودی وەرگرت، ئیسترجس لە ساڵی ١٩٤١ (گەشتەکانی سولیڤان)ی دانا. ئـەم فیلمـە بـە باشـترین فیلمـی ئـەو دادەنرێت دەربـارەی دەرهێنەرێکـە کـە لـە دوای سـەبرکردنی مـاوەی زینـدان بڕیـار دەدات بـۆ شادکردنی زیندانی‌یەکان، تەنیا فیلمە شادی‌هێنەرەکان سازبکات.

سینەمای ئەمریکا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٩ گەیشتە لوتکەی گەشـەکردن. لـەم قۆناغـەدا هـەروەك سـاڵەکانی ١٩٣٠ تـا ١٩٣٤ قـەیرانی نواندنـی کۆمەڵایـەتی بـووە هـۆی ئەوەی کە سینەما کـەمێك لـە دەربڕینـدا ئـازادی پـەیدا بکات. سینەمای ئـەو قۆناغـە واقیعی بوو گرنگی بە مەسەلەکانی تاوان دەدا. لەو ساڵانەدا ٣ جۆر فیلم واتە کۆمەڵـەی ڕەش، فیلمـــەکانی تـــاوانی بەڵگـــە نامـــەیی و فیلمـــی ڕەخنـــەیی کۆمەڵایـــەتی، زیاتر بەرهەم دەهێنران.

کۆمەڵـەی ڕەش بـەو فیلمانـە دەوتـرا کـە لـە گەشـبینی تایبـەتی هولیـود بـێ بـەهرە بوون. یەکەمین فیلمی ئەم گروپە (شەهێنی ماڵتا) بـوو لـە سـاڵی ١٩٤١، بەرهـەمی جـۆن هۆستون بوو. ئەم فیلمە چیرۆکەکەی وەهابوو کە بۆ چارەسـەری هێماکـانی بـێ‌هودەیی، گیـانی خـۆی دەخاتـە مەترسـی‌یەوە. هونەرمـەندانی وەك (هـاوارد هـاکز، فریـس لانـگ، ئـالفرد هیچکـۆك، ئورسـن ولـز) فیلمیـان لـە گروپـی کۆمەڵـەی ڕەش دادەنـا. باشـترین نموونەکانی ئەم فیلمانە ئەوەیە کە کەشێکی ترسـناك ی هەیـە تیایـا واقیعیـەت لەگـەڵ شێوەدا ئاوێتە دەکەن.

فیلمـی تـاوانی بەڵگەنامـەیی لەسـەر بنچینـەی چیرۆکـە تاوانکاری‌یـەکانی واقیعـی دادەنرێن. ئەم فیلمانە کە زۆر جەخت لەسەر واقیعیـەت گـەری دەکـەن. بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە دەرەوەی سـتۆدیۆ وێنـەگرتنی جێبـەجێ دەکـرێ و تاوانکـاری لـە ڕووی

دەروونناسی و کۆمەڵناسی‌یەوە دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوە. ژول داسن و هنری هاتاوی، لەو هونەرمەندانەن کە لەم زەمینەیەدا کاریان کردووە. لەو ساڵانەدا فیلمی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتیش گۆڕانی بەسەردا هات. لەوێدا ئەو مەسەلانەی وەك باروودۆخی بەندیخانەکان، ڕەگەزپەرستی و یا گەندەڵی فەرمانڕەوایی لەسەر دادگا دەخرایە ژێر ڕەخنە. (ئەلیا کازان لە دایك بووی ١٩٠٩، پرستون ئیسترجس، فریتس لانگ و فرد زینەمان) لەو هونەرمەندانەن کە خەریکی ئەم جۆرە فیلمانە بوون.

قۆناغی درەخشاوەی سینەمای ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٧وە لەگەڵ دەست پێکردنی چالاکی‌یەکانی کۆمیسیۆنی ئەنجومەنی پیران (سەنا) بۆ دوورخستنەوەی چەپڕەوەکان لە مەیدانی هونەر، کۆتایی پێ‌هات. هەر کەسێك لە لیستی ڕەشی کۆمیسیۆن دادەنرا بە قبولْ کردنی زیندان یا دوورخستنەوەی لە سینەما تاوانبار دەکرا. لەو دەستەیە گروپێك توانیان لە وڵات دەرباز بن و چاپلن بە شێوەیەکی ڕەسمی چووە دەرەوە. زۆربەی دەرهێنەرەکان، نووسەران و کارئەکتەرەکان پیشەی خۆیان لە دەست دا. لە نێوان ئەوانەدا تەنیا (ژول داسن) کە کۆمیسیۆن ئەوی لە ئەمریکا دەرکردبوو، توانی دوای ماوەیەك بەرهەمی باش بخولقێنێ. لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە ئەمریکا مابوونەوە ژمارەیەکی کەمی لە دوای ئەو قۆناغە چەند فیلمێکیان دانا کە تا ڕادەیەك جێی سەرنج بوو لەوانە (بیلی وایلدەر، جان هوستون، ئەلیا کازان) بوون.

لە ساڵی ١٩٥٠ سینەمای ئەمریکا دووچاری کێشەی ئابووری توند بۆوە، لەبەرئەوەی مونافیسێکی تازەی بە توانای بۆ پەیدابوو کە ئەویش تەلەفزیۆن بوو. هۆلیوۆد کە لە جەنگ دا زەرەری پێ نەگەیشت بوو، لە ئەوپەڕی کێشەکە کە بە هۆی گرنگی دانی خەڵك بە تەلەفزیۆن دروست ببوو دووچاری لاوازی بوو. لە ٢٦,٠٠٠ هەزار سینەمای ئەمریکا، ٦,٠٠٠ سینەما بە ناچاری داخران و زیانەکانی پیشەسازی سینەمایی گەیشتە (٦) ملیۆن دۆلار. لە هەمان کاتدا بە دەستووری کاربەدەستانی داد، کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی فیلم وایان لێ‌هات لە هاوکاری لەگەڵ ئەو سینەمایانەی پەیوەست بوون بە کۆمپانیا تایبەتی‌یەکان دەست بەردار بن. لە ئەنجام دا ئیتر سینەماکان لە چوارچێوەی کۆمپانیا گەورەکانی فیلمسازی‌دا نەمان. بە هۆی ئەم گۆڕانکاری‌یانە،

بەرهەم هێنەرە سەربەخۆکان توانای چالاکی‌یان بۆ کرایەوە. کۆمپانیا تایبەتی‌یەکانی بەرهەم هێنانی فیلم کە پەیوەست بوو بە ئەستێرەکان و دەرهێنەرە بەناوبانگەکان کۆمەکی ئەوانیان کرد.

ئەم گۆڕانکاری‌یانەو سانسۆر دانان لەسەر تەلەفزیۆن بووە هۆی ئەوەی بەرهەم هێنانی فیلمی ڕەش و سپی بە شێوەیەکی گشتی بخرێتە لاوەو بێجگە لەوە بۆ نمایش و بەرهەم هێنانی فیلمی سەرنج ڕاکێشتر هەوڵ بدەن. بەم جۆرە سینەمای سێ مەودایی و سینەمای سکوپ دروست بوون. باشترین دەرهێنەرەکانی ئەم قۆناغە زۆربەیان لە ڕۆژانی جەنگ یا پێش ج ەنگ خەریکی کارکردن بوون. کاتێك کە زۆربەی هونەرمەندە بە تواناکان وەك (چاپلن، سیودماك، داسن) بە هۆی گوشاری سیاسی یا کێشەی دارایی وڵاتیان بەجێ هێشتبوو، هەروەها مامۆستایانی وەك (ولز، فوردو لانگ)یش بە هەمان ئەو هۆیانەی کە نەیان دەتوانی کاری بەرجەستە پیشان بدەن. لەم قۆناغەدا جان هۆستن چەند فیلمێکی بەنرخی دانا کە هەموویان وەك (شەهێنی ماڵتا) کە پەیوەست بوو بە پێش ئەم قۆناغە، قارەمانەکە لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی‌دا لە دوایی‌دا شکست دێنێ. ئەلیا کازان (خاکی)ی لە ساڵی ١٩٤٧ دەرهێنا کە فیلمێکی ترسناك و نیوە بەڵگەنامەیی بوو لە ساڵی ١٩٥١ (پاسێك بەناوی ئارەزوو)ی دەرهێنا لە فیلمە گەورەکانی تری ئەو دەبێ (بژی زاپاتا) لە ساڵی ١٩٥٢، (بە هەشتی خۆرهەڵات) لە ساڵی ١٩٥٥، (شکۆی مێرگوزار) ١٩٤١ ناوبەرین.

دەتوانرێ بەرهەمەکانی (بیلی وایلدەر) بە دوو قۆناغی و جدی و کۆمیدی دابەش بکرێ. وایلدەر لە کارە جدی‌یەکانی‌دا کە لە فیلمەکانی کۆمەڵەی ڕەش بوون گرنگی بە ڕۆمانەکانی تاوانکاری ترسناکی نووسەرانی وەك دشیل همیت دەدا. سانست بلوار ١٩٥٠، کارنەڤاڵی گەورە ١٩٥٢، لەو کۆمەڵە فیلمانەی ئەو دەژمێردرێت. لە فیلمە کۆمیدی‌یەکانیشی‌دا هەندێ جا ر پەیوەندی نامرۆڤانەی کۆمەڵایەتی بە توانجی ناخۆش پیشان دەدات. بیماریی حەوت ساڵە ١٩٥٥ و ئاپارتمان ١٩٦٠ لە فیلمە کۆمیدی‌یەکانی (وایلدەر)ن.

"فرد زینەمان" کە بە ڕەگەز نەمسایی بوو لە ساڵی ١٩٢٩ لە هۆلیوّد خەریکی کارکردن بوو. ئەو لە فیلمی (حەوتەمین خاچ)دا لە ساڵی ١٩٤٤ باسی ئەڵمانیای هێتلەری کردبوو ئەم فیلمە بە باشترین فیلمی هۆلیوّدی دژی نازیەکان دەناسرا. زینەمان بە دەرهێنانی فیلمی (تزار) ١٩٥١ بەرهەمی نیۆریالیزمی داناو بە وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بۆ فیلمی (قرچەی نیوەڕۆ) ١٩٥٢، ناوبانگی دەرکرد. بەرهەمی بەرجەستەی تری فیلمی (لە ئێستاوە بۆ هەمیشە) لە ساڵی ١٩٥٣ بەرهەمی هێناوە.

جوزف مانکیە ڤیچ، فیلمی "کنتسی کەم دەست" لە ١٩٥٤ دەرهێناوە.

جورج ستیڤنس بە دەرهێنانی فیلمی "شوێنێك لە هەتاو" لە ١٩٥٠، شێوازێکی شاعیرانەی داهێناو بە بەرهەم هێنانی "زەبەلاح" لە ١٩٥٦، "یادەوەریەکانی ئان فرانك" لە ١٩٥٩ ، پەیوەندی کرد بە دەرهێنەرە گەورەکانی هۆلیوّد.

قۆناغی دووەمی گەشەکردنی سینەمای مۆزیکالی بە فیلمەکانی (ڤینسنت مینەلی) دەستی پێکرد. مینەلی لە فیملەکانیدا سوودی لە توانج و گاڵتەو گەپ دەکرد بێجگە لە سەما گرنگی بە داستان و ڕەنگیش دەدا. مینەلی ڕەنگی وەك ڕەگەزێکی نمایشی بەکاردەبرد. فیلمی "کات ژمێر" ١٩٤٤، "مهرویان زیگفیلد" ١٩٤٥، لە بەرهەمەکانی ئەو بوون. مینەلی بەرهەم هێنانی "ئەمریکیەك لە پاریس" ١٩٥٠، خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت. ئەم فیلمە بە لووتکەی کارە هونەریەکانی دادەنرێت، بەڵام ئەم فیلمە ئەوەندەی بەرهەمی پێشووی ئەم دەرهێنەرە نرخی نەبوو.

"جین کلی" و "ستانلی دانن"، بەردەوامیان بە کارەکانی مینەلی دا لە بواری فیلمەکانی مۆزیکالی. ئەمانە باشترین بەرهەمەکانی خۆیان بەهاوکاری یەکتری دەخوڵقاند. لەو فیلمانە وەك: گۆرانی لە بەر باران ١٩٥١ و هەمیشە هەوای خۆشیە ١٩٥٥ ، ئەنجامی هاوکاری ئەم دوو هونەرمەندەیە.

دانن فیلمی (حەوت بووك بۆ حەوت برا) ١٩٥٤، بەبێ هەمووان ئامادەکرد. لە ساڵەکانی ١٩٥٠دا دەرهێنەرە لاوەکان خەریکی فیلمسازی بوون بەڵام زۆریان ئەوەندە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا: نیکلاس ری، (شۆڕشی بێ بەڵگە)ی لە ساڵی ١٩٥٥دا بەرهەم هێنا. ڕیچارد بروکز فیلمی (پشیلەیەك لەسەر پەیژەیەکی گەرم) لە ١٩٥٨،

دەرهێناوە، درەوشاوەترین ڕووخساری ئەو قۆناغە (ستانلی کوبریك)ە کە سەرەتا وێنەگری گۆڤاری "لوك" بوو، فیلمی (ڕێگاکانی ئازادی) ١٩٥٧ و (سپارتاکوس) ١٩٦٠ بەرهەم هێنا. کوبریك لە ١٩٦٨دا (حەماسەی (٢٠٠١)، (یەك ئۆدیسەی ئاسمانی) دەرهێنا کە بەرهەمێکی سەرسوڕهێنەرو نەمرە لە مێژووی سینەمادا.

لە و قۆناغەدا وێنەی جولاو لەژێر دەستی کۆمپانیای والت دیزنی هاتە دەرێ و کەسانی تر بە دامەزراندنی کۆ مپانیاکانی سینەمایی و بەرهەم هێنان و پەخشی فیلمە کارتۆنی و ئەنیمەیشنەکان خەریك بوون.

لە هەمان دەیەدا سینەمای ئەزموونیش لە ئەمریکا شێوەی خۆی وەرگرت. ئەم فیلمانە بە شێوەی ١٦ ملیمەتری دروست دەکران. سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ سەرنجی پەخش کارەکانیشی بەلای سینەما کارانی ئەزموونی ڕاکێشا.

سیدنی مەیرز کە لە ساڵی ١٩٣٦دا لە بواری فیلمی بەلگەنامەییدا کاری دەکرد. بە بەرهەم هێنانی فیلمی (پیاوی بێدەنگ) لە ساڵی ١٩٤٩ خەلاتی نێودەولەتی ڤینیسیای بۆ خۆی ڕاکێشا. ئەم فیلمە بەلگەنامەییە داستانی کوڕێکی لاوی ڕەش پێستە کە بە تەنیا ماوەتەوەو تەنیا بە خستنی درهەمێك بۆ ناو سندوقە شووشەییەکە یەك دوکان سەرکەوتوو دەبێت سەرنجی خەڵکانی تر بۆ خۆی ڕادەکێشێت. مەیرز بۆ بەرهەم هێنانی ئەم فیلمە بە کامێرای شاراوە لە زۆربەی شەقامەکانی (هارلم) خەریکی وێنەگرتن بووە. سینەمای ئەز موونی وردە وردە هەوڵی دا لە واقیع نزیکتر بێتەوە.

ئەندی وارهۆل، فیلمی (ئیمپراتۆر)ی لە ساڵی ١٩٦٤ دەرهێنا کە فیلمێکی ئەزموونی زۆر بەرز بوو نزیکەی ٨ کات ژمێر دەبێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٣٦ (خەو)ی دەرهێناو لەم فیلمەدا پیاوێکی بۆ ماوەی ٦ کات ژمێر لە خەودا پیشان دا. بروس (ڕاپۆرت)ی لە ساڵی ١٩٦٤ دەرهێناو لەم فیلمەدا تیرۆری (جان ئیف کندی) بە شێوەی شاعیرانە داناوە. لە دەیەی ١٩٧٠دا زۆر لە سینەماکارانی پێشڕەو تەلەفزیۆن سەرنجی ڕاکێشان و توانای کامێرای ڤیدیۆ، هونەری وێنەگرتنی ڤیدیۆیی دروست بوو. بە دوای فیلمسازە لاوەکانی تەلەفزیۆن وەك سیدنی لومت، نەوەیەکی نوێ لە دەرهێنەرە ئەمریکییەکان دەرکەوتن. (فرانسیس کاپولا، جۆرج لۆکاس، ستیڤن سپیلبێرگ) لەو نەوەیە بوون.



فیلمی ( باوە پیارە ) لەدەرهێنانی : فرانسس فورد کا پولا

فیلمەکانی (باوەپیارە) لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەرهەمی کاپولا، (ئاوارەکان) لە ساڵی ١٩٧٥ و (هەڵس و کەوتی نزیك لە جۆری سێیەم) لە ساڵی ١٩٧٧ لە دەرهێنانی سپیلبێرگ و (جەنگی ئەستێرەکان) لە ساڵی ١٩٧٧ لە دانانی جورج لوکاس، هەموویان پڕ فرۆش و سەرکەوتوو بوون و بووە هۆی ئەوەی دووبارە هۆلیۆد بەهێز بێتەوە.

ڕابرت ئالتمن لە ساڵی ١٩٧٠ فیلمی (مش)ی دەرهێنا. ئاڵتمن لە کارەکانیدا بە شێوەیەکی فراوان سوودی لە توانا تازەکانی وێنەگرتن وەرگرت و بە سودوەرگرتن لە دەنگ بە شێوازە تازەکان توانی بە گفتوگۆی فیلمەکانیشی حاڵەتێکی واقیعی تر ببەخشێت. لە سەرەتاکانی ١٩٨٠دا ودی ئالن، جۆرێك لە کۆمیدی ڕۆشنبیریانەو تازەی

خستەڕوو وەك فیلمسازێك بووە خاوەنی شێوازێکی پێشنیازکراو، (ڕاوچـی بزنـە کێـوی) لە ساڵی ١٩٧٨ لە دانـانی مـایکل سـیمینو (شـۆفێری تاکسی) ١٩٧٦ لـە دەرهێنـانی مـارتین سکورسیسی، (پەیوەندی فەرەنسی‌یە) لە ١٩٧١ بەرهەمی ویلیـام فردکین، (سـێ ژن) ١٩٧٧ بەرهەمی رابر ت ئالتمن لە فیلمە ناسراوەکانی دەیەی ١٩٧٠یە.

سـەرکەوتنی فیلمـەکانی زانستی- خـەیاڵی سـپیلبێرگ و لۆکاس بـووە هـۆی ئــەوەی کۆمپانیاکانی فیلمسازی بۆ بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە فیلمانەو سودوەرگرتن لە نمایشە تایبەتی‌یەکان سەرنج پەیدا بکەن. بەرهـەم هێنـانی فیلمـەکانی وەك فیلمـی (هـەڵس و کـەوتێکی نزیـك لـە جـۆری سێ‌یەم) و (ئـەی تـی) ١٩٨١ ئـەوەی پیشـان دا کـە نمایشـە تایبەتی‌یەکان چەندە دەتوانن لە فرۆشتن و سەرکەوتنی فیلم کاریگەربن. توانای تازەی کۆمپیوتـەر یارمـەتی ئـەم بەشـەی لـە تـەکنیکی سـینەمادا تـا بـە شـێوازێکی خـێراو سەرسوڕهێنەر گەشە بکات.

کۆمپانیـا سـەربەخۆکان بـۆ خولقـاندنی نمایشـە تایبەتی‌یـەکانی فیلمـەکان دامـەزرێندران. یـەکێك لـەو کۆمپانیایانـە پەیوەسـت بـوو بـە (جـۆرج لوکـاس) ئەوانـە هەوڵیان دەدا هەتا قووڵترین و ناواقیعی ترینی دیمەنـەکان بهێننـە سـەر ڕووی پـەردەی سینەما، سنووری نێوان واقیعیەت و خەو ن لە نێو بەرن. لەو کۆمەڵە فیلمانە (ئیندیانـا جونـز) لـە دەرهێنـانی سـپیلبێرگ کـە یەکـەمین فیلمـی لـە سـاڵی ١٩٨١ بەرهـەم هێنـاو بەشەکانی دووەم و سێ‌یەمی (جەنگی ئەستێرەکان) کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ و ١٩٨٣ خرانـە سەر پەردەی سینەما خولقاندنی نمایشە تایبەتی‌یـەکانی کۆمپانیـای جـورج لوکـاس بـە ناوی (لوکاس فیلم) بـوو گرتی‌یـە ئەسـتۆی خـۆی. لـە فیلمـەکانی گرملیـنز- Gremlins ١٩٨٤ (چ کەسـێك بـۆ راجـر رابیـت پێـڵاوی دووری) ١٩٨٨ بـۆ خولقـاندنی تەکنیکـە تایبەتی‌یەکان لە ئەستۆی کۆمپانیای فلمسازی سپیلبێرگ دا بوو.

لـە دەیـەی ١٩٨٠دا فیلمـەکانی زانسـتی – خـەیاڵی زۆر بەرهـەم دەهێـنران. فیلمـی (سوپرمان) ١٩٧٨ لە دەرهێنانی (ریچارد دانەر)، (پێشـڕەوانی بۆشـایی ئاسمـانی) ١٩٧٩ لـە بەرهـەمی رابـرت وایـز، (بێگانـە) ١٩٧٩ لـە بەرهـەمی ریـدلی ئیسـکات، (وێرانکـەر) ١٩٨٤، وێرانکەری ٢، ڕۆژی هەڵسانەوە لە ساڵی ١٩٩١ لە دەرهێنـانی جیمـز کامـیرۆن، هـەموویان

لەسـەر بنچینـەی چیرۆکـە خەیاڵی‌یـەکان دانـراون لـە نێـوان ئەوانــەدا هــەردوو فیلمــی کامیرۆن، وێرانکەرو وێرانکەری ٢ ، لە بارەی چۆنیەتی نمایش و تەکنیکـە تایبەتی‌یـەکان زۆر باڵا بوون.

لە دەیەی ١٩٨٠ دا سینەما ڕووبەڕووی ڕەقیبێکی نوێ بووەوە کە ئەویش ڤیدیۆ بـوو. ڤیدیۆ کاری کردە سەر ژمـارەی بینـەران لـە هۆڵـەکانی سـینەماو کۆنـترۆڵی بـێ چـەن و چونـی کۆمپانیاکـانی فیلمسـازی لەسـەر بەرهەمەکانیشـیان خسـتە مەترسـی‌یەوە. نـاوی ڤیدیۆ لە وشەیەکی لاتینی وەرگیراوە بە واتای (من دەیبینم) دێت. سـوود وەرگرتـن لـە ڤیدیۆ لە دەیــەی (١٩٥٠)وە دەسـتی پـێکرد. بـەڵام تـا چـەندین سـاڵ بـە هـۆی دابـەزینی چۆنیەتی دەنگ و وێنــە ڕێگـر بـوو کـە ئـەم داهێنانـە تازەیـە بـە ڕەقیبێـك دابـنرێ بـۆ سـینەما. تـا ئــەو کاتــە ڤیدیــۆ زیــاتر جــێی ســوودوەرگرتنی وێنــەگرتنی فیلمــی بەڵگەنامەیی‌و هونەرمەندانی مۆسیقاژەن و گۆرانی‌بێژ یان بۆ ئامادەکردن و پیشاندانی فیلمەکانی فێرکاری‌و پەروەدەیی بەکاردەهێنرا.

لـە ناوەڕاسـتی دەیـەی ١٩٧٠ سـوود وەرگرتـن لـە ڤیدیۆ زیـاتر بـوو بـۆ تۆمــارکردنی پەخشی فیلمە سـینەمایی‌یەکان ڕەواجی پـەیداکرد. لـە سـەرەتادا کۆمپانیـا گـەورەکانی سـینەما وەك (دیزنـی) ئـەوەندە نیگـەران بـوو لـە هاتنـە کایـەی ئـەم داهێنانـە تازەیـە، شکاتیان لە (کۆمپانیای سۆنی) کرد لەبەرئـەوەی ڤیدیـۆی بەرهـەم دەهێنـا. دادگاش لـە بەرژەوەندی کۆمپانیای سۆنی بڕیـاری داو کۆتـایی بەداواکـە هـات. دوایـی کۆمپانیاکـانی ســـینەما ئـــەم ئـــامێرە تازەیـــان قبـــوڵ کـــردو بـــۆ پـــەخش کردنـــی فیلمـــەکانیان سوودیان لێ وەرگرت.

لـە دەیـەی ١٩٨٠ زۆربـــەی کۆمپانیـا ئەمریکی‌یـــەکان ڕووبـەڕووی قـەیرانی دارایـی بوونـەوە. (کلمبیـاو یونیڤیرسـال) خرانــە ژێردەســتی ژاپۆنی‌یــەکان. لــە دەیــەی ١٩٩٠ پارامونت، یونایتد ئارتیستز، میترو گلدوین مایر، گرفتـاری کێشـەی ئـابووری بوونـەوەو ئوریۆن پێکچرز Orion Pictures کە لە ساڵی ١٩٧٨ دامەزرێندرابوو وا چـاوەڕوان دەکـرا ببێتە کۆمپانیایەکی سینەمایی سـەرکەوتوو، شکسـتی هێنـا. ئـەو کۆمپانیـا سـەربەخۆو بچووکانـەی کـە لـە دەیـەی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ پێــك هـاتبوون لـە دوای چـەند سـاڵ تووشـی

گرفتاری دارایی بوونەوە. تەنیا هەندێ لـە کۆمپانیاکـان توانیـان لـە کـارکردن بـەردەوام بـن (میرامـاکس – Miramax) تـەنیا کۆمپانیایـەکی بچـووك بـوو کـە توانـی بەسـەر کێشـەکاندا سـەربکەوێ و بـوو بـە یـەکێ لـە سـەرکەوتووترین کۆمپانیـا سینەماییەکانی جیهان.

هـەتا پێـش ئـەم قۆناغـە، کۆبوونـەوەی کۆمپانیـا سـینەماییەکان لـە هۆلیـۆدو دەسەڵاتی دارایی و سیاسی بێ چەن و چونی ئەوانـە لەسـەر دەرهێنـەرەکان لـەوە ڕێگـر بوو کە دەرهێنەرەکان بتوانن بە ئازادی فیلم ساز بکەن. لە کـاتێکدا کـە سـینەماکارانی ئـەوروپی پـەیڕەوییان لـە جوڵانـەوەی ڕۆشـنبیرانەی ڕۆژگـاری خۆیـان دەکـرد، ئەمریکییەکان گرفتاری ئەو فیلمنامانەو ئەو نەخشانە ببوون کە بۆ ناوبانگ دەرکردن هەرچی زیاتری ئەستێرەکان و بەرزکردنەوەی فرۆشتنی فیلم بەرهەم دەهێـنران. هـەتا بەرجەستەترین دەرهێنەرەکانی سینەمای ئەمریکا زۆر بـە کـەمی سـەرکەوتوو دەبـوون یـەك یـا دوو فیلـم بـە پـێی ویستی خۆیـان ڕێـك بخـەن و کـاری دەرهێنـانی بـۆ بکـەن. ڕێگەگرتن لە بەردەوامی کاری دەرهێنەرەکان، بەخشینی مۆنتـاژ بـە خـەڵکانی تـرو لـە کۆتـاییدا لابردنـی کەسـانی سـەرکێش لـە مـەیدانی سـینەما لـەو کۆمـەڵـە سیاسـەتانەی ئامادەکارانی ئەمریکییەکان بوون. بـەو هۆیـەوە لـە ئـەمریکا بـە پێچەوانـەی ئـەوروپا شێوازە جۆراوجۆرەکان دروست نـەبوون، بـەڵکو ئـەم سینەمایە گـۆڕا بـە کۆمـەڵێك لـە جۆرەکـانی فیلـم لەوانـە (مۆزیکـاڵ، چەتەگـەری، ترسـناك و کۆمیـدی). بـەم جـۆرە دەتوانـرێ کاریگـەریی بـێ جێگـیری ئـەم ساڵانەی دوایـی ئـەم سـینەمایە لەسـەر جـۆری فیلمە بەرهەم هێنراوەکان ببینی.

کوبریك لە ساڵی ١٩٨٧ (پۆشاکی فلزی)ی بەرهەم هێناو لەم فیلمەدا بە دەربڕینێکی ئاشکراو توند ڕەخنەی لە سوپای ئـەمریکا گرتـووە. ئـەم فیلمـە لەگـەڵ بـێدەنگی کـۆڕو کۆبوونەوەکانی هۆلیۆد ڕووبەڕوو بۆوە. بەڵام بەرهەمێکی کاریگەر بوو.

ئاڵتمن لە ساڵی ١٩٩٢ فیلمـی (کارئەکتـەر)ی دەرهێنـاو تیایـا پـەیوەندی نامرۆڤانـەو هەڵەی بڕیـاردەر لەسـەر هۆلیـۆد دەخاتـە بـەر ڕەخنـە. هـەروەها لـە سـاڵی ١٩٩٤ فیلمـی

(ئامادەیە بۆ لەبەرکردن)ی دانا. لەم فیلمەدا ئـاڵتمن بـە شـێوەی کۆمیـدی توانـج ئـامێز پەیوەندی پشت پەردەی نمایشێکی درێژ دەکاتە مەخسەرە.

لـە کۆتـایی دەیـەی ۱۹۸۰ و دەیـەی ۱۹۹۰ لـە پـاڵ فیلمـەکانی ڕووداو ئـامێزو تۆڵـە سـەندنەوەداو زانستی- خـەیاڵی، بەرهـەم هێنـانی فیلمـی خـێزانی و گرنگـی دان بـە مەسەلەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیش لە سینەمای ئـەمریکیدا ڕەواجی هـەبوو. لـە لایەکی ترەوە لەبەرئەوەی منداڵان و لا وەکان زۆرترین ژمارەی بینەرانی سینەمایان پێـك دەهێنـا، گرنگی درا بـەو فیلمانـــەی کـە زیـاتر جـێی ڕەزامـەندی ئەوانـە. فیلمـی (۳ تفـەنگدار) لـە سـاڵی ۱۹۹۳، لـە دانـانی سـتیفن هـێرك فیلمێکـی ڕووداو ئـامێزەو لەسـەر بنچینەی ڕۆمانێکی (ئەلکساندەر دوما) بۆ مێردمنداڵان دانراوە.

(کۆمپانیای والت دیزنی) زنجیرەیەك فیلم و فیلم کارتۆنی سەرکەوتووی بۆ منـداڵان بەرهەم هێنـا. لەوانـە (ئـەزیزم مـن منداڵـەکانم بچووك کردۆتـەوە لـە سـاڵی ۱۹۸۹، دێـوو دولبـەر لـە سـاڵی ۱۹۹۱، عـەلادین لـە سـاڵی ۱۹۹۲. سـەرکەوتووترین فیلمسازی منـداڵان لـە دەیەی ۱۹۹۰دا (کرستۆفەر کۆلمبوس)ە. ئەو بە دەرهێنـانی فیلمـی (تـەنیا لـە ماڵـەوە) لـە ساڵی ۱۹۹۰، توانـی یـەکێ لـە سـەرکەوتووترین فیلـم لـە مێـژووی سـینەما بهێنێتـە سـەر پەردەی سینەما.

لە کۆتایی دەیەی ۱۹۷۰ هەتا دەیەی ۱۹۹۰ سینەمای کۆمیدیش گۆڕانی بەسەردا هاتو گەشـەی کـرد. (چـوی چیـس و جـۆن بلوشی) لـە کۆمیدیـە ناسـراوەکانی ئـەم قۆناغـە بوون. بەڵام بەرجەسـتـەترین کۆمیـدی سـینەمای ئـەمڕۆی ئـەمریکا (رابـین ویلیـامز)ە. ئـەو لــە لاسـایی کردنــەوەی دەنــگ و نوانــدن لــە ڕۆڵـە جیاجیاکـاندا توانایـەکی لـە ڕادەبەدەری هەیە.

لە دەیەکانی ۱۹۸۰ و ۱۹۹۰ بەرهەم هێنانی فیلمە ترسناکەکان و هەڵچوون ئامێزەکان ڕەواجی هەبوو. زۆربەی ئەم فیلمانە وەك (هەینی سیانزەهەم) لـە سـاڵی ۱۹۸۰، (کـابوس لـە خیابـانی ئـەلمر) ساڵی ۱۹۸٤ بەرهـەمی زۆر لاواز بـوون. (مێـش) لـە سـاڵی ۱۹۸٤ لـە دەرهێنـانی دیویـد کورنبـێرگ لـە بـارەی شـێوەی دانـان و هـەڵبژاردنی کـار ئەکتـەرەکان لەگەڵ فیلمەکانی تری ئەم کۆمەڵە جیاوازی هەبوو.

باشترین فیلمی ترسناك لەم قۆناغەدا فیلمی (بێدەنگی بەورەکان) لە ساڵی ١٩٩١ لە دەرهێنانی (جاناتان دیم) بوو. ئەم فیلمە کە ڕووبەڕووی پێشوازی خەڵك و ڕەخنەگران بۆوە لە فیلمەکانی کۆمەڵەی ڕەشی دەیەی ئەمریکا دەچوو. فیلمەکانی "سەما لەگەڵ گورگدا" لە ساڵی ١٩٩٠ لە دانانی کیڤن کۆستنەر لە دایك بووی ١٩٥٥، فیلمی (نەبەخشراو)، لە ساڵی ١٩٩٢ بەرهەمی کلینت ئستود، گەڕانەوەیەك بوو بۆ سینەمای (گاوانەکان).

لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ نەوەیەکی نوێ لە فیلمسازان لە ئەمریکا دەرکەوتن، ئەو فیلمسازە لاوانە ڕەش پێست یا بەو شێوەیەی کە خۆیان دەڵێن ئەفریقایی -ئەمریکایی بوون. خاڵی سەرەکی و سەرنجی زۆربەی ئەمانە مەسەلەی ڕەگەزپەرستییە. بەرجەستەترین فیلمسازەکانی ئەم گروپە (ئسپایك لی)یە. لی لە ساڵی ١٩٩١ فیلمی (تای جەنگەڵ) و لە ساڵی ١٩٩٢ فیلمی (مالکوم X)ی بەرهەم هێنا. دوا فیلمی لی (کلاکرز- Clockers ) بوو، کە دەربارەی ژیانی ڕەش پێستێکی کوخ نشینە.

## ئیسپانیا

لەگەڵ ئـەوەی کـە سـینەمای ئیسـپانیا لـە سـاڵەکانی دوایـی و لـە ڕاسـتیدا لــە دوای دیکتاتۆر (فرانکۆ) لە جیهاندا ناسراوە. بەڵام یەکەمین فیلمی سینەمایی لـە سـاڵی ۱۸۹٦ لە مەدرید نمایش کرا، ئیسپانییەکان لە هەمان ڕۆژگارەوە خەریکی فیلمسازی بوون. لە ساڵی ۱۸۹۷ فروکتوسو گلابێرت فیلمی (شەڕێك لە چێشتخانە)ی بەرهەم هێنـا. لـە دوای ئــەوە زنجیرەیــەك فیلمــی بەڵگەنامــەیی لــە ئیســپانیا بەرهــەم هێــنران یــەکێ لــە پێشـکەوتووەکانی سـینەمای ئـەم قۆناغـەی ئیسـپانیا (دوو چوقـون سـگوندۆ) بـوو کـە هـەروەك (ژرژ ملـی یـس) فیلمسازی فەرەنســی، زۆر حــەزی بــە تــەکنیکی ســینەمایی هەبوو. دوو فیلمسازی تری ئیسپانی (ئیدوارد خیمنو) کە باوك و کوڕ بـوون، هـەروەك (لۆمێر)ی‌یەکان بە بەرهەم هێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی و واقیعی خەریك بوون.

لە دەیــەی ۱۹۲۰ فیلمــە داســتانییەکان زیــاتر بەرهــەم دەهێــنران. لـە سـاڵی ۱۹۳۲ کۆمپانیایەکی فیلمسازی دامەزرا کە تا چەند دەیـە لەسـەر بەرهـەم هێنـانی فیلمـدا بـە دەسەڵات بوون. لە ڕووە داهێنـەرو بەرجەسـتەکانی سـینەمایی ئـەم قۆناغـەی ئیسـپانیا دەبێ ناوی: فلورین ری کارئەکتەرو دەرهێنەر، مانویل نۆریەگا، ئەلخاندر، پرزلوجین و گومز هیدالگو. بهێنێت.

لـە سـاڵی ۱۹۳٦ جـەنگی نـاوخۆی ئیسـپانیا دەسـتی پـێ کـردو لـە سـاڵی ۱۹۳۹ بـە سـەرکەوتنی ژەنـەراڵ فرانکـۆ کۆتـایی هـات. یـەکێ لـە هـەنگاوە سـەرەتاکانی حکومـەتی فرانکـۆ خسـتنە ژێـر چـاودێری سینەما بـوو. فیلمـەکانی ئیسپانی هـەتا لـە سـاڵی ۱۹۳۷ کەوتبووە بـەر سانسـۆری نەتـەوە پەرسـتەکان. لـە سـاڵی ۱۹٤۱ فیلمسـازەکان ناچـار بـوون فیلمەکانیان بدەنە دەست کارمەندانی سانسۆر لە پێش وێنــەگرتن. سانسـۆری سـینەمای ئیسپانیا بێجگە لــە مەسـەلە سیاسـییەکان وەك وەفـاداری بـۆ حکومـەت لەسـەر شـێوەی دەربڕینـی ژیـانی ڕۆژانـەش چاودێرییـان دەکـرد. بـۆ نموونـە ژن تـەنیا دەیتوانــی وەك خزمـەتکار یـا هاوسـەر لـە فیلمـەکاندا پیشـان بدرێـت. شـێوەی هـەڵس و کـەوت لەگـەڵ

کڵێساو مەسەلە ئەخلاقی‌یەکان لەو شتانەی تر بوون کە جێی سەرنجی کارمەندانی سانسۆر بوون. هەتا ئەو فیلمانەی کە لە دەرەوەی ئیسپانیا دەهاتن و لای خەڵك زۆر خۆشەویست بوون، لە دوای دۆبلاژکردن بە زمانی ئیسپانی و سانسۆرێکی توند، ئینجا مۆڵەتی پەخش کردنیان پێ دەدرا.

حکومەت سینەمای بە بەشێك لە هێزی پڕوپاگەندەی خۆی دەزانی و ئەو فیلمانەی کە گرنگی بە بەرژەوەندی میللی دەدا نیوەی بودجەکەی حکومەت دەی دا. لە ساڵی ١٩٤٢ حکومەت بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنان فیلمی ڕاپۆرتە هەواڵی و بەڵگەنامەیی‌یەکانی بە تەواوی خستە ژێر دەستی خۆیەوە؛ لە ساڵی ١٩٤٤ هەتا ١٩٧٣ بەرهەم هێنانی فیلم لە چوارچێوەی دەسەڵاتی (ئادمیرال لویس کارەرو بلانکۆ)ی وەزیری ڕۆشنبیری‌دا بوو.

حکومەتی فرانکۆ تاك ڕەوی و تاك ڕەوێتی مەحکوم دەکرد. فیلمی (نەژاد) بەرهەمی ١٩٤١، فیلمەکە دەقەکەی بۆ فرانکۆ دانرابوو. داستانی قارەمانێتی جەنگی ناوخۆی پیشان دەدا. لەم قۆناغەدا فیلمی زۆر دەربارەی جەنگی ناوخۆو، بەرگریی و هەیبەتی سەربازە ئیسپانی‌یەکان لە بەرامبەر ئەمریکی‌یەکان لە دوای داگیرکردنی فلیپین و هەتا جەنگی ئیسپانیاو فەرەنسا، بەرهەم هێنراون. ئەم بەرهەمانە هەموویان پشتیان بە بردنە پێشەوەی کۆمەڵ و گرنگی وەفاداری تاکەکەس بۆ کۆمەڵ بەستبوو.

لەگەڵ هەموو گوشارەکاندا، سینەماکارانی ئیسپانی سەرکەوتووبوون لە پاڵ ئەم فیلمانەدا خەریکی فیلمی هونەری و دوور لە سیاسیەت بوون کە لەگەڵ خواستەکانی حکومەتدا تایبەتمەند نەبێت، فیلمی (تاوەری حەوتی پشت کۆماوە) ساڵی ١٩٤٤ لە دەرهێنا نی ئەدگار نویل، فیلمێك بوو دەربارەی ڕۆحەکان کە هونەرمەندانە دای نابوو خەڵك پێشوازی‌یەکی زۆریان لێکرد. لە ساڵی ١٩٥٤ لادیسلاف وایدا، فیلمی (نان و شەرابی) بەرهەم هێنا. ئەم فیلمە مەزهەبی‌یە داستانی پەیوەندی منالێکی هەتیوو لەگەڵ مەسیح دا بوو پابلیتو کالوو کارئەکتەری ٦ ساڵە بوە یەکەمین کارئەکتەری بچووك و ناسراوی ئیسپانیا. لە دوای نان و شەراب بەرهەمی زۆر دانران کە

قارەمانـەکانی منـداڵ بـوون. جۆرێکـی تـری سـینەما کـە لـەم قۆناغـەدا جـێی سـەرنجی خەڵکی بوو، سینەمای مۆزیکال بوو.

لە کۆتایی دەیەی ١٩٤٠ و سەرەتای ١٩٥٠ گروپێـك لـە فیلمسـازان بـۆ بەرهـەم هێنـانی فیلمی هونەری و نا بازرگانی لە (بەرشلۆنە) کۆبوونەوە.

فیلمـی (ژیـان لـە سـایەکاندا) ساڵی ١٩٤٨ لـە دەرهێنـانی لوبـت گارسـیا، لـە باشـترین نموونەی ئەم سینەمایەیە. ژیان لە سایەکاندا باسی گومـانکردنی وێنـەگرێك دەکـات کـە خۆی بە لێپرسراوی مردنی ژنێك دادەنێ.

سینەمای واقیعیەت لە ئیسپانیا لە دەیەی ١٩٥٠دا شێوەی خـۆی وەرگـرت. گرنگـترین فیلمی واقیعی ئەم قۆناغە، فیلمـی (دێراوەکـان) لـە سـاڵی ١٩٥١ لـە سـازکردنی (ئـانتونیو نیوس کوندا) بوو.

سێ فیلمسازی گەورەی ئیسپانیا وەك (خوان ئانتونیو باردم، لویس برلانگا، کـارلۆس سائورا) لە دەیەی ١٩٥٠ کارەکانی خۆیان دەست پێکرد.

لـە سـاڵی ١٩٥١ گرنگـترین ڕووداوی سـینەمایی لـە ئیسـپانیا ڕووی دا. ئـەم ڕووداوە سازدانی فیستیڤاڵی سینەمایی نیوریـالیزمی ئیتالیـا بـوو. لـەم فیسـتیڤاڵەدا فیلمسـازانی ئیسـپانی بـۆ یەکـەمین جار ئاشـنای سـینەمای نیوریـالیزمی بـوون. لـە هـەمان سـاڵدا (بـاردەو برلانگـا) یەکـەمین فیلمـی خۆیـان بـە نـاوی (خـێزانی بـەختیار) دەرهێنـا کـە بەرهـەمێکی نیوریـالیزمی بـوو. برلانگـا دوایـی لـە بەرهـەم هێنـانی فیلمـە نیوریالیزمیـەکان بـەردەوام بـوو. ئـەو لـە سـاڵی ١٩٥٢ فیلمـی (میسـتەر مارشـاڵ)ی تەواوکرد کە لـەم فیلمـەدا بەرامبـەر بـە سیاسـەتی ئـەمریکا لـە ئـەوروپادا بـە دیدێکـی ڕەخنەگرانـە هـەڵس و کـەوتی کردبـوو. ئـەم فیلمـە لـە (فیسـتیڤاڵی کـان) ڕووبـەڕووی پێشـوازی کـەران بـۆوە. هـەروەها لـە سـاڵی ١٩٥٧ فیلمـی (هـەر پێنـج شـەممەی موعجەزەیـەك)ی دەرهێنـاو لـە ساڵی ١٩٦١ فیلمـی (پلاسـیدو) بەرهـەم هێنـا. پلاسـیدو پاڵێورا بۆ بە دەست هێنانی خەڵاتی ئۆسکار باشترین فیلمی بیانی بوو.

باردم لە ساڵی ١٩٥٣ فیلمی (لێبووکەکان)ی دەرهێنا. لێبووکـەکان داستانی یـادەوەری مناڵی ئەو بوو لەنێو گروپە کارئەکتەرەکاندا. بـاردم بـەم فیلمـە ناوبـانگی جیهانی پێ

دەرکردو لەگەڵ بەرهەمەکانی دوایی خۆی بە ناوی یەکێك لە فیلمسازە جیهانی‌یەکان ناسرا. تایبەتمەندێتی کارەکانی باردم بە سوودوەرگرتن لە کامێرا بۆ پیشاندانی کێشەی کۆمەڵایەتی و سوودوەرگرتن لە شەقامەکان و گوندەکان وەك شوێنی وێنەگرتنی بەرهەمەکانیەتی. بەرهەمەکانی ئەو کە باسی ژیانی ناهەمواری خەڵکی دەکرد لە رۆژانی رژێمی فرانکۆ، رای باشی رۆشنبیران و لاوانی بۆ خۆی بە دەست هێنابوو بەلام لە هەمان کاتدا تووڕەیی حکومەتی بەداوە بوو. لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی (مستەر مارشاڵ) کە باردم و برلانگا هەردووکیان دەرهێنانیان گرتبووە ئەستۆ، باردم زیندانی کراو برلانگا بە تەنیا فیلمەکەی تەواوکرد. هەتا ئەو کاتەی کە فیلمی سەرکەوتووی باردم، (مەرگی پاسکیل سوار) لە ساڵی ١٩٥٥ لە (فیستیڤاڵی کان)دا خەلاتی رەخنەگرانی پێبەخشرا باردم هێشتا لە زیندان دا مابۆوە. لە ساڵی ١٩٥٥ رژێمی فرانکۆ گۆڤاری سینەمایی "ئوبجکتیڤۆ- Objectivo " کە پەیوەست بوو بە باردم، راگرت. لە ساڵی ١٩٥٨ باردم لە دامەزراندنی "کۆمپانیای فیلمسازی یۆنینسی Uninci" کۆمەکی کردوو خۆی بووە لێپرسراوی.

کارلوس سائورا لە کۆتایی دەیەی ١٩٥٠دا دەستی بەکارکردن کرد. یەکەم فیلمی (لوس گولفوس) بوو لە ساڵی ١٩٥٩ ، بە هۆی ئەو کێشانەی کە حکومەت دروستی کردبوو رووبەرووی شکستی دارایی بۆوە بەلام لە فیستیڤاڵی کان لە ساڵی ١٩٦٠، سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا. لوس گولفوس بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری کارئەکتەری ناپیشەیی بەرهەم هێنرابوو. فیلمەکە داستانی لاوە هەژارەکانە کە بە ئومێدن بە یاری گا (گابازی) لە هەژاری رزگاریان بێت. سائورا بە سێیەم فیلمیش بە ناوی (راو) لە ساڵی ١٩٦٦ ، ناوبانگی جیهانی پێ دەرکرد. فیلمی راو چیرۆکێکی ترسناك و دەروون ناسی بوو رووداوەکەشی لە میوانداری‌یەکی شکاردا رووی داوە. سائورا لەم فیلمەش دا هەروەك زۆربەی بەرهەمەکانی تری بە لێکۆڵینەوەی وەزعی ئەخلاقی کۆمەڵگە لە رۆژانی رژێمی فرانکۆ خەریك بووە.

فیلمی راو بووە هۆی ئەوەی کە سائورا لە فیستیڤاڵی بەرلین دا بە ناوی باشترین دەرهێنەر، خەلاتی ورچی زیوینی وەربگرێ. ئەم دەرهێنەرە لە ساڵی ١٩٦٨ جارێکی تر

ورچی زیوینی "فیستیڤاڵی بەرلین"ی بۆ خۆی بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٩٧٤ خەڵاتی دەستەی لیژنەی داوەرانی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٨١ ورچی ئاڵتونی فیستیڤاڵی بەرلینی لە خۆی کردو لە ساڵی ١٩٨٣ بە هۆی فیلمی (کاری من) خەڵاتی ئەکادیمی فیلمی ئینگلستانی بەناوی باشترین فیلمی بیانی وەرگرت.

سینەمای ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٦٠ شایەدی چالاکی‌یەکانی لوئیس بونویل بوو. بونویل لە ڕۆژانی خوێندنی‌دا لە زانکۆی مەدرید هاوڕێیەتی لەگەڵ سلڤادۆر دالی وێنەکێش و گارسیا لۆرکای شاعیری ئیسپانی و زۆربەی ڕۆشنبیرانی گەورەی ئەو سەردەمەی ئیسپانیا هەبوو. بونویل لە ١٩٢٠ یانەی سینەمایی لە زانکۆدا دامەزراند کە لەوکاتەدا تازە لە ئەوروپا دروست ببوو. بونویل لە ساڵی ١٩٢٥ چوو بۆ پاریس خەریکی خوێندنی سینەما بوو. لە ماوەی یەك ساڵدا بونویل یاریدەدەری ژان ئیستاین، بووە دەرهێنەرو تیۆریستی سینەما.

(ئیستاین) بە ڕەگەز پۆڵەندی‌بوو بەڵام لە مێردمناڵی‌یەوە لە فەرەنسا ژیابوو. بونویل لە ساڵی ١٩٢٨ لە بەرهەم هێنانی فیلمێك لەسەر بنچینەی یەکێ لە بەرهەمەکانی (ئەدگار ئالن پو) یارمەتی (ئیستاین)ی دا. لە هەمان ساڵدا بۆنویل و دالی لە ماوەی ٣ ڕۆژدا فیلمنامەیەکی سوریالیزمی‌یان نووسیووەو بۆنویل لە ماوەی ٢ هەفتەدا بە هاوکاری دالی فیلمنامەکەیان بە شێوەی فیلم دەرهێنا. بەرهەمی ئەم هەوڵەیان فیلمێکی ٢٤ خوولەکی بوو کە ناوی (سەگی ئەندەلووسی) بوو. سەگی ئەندەلووسی لە زنجیرەیەك وێنەی وروژێنەرو بەبێ بەستنەوە بە یەکەوە پێك هێنرابوو نیشاندەری توانای خەیاڵاوی لە ڕادەبەدەری خوڵقێنەرانی و توانای ئەوان لە خوڵقاندنی دیمەنی جووڵە پێکراودا بوو. بەم فیلمە بونویل و دالی ڕێڕەوی گرووپی سوریالیستەکانی پاریسیان دۆزیەوە.سەگی ئەندەلووسی چەندین جار لە ئەنجومەنەکانی سینەمایی و زانکۆکان پیشان دراوە.



فیلمی ( سەگی ئەندەلوسی ) سلڤادۆر دالی

بونویل له ساڵی ١٩٣٠ فیلمی "ڕۆژگاری ئاڵتوونی" ئامادەکردو لە ساڵی ١٩٣٢ فیلمی (نیشتمان بە بێ نان)ی دەرهێنا. کە فیلمێکی ناخۆشی دەربارەی هەژاری لە ڕادەبەدەری گوندنشینەکان بوو. بونویل لەگەڵ هەموو ئەو هەورازو نشێوانەی کە لە کارەکانیدا دروست دەبو و هەمیشە فیلمسازێکی سەرکەوتوو بوو. بەڵام تا ساڵی ١٩٦٠ لە نیشتمانی خۆی واتە ئیسپانیا فیلمی بەرهەم نەهێنا. لەم ساڵەدا گەڕایەوە بۆ ئیسپانیاو فیلمی (ویرید یانا)ی دەرهێنا. لێپرسراوێتی بەرهەم هێنانی ئەم فیلمە (باردم) گرتی‌یە ئەستۆی خۆی کە سەرۆکی کۆمپانیای فیلمسازی یونینسی بوو، کاتێك دەرکەوت باردم تا چەندە هەوڵی خۆی بۆ ئەم فیلمە خستبووە کار، لەبەرئەوەی کە (ویرید یانا) یەکەم فیلمی ئیسپانی بوو کە توانی چڵە خورمای ئاڵتوونی فیستیڤاڵی کان تەرخان بکا بۆ خۆی تووڕەیی ڕژێمی فرانکۆ بەرامبەر بە بۆنویل کەم نەببۆوە. زۆر لە کارمەندانی سینەمای ئیسپانیا بە هۆی فیلمی (ویرید یانا) بێکار بوون و فیلمەکە هەتا ڕۆژانی ژیانی فرانکۆ مۆڵەتی پیشاندانی پێنەدرا لە ئیسپانیا.

لە دەیەی ١٩٦٠ گروپێکی تر لە فیلمسازە لاوەکان خەریکی کارکردن بوون. کە هەوڵیان دەدا لەگەڵ سنووردانەکانی ڕژێمی فرانکۆ خەبات بکەن، بە هۆی کاریگەریی ئەوان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٦ "سینەمای نوێی ئیسپانیا" پێك هات کە بە زمانێکی تایبەتی بە خۆی وەزعی کۆمەڵایەتی دەخستە بەر ڕەخنە. فیلمی (عەشقی باش) لە ساڵی ١٩٦٣ لە دانانی فرانسیسکۆ رگویرۆ، فیلمی (٩ نامە بۆ بەرتا) ساڵی ١٩٦٥ لە دەرهێنانی بازیل. م. پاتینو، فیلمی (لەگەڵ بای ڕۆژهەڵاتی) ساڵی ١٩٦٥ لە بەرهەمی ماریوکامو، لەو کۆمەڵە بەرهەمانەن. لەگەڵ ئەوەی نمایشی فیلم لە سینەماکاندا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بوو، ئەم فیلمانە توانیان مۆڵەت وەربگرن و بینەری تایبەتی خۆیان هەبێت.

گروپێکی تر لە فیلمسازانی ئەم قۆناغە بە پەیڕەوانی قوتابخانەی بەرشلۆنە، ناسرابوون. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە واقیعیەت لەگەڵ خەیاڵ ئامێزی و خەون لەناو یەکدا ئاوێتە دەکەن. لەنێو فیلمسازە ناسراوەکانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانرێ ناوی (جامی کامینۆ، وینسنتە ئاراندا، گونزالوسوارز) بهێنین.

له پاڵ ئەم دوو گروپەدا فیلمسازانی تریش هەبوون کە بە بەرهەم هێنانی فیلمی شێوازی خۆرئاوایی، جاسوسی-پۆلیسی، کۆمیدیەیە لاوازەکان و جۆرەکانی تری سینەما خەر یك دەبوون. له ئەنجامی کاری فیلمسازە ئیسپانییەکان بە گشتی بووە هۆی ئەوەی هەتا بەرهەم هێنانی فیلم لەم وڵاتەدا لە دەیەی ١٩٦٠ بچێتە سەرەوەو تا ڕادەیەك لە ڕێگرییەکانی حکومەت کەم بکاتەوە. هەتا بونویل توانی (ترسیناتا) لە ساڵی ١٩٧٠ لە ئیسپانیا بەرهەم بهێنێ فیلمی (لە کات ژمێر ٥ی بەیانی) ساڵی ١٩٦٠، لە دانانی باردم و فیلمی (فەرمان بەرانی سێدارە) ساڵی ١٩٦٣ لە دەرهێنانی برلانگا، لە بەرهەمە گرنگەکانی تری دەیەی ١٩٦٠ بوون.

بە مردنی فرانکۆ لە ساڵی ١٩٧٥ قۆناغێکی نوێ لە سینەمای ئیسپانیا دەستی پێکرد. خوزە لویس بورایۆی ڕەخنەگرو ئامادەکارو دەرهێنەری سینەما، بە هۆی جووڵەکانییەوە وەك بزوێنەری سەرەکی ئەم قۆناغە دەرکەوت. ئەو لە کۆمپانیای فیلمسازی ئیل ئیمان، چەند فیلمێکی بەرهەم هێنا کە هەموویان ڕەنگ و بۆی سیاسییان هەبوو زۆر بە وردی و ناسکی ڕێك خرابوون. فیلمی (ئەزیزترین کابانوی من) ساڵی ١٩٧١ لە دەرهێنانی جامی دو ئارمینین، کە فیلمنامە نووس و ئامادەکاریشی (خوزە لویس بورایۆ) بوو، دەست نیشان کرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار.

لە دەیەی ١٩٧٠ ناوچە جیاجیاکان فیلمسازی خۆیان هەبوو.. وەك ئانتونی ریباس و جامی کامینو کە خەڵکی (کاتالونیا) بوون. لە هەمان ئەو ساڵانەدا گروپی تریش بۆ سینەمای ئەزموونی و پێشڕەو هاتنە پێشەوە، ئالفارو دل ئامو لە ساڵی ١٩٧٦ فیلمی کۆمیدی (دوس- dos)ی بەرهەم هێنا. خوزەلویس کارول، ڤیکتور ئەریك و ریکاردو فرانکو لە فیلمسازەکانی تری ئەم قۆناغە بوون، فیلمی (گۆڕینی ڕەگەزەکان) ساڵی ١٩٧٧ لە دەرهێنانی ئاراندا کامبیو، فیلمی (پشووە درێژەکان) ساڵی ١٩٧٦ لە دانانی باردم، فیلمی (تفەنگی میللی) ساڵی ١٩٧٨ لە بەرهەمی برلانگا، فیلمی (دانیشتن لەبەر کەناری خۆرئاوا) ساڵی ١٩٧٨ لە دانانی ئانتونیۆ بتانکور، فیلمی (باڵندە بەهێزەکان) ساڵی ١٩٧٤ لە دانانی کامۆ، فیلمی (وێنەگرتنی خێزانی) ساڵی ١٩٧٦ بەرهەمی ئانتونیو خیمنز ریکو. لە فیلمە دیارەکانی دەیەی ١٩٧٠ بوون لە ئیسپانیا.

گۆڕانكـاری حكومـەت و بـارووددۆخی سیاسـی بـووە هـۆی ئـەوەی فیلمسـازەكان لـە دەیەكانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا زیاتر بەهرەمەند بـن لـە ئـازادی كـاركردن. لـە سـاڵی ١٩٨٤ پـترۆ ئالمودوڤار فیلمی كۆمیـدی (چیـم كـردووە كـە ئـەم سـزایەم بـدریٚ؟)ی دانـاو توانـی بـەم فیلمە ڕێگەیەك پەیدا بكات بۆ بازاڕەكانی سینەمایی وڵاتانی تر. فیلمـەكانی (ماتـادور*-Matador) لە ساڵی ١٩٨٥ و (پاژنە بڵندەكان) لە ساڵی ١٩٩١ لـە دانـانی ئالمودوڤـار، فیلمـی (كوشتن لە كۆمیتەی مەركـەزی) لـە سـاڵی ١٩٨٣ بەرهـەمی ئـاراندا، فیلمـی (هێلانـە) لـە سـاڵی ١٩٨٠ لـە دەرهێنـانی ئـارمینین، فیلمـی (خۆشەویسـترین دایـان) لـە سـاڵی ١٩٨٦ لـە دانانی برایۆ، فیلمی (زستانێكی درێژ) ساڵی ١٩٩٢ لە بەرهەمی كامینۆ، (شـەیتانەكان لـە باخچـەدا) لـە سـاڵی ١٩٨٢ (جوانـترین شـەو) لـە سـاڵی ١٩٨٤ لـە دەرهێنـانی گوتـی یـەرز ئـاراگۆن، (نمایشـی دوا نیـوەڕۆ) لـە سـاڵی ١٩٨١ لـە دانـانی مولینـا Molina لـە فیلمـە بەنرخەكانی ئەم دوو دەیەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ بوون.

---

* ماتادور: Matador وشەیەكی فەرەنسییە بە مانای كەسێك دێت كە زۆرانبازی گا بكات یان كەسێكی گرنگ و ناسراو. (و. ك).

## بەریتانیا

بەریتانیا لەو وڵاتانەیە کە لە دروست بوون و گۆڕانکاری سینەمادا ڕۆڵیان هەبووە. (ویلیام. ج. هۆرنەر) کە داهێنەری (زویە تروپ) بوو، بەریتانی بوو. زویە تروپ ئامێرێك بوو کە بە سوڕاندنی زنجیرەیەك وێنەی جێگیر هەستی جووڵەی لای بینەر دروست دەکرد. (لویس لوپرنس)، یەکێکی تر بوو لە پێشکەوتووەکان کە جۆرێك کامێرای وێنەگرتنی داهێنا. (وردزورث دونیستورپ) لە ساڵی ١٨٨٩ بە کامێرایەك کە خۆی دروستی کردبوو لە مەیدانی (ترافالگار)ی لەندەن فیلمی پێگرت.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٨٠ بەریتانیا چەندین داهێنەری لە زەمینەی سینەمادا هەبوو. لە ساڵی ١٨٩٦ ساڵێك لە د وای ئەوەی کە (برایانی لۆمێر) بۆ یەکەمین جار فیلمەکانیان لە بەریتانیا نمایش کرد، (برت ئاکورس) بە کامێرایەك و پرۆژکتۆرێك کە خۆی دروستی کردبوو، لە بەرامبەر ئەنجومەنی پاشایەتی چەند وێنەیەکی بۆ نمایش گرت.

یەکەمین کەس کە فیلمی ئینگلیزی بە شێوەیەکی ڕەسمی پیشان دا، (رابرت. و. پل) بوو. پل لە ساڵی ١٨٩٦ یەکەمین فیلمی داستانی ئینگلیزی دانا. لە دوای ئەو چەند فیلمێکی کورتی تری دەرهێناو لە ساڵی ١٨٩٩ ستۆدیۆیەکی لە (ساوت گیت- Southgate) بۆ داهێنانی تەکنیکە سینەماییەکان تەرخان کرد.

داهێنەرترین فیلمسازی پێشکەوتووی ئینگلیزی (سیل هپوورت) بوو کە لە ساڵی ١٨٩٦ خەریکی سینەما بوو. هپوورت لە ساڵی ١٨٩٧ پەڕتووکی (ئەلف و بێی فیلمسازی) نووسی کە لەو جۆرەی خۆیدا بە یەکەمین بەرهەم دادەنرێت. ساڵێك لە دوای ئەوە یەکەمین فیلمیشی بەرهەم هێنا، هپوورت لە ساڵی ١٩٠٣ فیلمی (ئالیس لەسەر زەمینی سەرسوڕهێنەر)ی دەرهێنا. ئەم فیلمە لە ١٦ دیمەن پێك هاتوو کە هەریەکەیان لە کۆتاییدا لەگەڵ بەشەکەی دوایی لەناو یەکدا ئاوێتە کرابوون. هپورت لە ساڵی ١٩٠٧ جۆرێك شێوەی تۆمارکردنی دەنگی داهێنا کە ناوی نا (ویوافون). لە هەمان ساڵدا

چارلز ئور بان، (كينما كالەر)ی داهێنا كە یەكەمین شێوەی سەركەوتووی ڕەنـگ ئـامێزی فیلم بوو. ج. ئا. سیمث لە ساڵی ١٩٠٦ ئەم داهێنانەی گەیاندە تۆماركردن.

(ج. ئـا. سمیث) لــە دایـك بــووی ١٨٦٤ و جیمـز ویلیـامس دوو وێنــەگری خــەڵكی (برایتون) بوون كە ناوچەیـەكی كـەنار دەریایـە لـە خوارووی بـەریتانیا لـە پێگەیشتی زمانی سینەما كۆمەكی زۆریان كرد. ئەوانە شێوەیەكیان لە سینەمادا پێك هێنـا كـە بـە "قوتابخانەی برایتون) ناسرابوو. سمیث و ویلیامس لـە ماوەیـەكی كورتـدا كـە خـەریكی دەرهێنان بوون بناغەیەكی گۆڕانكاری زۆریان دانا.

ویلیامس بە سـوودوەرگرتن لـە بڕیـن و پێكـەوەلكان لـە فیلـم دا جۆرێكـی مۆنتـاژی پێك هێنا. واتە بۆ پیشاندانی شوێنێك، تەنیا بەشە بڕاوەكانی پیشان دەدا وەك دەروازە، دەرگای خانوو، ڕاڕەوی چوونە ژوورەوە، پشتی خانوو، نمایشـی ئـەم كۆمەڵـە بـووە هـۆی ئەوەی بینەر وا هەست بكات ئەوەی كە دەیبینێت، پەیوەندی بە یەك شـوێنەوە هەیـە. داهێنانی تری ئەو گۆڕانی جۆرەكـانی ڕوو بـوو لـە یـەك ڕوودا كـە بـە مۆنتـاژی نـاوەوە ناودەبرێ. سمیث سـوودی لـە ڕووی گـەورە كـرد. بـەڵام ئـەم دوو هونەرمـەندە زۆر زوو وازیان لە دەرهێنان هێناو (قوتابخانەی برایتۆن)یش فەرامۆش كرا.

لە ساڵی ١٩١٦ سینەمای بەریتانیا كەوتە ژێر كاریگـەریی سـینەمای ئـەمریكا. واتـە لەوكاتـەدا ٩٥٪ لـە كاتـەكانی نمایشی فیلـم لـە سـینەماكانی بـەریتانیادا بـۆ فیلمـە ئەمریكیـیـەكان تـەرخان كرابوو. ژمارەی ئەو فیلمە بەرهـەم هێنراوانـەی بـەریتانیا لـە سـاڵێكدا لـە ٢٠ تـا ٢٥ فیلمـی لاواز تێپەڕی نەدەكرد. لە دواییدا لە ساڵی ١٩٢٧ پەرلەمانی بەریتانیا بۆ پشتگیری كـردن لـە بەرهـەم هێنانی سینەمای نـاوخۆ، بڕیـارێكی دەركـرد. لـە لایـەكی تـرەوە بـە هـاتنی فیلمـی دەنگـدارو بـە هۆی ئـارەزووی بینـەران بـە لەهجـەی ئینگلیزی لـە سـاڵی ١٩٢٨ بـە دواوە پیشەسـازی سـینەمای بـەریتانیا بـە خـێرایی گەشـەی كـرد. تـا حـەدێك كـە لـە سـاڵی ١٩٢٩ ژمـارەی فیلمـە بەرهـەم هێنراوەكان لـە سـاڵێكدا زیـادی كـرد بـۆ ١٢٨ فیلـم و لـە دواییدا لـە ساڵی ١٩٣٧ ئـەم ژمارەیـە لـە ساڵێكدا گەیشتە ٢٢٥ فیلـم كـە لـە بـارەی بەرهـەم هێنــانی فیلـم دووەمـین پلـە بـوو لـە دوای ئـەمریكا. بـەڵام بـە بەرهـەم هێنـانی فیلمـی گـران بـەها، بازاڕەكـانی فیلـم ڕووبـەڕووی كێشـە بوونەوەو بەرهەم هێنانی فیلم هاتە خوارەوە.

یەکەمین فیلمساز کە توانی جارێکی تر گەشە بداتەوە بە سینەمای بەریتانیا (ئەلکساندەر کردا) بوو. کردا دەربارەی ژیانی تایبەتی کەسایەتی‌یە مێژوویی‌یەکان چەند فیلمێکی دانا کە لەناو خەڵکی‌دا زۆر خۆشەویست بوو. (ژیانی تایبەتی هنری هەشتەم) لە ساڵی ١٩٣٣ ، یەکەمین فیلمی ئەو جۆرە فیلمانە بوو کە زۆر سەرکەوتوو بوو کردا لە ڕۆژانی جەنگ دا لە هۆلیوۆد خەریکی کارکردن بووەو لە ساڵی ١٩٤٥ دووبارە گەڕایەوە بۆ بەریتاذ یا، بەڵام ئیتر نەیتوانی بگاتە کارە سەرکەوتووەکانی سەرەتای.

لە ساڵەکانی ١٩٣٠ ئاسکیت و هچکۆك خەریکی کارکردن بوون. ئانتونی ئاسکێت، یەکێکە لە گرنگترین فیلمسازەکانی بەریتانیا. ئەو زۆر بەرهەمی کۆمیدی لە (بەرنادشۆو ئۆسکار وایلد) لە پاڵ فیلمە جەنگی‌یەکان دا بە شێوەی فیلم دەرهێناوە. فیلمی (بلێ ئینگلستان) لە ساڵی ١٩٣١، فیلمی (پیگمالیون)ی لە ساڵی ١٩٣٨ و (گرنگی ئەرنست بوون) لە ساڵی ١٩٥٢ لە بەرهەمەکانی ئەون.



ئالفرد هیچکوك

ئـالفرد هیچکۆك، کـاری فیلمسـازی لـه سـاڵی ١٩٢٠دا دەسـتی پـێکردو هــەتا کۆتـایی قۆنـاغی سـینەمای بـێدەنگ زیـاتر لـە (١١) فیلمـی بەرهـەم هێنـا. دواتریـن فیلمـی ئــەم قۆناغەی ئەو (مافی بـێدەنگی) بـوو کـە بـە شـێوەی سـینەمای دەنگـدار دەری هێنـابوو. کۆتایی چیرۆکەکانی هیچکۆك دووره لە پێش بینی‌یەوه. ئـەو ناوبانگی‌یەکـەی بـە هـۆی بەرهەمەوە تاوانی‌یەکانی خۆیەوە بوو. فیلمی (بەکرێدان) لە ساڵی ١٩٢٦، فیلمـی (مـافی بێدەنگی) لە ساڵی ١٩٢٩، (ئەو پیاوەی کە زۆر دەزانێت) لە سـاڵی ١٩٣٤ و (سـیو نـۆ پلـە) لە ساڵی ١٩٣٥ لە بەرهەمە بەرجەستەکانی ئەو قۆناغەی ئەو بـوون. هیچکۆك لـە سـاڵی ١٩٣٩ چوو بۆ هۆلیۆد و لەوە بەدواوە لەوێدا خەریکی فیلمسازی بوو.

فیلمسـازێکی گـەورەی تـری ئـەم قۆناغــە (جـان گریرسـون)ی ئۆسـکۆتلەندی بـوو. گریرسون هەوڵی دا سینەما بۆ خزمەتی کۆمەلانی خەڵك بەکاربێنێ و بـۆ ئـەم کـارەش بە سینەمای بەڵگەنامەیی‌یەوە خەریك بوو. ئـەو دەیویسـت مەسـەلەکانی ڕۆژانـە وێنـە بگـرێ و لـە دوایـیدا ئەوانـە لـە بەرامبـەر نمایشـە نائاسـایی‌یەکان ڕەواج پـێ بـدا. ئــەم هونەرمەندە لە شێوە وەرگرتن و گۆڕانکاری سینەمای بەڵگەنامـەییدا کۆمـەکێکی زۆری کرد. گریرسون توانی گروپـی فیلمسـازە بەرجەسـتەکان کۆبکاتـەوە. فیلمسـازەکانی ئـەم گرووپە لە ژیانی ڕۆژانەی گوندنشینەکان، ماسـی گرەکـان و کرێکـاران فیلمیـان دروسـت دەکرد. رابرت فلاهرتی، بەڵگەنامەسازی ئەمریکی، کـە لەسـەر بانگێشـتی گریرسـون بـۆ بەریتانیا هاتبوو لە بەرهەم هێنانی فیلمی (پیشەسازی ئینگلیز) لـە سـاڵی ١٩٣٣، لەگـەڵ ئەو هاوکاری کرد. دوایی فلاهرتی بە تەنیا (پیاوێك لە ئاران)ی بەرهەم هێنا.

یەکێك لە باشترین فیلمە بەڵگەنامەیی‌یەکانی ئەم قۆناغە (پۆستی شەوانە) لە ساڵی ١٩٣٦، لە بەرهەمی (بازیل رایت و هـەری وات)ە. لـە سـەرەتادا بەڵگەنامـە سازەکان زیـاتر گرنگیان بە کاری مرۆڤ دەدا هـەتا خـودی ئـەو، بـەلام لـە نیـوەی دووەمـی دەیـەی ١٩٣٠ هەوڵیان دا گرنگی بە تـاکی مـرۆڤ و مەسـەلەکانی ئـەو لـە پەیوەسـت بـە کـاری پێشـتر بـدەن. بــە هــەمان هــۆوە لــە هــەندێ لــە فیلمــەکاندا دەســتیان دایــە چاوپێکــەوتنی دەرکەوتووان و لە هەندێ لە فیلمەکانیشا بە بیناکردنەوەی واقیعی خەریك دەبوون. لە دوایی‌دا هنری وات فیلمی (لە دەریای باکوور) لە ساڵی ١٩٤٨ بەرهەم هێنـا کـە دەربـارەی

کەشتیەیەکی ماسی گرە توانیویەتی بێجگە لە وەسفی لایەنە هونەرییەکانی، سەرنجی کاردانەوەی ماسیگرەکانی لە کاتی مەترسیدا داوە. (لن لای لە سندوقێکی ڕەنگاوڕەنگ دا) لە ساڵی ١٩٣٥، فیلمی (سەمای ڕەنگینی کەمانچە) لە ساڵی ١٩٣٦ بە هەڵس و کەوت بە ڕەنگ و ریتم دایناوە.

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، سینەمای بەریتانیا بە ناچاری لە پێش هەموو شتێکەوە بە مەسەلەی جەنگەوە خەریك بوو. باشترین فیلمی ئەم قۆناغە لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی بەڵگەنامەساز (گریرسون) دادەنران. ئەم فیلمانە لە توانای دەسەڵات زۆر بەهرەمەند بوون و بە وردبینییەکی زۆرەوە بەرهەم دەهێنران.

هری وات، لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا چەند فیلمێکی ڕاپۆرتی دانا. (ئامانجی ئەم شەو) فیلمێکی بەرزی جەنگی بوو کە تیایا ئەندامەکانی هێزی ئاسمانی پاشایەتی ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

لە بەڵگەنامە سازەکانی تری ئەم قۆناغە دەبێ ناوی (مایکل پاول و همفری جنینگز) بەرین. جنینگز لە هەموو بەڵگەنامەسازەکان زیاتر گرنگی هەبوو. ئەو کە لە بنەڕەتدا شاعیرو وێنەکێش بوو، توانی لە فیلمە بەڵگەنامەییەکانیدا کەشێکی جوان و ناسك، شاعیرانەو تێکەڵاو لەگەڵ هاودەردی دروست بکات.

جنینگز گرنگی بە تایبەتمەندێتی تاك دەدا، هەوڵی دەدا لە بەرهەمەکانیدا کاریگەریی جەنگ لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی پیشان بدات. لە بەرهەمە بەرجەستەکانی ئەو فیلمی (لیدیس سەرمەشق بوو)، (گوندێکی خامۆش) لە ساڵی ١٩٤٣ دەتوانین ناوبنێین کە هەردووکیان دەربارەی خەڵکانێکە کە ئەڵمانییەکان گوندەکەیانی وێران کردووە.

بە کۆتایی هاتنی جەنگ، فیلمە پڕ خەرج و جۆش خرۆشەکان ڕەواجیان هەبوو، خەڵکی ڕوویان کردە ئەو بەرهەمانە کە لە دەقی ڕۆمانە ناسراوەکان یا دیمەنە شانۆییەکان دادەنران. لەم ساڵانەدا ژمارەیەکی کەم لە فیلمسازەکان توانیان فیلمی هونەری بەنرخ سازبکەن. (سێر کارول رید، سێر دیڤید لین، سێرلۆرانس ئۆلیڤەر) لەو کۆمەڵە دەرهێنەرانە بوون سێرکارول رید، لە زەمینەی فیلمی بەڵگەنامەیی و فیلمی

تاوانکاری- سیاسی بەربەرهەم دەهێنا. سێ فیلمی ئەو لەوانە (نەیاری خائین) لە ساڵی ١٩٤٧، (بتی ڕووخاو) لە ساڵی ١٩٤٨، (پیاوی سێیەم) لە ساڵی ١٩٤٩ ناوبانگی جیهانی پێ دەرکرد. سێر دیڤید لین لەسەر بنەمای چیرۆکەکانی (دیکنز) لە ساڵی ١٩٤٦ فیلمی (ئارەزووە گەورەکان) و لە ساڵی ١٩٤٧ فیلمی (ئۆلیڤەر تویست)ی ئامادەکردو لە ساڵی ١٩٥٧ فیلمی ناسراوی (پردێك لەسەر ڕووباری کوای) دەرهێنا. سێرلۆرانس ئۆلیڤەر دەرهێنەرو کارئەکتەری بەرجەستەی شانۆی ئینگلیز، لەو ساڵانەدا ڕووی کردە سینەما. فیلمەکانی (هنری چوارەم) لە ساڵی ١٩٤٤، (هاملێت) ساڵی ١٩٤٨ و (ریچاردی سێیەم) ساڵی ١٩٥٥ ، دەرهێنا کە هەرسێکیان لەسەر بنەمای نمایشنامەکانی شکسپیر دانرابوون. ئۆلیڤەر هەوڵی دا لەم بەرهەمەدا ئەوەی کە لەسەر تەختەی شانۆ توانای نمایشی نیيە، بە یارمەتی سینەما پیشانی بدات.

شێوەیەکی تری سینەما کە لە دوای جەنگەوە ڕەواجی هەبوو، جۆرێك کۆمیدی ئارام بوو کە لەسەر بنەمای چیرۆکە ئاڵۆزەکان و شوێنە تایبەتیيەکان دادەنران. لەم کۆمیدیيانەدا پاڵەوانی ئاسایی لە بارووودۆخێکی نائاساییدا جێگیر دەبوو لە کاتێکدا کە هەمیشە هەوڵی دەدا کەسایەتی ئینگلیزیی خۆی بپارێزێ هەتا لە خراپترین و سەخترین بارووودۆخیش دەستی لەم ڕەفتارە بەرنەدا.

ئەم کۆمیدیيانە بە شێوەیەکی گشتی دەرهێنەرە لاوەکان ڕێکیان دەخست کە لە دوای جەنگ ناوبانگیان دەرکردبوو. چارلز کریچتون، لە ساڵی ١٩٥١ فیلمی (کتوپڕ بووە ملیۆنەر)ی سازکرد. لەم فیلمەدا (سێر ئەلك گینس) کارئەکتەری گەورەی شانۆ و سینەمای ئنگلیز، ڕۆڵی کارمەندێکی جدی و لە ژێرەوە بە نهێنی لە بانکێکدا کە چەندین ساڵە لە پووچەڵ کردنەوەی نەخشەی دزێك لە بانکێك دا دەبینێت.

هنری کورنلیوس، فیلمی (مۆڵەتی چوونە ژوورەوە بۆ پایملیکو)ی لە ساڵی ١٩٤٨ دەرهێنا کە چیرۆکی بەشێکی شاری لەندەنە کە لەسەر بنەمای سەنەدی کۆن لە بەریتانیا جیادەبێتەوە بەڵام تایبەتمەندێتی ئینگلیزی بوونی خۆی بە تەواوی دەپارێزێ. ئەلکساندەر مەکندریك، لە ساڵی ١٩٥٥ فیلمی (بکوژانی ژنێك)ی ئامادە کرد. لەم فیلمەدا پێنج چەتە ناچار دەبن کابانێکی پیر بە کوشتن بدەن بەڵام بە هۆی

خۆشەویستی‌یەك كە لەگەڵ ئەودا هەیانبووە نـەیان توانیـووە خۆیـان بـە كوشـتنی ئـەو ڕازی بكەن و لەسەر كردنی تاوانەكە لەگەڵ یەكدا دەكەونە مل ملانێ.

ڕۆبەرت هامر بە دەرهێنانی فیلمی (دڵە میهرەبانەكان) و (نیوە تاجـەكان) لـە سـاڵی ١٩٤٩ یەكێ لە باشترین كۆمیدی‌یەكانی ئەم قۆناغـەی خوڵقـاندووە. داسـتانی ئـەم فیلمـە دەربـارەی تۆڵەسـەندنەوەی نەوەیـەكی خـێزانێكی ئەشـرافە لـە هـەموو كەسـانی خێزانەكەشـی و لـە كۆتایی‌دا ئەم تۆڵە سەندنەوەیە دەگۆڕێ بە كۆمیدی‌یەكی كوشتن و تاوان. لە سـاڵی ١٩٥٥ ئـەم جـۆرە كۆمیدی‌یـە لـە گۆڕانكـاری چـەقی و سـینەمای ئینگلـیز شـێوەیەكی سـنووردارو جەماوەریی پـەیداكرد نوێكردنـەوەی ژیـانی سـینەمای بـەریتانیا لـە سـاڵی ١٩٥٩ بـە بەرهـەم هێنـانی فیلمـە كورتـەكان دەسـتی پـێكرد. ئـەم فیلمـە كورتانـە كـە فیلمسـازە لاوەكـان بـە سەرمایەگوزاری حكومەت دەریان دەهێنا، درێژەپێدەری سینەمای بـاوی بەڵگەنامـەیی بـوون. لەوێوە كـە ئـەم جوڵانـەوە سـینەمایی‌یە لەگـەڵ جووڵانەوەیـەكی لـە یـەك چـوو لـە ڕۆمـان نووسـی و نمایشـــنامە نووسـیی‌دا هاوكـات بـوو، دەرهێنـــەرە لایـــەنگرەكانی توانیـــان بـــۆ فیلمەكانیان سوود لە دەقە ئەدەبی‌یەكان یا شانۆیی‌یەكان وەربگرن.

جك كلایتـون، لـە سـاڵی ١٩٥٩ لەسـەر بنـەمای ڕۆمـانی (جـان برایـان) (ژووری قـاتی سەرەوە)ی سازكرد. (لەگەڵ تووڕەبووندا دێتەوە یادی) لە دەرهێنانی تونی ڕیچاردسـون بەرهەمێكی ترە لەم سینەمایە كە لە ڕووی نمایشنامەیەك بە هـەمان نـاو لـە نووسـینی (جـۆن ئۆزبـورن) سـازكراوە. (تـەنیایی و خۆڕاگـری ڕاكردوویـەك) لـە سـاڵی ١٩٦٢ لـە دەرهێنانی ڕیچاردسون یەكێكی ترە لە فیلمـە بەنرخـەكانی ئـەو قۆناغـە. ئـەم فیلمانـە سەرەڕای واقیع گەریی لەسـەر كێشی و گـوێ نـەدانی لاوان لـە كۆمەڵگـەی پیشەسـازی‌دا دەكۆڵێتەوە بە شێوەیەكی گشتی پاڵەوانەكانی پەیوەستن بە چینی ناوەڕاست یا كرێكار.

لە ساڵی ١٩٦٢ فیلمی (لۆرانسی عەرەب) و لـە سـاڵی ١٩٧٠ (كچی رایـان) لـە بـەریتانیا بەرهەم هێنران بەڵام لە نێوان ساڵەكانی ١٩٧٠ تا ١٩٨٠ سینەمای ئەو وڵاتە چالاك نەبوو و فیلمە كەمە ئینگلیزی‌یەكان ئەوەندە سەركەوتنی لە جیهاندا بە دەست نەهێنا.

له سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ سینەمای بەریتانیا دووبارە لە جیهاندا کەوتەوە بەرباس و توانی خەڵاتە نێودەوڵەتی‌یەکان بۆ خۆی تەرخان بکات. لەم دەیەدا کەناڵی چواری تەلەفزیۆنی بەریتانیا بە بودجەیەکی کەم کۆمەکی ئەو فیلمانەی دەکرد کە بەرهەم دەهێنران. لە ساڵی ١٩٧٨ (جۆرج هرسیۆن) ئەندامی پێشووی (گرووپی بیتل) کۆمپانیای فیلمسازی سەربەخۆی (هند مید فیلمز)یان دامەزراند کە زیاتر خەریکی بەرهەم هێنانی فیلمە کۆمیدی‌یەکان بوون.

لە دەیەی ١٩٨٠ بە هاتنە سەرکاری حکومەتی پارێزگارانی مارگرێت تاتچەر کۆمەکی دارایی حکومەت بۆ سینەما سنووردار کرا، سینەمای بەریتانیا زەرەرێکی زۆری بەرکەوت. سنووردار کردنی سەرچاوەی دارایی و زیادبوونی نمایشی فیلمە ئەمریکی‌یەکان، سینەمای بەریتانیای ڕووبەڕووی قەیران کردەوە. هەتا کۆمپانیا سینەمایی‌یە بە تواناکانیش هەر لەم قەیرانە دەربازیان نەبوو. کۆمپانیا کۆنەکان و بەریتانی‌یەکان ناچار بوون فیلمەکانیان و ستۆدیۆکانیشیان بفرۆشن بە کۆمپا نیای تازەترو سەرکەوتووتر.

فیلمی (عەرەبانە ئاگرینەکان) لە ساڵی ١٩٨١ لە دانانی هیو هادسن، (گاندی) لە ساڵی ١٩٨٢ لە دەرهێنانی ئاتنبرۆ، سێ فیلمی (نیل جۆردن) لەوانە، (فریشتە) ساڵی ١٩٨٢، (هاوڕێی گورگەکان) ساڵی ١٩٨٤، (مۆنالیزا) ساڵی ١٩٨٦، فیلمی (هاوار بکە بۆ ئازادی) ساڵی ١٩٨٧ لە بەرهەمی ئاتنبرو، فیلمی (پێی چەپی من) ساڵی ١٩٨٩ لە دەرهێنانی جیم شرایدان (هنری پێنجەم) ساڵی ١٩٨٩ لە بەرهەمی برانا، لە فیلمە بەرجەستەکانی دەیەی ١٩٨٠ی بەریتانیا بوون.

لە دەیەی ١٩٩٠ لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەکی حکومەت کەمێ زیاد کرا، کەناڵی چوارو بی بی سی سەرمایەگوزاری خۆیان بۆ سینەما زیادکرد. کێشەی ئابووری هێشتا هەر سینەمای بەریتانیای دەخستە مەترسی‌یەوە. کۆمپانیای گەورەی فیلمسازی (پالاس)ی فیلم کە لە دەیەی ١٩٨٠ دا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنابوو لە دەیەی ١٩٩٠دا لەناوچوو.

فیلمی (پەیمانەکان) ساڵی ۱۹۹۱ لە دانانی ئالان پارکەر، (یاری فرمێسك) ساڵی ۱۹۹۲ لە بەرهەمی جۆردن، (کۆتایی هاوارد) ساڵی ۱۹۹۲، (پاشماوەی ڕۆژەکان) ساڵی ۱۹۹۳ لە دەرهێنانی ئوڤری Iovery ، (دۆستە بە تەمەنەکان) ساڵی ۱۹۹۲، (هەراو هوریایەکی زۆر بۆ هیچ) ساڵی ۱۹۹۳ لە دانانی کنت برانا (ئورلاندو) ساڵی ۱۹۹۳ لە دەرهێنانی سالی پاتەر، لە بەرهەمە ناسراوەکانی سینەمای بەریتانیا بوو لە دەی (۱۹۹۰).

## ئیتالیا:

ئیتالیا لەو وڵاتانەیە کە لە داهێنانی سینەمادا ڕۆڵیان هەبووە. لە ساڵی ١٨٩٥ (فیلوتیو ئالبرینی)، کامێرایەکی داهێنا کە دەیتووانی فیلم تۆمار بکات و پەخشی بکات. ئەم کامێرایە ناوی (کینە توگراف) بوو، ئالبرینی لە ساڵی ١٩١١ ستریۆسکوپیوی ئۆتۆماتیکی داهێنا. ستریۆسکوپیو ئامێرێك بوو کە دەیتووانی فیلم لەسەر پەردەی پان پیشان بدات و لە ڕووی کارەوە لە سینەماسکوپی ئەمڕۆ دەچوو. بە هۆی داهێنانی ستریۆسکۆپیووە ئالبرینی توانی کامێرای پانۆرامای خۆیشی دابهێنێ. ئالبرینی لە ساڵی ١٩٠١ خەریکی بەرهەم هێنانی فیلم بوو. لە ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ (دانتە سانتونی) کۆمپانیای فیلمسازی (ئالبرینی و سانتونی) یان دامەزراند. لە ساڵی ١٩٠٦ (دەزگای سینەمایی ساینس- Cines ) دامەزرا. بەڵام لەگەڵ ئەم چالاکیانەشدا ئیتالیا هەتا ساڵی ١٩٠٤ بە بەرهەم هێنانی فیلم خەریك نەبوون. هەتا ماوەیەك فیلمە فەرەنسی‌یەکان لەم وڵاتەدا پیشان دەدران.

لەو ساڵەدا ئارتورو ئامبروزیو، دوو فیلمی بەڵگەنامەیی کورتی سازکرد. لە ساڵی ١٩٠٥ یەکەمین ستۆدیۆی فیلمسازی ئیتالیای لە حەوشەکەی پشت ماڵەکەی دامەزراند. ئامبروزیو کە بە درێژایی کارەکانی (١٤٠٠) فیلمی داناوە، بە باوکی پیشەسازی سینەما دادەنرێت لە ئیتالیا.

لە ساڵی ١٩٠٥ ئالبرینی فیلمی (ڕزگارکردنی ڕۆم)ی بەرهەم هێنا کە یەکەمین فیلمی مێژوویی ئیتالیا بوو. فیلمی (دوا ڕۆژە پەمەیی‌یەکان) لە دەرهێنانی لوئیجی ماگی، لە بەرهەمی دەزگای سینەمایی ئامبرو زیو، یەکەمین فیلمی ئیتالی بوو کە توانی ناوبانگی جیهانی بەدەست بێنێ. ماگی لە سەرەتادا کارئەکتەرو دەرهێنەری شانۆیی بوو لە ساڵی ١٩٠٦ وەك کارئەکتەرو دوایی وەك فیلمساز ڕووی کردە سینەما. ماگی بە یەکەمین ئیتالی دادەنرێ کە سوودی لە دیمەنە واقیعی‌یەکان و حەماسی‌یە مێژوویی‌یەکان بە شێوەی فیلم وەرگرتبێ‌و دەرهێنابێ.

سەرکەوتنی (دواڕۆژە پەمەیی‌یەکان) بووە هۆی ئەوەی فیلمی مێژوویی زیاتر بە لاسایی کردنەوە لەو جۆرە بەرهەم بهێنرێت و چەندین ساڵ ئیتالیا بە بەرهەم هێنانی فیلمە پڕ خەرج و مێژوویی‌یەکانەوە خەریك بوون. ئەم فیلمە بەشکۆیانە بە دیکۆری پڕ خەرج و لەشکری بێ ژمارو بە سەرنج دان بە توانای کۆمەڵانی خەڵك دادەنران. لە (ستۆدیۆی ساینس) لە ڕۆما، ماریۆ کاسرینی فیلمەکانی (ئۆتیللۆ)، (گاریباڵدی) ساڵی ١٩٠٧، (ڕۆمیۆجولێت) ساڵی ١٩٠٨، (ژاندارك)، (ماکبیث) ساڵی ١٩٠٩، (هاملێت) و (ئال سید)، (لوکرس بورژیا) ساڵی ١٩١٠، (دانتەو بیاتریس)، (زیگفرید) ساڵی ١٩١٢ نوسخەیەکی تر لە فیلمی (دواڕۆژە پەمەیی‌یەکان) لە ساڵی ١٩١٣، بەرهەم هێنا. ئەنریکۆ گواتزونی لە ساڵی ١٩١٢ فیلمی (هەشت ئەڵقە کە بۆ کوێ دەچێ؟)ی دەرهێنا. لەم فیلمە گەورەو پڕ خەرجەدا کە یەکێ لە پڕفرۆشترین فیلمەکانی جیهان بوو، فەزایەکی گەورەی بۆ وێنەگرتنەکەی تەرخان کردبوو سوودی لە شێری ڕاستەقینە وەرگرتبوو بۆ دیمەنەکانی.

(جیۆڤانی پاسترونە) کە لە ساڵی (١٩٠٨)ەوە دەستی کردبوو بە دەرهێنان و بەرهەم هێنانی فیلم لە ساڵی ١٩١٤ شاکارەکەی کە (کابیریا- Cabiria) بوو دەری‌هێنا. کابیریا لوتکەی فیلمە مێژوویی‌یەکانی ئەو قۆناغە بوو. لە پێش ئەمە لە جیهاندا هەرگیز فیلمێکی لەو جۆرە دانەنرابوو. ئەم فیلمە ملیۆنەها دۆلاری تیا خەرج کراوەو نزیکەی دوو ساڵ خەریکی وێنەگرتن و مۆنتاژ بوون. دیمەنەکانی دەرەوەی کابیریا لە تونس، دوورگەی سیسیل و چیاکانی ئەلپ گیرابوون. سوود وەرگرتن لە شێوە تازەکانی وێنەگرتن لە دیمەنی ڕۆیشتنی لەشکرەکانی هانیپاڵ لە چیاکانی ئەلپ، ئەم فیلمە ببووە بە یەکێ لە بەرجەستەترین فیلمەکانی ڕۆژگاری خۆی. کابیریا لە ڕادەبەدەر پڕفرۆش بوو هەروەها لەسەر بەرهەمی دوو فیلمسازی گەورەی ئەمریکی (سیسیل. ب. دومیل و دیڤید وارك گریفیث) کاریگەری هەبوو.

سەرکەوتنی نێودەوڵەتی سینەمای ئیتالیا لە سەرەتای ١٩١٠دا، لەگەڵ ئاستی باڵای ناوبانگی کارئەکتەرەکانی سینەمادا بوو. خۆشەویسترین ئەستێرەکانی سینەما کارئەکتەرە ژنەکانی فیلمە ملیۆدرامی و مێژوویی‌یەکان بوون. لە ساڵی ١٩١٣ (لیدا

بورلی) وەك یەكەمین ئەستێرە لە مێژووی سینەمادا ناوبانگی دەركرد. لە دوای ئەو سینەما ی ئیتالیا چەند ئەستێرەیەكی بەناوبانگی خۆی خولقاند. (ئالمیرانتە مانزینی، فرانچسكابرتینی، هپریا، لیناكاڤالیری، ماریا جاكوبینی) لە ئەستێرە ژنە ناسراوەكان بوو، لە ئەستێرە بەناوبانگەكانی پیاوان دەتوانین ناوی (بارتولومیۆپاگانو) بەرین. پاگانو پێشتر بە ناوی ماسیست Maciste كە كەسایەتییەك بوو لە فیلمی كابیریا ڕۆڵی ئەوی دەبینی، دەناسرا. وردە وردە شەپۆلی ئەستێرە پەرستی گەیشتە ئەو ڕادەیەی كە فیلمەكان تەنیا بە هۆی ئەستێرە ناسراوەكان بەرهەم دەهێنران و ئامادەكاران و دەرهێنەران لە خزمەتی ئەواندا بوون.

لە پاڵ فیلمە بەشكۆ مێژووییەكاندا جۆرێكی تریش لە فیلمسازی برەوی پەیداكرد كە پەیوەست بوو بە شتە باوەكانی "قوتابخانەی وریستی جیوڤانی ورگا". بە سینەمای وریستی (واقیعی ئیتالی) ناسرابوو ورگا لە ساڵی ١٨٤٠ لە سیسیل هاتۆتە دنیاوە. ئەو بناغەدانەری قوتابخانەی واقیع گەری وریسم بوو. سینەمای وریستی، سینەمایەكی واقیع گەری بوو كە بە ژیانی خەڵكی ئاساییەوە خەریك دەبوو زیاتر لە ڕووی بەرهەمەكانی (ورگا)یا لەسەر بنەمای ئەدەبیاتی وریستیدادەنران. ئەم قوتابخانەیە لە دواییدا لە پێگەیشتن و فراوان كردنی سینەمای نیوریالیزمی لە ساڵی ١٩٤٥ كاریگەر بوو. گرنگترین فیلمی سینەمای وریستی (وون بوو لە تاریكیدا) بوو. لە ساڵی ١٩١٤ لە دەرهێنانی (نینۆ مارتولیۆ) لەم فیلمەدا مارتولیۆ هەوڵیدا لە كاتی خولقاندنی فەزای واقیعیانە ئاستی هونەری دەربڕێ.

چاودێرانی سینەما فیلمی (وون بوو لە تاریكیدا) لە ڕووی واقیع گەرێتییەوە لە بەرامبەر فیلمە نیۆریالیزمییەكانی دەیەی ١٩٤٠ دادەنێن.

هەل و مەرجی سەركەوتووانەی سینەمای ئیتالیا بە درێژایی جەنگی جیهانی یەكەم بەردەوام بوو. لە دوای جەنگ چەند كۆمپانیایەكی نوێی سینەمایی دروست كران. لە ساڵی ١٩١٩ لویجی پیراندللو، نمایشنامە نووسی گەورەی ئیتالی، لەگەڵ دوو هاوبەشی تر (كۆمپانیای سینەمایی Tespi)یان دامەزراند. لە ساڵی ١٩٢٢ لە دوای سەركەوتنی فاشییەكان و وەرگرتنی دەسەڵاتی مۆسۆلینی سینەمای ئیتالیا بە بەرهەم

هێنانی فیلمە بەشکۆ مێژوویی‌یەکان بەردەوام بوو بەڵام لە پەرستنی ئەستێرە سینەمایی‌یەکان بێزار ببوون و فیلمە ئەمریکیو ئەڵمانی‌یەکانیان دەخستە سەروو فیلمە ئیتالی‌یەکان. لە ساڵی ١٩٢٢ تەنیا ٦٪ی ئەو فیلمانەی کە پیشان دەدران بۆ سینەمای ئیتالیا تەرخان کرابوو. ئەم حاڵەتە شکستی زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی سینەمایی لێکەوتەوە. لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٢٠ بەرهەم هێنانی فیلم لە ساڵێکدا گەیشتە (١٠) فیلم و چۆنیەتی فیلمەکانیش بە توندی هاتەخوارێ. کۆمپانیا ئەمریکی‌یەکان لە ماوەیەکی کەم دا بۆ فیلمسازی ڕوویان کردە ئیتالیا. ئەم وەزعە باروو دۆخی ئابووری سینەمای ئیتالیای بۆ ماوەیەك باش کرد. فیلمەکانی (خوشکە سپی‌یەکان) ساڵی ١٩٢٣، (روموِلا) ساڵی ١٩٢٤ لە دەرهێنانی هونری کینگ لە ئیتالیا بەرهەم هێنراون. بەڵام هاوکات لەگەڵ وێنەگرتنی (قاوەی بەخت) لە ساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ ئەو ڕووداوە مەرگبارەی کە کاتی وێنەگرتن ڕووی داوە، کۆتایی بەم قۆناغە هێناوە.

حکومەتی فاشیستی مۆسۆلینی زۆر گرنگی بە سینەمای بێدەنگ نەئەدا. تەنیا یاسایەك کە پشتگیری لە سینەما دەکرد (یاسای نمایشی یەك فیلمی ئیتالی لە بەرامبەر ١٠ فیلمی بیانی) بوو. کۆمپانیایەکی سینەمایی دامەزراند کە کارەکەی بەرهەم هێنانی فیلمی (پەروەردەیی فێرکاری، زانستی ، پروپاگەندەییو بەڵگەنامەیی) بوو. گرنگی دانی فاشیستەکان بە سینەمای دەنگدار زیاتر بوو. لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەم فیلمی دەنگداری ئیتالی بەرهەم هێنرا. فیلمە سەرەتاکانی دەنگداری سینەمای ئیتالی زیاتر لە شانۆ دەچوو تا سینەما لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ کۆمەك کردن و فراوان کردنی پیشەسازی سینەما سەنتەری بەرهەم هێنانی فیلم بە ناوی (ساین سیتا- Cine Citta)یان دامەزراند. کە سەرپەرشتی ئەم کۆمپانیایە (ڤیتوریو) کوڕی گەورەی مۆسۆلینی گرتبوویە ئەستۆی. سەرەڕای ئەمانە ئەو فیلمانە کە جێی ڕەزامەندی ڕژێمی فاشی بوون توانایەکی دارایی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرا. لە نێوان ئەم فیلمانەدا پێویستە فیلمی (ئسکیپونەی ئەفریقی) ناوبەرین لە ساڵی ١٩٣٧ لە دەرهێنانی کارمینە گالونە. ئەم فیلمە بە بۆنەی جەنگی ئەسوپیا و بە بودجەیەکی زۆر بەرهەم هێنراوەو هەوڵ دراوە هەتا سیاسەتی فاشیستەکان لە ئەفریقادا لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕۆمی کۆن بە یەکەوە ببەستنەوە.

لە ماوەی دەسەڵاتی حکومەتی فاشیستی، بێجگە لە فیلمە پڕوپاگەندەییەکانی ڕژێم جۆری تریش لە سینەما گەشەی کردوو کە هەندێ لەوانە وەك (کۆمیدییەکانی کامرینی) کە بە تەواوی سیاسی نەبوون. ماریۆکامرینی لە ساڵی ١٩٣٢ تا ١٩٣٩ جۆرێك کۆمیدیای پڕ جووڵەی داهێنا کە هیچ نیشانەیەکی لە پڕوپاگەندەی فاشیستی تیا نەبوو. کۆمیدییەکانی کامرینی ڕێ بۆ سینەماکارانی وەك (چزاره زاوا تینی، رناتو کاستلانی) خۆش کرد. لە ڕاستیدا فاشیزم نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر سینەمای ئیتالیادا بەڵکو لەگ ەڵ هەبوونی سانسۆرو گوشاری حکومی، گەورەترین قوتابخانەی سینەمایی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم واتە (نیۆریالیزمی)، لە ناوجەرگەی فاشیزمەوە سەری هەڵدا.

پەیدابوونی ئەم قوتابخانە تازەیە لە ساڵی ١٩٤٣ بە بەیانێك ڕاگەیاندرا. نیوریالیزم هەوڵی دەدا هەتا سینەما لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان نزیك بکاتەوە. تایبەتمەندێتی بەرجەستەی ئەم قوتابخانەیە دەتوانی لەو بەرهەمانەی کە (دسیکا، ڤیسکونتی، روسلینی) لە کۆتایی جەنگدا بەرهەمیان هێنا، ببینرێ.

ڤیتوریۆ دسیکا، لە ساڵی ١٩٤٣ فیلمی (مناڵەکان سەیری ئێمە دەکەن) دەرهێنا کە چیرۆکی سەرگەردانییەکانی مناڵێك بوو کە دایك و باوکی ئەویان نەویستووە. فیلمنامەی ئەم بەرهەمە دسیکا بە هاوکاری چزاده زاواتینی نووسیبووی. (مناڵەکان سەیری ئێمە دەکەن) یەکەم بەرهەمی هاوکاری ئەم دوو هونەرمەندە بوو. ئەم فیلمە کە لەگەڵ پڕوپاگەندەکانی فاشیستەکان دەربارەی خێزان لە ناکۆکیدا بوو، لە کاتی خۆیدا بە بەرهەمێکی زۆر جەسوورانە دادەنرێت.

لوکینو ڤسیکونتی، لە ساڵی ١٩٤٢ فیلمی (دوودڵی)ی دەرهێنا، ئەم فیلمە لەسەر بنەمای ڕۆمانی (دوو جار زەنگ لێ دەدا) لە بەرهەمی نووسەری ئەمریکی (جیمز کین) دانرابوو. بە هۆی ئەوەوە (دوودڵی) لە بارەی هونەرییەوە زۆر بە نرخ بوو، هەرگیز بە شێوەیەکی تەواو نمایش نەکراوەو لە دوای تەواوبوونی فیلمەکە ڕاستەوخۆ وەستێنرا. ئەم فیلمە لە دوای ١٥ ساڵ لە کاتێکدا کە زۆر کورت کرابۆوە نمایش کرا.

روبەرتو روسلینی لە ساڵی ١٩٤٥ فیلمی (ڕۆما، شاری بێبەرگری)ی بەرهەم هێنا. ئەم فیلمە کە بەشێکی لە دیمەنە واقیعیەکان پێك هاتبوو چیرۆکی چاودێری دەستگیری و ئەشکەنجەی سەرکردەیەکی کۆمۆنیست و بزووتنەوەی بەرگریی هاوڕێیانیشی بە هۆی گشتاپۆ بوو. (ڕۆم، شاری بێبەرگری) بە کەمترین بودجەو ناخۆشترین بارودۆخ لە ئیتالیا لەژێر دەسەڵاتی نازیەکاندا بەرهەم هێنراوە. وێنەگرتنی بە نهێنی لە شەقامەکانی ڕۆماو تەلارەکانی ئەم شارەدا ئەنجام دراوە. روسلینی هەوڵی دا لەم فیلمەدا بە یەك خستنی چەند بەشێکی چیرۆکەکە، کەشێکی واقیعیانە دروست بکات.



**فیلمێکی ( دسیکا )**

لە ساڵی ١٩٤٥ بە دواوە سینەمای نیۆریالیزمی بە شێوەی سینەمای پێشکەوتوو لە دوای جەنگ دەرکەوت. ئەم سینەمایە کە لە دژایەتیدا لەگەڵ فاشیزم دروست ببوو، سینەمایەکی شێوە بەڵگەیی و ڕەخنەیی بوو مەسەلە بنچینەییو جیهانیەکانی باس دەکرد. فی لمەکانی ئەم قوتابخانەیە لە بارەی شێوازەوە دانراو مەوزوعەکان یەکسان نین لەبەرئەوەی هەریەکە لە فیلمسازان باوەڕیان بە شێوەیەکی تایبەتی نیۆریالیزمی

خۆیان هەیەو بەکاری دەهێنن. ڕوسلینی فیلمەکانی لەسەر بنەمای سیناریۆ وردەکان دانەدەنا بەڵکو گفتوگۆی فیلمەکانی لە دوای بینینی شوێنی وێنەگرتنەکە دەنووسی و باوەڕی بەوە بوو دەبێ لەسەر بنەمای ئیلهامی ساتەوەخت فیلم دابنرێت. دسیکا بە پێچەوانەی روسلینی زۆر گرنگی بە دەقی فیلم دەداو باشترین بەرهەمیشی بە هاوکاری لەگەڵ چزارە زاواتینی فیلمنامەنووس سازدەکرد. زاواتینی کە هەوڵی ئەدا دیقەت دان لە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی فێر بێت و بە شێوەی یەکێ لە پێشکەوتووترین تیۆریستی نیۆریالیزم دەرکەوت. لە بەرهەمەکانی دسیکاو زاواتینی دڵسۆزیی دەرهێنەر بەرامبەر بە چارەنووسی پاڵەوانەکانی چیرۆکی فیلمەکە دیارە.

لە فیلمی (بۆیاخچی) ساڵی ١٩٤٦، (دزی پاسکیل) ساڵی ١٩٤٨، بینەر لە کەشێکی بە تەواوی واقیعی و تا حەدێك بەڵگەنامەیی‌دا خۆی دەبینێتەوەو پەیوەست دەبێت لەگەڵ چارەنووسی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە. (دزی پاسکیل) بە شاکارێکی نیۆریالیزمی دادەنرێت. ئەم فیلمە چیرۆکی کرێکارێکی بێکارە کە بە هەوڵدانێکی زۆر کارێکی بە ناوی (هەڵواسینی ئیعلانات)ی دەست دەکەوێت و ناچار دەبێت بۆ ئەم کارەی پاسکیلێك پەیدا بکات. بەڵام نیو سەعات لە دوای دەست پێکردنی کارەکەی پاسکیلەکەی دەدزن و پاشماوەی فیلمەکە چیرۆکی پیاوێك و کوڕێکی بچووکە کە بە دوای دزەکانی پاسکیلەکە دەگەڕێن. لە ئەنجامدا باوك و کوڕەکە دزەکە دەدۆزنەوە بەڵام چونکە بەڵگەیەکیان لەسەر ئەو نییە ناچار دەبن ئازادی بکەن. دزی پاسکیل فیلمێکی غەمناك بوو کە جیهانی بێویژدانی پیشان ئەدات. ئەوەی لەم فیلمەدا لە پێش هەموو شتێکەوە سەرنج ڕادەکێشێ، بێ سەرنجی ئەوانی ترە بەرامبەر بە چارەنووسی پاڵەوانی چیرۆکەکە.

لە زەمینەی نیوریالیزم دا، هەندێ فیلمسازی تریش چالاکییان هەبووە ئەگەرچی خاوەنی شێواز نەبوون بەڵام هەریەکەیان توانیوویانە بە شێوەیەك خزمەتی ئەم قوتابخانەیە بکەن. ئالدو ڤۆرگانو کە لە شێوازدا پەیڕەوی روسلینی دەکرد بەڵام لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان هەڵس و کەوتێکی قووڵتری هەبوو لەو لە ساڵی ١٩٤٧ فیلمی (هەمدیسان تیشکی خۆر دەدرەوشێتەوە)ی ئامادەکرد. ئەم فیلمە دەربارەی ڕاپەڕین و بەرگریی بوو. ڤۆرگانو لەم فیلمەدا ناکۆکییەکانی چینایەتی بە قووڵی باس کردووە.

چیرۆکی فیلمەکە لە گوندێکی ئیتالیا ڕووی داوە کە لەوێدا موڵکدارە گـەورەکانی زەویو زار لەگـەڵ داگیرکـەرانی ئـەڵمانی لــە پــەیوەندیدا بــوون لــە کــاتێکدا کــە جووتیــاران پەیوەندی بە بەرگریی کردن و ڕاپەڕینەکە دەکەن.

جیوزیا دسانتیس، لە ساڵی ١٩٤٧ فیلمی (ڕواچی غەم هێنەر) و لە ساڵی ١٩٤٩ (برنجی تاڵ)ی دەرهێنا. لویجی زامپا، جۆرێك ڕیـالیزمی شـادی هێنـەرو توانـج ئـامێزی هێنایـە کایەوە. باشترین فیلمی زامپـا (ساڵە ناخۆشـەکان) بـوو. چیرۆکی ئـەم فیلمـە دەربـارەی کارمەندێکە کە بۆ مانــەوەی کارەکـەی پـەیوەندی بـە فاشیسـتەکانەوە دەکـات، بـەڵام لـە دوای ئازادی ئیتالیا کارەکەی لە دەست دەدا.

بەرجەستەترین بەرهەمی دوای جەنگ لە ئیتالیا (زەوی دەلەرزێ)یە لە سـاڵی ١٩٤٨، لە بەرهەمی لوکینـو ڤیسـکونتی. ڤیسکونتی ئـەم فیلمـەی لەسـەر بنـەمای ڕۆمـانی (دڵ شکاوەکان)ی نووسەر جیوڤانی ورگا داناوە تیایدا نیوریالیزمی تازەی بـەدی هێنـاوە. لـە هەندێ لە دیمەنەکانی ئەم فیلمەدا جووڵەی بەلەمەکانی یا شێوەی دانانی مرۆڤەکان لە چوارچێـوەی پەنجـەرەکاندا ئـەوەندە جــوان و وردە کــەوا دێتــە بــەرچاو لــە پێــش دا نەخشەکێشرابێ. لە فیلمی (زەوی دەلەرزێ) ڤیسـکونی واقیعیـەتی بـە دیدێکی ناسك و شاعیرانە دەردەبڕێ.

فیلمە نیۆریالیزمی‌یەکان توانیویانــە سـەرنجی خـەڵکی جیـهان بـۆ سـینەمای ئیتالیـا ڕابکێشـن، بـەڵام هەمیشـە لـە بـارەی بودجـەو ســوودوەرگرتن لــە هۆکـاری تـەکنیکی و بودجەی فیلم دووچاری کێشـە بوونەتـەوە. لـە لایـەکی تـرەوە خـەڵکی ئیتالیـا لـە دوای چەندین ساڵ سەختی و ناخۆشی داواکاری فیلمی شـادتر بـوون. بـەم هۆیـەوە لـە سـاڵی ١٩٥٠ قۆناغی گەشەسەندنی نیۆریالیزم کۆتـایی هـات و دسیکا بـۆ دانـانی (ئومبـێرتۆ. د Umberto. D) ڕووبـەڕووی کێشـەی زۆر بـۆوە. لـەو ڕۆژگـارەدا سـینەمای بازرگـانی بــە دانـانی کۆمیدی‌یـە سـووکەکان و میلۆدرامی‌یـەکان هاتـە کایـەوەو بـە هـۆی بـاروودۆخی خراپـی ئـابووری جـارێکی تــر کۆمپانیاکـانی فیلمسـازی بــە بەرهــەم هێنــانی فیلمــە مێژوویی‌یە پڕ خەرجەکانەوە خەریك بوون.

له دەیەی ١٩٥٠ نەوەیەکی نویّی سینەماکارانی نیۆریالیزم خەریکی کارکردن بوون. فیلمسازە گەورەکانی وەك (ئانتۆنیونی، فیلینی) بەم گروپە پەیوەست بوون. مایکل ئەنجیلۆ ئانتۆنیونی، لە ساڵی ١٩٥٠ فیلمی (داستانی ڕووداوێکی عاشقانە)ی دەرهێنا. ئەم فیلمە نیشاندەری زۆر لە تایبەتمەندێتیە سەرەکیەکانی شێوازی تاك گەریی ئەو بوو. فیلمی (دۆستەکانی کچێك) لە ساڵی ١٩٥٥، فیلمی (هاوار) لە ساڵی ١٩٥٧، (شەو) لە ساڵی ١٩٦١ و (بیابانی سوور) لە ساڵی ١٩٦٤ لە بەرهەمەکانی ئەو قۆناغەی ئانتۆنیونی بوون.



**فیلمی ( شەقام ) دەرهێنانی : فدریکۆ فلینی**

فدریکو فلینی کە بەرهەمەکانی زیاتر لەسەر بنەمای یادەوەریەکان دادەنران لە ساڵی ١٩٥٢ بە فیلمی (تارمایی سپی) شێوازی تایبەتی خۆی ڕاگەیاند. فیلمی (شەقام) لە ساڵی ١٩٥٤، (شەوەکانی کابیریا) لە ساڵی ١٩٥٦، (جولیتای ڕۆحەکان) ساڵی ١٩٦٥، (ڕۆما) لە ساڵی ١٩٧٢ و (ئامارکورد) لە ساڵی ١٩٧٤ لە فیلمەکانی تری ئەو بوون. لە فیلمەکانی ئانتونیونی و فلینیدا کێشەکانی کۆمەڵایەتی و ئەو تەنگ و چەڵەمانەی لەوانە دروست

دەبن، تەنیایی و نەبوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەیەکی مادیدا، باس دەکرا. ئەم مەوزوعانە بە شێوەی مەسەلە سەرەکییەکانی دەیەی ١٩٦٠ لە ئیتالیا دەرهاتووە.

(دسیکا) لە ساڵی ١٩٥١ لە فیلمی لە یادنەچووی (موعجیزە لە میلانۆ)ی لە ساڵی ١٩٦٠ دوو ژنی بردە سەرپەردەی سینەما لە ساڵی ١٩٧١ فیلمی (دژی فاشیستی باغ فینز کۆنتینی- Garden of Finz- Continis) و لە ساڵی ١٩٧٣ (پشووە کورتەکان)ی دەرهێنا. ڤیسکونتی فیلمەکانی (شەوە سپییەکان) لە ساڵی ١٩٧٥، (ڕۆکۆو هاوڕێیانی) لە ساڵی ١٩٦٠، (پڵنگ) ساڵی ١٩٦٣، (نەفرەت لێکراو) لە ساڵی ١٩٦٩، (مەرگ لە ڤینیسیا) لە ساڵی ١٩٧١ بەرهەم هێناو لە ساڵی ١٩٧٦ دوا فیلمی بە ناوی (بێگوناه) دەرهێنا. فرانچسکۆ روزی، لە ساڵی ١٩٦٣ بە فیلمی (دەستەکانی ڕووی شار)، شێری ئاڵتوونی فیستیڤاڵی میلانۆی وەرگرت. (ڕووداوی ماتی) لە ساڵی ١٩٧٢، (سێ برا) لە ساڵی ١٩٨١، (کاری من) لە ساڵی ١٩٨٤، (پالرمو لە یاد بەرەوە) لە ساڵی ١٩٩٠ لە بەرهەمەکانی دوایی (روزی) بوون.

لە هەمان قۆناغدا فیلمسازە بەرجەستەکانی وەك، ڤالریۆ زورلینی و ئیلۆپتری) خەریکی کارکردن بوون. لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ هەندێ لە فیلمسازە ئیتالییەکان سەرکەوتنی بازرگانی جیهانیان بەدەست هێنا، بەڵام ئەم حاڵەتە نەیتووانی پیشەسازی سینەمای ئیتالیا لە قەیرانی ئابووری دووربخاتەوە. لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٦٠ (ئیتانوس- Titanus و گالاتە Galatea)، دوو کۆمپانیای گەورەی سینەمایی شکستیان هێناو ئامادەکاری گەورە (دینو دولرونتیس و کارلوپونتی)، لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠، ئیتالیا یان بەجێهێشت. لەو قۆناغەدا، ئاکادەکاران لە بیری دانانی فیلمی ئاسان و پڕ سوود بوون و فیلمسازە هونەرمەندە داهێنەرەکان بە زەحمەت دەیان تووانی بۆ بەرهەم هێنانی فیلمەکانیان سەرچاوەی دارایی پێویست دابین بکەن. لەم باروودۆخەدا سینەمای بازرگانی گاوانی بە شێوازی گاوانی ئەمریکی دانرا. ئەم فیلمانە بە (وسترن ئسپاگتی) ناسراوون و بەرهەمی زۆر کەم بەها بوون.

لە ساڵی ١٩٦٩ فلینی ساتیرکون و ئانتونیونی (خاڵی زابرینسکی) لە ساڵی ١٩٧٠ و (گەشتیار)یان لە ساڵی ١٩٧٥ بەرهەم هێنا. لینا ڤێتمولەر بە بەرهەمی (فریودانی میمی) لە ساڵی ١٩٧٢، خەڵاتی باشترین دەرهێنانی لە (فیستیڤاڵی کان)دا وەرگرت و لە ساڵی ١٩٧٦ فیلمی (حەوت دولبەر)ی ئامادە کرد. ڤێتمولەر یەکەمین ژنێك بوو وەك باشتر ین دەرهێنەر هەڵبژێردراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار.

لەگەڵ بوونی کێشەی ئابووری، سینەمای ئیتالیا لە دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ پێگەی خۆی لە جیهاندا پاراست لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ بەرهەم هێنانی فیلم لە ئیتالیا لە ساڵێکدا گەیشتە ٦٠ فیلم و فیلمە ئەمریکییەکان بازاڕی سینەمای ئیتالیایان گرتبووە دەست. فلینی، فیلمەکانی (شاری ژنان)ی لە ساڵی ١٩٨١ و (جەنجاڕو تاکەکەس) لە ساڵی ١٩٨٦ دەرهێنا. لە ساڵی ١٩٨٧ فیلمی (دوا ئیمپراتۆر)، لە دانانی برتۆلۆچی، ٩ خەڵاتی ئۆسکاری بردەوە. مایورتیسیو نیچەتی، فیلمی (ئارەزووی فڕین)ی دانا. گابریل سالواتورە، فیلمی (خۆرهەڵاتییەکان)ی دەرهێنا. لە فیلمە ناسراوەکانی تری سینەمای ئیتالی (پارادیزو) لەدانانی جیوزپێ تورناتورەیە کە وە ك باشترین فیلمی بیانی، خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە.

## بەرازیل

بەرازیل لە ڕووی فراوانییەوە پێنجەمین وڵاتی جیهانەو لە ڕووی دانیشتوانیشەوە هەشتەمین وڵاتی جیهانە. بەڵام بەرهەم هێنانی فیلم لە بەرازیل هەرگیز لەگەڵ ئاستی بینەران و ژمارەی هۆڵەکانی سینەمادا گونجاو نەبووە.

یەکەمین فیلم لە ساڵی ١٨٩٧ لە (ریودو ژانیرۆ) نمایش کرا. لە ساڵی ١٩٠٠ وێنەگرە سینەماییەکانی ناوخۆ چەند فیلمێکی کورتیان بەرهەم هێنا. لە ساڵی ١٩٠٦ کەسێکی پورتوگالی بەناوی (ئانتونیولی ئال) یەکەم فیلمی سینەمایی لە بەرازیل دانا. لە دوای ئەو ئیتالییەك بە ناوی (پایو لوبنە دتی)، لەم وڵاتەدا خەریکی سینەما بوو. زۆر خێرا نمایشی فیلم لە شارە گەورەکانی بەرازیل برەوی پەیداکرد. لەو قۆناغەدا بە هۆی سینەمای بێدەنگ، بۆ ڕوونکردنەوەی چیرۆکی فیلمەکە یا باس کردنی گفتوگۆی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە سوودیان لە دەقی نووسراو وەردەگرت کە لە لایەکی دیمەنەکان پیشان دەدرا. بەڵام پێشتر خەڵکی بەرازیل خوێندنەوەو نووسینیان نەدەزانی بەو هۆیەوە هەر لە سەرەتاوە، سینەماکارانی بەرازیلی هەوڵیان دا هەتا دەنگ زیاد بکەن بۆ فیلم. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٠، بەرازیلییەکان بۆ دروست کردنی دەنگ لەسەر فیلمەکانی مۆزیکال شێوەیەکیان داهێنا بەم جۆرە هەندێ لە کارئەکتەرەکان لە پشت پەردەی سینەماکانەوە جێگیر دەبوون و هاوکات لەگەڵ پاڵەوانەکانی فیلمەکەدا قسەیان دەکرد و گۆرانییان دەوت. لە دوای ئەوە شێوەیەکی تریشیان تاقیکردەوە. سەرکەوتووترین شێواز لە ساڵی ١٩٢٠ داهێنرا. ئەم شێوازە، بە پەخش کردنی هاوکات بوو بە مۆسیقا لەگەڵ فیلمەکەدا. لە دەیەی ١٩٢٠ بەرهەم هێنانی فیلم لە ساڵێکدا بۆ ١٥ فیلم زیادی کرد.

باشترین فیلمسازی بەرازیل (ئومبرتو مایورو) بوو کە لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە دەستی کردووە بە فیلمسازی هەتا ناوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠ بەردەوام بووە. مایورو زیاتر هەموو کارەکانی فیلمەکانی خۆی ئەنجامی ئەدا. سیناریۆی دەنووسی، دیکۆری دادەنا، ڕووناکیو

شوێنی دیمەنەکانی ئامادە دەکرد، وێنەگرتنیشی ئەنجام دەداو هەتا هەندێ جار لە فیلمەکانیشیا ڕۆڵی دەبینی. مایورو لە بەرهەمەکانیدا بە سوودوەرگرتن لە شێوازەکان (نمادەکان) و لەسەر بنەمای چیرۆکە بەهێزەکان، ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرازیلی باس دەکرد. مایورو بێجگە لە فیلمە سینەماییەکانی نزیکەی (٢٠٠) فیلمی کورتی بەڵگەنامەیشی دانابوو.

بەڵام جیهانی سینەمای بەرازیل تەنیا بە فیلمی (ماریۆ پکسیوتۆ) بە ناوی (لە سنووری خۆی) لە ساڵی ١٩٢٩ ناسرا. ئەم فیلمە باسی لێکدانەوەی ناخی ٣ کەسە کە لە دەریا ڕزگاریان بووە. پکسیۆتو لە بەرهەم هێنانی ئەم فیلمەدا کاریگەریی (ئایزنشتاینو پودوفکین)ی لەسەر بووە. لە دەیەی ١٩٣٠ بەرهەم هێنانی فیلم لە بەرازیل بە خێرایی هاتە خوارەوە. کۆمپانیا سینەماییەکان بۆ چاککردنی حاڵەتەکە ڕوویان کردە دانانی فیلمی دەنگدار. بەڵام سینەمای دەنگدار بودجەی زۆری دەویست و ئەم حاڵەتە بۆ ئامادەکارانی فیلم تەنگ و چەڵەمەی تازەی بۆ دروست کردن و سینەمای بەرازیلی بە جیدی ڕووبەڕووی قەیران کردەوە. لەم قۆناغەدا، بە هۆی کەم بوونەوەی فیلمی جەماوەریو باو، لە سەرەتاوە فیلمە ئەمریکییەکان و دوایی فیلمە فەرەنسییەکان ڕەواجیان پەیداکرد.

لە ساڵی ١٩٤٣ دووبارە بەرهەم هێنانی فیلم لە ساڵێکدا لە ١٠ بۆ ١٥ فیلم زیادی کرد بەڵام ئەم فیلمانە زیاتر لاوازو جێی پەسەندی گشتی خەڵك بوو زیاتر دەربارەی ڕۆژە خۆشەکانی بۆنەکان دادەنران.

لە ساڵی ١٩٤٩ ئالبرتو کاڤالکانتی، فیلمسازی گەورەی بەرازیلی، کرا بە سەرۆکی کۆمپانیای فیلمسازی (ڤێراکروز (Vera Cruz). ئامانجی هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەم کارە، بۆ بەرزکردنەوەی چۆنیەتی بەرهەمەکانی ڤێرا کروز بوو.

کاڤالکانتی کە هەمیشە لە دەرەوەی بەرازیل کاری کردبوو، هەوڵی دا هەتا بەهای فیلمە کان لە بارەی چۆنیەتی و چەندێتییەوە بەرێتە سەرێ. ئەو بۆ چاك بوونەوەی باروو دۆخی هونەریی سینەما گرنگی بە هەڵبژاردنی چیرۆکە بەنرخە باوو جەماوەرییەکان دەدا. دوای ٣ ساڵ کاڤالکانتی ناچار بوو بە هۆی هۆکاری سیاسی دەست

له کارەکەی بکێشێتەوە. له کۆتایی دەیەی ١٩٥٠ کێشەو ناکۆکیەکانی ناوخۆی بەرازیل. له فیلمی (ئورفەی ڕەش) دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٥٨ و له بەرهەمی هاوبەشی فەرەنساو ئیتالیایە.

گرنگترین جووڵانەوەی سینەمای بەرازیل (بزووتنەوەی سینەمای نوێ- Cinema Novo) کە لە دەیەی ١٩٦٠ دروست بوو. ئەم بزووتنەوەیە کە گرنگی بە کەلتووری باوو مەسەلە سیاسیەکان دەدا، سینەمای بەرازیلی بەرەو گۆڕان بردوو توانیان ئەوە لەژێر دەسەڵاتی کەلەپووری ئەمریکای باکوور دەربهێنن. سینەمای نوێ کە زیاتر سەرنجی بە باس کردنی مەسەلە باوو ناوخۆییەکان دەدا، لەسەر زۆربەی سینەمای وڵاتانی ئەمریکای لاتین کاریگەریی داناو ئەوانی هان دا بە بەرهەم هێنانی فیلمە باوو ناوخۆییەکان. (روبرتۆ سانتۆس، روی گویررا، گلوبر روشا)، لە دەرهێنەرە ناسراوەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون. (گلوبر روشا) ناسراوترین دەرهێنەری سینەمای نوێیە ئەو باوەڕی وابوو کە لە مەراسیمی کۆن و عورف و عاداتی باوی بەرازیل لایەنی شانۆیی و نمایشی زۆری تیایە. چەند فیلمێکی ئەو لە ناوچە دواکەوتووەکانی باکووری خۆرهەڵاتی بەرازیل، لەناو ئەو گوندنشینە برسییانەی کە پەیوەست بوون بە ئەفسانەکان و ڕابەرە مەزهەبییەکانیان دانراون. (خودای ڕەش و شەیتانی سپی) لە ساڵی ١٩٦٤ ، لە فیلمە ناسراوەکانی ئەو قۆناغەیە.

بە هۆی کودەتای سەربازیی لە ساڵی ١٩٦٤ لە بەرازیل و تەنگ بوونەوەیەکی خێرا بە دوایدا، سینەمای نوێ ڕووی سیاسی لە دەست دا. گلوبر ڕوشا لە ساڵی ١٩٤٦ بەرازیلی بەجێهێشت و بە ڕۆشتنی ئەو سینەمای ئازاد زەرەرێکی گەورەی پێکەوت.

گوشارە سیاسیەکان زەرەرێکی گەورەی لە سینەمای بەرازیل دا. لەم حاڵەتەدا فیلمسازە لاوەکان توانیان کاری باش و جێی ڕەزامەندی پێشکەش کرد. برونو بارتو، لە ساڵی ١٩٧٨ فیلمی کۆمیدی (دونیا فلورو دوو هاوسەرەکەی) ئامادە کرد. فیلمسازی تری بەرازیل (هکتۆ ر بابنکو)یە کە ئێستا لە دەرەوەی بەرازیل فیلم ساز دەکات. ئەو لە ساڵی ١٩٨٥ ، فیلمی (ماچی ژنی عەنکەبوتی)ی بەرهەم هێنا کە بەرهەمی هاوبەشی بەرازیل و ئەمریکا بوو پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی ئۆسکار.

## چیکۆسلۆڤاکیا:

وڵاتی بچووکی چیکۆسلۆڤاکیا کە لە ساڵی ١٩٩١ بۆ دوو کۆماری (چیك- Czech) و (سلۆڤاك- Slovakia) دابەش کراوە، لە مێژووی گۆڕانکاری سینەمادا ڕۆڵی گرنگیان هەبووە. لە سەرەتای ساڵی ١٨١٨ (یوهانس ئوا نجلیستا پورکینچ) پزیشکی هەستەوەرەکان، لە دوای لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی میکانیزمی هەستەکانی مرۆڤ، نووسنێکی دەربارەی هەستی چاو نووسی. ئەو لە دەیەکانی ١٨٤٠ و ١٨٥٠ چەندین ئامێری جیاجیای بۆ بە نمایش کردنی وێنە جوڵاوەکان دروست کردو هەتا هەوڵی دا ئەم ئامێرە بۆ گەیشتن بە جۆرێك دەربڕینی هونەری سوودی لێ وەربگرێ. پورکینچ لە ساڵی ١٨٦١ بۆ پیشان دانی شێوەی کارکردنی دڵی مرۆڤ سوودی لە ئەنیمەیشن واتە فیلمی کارتۆن وەرگرت.

یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٨، یان کریزنکی، ئارشیتکت، هەروەها بەرهەم هێنی فیلمی کارتۆن، لە پراگ ٣ فیلمی کورتیان دانا. کریزنکی بۆ ئامادەکردنی فیلمەکانی سوودی لە کامێرای وێنەگرتنی (لۆمێر)ەکان وەرگرت کە لە پاریس کڕی بووی. لە ساڵی ١٩٠٧ یەکەمین هۆڵی نمایشی فیلم لە پراگ دروست کراو بە دامەزراندنی کۆمپانیای فیلمسازی (کینوفا- Kinofa) لە ساڵی ١٩١٠، فیلمسازی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لەم وڵاتەدا دەستی پێکرد. دامەزرێنەری کینوفا، (ئانتونین پچ)ی دەرهێنەری شانۆیی بوو. پچ، ژمارەیەك فیلمی کۆمیدی و بەرهەمی نمایشی کورتی داناو لە ساڵی ١٩١٢ (فاوست) بەرهەمی گۆنود- Gounodی بە شێوەی فیلم دەرهێنا. بەڵام ئەو زیاتر گرنگی بە فیلمە بەڵگەنامەییەکان ئەدا. لە دوای ئەو، ماکس ئوریان کۆمپانیای فیلمسازی (فوتۆکینما Fotokinema)ی دروست کرد. ئەم کۆمپانیایە زۆر سەرقاڵ بوو فیلمی زۆری بەرهەم هێنا.

لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم دا سینەما لەلای ڕۆشنبیران جێی سەرنج بوو، لە دوای سەربەخۆبوونی چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩١٨ سینەما بە شێوەی بەشێك لە

کەلـەپووری میللـی دانـراو هـەوڵ درا هـەتا سـینەمای بـاو و نـاوخۆ لـە بـارەی بـەهای هونەرییەوە لەگەڵ ئەو فیلمانەی کە دەهێنرێتە وڵاتەوە بەرامبەر بێت. لە ساڵی ١٩٢٢ لـە سـاڵێکدا ٣٤ فیلـم بەرهـەم دەهێـنرا، بـەڵام ئـەم فیلمانـە لــە ڕووی چۆنیـەتی بـەرز نەبوون، لە ئەنجامدا بەرهەم هێنانی فیلم هاتە خوارێو لـە ساڵی ١٩٢٤ تـەنیا (٨) فیلـم بەرهـەم هێـنراوە. لـە سـاڵی ١٩٢٥ حاڵەکـە بـەرەو بـاش بوونـەوە دەچـوو لـە سـاڵی ١٩٢٦ بەرهەمی بە نرخی وەك (سـەربازی باشـی سـۆنات- The Good Soldier Sonata) لـە دانانی کارل لاماك و (سۆناتەی کروتز- The Kreutez Sonata) لە دەرهێنانی گۆسـتاڤ ماچاتی، هاتە سەر پەردەی سینەما.

لە دوای دروست بوونی سینەمای دەنگدار، دەوڵەت کۆمەکی فیلمە باشەکانی دەکرد. بەشێك لە بودجەی دارایی ئەم کارە کـە تـا ئەوکاتـە لـە جیـهاندا پێشـینەی نـەبوو لـەو شـوێنە داراییانـەوە کـە لـە فیلمـە بیانیـیـەکان وەردەگیرا، دابـین دەکـرا. بـە پشـتگیری دەوڵەت لـە بەرهـەم هێنـانی فیلـم لـە سـاڵێکدا لـە ٧ فیلـم لـە سـاڵی ١٩٣٠ بـۆ سـاڵی ١٩٣٧ گەیشتە ٤٣ فیلم.

لە ساڵی ١٩٣٢ بەدواوە، پێشکەوتووترین ستۆدیۆوەکانی فیلمسازی ئـەوروپای نـاوەند لەم وڵاتەدا دروست کران و توانیـان سـەرنجی ئامادەکـارانی بیـانی ڕابکێشـن. لـە دەیـەی ١٩٣٠ سینەمای چیکۆسلۆڤاکی بەرهـەمی باشـی پیشـان دا. فیلمـی (ئاوازەکـانی زەوی) لـە ساڵی ١٩٣٣ لە دانـانی کـارل پلیکـا، لـە فیسـتیڤاڵی ڤینیسـیادا بـە باشـی پێشـوازی لێ کـرا. (ماچاتی، جوزیف رونسکی، ئوتاکارڤاروا) لـەو سـاڵانەدا چـەند فیلمێکـی سـەرکەوتوویان بەرهەم هێنا.

ڤاروا لـە سـاڵی ١٩٣٨ (هاوسـەرە شـادەکان)ی بەرهـەم هێنـاو خـەڵاتی فیسـتیڤاڵی ڤینیسیای پێدرا بەڵام لە هەمان ساڵدا، نازییەکان چیکۆسلۆڤاکیایان داگیرکردو فیلمەکە ڕاگیرا. قۆناغی درەخشاوەی سینەمای چیکۆسلۆڤاکیا لە دوای ئەوەی کە ئەڵمانیای نـازی ئەم وڵاتەی داگیرکرد، کۆتـایی پێهـات و توانـای پێشـکەوتووی سـینەمای چیکۆسـلۆڤاکیا کەوتە بەردەست نازییەکان. لە ماوەی داگیرکردنیدا، بەرهەم هێنانی فیلـم لـە سـاڵێکدا گەیشتە ١٢ فیلم. سـتۆدیۆکانی فیلمسـازی (بـاراندوف- Barandov) بـۆ بەرهـەم هێنـانی

فیلمی ئەڵمانی تەرخان کراو تەنیا ژمارەیەکی کەم لە فیلمە ناوخۆییەکان مۆڵەتی بەرهەم هێنانیان پێ دەدرا. لە ساڵی ١٩٤٣ ئەرشیفێکی فیلمی میللی دروست کرا. لە ساڵی ١٩٤٥ ، لە دوای چەند مانگێك لە سەربەخۆیی چیکۆسلۆڤاکیا پیشەسازی سینەمای ئەم وڵاتە بە میللی ڕاگەیەندراو سینەما جارێکی تر گرنگی زۆری پێ درا. لە پراگ (قوتابخانەی سینەمایی فامو FAMU) دامەزرێندراو خەریکی پەروەردەکردنی فیلمسازە لاوەکان بوو. لەو ڕۆژانەدا فیلمسازەکانی پێشوو وەك (ڤاروا، جیری وایس) خەریکی کارکردن بوون بەڵام بەشی زۆری بەرهەمە سینەماییەکان لە دوای جەنگ بۆ فیلمی بەڵگەنامەیی و کارتۆن و فیلمەکانی ئەنیمەیشن تەرخان کرا.

لە ساڵی ١٩٤٧ فیلمی (مانگرتن) لە بەرهەمی کارل ستکلی، خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی ڤینیسیای پێ درا. فیلمێکی تریش کە لەو ساڵانەدا سەرنجی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو فیلمی (ساڵی چیك The Czeck year ) بوو لە بەرهەمی یەرژی ترانکا. ئەم فیلمە ئاوێتەکرا بوو لە کارتۆن و نمایشی بووکە شووشە (دوما). لە هەمان ساڵدا سینەمای سلۆڤاك کە ستۆدیۆکانی زیاتر بۆ سینەمای بەڵگەنامەیی و فیلمی ئەنیمەیشن تەرخان کرد بە شێوەی بەشێکی تایبەتی لە سینەمای چیکۆسلۆڤاکیا دەرهات. لەو ڕۆژانەدا سینەماکارانی چیکۆسلۆڤاکیش زیاتر خەریکی مەسەلەکانی وەك (حەماسی مێژوویی، ئەدەبیاتی میللی، داستانە خۆماڵییەکان و بیرەوەری قارەمانەکانی خەڵك لە جەنگی جیهانی دووەم) بوون.

لە دەیەی ١٩٦٠ گروپێك لە سینەماکارانی لاوو بە توانا، لە سینەمای چیکۆسلۆڤاکیا شەپۆلێکی نوێیان دروست کرد. لایەنگرانی ئەم شەپۆلە لە بارەی شێوازەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاواز بوون بەڵام لە هەڵبژاردنی مەسەلەکانی شەخسی و حەزکردن بە سینەمای ئەزموونی و داهێنەر، لە یەك دەچوون. ئەم سینەماکارانە دوو دەستە بوون.

ئەوانەی کە بە وردی و گەشبینییەوە لە ئەندێشەکانی مرۆڤایەتی ئارەزوومەند بوون و دەستەیەکی تریان کە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە شیدەکردەوە. (یان نەمك، ورا چیتیلوڤا) پەیوەست بوون بە گروپی یەکەم

له شەپۆلی سینەمای نوێی ئەم وڵاتە. (میلوش فورمن، ئیڤان پاسر، یری من زل) له فیلمسازانی بەرجەستەی گرووپی دووەم بوون.

(نەمك) دەرچووی (فامو) بوو له ساڵی ١٩٦٠ به فیلمی (کۆتایی نامەکەی)، (کولێرە) خەڵاتی فیستیڤاڵی هۆڵەندای پێدرا. ئەم هونەرمەندە گرنگی بە ناخی مرۆڤ و دەروون ناسی ئەندێشەی مرۆڤ دەدا. نەمك له ساڵی ١٩٦٣ فیلمی (یادەوەری ڕۆژەکانی ئێمە)ی داناو له ساڵی ١٩٦٣ فیلمی (ئەڵماسەکانی شەو)ی دەرهێنا. ئەم فیلمە باسی یادەوەرییەکان و، حاڵەتە ناخۆشەکانی دوو کەس دەکات کە خراونەتە شەمەندەنەفەرێکی نازییەکانەوە. فیلمی دوای ئەوە (هەواڵی میواندارییەك و میوانەکانیان) له ساڵی ١٩٦٥ کە فەزایەکی کافکایی هەبوو.

وارچیتیلوڤا هەروەك نەمك بە فیلمی (کۆتایی نامەکەی) لە ساڵی ١٩٦٢ لە ڕیزی فیلمسازانی بەرجەستەی شەپۆلی نوێدا بوو. سینەمای ئەو تێکەڵاو بوو لە سینەمای – حەقیقی و فۆرمالیزم و شەپۆلی نوێی فەرەنسا. چیتیلوڤا بە فیلمی (لەگەڵ نامەبەرەکان لە خۆرئاواوە) لە ساڵی ١٩٦٤ ناسرا. ئەم فیلمە هەتا ساڵی ١٩٦٧ لە چیکۆسلۆڤاکیا مۆڵەتی نمایش کردنی پێ نەدرا. لە ساڵی ١٩٦٧ ئەم فیلمە خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی بەرگامۆی پێدرا.

(من زل) لە ساڵی ١٩٦٦ بە فیلمی کۆمیدی (شەمەندەنەفەرە ڕەشەکانی ژێر چاودێری) ناوبانگی جیهانی پێ دەرکرد. ئەم فیلمە خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی (ما نهایم) و (ئۆسکار)ی وەرگرت وەك باشترین فیلمی بیانی. لە ساڵی ١٩٦٨ فیلمێکی تری بە ناوی (لاوێتی لە دەست چوو) کە دیسان بەرهەمێکی کۆمیدی بوو، خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی (کارلووی ڤاردی) بۆ خۆی ڕاکێشا. من زل حەزی بە دانانی فیلمی کۆمیدی کۆمەڵایەتی دەکردو هەندێك ئەو بە (وودی ئالین)ی سینەمای چیك دادەنێن.

(میلوش فورمن) لە ساڵی ١٩٦٣ بە فیلمی (پیتەری ڕەش) خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی (لۆکارنۆ)ی بردەوە. لە ساڵی ١٩٦٤ فیلمی (مووی ئاڵتونی عاشقێك)ی دانا. (پاسر)یش لە ساڵی ١٩٦٥ بە بەرهەم هێنانی فیلمی (دوا نیوەڕۆیەکی ناخۆش) خەڵاتەکانی فیستیڤاڵی (لۆکارنۆ)ی بۆ خۆی تەرخان کرد. فیلمێکی تری ئەو

(ڕۆشنایی دەروون)ە لە ساڵی ١٩٦٥ کە چیرۆکی پەیوەندی دوو مۆسیقا زان بووە خەڵاتی لاوانی (کان)ی پێ وەرگرتووە.

فیلمسازانی دێرینی وەك (ڤاروا، کادار) لە پاڵ ئەم شەپۆلە نوێیەدا بەردەوامیان بەکارەکانیان ئەدا. لە ساڵی ١٩٦٥ فیلمی (دوکانێك لەسەر شەقامی سەرەکی) لە دانانی کادار، خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی بۆ خۆی تەرخان کرد. بە هۆی بوونی کارئەکتەری بەرجەستە کە لە ئامۆژگای پراگ خوێندنیان تەواو کردبوو لە شانۆی ئەزموونکاریدا کاریان کردبوو یەکێك بوو لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی فیلمەکانی ئەو دەیە لە چیکۆسلۆڤاکیا، سەرەڕای ئەمانەش بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتان، نێوانی تەلەفزیۆن و سینەما لە چیکۆسلۆڤاکیا پەیوەندییەکی نزیك و ڕێك و پێکیان هەبوو.

لە ساڵی ١٩٦٨ بە هۆی قەیرانێکی سیاسی سوپای سووری سۆڤیەت خاکی چیکۆسلۆڤاکیای داگیرکردو ئەو ڕووداوەی کە بە بەهاری پراگ ناسرابوو دروست بوو. حکومەتی دەست نیشانکراوی هێزەکانی سۆڤیەت هەندێ بڕیاری توندیان بۆ سانسۆر داناو سینەماشی گرتەوە. (نەمك) لە ساڵی ١٩٤٨ فیلمی (اوراتوریو بۆ پراگ)ی سازکرد کە فیلمێکی بەڵگەنامەیی بوو دەربارەی ڕووداوێکی خەم ئامێز کە لە داگیرکردنی پراگەوە دروست ببوو. فیلمەکە ڕاگیراو لە دوای چەندین ساڵ بێبەش کردنی لە فیلمسازی لە ساڵی ١٩٧٤ توانی لە چیکۆسلۆڤاکیا بچێتە دەرەوەو بەرەو فەرەنسا بڕوات. (چیتیلوڤا) بۆ کاری فیلمسازی چووە بەلجیکا. (من زل) لە ساڵی ١٩٦٩ فیلمێکی کۆمیدی دژی کۆمۆنیستەکان سازکرد کە هەتا ساڵی ١٩٩٠ مۆڵەتی نمایش کردنی پێ نەدرا. لە ساڵی ١٩٩٠ ئەم فیلمە خەڵاتی یەکەمی (فیستیڤاڵی بەرلین)ی وەرگرت. (فۆرمن)یش کە لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ سازکردنی فیلم چوو بووە فەرەنسا، بە هۆی گۆڕانکاری سیاسی لە وڵاتەکەیدا نەگەڕایەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا. بەم جۆرە زۆربەی سینەماکارانی بە توانای چیکۆسلۆڤاکی ناچار بوون وڵات بەجێ بێڵن یا لە کارەکەیان دووربکەونەوەو قۆناغی درەخشاوەی سینەمای ئەم وڵاتە کۆتایی هات.

لە ساڵی ١٩٧٠ کارل کاچی نا، فیلمی (بۆ منالان) سازکرد کە بە بوونی ئاوازی منالانەو زۆر هەستیارانە خاوەنی بەهایەکی تەکنیکی بەرز بوو. (ڤاروا) لەگەڵ

قەدەغەکردنی لە وانە وتنەوە هەر لە زانکۆ بەردەوامی بە کارەکەی داو لە ساڵی ١٩٧٧ فیلمی (ئازادی پراگ)ی دەرهێنا. (یاروسلاف پاپۆشك) چەند فیلمی کۆمیدی ڕەشی سازکرد کە پاڵەوانەکانی پیاوێك بوو بە ناوی (هۆمولکا-Homolka).

لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ چیکۆسلۆڤاکیا بۆ دوو وڵاتی (چیك) و (سلۆڤاك) دابەش بوو. لەم قۆناغەدا چەند کۆمپانیایەکی فیلمسازی دروست بوون و فیلمی (قوتابخانەی سەرەتایی) لە ساڵی ١٩٩١ لە بەرهەمی فیلمسازی لاو (یان سوراك) ناوبانگی جیهانی بە دەست هێنا.

## چين

لەگەڵ ئـەوەی کـە وڵاتـی چـين يەکێکــە لــە چڕتريــن وڵاتــەکانی جيـهان لــە ڕوی دانيشتوانەوە، لە بارەی سينەماوە بە هێواشی پێشکەوتووە. يەکـەمين فيلمـی کـورت لـە ساڵی ١٨٩٦ لە شانگەهای نمايش کـراوە. بـەڵام يەکـەمين فيلمـی ئاسـايی چينـی کـە پێك هـاتبوو لـە بەشـە جياجياکـانی ئۆپـێرای چيـای تينـگ چوئـان لــە سـاڵی ١٩٠٨ بەرهـەم هێـنراوە. فيلمــە ســەرەتاييەکانی چينـيـان لــە ئۆپێراکـانی سـەر تەختـەی شــانۆ وەردەگـيران يـا کۆميدیيــە لاوازەکـان بـوون. لــە سـاڵی ١٩٠٨ ئەمريکیيـەك بـە نـاوی (بنجامين پولاسکی) لەگەڵ دوو بازرگـانی چينـیدا، يەکـەمين کۆمپانيـای سـينەماییيان لەم وڵاتە دامەزراند. فيلمەکانی ئەم کۆميانيايە لـە چين سـەرکەوتنی زۆری بـە دەسـت هێنا بەڵام لە دەرەوەی ئەم وڵاتە نەناسرابوون.

لە ساڵی ١٩١٧ کۆمپانيای فيلمسازی تر لە شەنگەهای دروست کران کە لـە پـاڵ فيلمـە ســينەماییيە ســەرگەرم کردنــەکان، فيلمــی بەڵگەنامــەيی بەرهــەم دەهێنــا. ئــەم کۆمپانيايەش پەيوەست بوو بە کەسانی بيانی. لە دواييدا يەکەم کۆمپانيـای فيلمسـازی چينـی (مينـگ هسـنيگ) لـە ساڵی ١٩٢٢ دامـەزرا. لـە سـەرەتای دەيـەی ١٩٢٠ ژمارەيـەکی زۆری کۆمپانيا بچووکەکانی فيلمسازی دەستيان کرد بە کارکردن کە زۆربـەيان لـە دوای چـەند سـاڵێك بێکـار مانـەوە. فيلمـی (پـەيمانی دەريـايی) لــە سـاڵی ١٩٢١ و (هــەتيوێك باپيرەی ڕزگار دەکات) لە ساڵی ١٩٢٣ ، لە فيلمە گرنگەکانی ئەو قۆناغە بوون.

دروست بوونی سينەمای دەنگدار بێجگە لە تەنگ و چەڵەمەی هونـەريی، سـينەمای چينی ڕ ووبەڕووی چەندين کێشەی تر کردەوە. بۆ چارەسەری ئەم کێشەيە جارێکی تـر کۆمپانيا بچووکە سينەماییيەکان لە شارە جياجياکانی چين دامەزران، کە فيلمـەکانيان بـە زمانـەکانی نەتـەوەيی ئامـادە دەکـردو. فيلمـە دەنگـدارە سـەرەتاييەکانی چينـی لـە بارەی هونەرييەوە زۆر سەرەتايی بوو ن بەڵام ناکۆکی سياسی و ناڕەزايی خـەڵك لەگـەڵ ژاپۆنیيـەکان بـووە هـۆی ئـەوەی سينەما بـە مەســەلە جـدیو سـەرنج ڕاکێشـەکانەوە

خەریك بێت. فیلمی (هـاواری ماسـیگر) لـە سـاڵی ١٩٣٤ لـە دانـانی (تسـای چوشـنگ) کـە ژیانی ماسی گرەکانی ڕووباری (یانگ تسە)ی باس دەکرد. لـە فیسـتیڤاڵی سـینەمایی لـە ساڵی ١٩٣٥ خەڵاتی وەرگرتووە.

لە دوای هێرشی ژاپۆن بۆ سەر شەنگەهای لە ساڵی ١٩٣٧ کۆمپانیاکانی فیلمسازی کـە لـەم شـارەدا بـوون، بڵاوەیـان لێکـرد. هـەندێ لـە دەرهێنـەرەکان، نووسـەرەکان، کارئەکتەرەکان و هەموو هاوکارانی سینەما کەوتنە شارەکانی (هۆنـگ کۆنـگ و تـایوان) ئەوانی تریـش پـەنایان بـرد بـۆ ناوچـەکانی ژێردەسـەڵاتی دەوڵـەتی چـین وەك "هـانگو Hankow و چانگ کینگ Chung King".

ژاپۆنیـیەکان لـەو ناوچانـەی کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـاندا بـوو کۆمپانیاکـانی فیلمسازییان خستە خزمەتی خۆیانەوە سوودیان لێ وەرگرت بۆ بەرهەم هێنـانی فیلمـە پڕوپاگەندەییـیەکانی خۆیـان. بـە شکسـت هێنـانی ژاپـۆن لـە سـاڵی ١٩٤٥، لـە نێـوان لایەنگرانی (ماوتسی تۆنگ) و (چیانگ کای شك) لەسەر وەرگرتنـی دەسـەڵات لـە چـین، جـەنگ دروسـت بـوو. لـە سـاڵی ١٩٤٩ کۆمۆنیسـتەکان بەسـەرکردایەتی ماوتسـی تۆنـگ گەیشتنە دەسەڵات و لە هەمان ساڵدا سینەمای میللییان ڕاگەیاند. وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بەشـێکی تایبـەتییان بـۆ سـینەما دامـەزراند کـە سەرپەرشـتی بەرهـەم هێنـانی فیلمـی سینەمایی دەکرد.

(٧ )ستۆدیۆی گەورەی فیلمسازی و چـەندین شـوێنی بچووکـتری سـینەمایی دەسـتیان بـە کـارکردن کـرد. فیلمـی (سـەرکەوتنی میللـەتی چـین) لـە سـاڵی ١٩٥٠ یەکـەم فیلمـی سینەمایی گرنگی ئەو قۆناغە بوو. لەو ساڵانەدا سـینەمای چـین بـە شـێوەیەکی گشـتی خەریکی بەرهەم هێنانی فیلمە پڕوپاگەندەییەکانی حکومەت بوو. فیلمسازەکانی ئـەو قۆناغـە ئـەو بەرهەمانـەیان سـاز دەکـرد کـە پێشـکەوتنە سیاسـیو ئابووریـیـەکانی حکومەتی پیشان ئەدا. یا ئۆپێرای حەماسی و شۆڕشـگێڕی لـە شـێوەی فیلـم دا دەریـان دەهێنا. لە ساڵی ١٩٦٤ بەرهـەم هێنـانی سـاڵانە گەیشـتە ٤٨٠ فیلمـی سـینەمایی، ٣ هـەزار فیلمـی ڕیپۆرتـاژی، ١٤٠٠ فیلمـی زانسـتی و زیـاتر لـە ٢٠٠ فیلـم کـارتۆن. بـەڵام شۆڕشـی

فەرهەنگی و ئەو گوشارانەی کە لەوەوە درووست دەبوو تا ساڵی ١٩٧٠ سینەمای چینی خستە باروودۆخێکی دژوارەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠ سینەمای چین بە هۆی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری لەم وڵاتەدا گەشەی کرد. فوتابخانەی سینەمایی (بیجنگ Beijing) کە لە شۆڕشی فەرهەنگیدا داخرابوو لە ساڵی ١٩٧٨ کرایەوەو لە ساڵی ١٩٨٢ خوێندکارەکانی قۆناغی یەکەم دەرچوون. دەرچووانی ئەم قۆناغە بە نەوەی پێنجەم ناسرابوون. (چن کایگ، هوانگ یانکیسن، زانگ یمو) بەم گروپە پەیوەست بوون. ئەوانە توانیان بە سوود وەرگرتن لە مەوزوعە تازەکان، شێوازە تازەکانی فیلمسازی و بەکارهێنانی تایبەتی لە ڕەنگ و کامێرا ژیانێکی تازە ببەخشن بە سینەمای چین. (چن) کە خۆی فیلمنامەکانی دەنووسی و بەرهەمەکانی لە جوانی و ناسکی‌یەکی تایبەتی بەهرەمەند بوون فیلمی (خاکی زەردباو) لە ساڵی ١٩٨٤، (ڕێپێوانی گەورە) ساڵی ١٩٨٥ و (پاشای منالان) ساڵی ١٩٨٧ بەرهەم هێنا. چیرۆکی ئەم سێ فیلمە لە چینی دێریندا ڕووی داوە.

تیان زوانگ لە ساڵی ١٩٨٧ فیلمی (دزی ئەسپی) دەرهێنا. هوانگ لە ساڵی ١٩٨٣ فیلمی (ڕووداوی تۆپە ڕەشەکە)ی بەرهەم هێنا. زانگ لە ساڵی ١٩٨٨ (گەنمەشامی سوور)ی دەرهێنا کە چیرۆکی کچێکی گەنج بووە کە بۆ پارە دەدرێ بە شوو. فیلمەکانی زانگ لەگەڵ ئەوەی کە لە دەرەوەی چین سەرکەوتوو بوون، لە ناوەوەی وڵات دەوەستێنراو مۆڵەتی نمایش کردنی پێ نەئەدرا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم فیلمانە لە ڕووی هونەریو بازرگانی‌یەوە بەرهەمی سەرکەوتوو بوون، نەیان توانی لەسەر سیاسەتی سینەمایی دەوڵەتی چین ئەوەند ە کاریگەر بن و سانسۆری فیلمەکان و دژواری لە پێدانی مۆڵەتی بەرهەم هێنانی فیلم هەر بەردەوام بوو.

بە ڕووداوی کوشتاری بە کۆمەڵی مەیدانی (تیان مین Tiana Men) لە ساڵی ١٩٨٩ قەیرانی سیاسی لە چین توندتر بووەوە جارێکی تر سینەما بە زۆر بە بەرهەم هێنانی حەماسە ی میللی‌یەوە خەریك بوو. (چن، زانگ) و فیلمسازەکانی تریش بەردەوام بوون لە کارکردن بەڵام بەرهەمەکانیان زیاتر بە سەرمایەی بیانی‌یەکان بەرهەم دەهێنران. فیلمەکانی (ژیان لەسەر سیم) ساڵی ١٩٩١ لە بەرهەمی چن، (جۆدۆ) لە ساڵی ١٩٨٩،

(لەسەر داگیرساندنی فانووسە سوورەکە) لە ساڵی ١٩٩١ لە بەرهەمی زانگ بە سـەرمایەی ئینگلیزیی و ئەڵمانی بەرهەم هێـنراون. فیلمـی ژیـان لەسـەر سـیم کـە چیرۆکەکـەی لـە مەغۆلستان ڕووی‌داوە باسی هەوڵی پیرەمێردێکی کوێـرە بـۆ چارەسـەری خـۆی بـە دوای دەرمانێکی جادوویی‌دا دەگـەڕێ. فیلمـی (تـری چـن) فیلمـی (خـودا حـافیز خۆشەویسـتی من) لە ساڵی ١٩٩٣ ناوبانگی جیهانی دەرکردو چڵە خورمای ئاڵتوونی فیستیڤاڵی (کان)ی بۆ خۆی تەرخان کرد.

لە چین ژمارەی سینەماکان سنووردارە. بە شێوەیەکی کۆن و باو گروپەکانی نمایشی زۆر لە گوندەکان بۆ گوندێکی تر دەڕۆن و فیلم پیشان دەدەن. هەتا بەلەمەکان بە ناوی (سینەمای دەریایی) سوودی لێ وەردەگرن. لە هەندێ حاڵەتدا کە فیلمەکان بە دیالێکتی نـاوخۆیی نـین یـەکێك لـە ئـەندامانی گروپـی نمایشـە کـە ڕۆڵـی وەرگـێڕ دەگرێتـە ئەستۆی خۆی.

## دانیمارك

لەگەڵ ئەوەی کە دانیمارك لە ڕووی قەبارەو دانیشتوانەوە وڵاتێکی بچووکە، لە نێوان ساڵەکانی (١٩٠٩-١٩١٤) گرنگترین مەڵبەندی فیلمسازی بووە لە ئەوروپا. لە ساڵی ١٩٠٦ (ئولین ئولسن) دەزگای نوردیسك (Nordisk)ی لە دانیمارك دامەزراند. لە ساڵەکانی ١٩١١ تا ١٩١٦ ئەم سینەمایە توانی کاربکاتە سەر بازاڕەکانی ئەوروپاو هەتا ئەمریکاش لە دواییدا لە ساڵی ١٩١٦ کۆمپانیاکانی دانیمارك (١٥٠) فیلمیان بەرهەم هێنا.

سینەمای دانیمارك کە گرنگی بە واقیع گەرایی نە ئەداو دەرهێنەرەکان زیاتر سوودیان لە دیکۆرە بە شکۆکان و کارئەکتەرە ناسراوەکان وەرئەگرت. فەزای بە شکۆی فیلمەکانی دانیمارکی و گرنگی دانی زۆر بە هونەرپیشەکان بووە هۆی دەرکەوتنی ئەستێرە خۆشەویستەکانی سینەما. (ستانیلسن) یەکەمین هونەر پیشەی ژن بوو کە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەرکەوت. لە ڕاستیدا سینەمای دانیمارك یەکەمین سینەما بوو کە بە بوونی کارئەکتەرە ناسراوەکان کاریگەریی لەسەر فرۆشتنی فیلمەکان دەکرد. بە هەمان هۆ بێجگە لە ستانیلسن، چەندین ئەستێرەی ناسراوی تر لە سینەمای دانیمارکدا داهێنەر بوون. (والدمارپسی لاندر، ئولاف فونس) لە کارئەکتەرە ناسراوەکانی ئەو قۆناغەی سینەمای دانیمارك بوون. لەناو دەرهێنەرە ناسراوەکانی ئەم قۆناغە دەتوانین ناوی (ڤیگۆلارسن، ئاگوست بلوم، رابرت دینسن، ئوربان گاد) بەرین. لە ساڵی ١٩١٧ سینەمای دانیمارك تووشی قەیرانی ئابووری بۆوەو ژمارەی فیلمە بەرهەم هێنراوەکان لە ساڵێکدا بۆ ٨١ فیلم هاتە خوارێ. ئەم ژمارە بۆ ساڵی ١٩٢١ بوو بە ١٧ فیلم، لە ساڵی ١٩٢٥ بە ٤ فیلم و لە دواییدا لە ساڵی ١٩٢٨ بوو بە ١ فیلم لە ساڵێکدا.

بە هۆی ئەمbارووdۆخە نەگونجاوە زۆربەی کارئەکتەرو دەرهێنەرەکان ناچار بوون بەرەو سویدو ئەڵمانیا بڕۆن یا ڕووبکەنە شانۆ. دەرهێنەری وەك (چون کریستنسن و درایر) و هونەرپیشەکان وەك (ستانیلسن) لەو هونەرمەندانە بوون کە ناچار بوون بۆ بەردەوام بوون لە کاری هونەری دانیمارك بەجێ بهێڵن. تەنیا فیلمە سەرکەوتووەکانی

دانیمارکی له دهیەی ١٩٢٠ کۆمیدیەکانی (هارولد مادسن و کارل سنستروم) بوو کە لە ئەمریکا بە درێژو کورت و لە ئەوروپاش بە (پات پاتاشون- Patte Patachon) ناسرابوون.

بە دروست بوونی سینەمای دەنگدار بازاڕی سینەمای جیهان زەرەری زیاتری بە پیشەسازی سینەمای دانیمارك دا. بەڵام لە دەیەی ١٩٣٠ بە دواوە وردە وردە حاڵەتی سینەمای ئەم وڵاتە بەرەو باشی دەچوو. لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم داو بەرگریی خەڵکی لە بەرامبەر داگیرکە رانی نازی بووە هۆی ئەوەی زیاتر سەرقاڵی سینەما بن.

بەرجەستەترین دەرهێنەری سینەمای دانیمارك، (کارل تیۆدور درایر)ە. کە لە ساڵی (١٩١٨)ەوە خەریکی سینەما بووە تا ساڵی ١٩٥٤، ١٢ فیلمی دناوە. لەوانە فیلمی (پەرتووکی شەیتان) لە ساڵی ١٩١٩، (مەینەتی ژاندارك) لە ساڵی ١٩٢٧، (ڕۆژی هەڵچوون) لە ساڵی ١٩٤٣، (ئوردت- گفتوگۆ) لە ساڵی ١٩٤٥، هەروەها فیلمی ئەمپیر (خوێن خۆر) و (گرترود) لە ساڵی ١٩٦٤ لە فیلمە ناسراوەکانی ئەو بوون.

لەو قۆناغەدا فیلمی تری بە نرخ بەرهەم هێنراون. لەوانە (خاکی سوور) لە ساڵی ١٩٤٥، لە دانانی لیۆ لورتیزن و دیتە، فیلمی (دیتەکچی ئادەمیزاد) لە ساڵی ١٩٤٦ لە دەرهێنانی بیارن و ئاسترید هینینگ- ینسن لە فیلمە بە نرخەکانی تری ئەو قۆناغە بوون. (دیتە کچی ئادەمیزاد) یەکەمین فیلمی دانیمارکی بوو کە لە دوای ماوەیەك توانی سەرکەوتنی جیهانی بەدەست بهێنێت.

سینەمای دانیمارك لە دوای جەنگ وردە وردە ڕێك و پێك بوو گەشەی کرد، لە ساڵی ١٩٥٦ (دەزگای نوردیسك) جەژنی یادکردنەوەی ٥٠ ساڵەی خۆی گێڕا. نوردیسك هەتا ئێستا کۆنترین کۆمپانیای فیلمسازی چالاکی جیهانە. لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ گروپێکی فیلمسازی کارا دەستیان بە چالاکی کردووەو لەو قۆناغەدا دەوڵەت هەوڵی ئەدا بە پشتگیری دارایی و دانانی خەڵات پشتگیری لە سینەماکاران بکات.

لەناو فیلمسازەکانی ئەمڕۆی دانیمارك (یورگن روس) بە باشترین بەلگەنامەیی ساز دادەنرێت. (بیل ئاگوست)، لە ساڵی ١٩٨٨ بە بەرهەم هێنانی فیلمی (پردی ڕزگاری) خەڵاتی فیستیڤاڵی (کان) بردەوە. ئەو لە ساڵی ١٩٩٢ فیلمی (زۆرترین ڕێنمایی)ی دەرهێنا.

لە دەرهێنەرەکانی تری دانیمارك پێویستە (ئەلیزابت رای گاردو هانس هنریك یورگنسن) ناوبەرین.

# ژاپۆن

لەگەڵ ئەوەی کە جیهانی خۆرئاوا هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٥٠ بە سینەمای ژاپۆن نامۆبوون. سینەما لە هەمان دەست پێکردنی نمایشی فیلمەکانی (برایانی لۆمێر) لە ژاپۆن ناسرابوو. یەکەمین فیلمسازی ژاپۆن (تسونکەچی شیباتا)ی ناوبوو. ئەو لە ساڵی ١٨٩٨ دەستی کرد بە دانانی فیلمە کورتەکانی لە شەقامەکانی تۆکیۆو نمایشەکانی کابوکی (Kabuki). لە ساڵی ١٩١٢ چەند کۆمپانیایەکی سینەمایی لە تۆکیۆ دروست کرا. بە شێوەیەکی گشتی بەرهەم هێنانی فیلم لە ژاپۆن لە دوو شاری تۆکۆو کیۆتۆ کۆببۆوە. لەم دوو ناوەندەدا کۆمپانیاکانی سینەما دوو جۆر فیلمیان بەرهەم هێنا. تۆکیۆ بە بەرهەم هێنانی ئەو فیلمانەی کە دەربارەی ژیانی ڕۆژانە تایبەتمەند بوو لە کیۆتۆش فیلمی مێژوویی بەرهەم دەهێنران. هێشتا ئەم دوو جۆرە سینەمایە بنەمای سینەمای ژاپۆن پێك دەهێنن.

سینەمای ژاپۆن، بە پێچەوانەی سینەمای خۆرئاوا لە سەرەتاوە جێی سەرنجی هەردوو گروپی کرێکاران و ڕۆشنبیران بوو. ئەم حاڵەتەش دەبێ بە خاڵێکی باش دابنرێت، بە هۆی ئارەزووی زۆری بینەرانی ژاپۆنی بە شانۆی میللی و کۆن سینەمای ژاپۆنی دووچاری سنوور داری کرد. سینەمای ژاپۆن لە سەرەتادا بە توندی لەژێر کاریگەریی نمایشە میللی و کۆنەکانی ئەم وڵاتەدا بوو. بە پێی دەستوورەکانی شانۆی ژاپۆنی یەك بینشی- Benshi یا حیکایەت خوان، چیرۆکی فیلمەکە دەگێڕێتەوەو ڕۆڵی ژنەکانیش هەر پیاوەکان دەیبینن. لە دواییدا بە فراوان بوونی ئەم سینەمایە بۆ واقیع گەری وردە وردە کارئەکتەرە ژنەکان توانیان لە فیلم دا دەربکەون. فیلمی (ڕۆحەکان لەسەر شەقام) لە ساڵی ١٩٢١ لە دەرهێنانی مینورو موراتا، یەکەمین فیلمی گرنگ بوو کە بە بەشداری کارئەکتەرە ژنەکان ئامادە کرابوو. بەشداری کردنی کارئەکتەری ژن لە سینەمادا بە جۆرێك لە شکاندنی داب و نەریت دادەنرا بەڵام بە کەنارکردنی حیکایەت

خوان پێویستی زیاتری بە تواناو لێهاتوویی هەبوو، دەرهێنەرە ژاپۆنییەکان ناچار بوون بۆ ئەم کارە هەتا کۆتایی قۆناغی سینەمای بێدەنگ ئارام بگرن.

لە ساڵی ١٩٢٣ زەمین لەرزەیەکی ترسناك لە ژاپۆن ڕووی دا کە بە هۆی ئەوەوە سێیەکی تۆکیۆو زیاتری یوکوهوما لەناوچوو. ئەم زەمین لەرزەیە بەشێکی گەورەی کۆمپانیا سینەمایییەکانی ژاپۆنی وێران کرد. کۆمپانیا سینەماییەکانی کە مابوونەوە لە تۆکیۆوە گوێزرانەوە بۆ شارەکانی تری ژاپۆن بە تایبەتی (کیۆتۆ). ئەم بارووداخە تازەیە بووە هۆی ئەوەی لە ژاپۆن فیلمە بیانییەکان نمایش بکرێ و ئەمەش کاری کردە سەر ئارەزووی بینەرانی ژاپۆنی. ئەم بارودۆخە هانی دەرهێنەرەکانی دا دەست بدەنە ئەزموونێکی تازە، کاریگەریی زەمین لەرزەکە لەسەر ژیانی خەڵکی کەشێکی ئەخلاقی تازەی دروست کرد خەڵکی لە ئەندێشەی نوێی کۆمەڵایەتیدا بوون. ئەم گۆڕانکاریانە بووە هۆی ئەوەی گرنگی بدرێ بە بەرهەم هێنانی فیلم بۆ چینی ناوەڕاست. گرنگترین دەرهێنەری ئەو قۆناغە (موراتا) بوو. موراتا لە ساڵی ١٩٢٤ فیلمی (ژنی سیساکۆ-Seisakuo's wife )ی سازکردو دەرهێنەری وەك (هانیوسوکە گوشو، کنجی میزوگوشی، یاسو جیرو ئوزو) بە پەیڕەوی کردن لە مۆراتا چەند فیلمێکیان دەربارەی ژیانی ڕۆژانە دەرکرد لە ساڵی ١٩٣١ گوشو یەکەمین فیلمی دەنگداری ژاپۆنی دەرهێنا بە ناوی (ژنی دراوسێ و ژنی من). بەڵام سینەمای دەنگدار لە ژاپۆن ئەوەندە پێشوازی لێنەکرا. ژاپۆنییەکان وا ڕاهاتوون گوێ لە دەنگی (حیکایەت خوان) بگرن هەتا هەندێ جار کارئەکتەرەکان لە پشت پەردەی نمایشەوە گفتوگۆکانیان دەگێڕایەوە. لەبەرئەوەی کە سوودوەرگرتن لە حیکایەتخوان بە هەرزانتر تەواو دەبێ لە سینەمای دەنگدار، ئامادەکارانی سینەما ئەوەندە حەزیان بە بەرهەم هێنانی فیلمی دەنگدار نەدەکردو هەتا ماوەیەك لە دوای دروست بوونی سینەمای دەنگداریش، ژاپۆنییەکان هەر فیلمی بێدەنگیان بەرهەم دەهێنا.

لە دەیەی ١٩٣٠ بەرهەم هێنانی فیلم لە ژاپۆن چووە سەرەوە. لە ساڵی ١٩٣١ ئەم ژمارەیە گەیشتە ٤٠٠ فیلم و لە ساڵی ١٩٤٠ بە ٥٠٠ فیلم لە ساڵێکدا. لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم ٢٥٠٠ هۆڵی سینەما لە ژاپۆن هەبوو کە زۆربەیان فیلمی بەرهەمی

دەرهێنەرە ژاپۆنی‌یەکانیان نمایش دەکرد. مرۆڤ دۆستی و واقیع گەرایی کۆمەڵایەتی لە تایبەتمەندێتی‌یە گرنگەکانی سینەمای ژاپۆن بوو لە دەیەی ١٩٣٠. (ئەوان هێشتا بەردەوامن) لە ساڵی ١٩٣٠ و (خوشکانی گیون) لە ساڵی ١٩٣٦ لە بەرهەمی میزوگوشی، (تەنیا کوڕ) لە ساڵی ١٩٣٦ لە دەرهێنانی ئوزو، (شانۆی ژیان) لە ساڵی ١٩٣٦، (شاری ڕووت) لە ساڵی ١٩٣٧ و (زەمین) لە ساڵی ١٩٣٩ لە بەرهەمی (تومۆ ئوچیدا) لە بەرهەمە بەرجەستەکانی سینەمای ئەو دەیە بوون. سینەمای مێژوویی ژاپۆنیش بەردەوام بوو لە کارکردن. (هێروشی ئیناگاکسی و دایسوکە ئیتۆ) لە فیلمسازە دڵسۆزەکانی ئەم سینەمایە بوون و هەوڵیان ئەدا هەتا کەلەپووری ژاپۆنی بپارێزن و ڕاستی‌یەکانی ڕۆژانی ڕابردوو بە نمایش دەربخەن، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامن. فیلمی (لە پێش دەرکەوتن) لە ساڵی ١٩٣١ لە بەرهەمی کینوگازا، فیلمی (یەك شمشێرو بازنەی سۆمۆ) لە ساڵی ١٩٣١ لە بەرهەمی ئیناگاکی، فیلمی (ساموراییی) لە ساڵی ١٩٤٠ لە دەرهێنانی (موشاشی میاموتو) تایبەتن بە سینەمای ژاپۆن. هەتا ساڵی ١٩٣٧، جیهانی خۆرئاوا لەگەڵ سینەمای ژاپۆن ئاشنا نەبوو. لەم ساڵەدا بە بەرهەم هێنانی فیلمی (عەشقی میتسو)، (کچی سامورایی)، لە بەرهەمی هاوبەشی ژاپۆن و ئەڵمانیا لە دەرهێنانی (ئارنۆڵد فرانك) سینەمای ژاپۆنی بە وڵاتانی خۆرئاوا ناساند.

لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی دووەم، سینەمای ژاپۆن ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵمەی زۆر بۆوە. لە کاتی ڕاگەیاندنی جەنگدا پێنج کۆمپانیای گەورەی سینەمایی ژاپۆن لەژێر دەستیاندا بوو.

لە دوای جەنگ ئەم ژمارەیە بۆ سێ کۆمپانیای (شوچیکو- Shochiku)، (تۆهۆ- Toho)، (دایی- Daiei) کەمی کرد. هەریەکە لەم کۆمپانیایانە لە ساڵێکدا تەنیا ٢ فیلمیان بەرهەم هێناوە. زۆر لە هۆڵەکانی سینەما داخران و لە ٢٥٠٠ سینەما لە ساڵی ١٩٤٠ تەنیا ٨٥٠ هۆڵی سینەما مابۆوە لە کۆتایی جەنگ دا. لە پێنج مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ سێ کۆمپانیای سینەمایی ژاپۆن تەنیا ١٢ فیلمیان بەرهەم هێنابوو. لە دوای جەنگ لەبەرئەوەی ژاپۆن شکستی خواردبو، هێزەکانی بێگانە فیلمە ژاپۆنی‌یەکانیان سانسۆر دەکرد هەتا گیانی هەڵچوون و نەتەوەگەریی ژاپۆنی هەڵنەستێتەوە. لەگەڵ بوونی

باجی زۆری فیلم و کێشەی ئابووری خەڵك، ژاپۆنییەکان بە ئارەزوویەکی زۆرەوە زیاتر دەچوون بەرەو ڕووی سینەما. ئاستی بینەرانی سینەما لە ساڵی ١٩٤٦ لە ساڵێکدا گەیشتۆتە ٧٣٣ ملیۆن کەس.

لە کاتێکدا کە لە پێش جەنگدا، سینەما ساڵانە ٤٠٠ ملیۆن بینەری هەبووە. زۆربەی هۆڵە کۆنەکان کرانەوەو بۆ پێشوازی کردنی خەڵکی چەندین هۆڵی تازەیان دروست کرد، لە ساڵی ١٩٥٠ دووبارە ژمارەی هۆڵە سینەماییەکان گەیشتە ٢٥٠٠ هۆڵ. لە ساڵی ١٩٥٠ دوو کۆمپانیای گەورەی سینەمایی بە ناوی (شین- تۆهۆ Shin- TOHO) و (تویی- Toei) دروست کران. لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠ بەرهەم هێنانی فیلم لە ساڵێکدا گەیشتە ٥٠٠ فیلم. لە ساڵی ١٩٥١ کیسوکە کینوستیا فیلمی (کارمن دێتەماڵەوە) ئامادەکرد. ئەم فیلمە کۆمیدیە، یەکەمین فیلمی ڕەنگاوڕەنگی ژاپۆنی بوو.



فیلمی (ڕاشومون) لە دەرهێنانی: ئەکیرا کیرۆساوە

بەڵام ئـەوەی سـەرنجی جیـهانی خۆرئـاوای بـۆ سـینەمای ژاپـۆن ڕاکێشـابوو، فیلمـەکانی ئاکیرا کوروساوا بوو، فیلمی (راشومون- Rashomon) لە ساڵی ١٩٥٠ لە دەرهێنانی ئەو لە فیستیڤاڵی ڤینیسیا لە ١٩٥١ خەڵاتی وەرگرتووە. کۆرۆساوا فیلمی زۆری لە سەر بنـەمای ئەو داستانانەی کە پەیوەستە بە ساموراییەکان ڕێك خستووە. ئەم فیلمانە لە جیهاندا پێشوازیەکی زۆری لێکراو ڕای ڕەخنەگران و چاودێرانیان بۆ سینەمای ژاپـۆن ڕاکێشا. کۆرۆساوا لە ساڵی ١٩٥٧ لەسەر بنەمای نمایشەکانی (ماکبیث)ی شکسپیر، فیلمی (پێخەفی خوێناوی) ی دەرهێنا. فیلمەکانی کۆرۆساوا زیاتر لەسەر بنەمای بیرو ئەندێشەی خـودی خۆی دادەنرانو خاڵی گرنگ لە بەرهەم هێنانی ئـەم فیلمانـەدا سـوود وەرگرتـن بـوو لـە چـەندین کـامێرا. بـەم جـۆرە، کۆرۆسـاوا لـە یـەك دیمـەن چـەند وێنەیـەکی جیاجیای دەگرت.

فیلمسازی تری گەورەی ژاپۆن (ماساکی کوبایاشی)یە. کوبایاشی فیلمسازی لـە ساڵی (١٩٤١ )ەوە دەست پێ کردووە بەڵام دوای ٨ مـانگ بـانگ کـرا بـۆ خزمـەتی سـەربازی. لـە دوای جەنگ لە ساڵی ١٩٤٦ بە ناوی یاریدەدەری کایسوکە کینوشـیتا خـەریکی کـارکردن بوو. کوبایاشی لە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٥٩ هـەتا ١٩٦١ فیلمـی کۆمیـدی مـرۆڤ دۆسـتی ساز دەکرد کە ٣ فیلمی پەیوەست بوون بەو بوارە ئەم کۆمەڵە فیلمـە کـە ٩ کـات ژمـێر بـوو، داستانی ئاوارەیی پیاوێکی گەنجە کە ناچار گرفتـاری زۆربڵێکـان بـووە. فیلمەکـە ژیـانی ئەو پیاوە لە کاتی جەنـگ و دوایی لە ڕۆژانی زیندانیدا باس دەکات. کوبایاشی لە بارەی فیلمە کۆمەڵایەتییەکان دەستی دایە ئەزموونێکی نوێ کە پێشتر لە ژاپـۆن نـەبوو. ئـەو هەوڵی ئەدا لە بەرهەمەکانیدا نەبەردی مرۆڤ تەنیا لە دژی دەسەڵاتداران پیشـان بـدا. (هاراکیری- Hara- Kiri) لە ساڵی ١٩٦٢ یەکەمین فیلمی ئەو بوو کە لە خۆرئـاوا نمـایش کـرا. کوبایاشـی لـە سـاڵی ١٩٦٤ فیلمـی (کوایـدان- Kwaidan)ی دەرکـرد. کوایـدان پێـك هـاتبوو لـە ٤ چـیرۆك دەربـارەی گیانـەکان و سـاموراییەکان. هـەروەك زۆربـەی بەرهەمـەکانی تـری بـە جوانـی و وردەکـاری و ناسـکییەکی لـە ڕادەبـەدەر بەرهـەم هێنرابوو. لە ساڵی ١٩٦٨ فیلمی (سرودێك بۆ پیاوێکی ماندوو)ی دەرهێنا. ئەم فیلمە کـە دژی جەنگ بوو ئاوێنەی ئەزموونی ناخۆشی خودی کوبایاشی بوو لـە جـەنگی جیـهانی

دووەمدا. (کنجی میزوگوشی) و (یاسو جیرو ئوزو) لە فیلمسازە گەورەکانی تری ژاپۆنن. میزوگوشی لە تەمەنی (٢٠) ساڵیەوە وەك کارئەکتەری سینەما خەریکی کارکردن بووەو یەکەمین فیلمیشی لە ساڵی ١٩٢٢ بەرهەم هێنا. میزوگوشی لە ماوەی ٣٤ ساڵی کارکردن دا ٨٠ فیلمی دەرهێناوە کە زۆربەیان لە بەرهەمە چاکەکانی سینەمای ژاپۆن دەژمێردرێن. میزوگوشی لە ساڵی ١٩٣٦ فیلمی (خوشکانی گیون Sisters of the Gion)ی خستە سەر پەردەی سینەماو دوایی بە هۆی پەرەسەندنی نەتەوەپەرستی خەریکی بەرهەم هێنانی ئەو فیلمانە بوو کە کێشەی سیاسی بۆ دروست نەکات. ئەو لە ساڵی ١٩٥٢ فیلمی (ژیانی ئوهارا) و لە ساڵی ١٩٥٣ فیلمی (ئوگیتسو- Ugetsu)ی دەرکرد. ئەم دوو فیلمە بە باشترین فیلمەکانی مێژووی سینەما دادەنرێت. میزوگوشی بە جوانی وێنەگرتن و کەشی شاعیرانەی فیلمەکانی گرنگیەکی زۆری ئەداو هەوڵی ئەدا لە کەشێکی واقیعیانەدا فیلمەکانی بە لێکۆڵینەوەی دەروون کەسایەتیەکان خەریك بێت. میزوگوشی زۆر ڕێزی لە ژن دەگرت و ئەمەش لەبەرهەمەکانیدا بە تەواوی دیارە، باسی سەرەکی فیلمە کانی ئەو لێکۆڵینەوەی پێگەی کۆمەلایەتی ژنی ژاپۆنیە. فیلمی (شازادە خانمی یانگ فی- The Princess Yang Fei) لە ساڵی ١٩٥٥ و (شەقامەکانی شەرم) لە ساڵی ١٩٥٦ لە بەرهەمەکانی ئەون.

ئوزو کامێراکەی لە شوێنێك دادەنا کەوا بێتە بەرچاو دیمەنەکە لە دیدی ژاپۆنیەکە وە بە قەدوبالایەکی ئاسایی کە لەسەر زەوی دانیشتووە ببینرێ. یەکێکی لە تایبەتمەندێکانی ئوزو سوودوەرگرتنە لە دیمەنەکان لە بۆشایی ٣٦٠ پلە لە جیانی ١٨٠ پلە. بەم جۆرە کامێرا لە بری ئەوەی کە تەنیا بۆشایی دیاریکراوی بەرامبەری تۆمار بکات دەتوانێت لە بۆشایی لادوورەکانی خۆیەوە فیلم بگرێت.

ئوزو یەکەمین فیلمی دەنگداری خۆی لە ساڵی ١٩٣٦ و یەکەمین فیلمی ڕەنگاو ڕەنگی لە ساڵی ١٩٥٨ بەرهەم هێنا. هەروەها لە ژاپۆن خەلاتی زۆری وەرگرتووە.

لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠ لە خۆرئاوا ناسرا. فیلمی (داستانی تۆکیۆ) لە ساڵی ١٩٥٣، فیلمی (دوا نیوەڕۆیەکی پایز) لە ساڵی١٩٦٢ لە بەرهەمە بەنرخەکانی (ئوزو)یە.

لە دەیەی ١٩٧٠ سینەمای ژاپۆن ڕووبەڕووی قەیرانی توونـد بـۆوە. گرنگـی دانـی خەڵك بە تەلەفزیۆن و ڕووکردنی کۆمپانیـا گـەورەکانی فیلمسازی بـە بەرهـەم هێنـانی فیلمی سەرگەرم کـردن و لاواز بـووە هـۆی ئـەوەی زووتـر بـە سـینەمای نابازرگانیـیەوە پەیوەست بن بە کۆمپانیا سینەماییە بچووك و سـەربەخۆکان. لـە سـاڵی ١٩٧٥ نیـوەی ئەو فیلمانەی نمایش دەکران لە ژاپۆن تەرخان کرابوو بۆ سینەمای ئەمریکا.

بارووددۆخی خراپی سینەمای ژاپۆن بووە هۆی ئەوەی تا لـە سـاڵی ١٩٧٢، دەوڵـەت بـە دامەزراندنی دەزگایەك پشتگیری لە سینەمای هونەری بکـات. لـە دەیـەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ سینەمای ژاپۆن دووبارە تووانـی دەسـەڵات پەیدابکاتـەوە فیلمـەکانی وەك (کاگـە موشـا- Kagemusha) لە ساڵی ١٩٨٠ کە خەڵاتی چڵە خورمای ئـاڵتونی (فیسـتیڤاڵی کـان)ی پـێ درا، فیلمی (ڕەن- Ran) لە ساڵی ١٩٨٤ و (خەونەکانی ئاکیرا کوروساوا) لە ساڵی ١٩٩٠ لـە بەرهەمی کوروساوا، (خـێزانێکی دێوانـە) لـە سـاڵی ١٩٨٤ لـە دەرهێنـانی (سـوگو ئیشـی)، (پیاوی ئاسنین) لە ساڵی ١٩٩٢ لە بەرهەمی شینیا تسوکاموتو، (کوڕەکانی مـن) لـە سـاڵی ١٩٩٢ لە دەرهێنانی یوجی یامادا، لە بەرهەمە باشـەکانی ئـەم ساڵانەی دوایـی سـینەمای ژاپۆن بوون.

## سوید

لـە ولاتێکـی بچووکـی وەك سـوید لـە ڕووی پێوانـەی خـاك و دانیشـتوانەوە هـەروەك شوێنەکانی تری ئەوروپا هاوکات لەگەڵ نمایشی فیلمەکانی (برایانی لۆمـێر)، سـینەما ناسـرا. لە سەرەتادا وێنەگرێك بە ناوی (تۆما پترسون) بە مۆڵەتی (لۆمـێر)ەکان بـەو شـێوەی ئـەوان خەریکی نمایش کردنی فیلم بوو لە سوید. لە ساڵی ١٨٩٨ (ئەرنست فلورمن)، کە یـەکێك بـوو لە کارمەندەکانی پترسون، فیلمی کورتی ڕیپۆرتاژی و کۆمیدی سازکرد.

(فلورمـن) هـەندێ جاریش لـە هـەندێ شـانۆیی وەك نمایشـەکانی هــنریك ئیبسـن، فیلمـی ئامـادە ئـەکرد. بـەڵام هـەتا چـەند سـاڵێك فیلمــە بیانیـیــەکان لــە ســوید نمایش دەکران.

لـە ساڵی ١٩٠٥ چارلز مگنوسـن، بـە نـاوی وێنــەگری هـەواڵی و ڕاپۆرتـی خـەریکی کـارکردن بـوو. لـە سـاڵی ١٩٠٧ کۆمپانیـای سـینەمایی (سونسـکابیو- Suenska Bio) دامەزراو دوای دوو سا ڵ مگنوسن وەك دەرهێنەرو بەڕێوەبەری بەرهەم لـەم کۆمپانیایـە دانرا. بە هەوڵی ئەو (سونسکا بیو) کە لە ساڵی ١٩١٩ بە کۆمپانیای سینەمایی (سڤنسك Svensk )ی ناونرابوو بووە گرنگترین سەنتەری بەرهەم هێنانی فیلم لە سوید.

مگنوسـن لـە سـاڵی ١٩٠٩ هـەتا سـاڵی ١٩١٣ خـەریکی فیلمسـازی بـوو. لـە سـاڵی ١٩١١ (یولیوس یانزون)، فیلمسازی بەرجەستە، لە سونسکابیو خەریکی کارکردن بوو. یـانزون لە ساڵی ١٩١٢ یەکێك لـە چیرۆکـەکانی (هـانس کریسـتین ئانـدەرسـن)ی بـە شـێوەی فیلـم دەرهێنـاوە. (ئـەریك دالبرگ) فیلمسـازێکی تـری ئـەم قۆنـاغـە بـوو کـە زیـاتر خـەریکی بەرهەم هێنانی فیلمی مێژوویی بوو.

لـە ساڵی ١٩١٢، (ماگنوسـن، ڤیکتـور شوسـترون، موریتـس سـتیلەر) بـە دامــەزراندنی سڤنسك فیلمیان دەرهێناوە. شوسترۆم و ستیلەر لە ساڵەکانی دوایـیدا بوونـە گرنگـترین فیلمسازی سینەمای بێدەنگی سویدو توانیان لە دوای جەنگی جیهانی یەکـەم سـینەمای سوید بگەیێننە لوتکە.

شوستروم كه له سەرەتاوە كارئەكتەرى شانۆيى بوو، له سالّى ١٩١١ بڕيارى دا له هۆلّى شانۆدا هاوكات لەگەلّ نمايشه كورتەكاندا خەريكى نمايشى فيلـم بێت نەخشـەكانى ئـەو لـه ڕووى داراييـيـەوە ڕووبـەڕووى شكست دەبـۆوەو ناچار بـۆ ئـەنجام دانـى كارەكـانى و سەرچاوەى دارايى پێويسـت پـەيوەندى كـرد بـه كۆمپانيـاى سونسكابيو. لـەوێدا لەگـەلّ ستيلەر ئاشنابوو هەردووكيان توانيان به هاوكارى يەكترى سـينەماى سـويد لـه جيـهاندا تـەرح بكـەن. شوسـتروم لـه سـەرەتادا وەك كارئەكتـەر لـه فيلمـى (دەمـامكى ڕەش) لـه بەرهەمى ستيلەر دەركەوت. بەلاّم له سالّى (١٩١٣)ەوە خەريكى فيلمسازى بوو. شوسـتروم حەزى له سروشت و كەلەپوورى ئوسـكۆتلەندى دەكـردو لـه فيلمەكانيشـىدا سـوودى لـه ديكۆرو ڕووناكى وەرئەگرت. فيلمى (عەرەبانچى مەرگ) له سالّى ١٩١٩ گرنگـترين فيلمـى ئەو قۆناغەى شوستروم بووە.

موريتس ستيلەر به پێچەوانـەى شوسـتروم لـه پێـش ديكـۆرو فەزاسـازى گرنگـى بـه جوولّەى فيلم ئەداو لـه سـەرەتادا چـەند فيلمێكى كۆميـدى سـەركەوتووى سـازكرد. لـه دواى جـەنگى جيهانى يەكـە م سـتيلەر خـوى دايـه مەسـەلە حەماسـىيەكان و لەسـەر بنـەماى ڕۆمانـەكانى (سـەلما لاگرلـوف) سـێ فيلمـى بـەنرخى سـازكرد. لەوانـه فيلمـى (خەزێنـەى مسـتەر ئارنـه) لـه سـالّى ١٩١٩، (ئەفسـانەى گونـار هـودا) لـه سـالّى ١٩٢٢، (ئەفسـانەى گوسـتابرلينگ) لـه سـالّى ١٩٢٤ بـوون. لـه ئەفسـانەى گوسـتابرلينگ كارئەكتەرێكى تازه به ناوى (گرتا گاربو) ڕۆلّى دەبينى كه لـه قوتابيـەكانى قوتابخانـەى (شانۆى پاشايەتى سويد) بوو. ستيلەر گاربوى كردە ئەستێرەيەكى ئەفسوناوى.

شوسـتروم لـه سـالّى ١٩٢٢ و سـتيلەر لـه سـالّى ١٩٢٥ كۆمپانيـاى (سفنسـك فيلـم) يـان بـەجێ هێشـت و چـوون بـۆ هۆليـۆد، شوسـتروم لـه هۆليۆد لـه (ميـترۆ گلدويـن مـاير) دامەزراو له سالّى ١٩٢٨ فيلمى (با)ى بـه هاوبەشـى لەگـەلّ (ليليـان گيـش) سـازكرد. (بـا) گرنگترين بەرهەمى ئەو بووە له ئەمريكا. شوستروم له سالّى ١٩٢٨ گەڕايـەوە بـۆ سـويدو له ژوور سەرى موريتس ستيلەر له كاتى سەرەمەرگدا، ئامادەبوو.

شوستروم له ئەزموونه هونەرىيەكانى دا كه لـه هۆليـۆد فـێرى ببـوو، لـه سـينەماى دەنگـدارى سـويدا سـوودى لێوەرگرتـوو لـه دواى چـەندين سـالّ دووركەوتنـەوە لـه

فیلمسازی له ساڵی ١٩٣٧ فیلمی (ژێر قەمسەڵە سوورەکە)ی بەرهەم هێنا کە دوا فیلمی بوو. شوستروم کە لە نووسینی سیناریۆی فیلمەکانیشیا بەشداری دەکردو لە زۆربەی فیلمەکانیشیا خۆی ڕۆڵی بینیووەو لە ساڵی ١٩٥٧ لە فیلمی (شکلی سروشتی)دا کە لە دەرهێنانی (ئینگمار بەرگمن) بوو دەرکەوت.



فیلمێکی ( ئینگمار بەرگمن )

ستیلەر کە پێشنیازی لوئیس. ب. مایر بۆکار لە (میترۆ گلدوین مایر)ەوە چوو بۆ هۆلیوۆد لە دوای ٢ ساڵ ناکامی گەڕایەوە بۆ سوید. ستیلەر لە ساڵی ١٩٢٨ (نمایشی مۆزیکالی برادوی) بردە سەر ڕووی شانۆو لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد.

ڕۆیشتنی شوستروم و ستیلەر لە سویدو هاوکات لێشاوی فیلمە بیانیەکان بە تایبەتی ئەمریکی‌یەکان، ئاستی سینەمای ئەم وڵاتەی بۆ چەند ساڵێك هێنایە خوارەوە. سینەمای سوید لەو قۆناغەدا بۆ بەرزکردنەوەی فرۆشتنی فیلمەکانی هەوڵی دا هەتا خەریکی مەسەلە گشتی‌یەکان و سەرگەرم کردن بێت. لە ساڵی ١٩١٩ سونسکابیو لەگەڵ کۆمپانیای سینەمایی (سکاندنیاویسکا- Skandinaviska) یەکیان گرت و کۆمپانیای سینەمایی (سڤنسك)یان ناونا. سڤنسك لەژێر بەڕێوەبەرایەتی (ماگنوسن) بەردەوام بوو لە کارکردن بەڵام لەگەڵ هەموو هەوڵەکانیدا، کۆمپانیای مەدام دووچاری قەیرانی دارایی بوو.

لە دەیەی ١٩٣٠ بە دروست بوونی سینەمای دەنگدار، سینەمای سوید دووچاری کێشەی زیاتر بۆوە. بە بەرهەم هێنانی فیلمی هاوبەش لەگەڵ ئەڵمانیاو وڵاتانی تر هەر نەیتووانی لە کاریگەریی قەیرانەکە کەم بکاتەوە.

لەم دەیەدا تەنیا فیلمی (ئینتەرمیزۆ- Entermezzo) لە ساڵی ١٩٣٦، لە بەرهەمی گوستاف مولاندر، توانی ناوبانگی جیهانی بە دەست بێنێ. (ئینگرید بەرگمن)، کە کارئەکتەرێکی سویدی بوو بەم فیلمە ناوبانگی دەرکرد.

لە ساڵی ١٩٤٠ بە سنوور دانان بۆ هێنانی فیلمە ئەمریکییەکان، سینەمای سوید لەو حاڵەتە چەقیووە هاتە دەرێ. (ئارنە سوکسدروف و ئالف شوبرگ)، لەو قۆناغەدا کەوتنە کارکردن. سوکسدروف یەکێ بوو لە باشترین بەڵگەنامەیی سازانی سینەما. ئەو زیاتر لە وێنەگرتنی فیلمدا حەزی لە سرووشت دەکرد. سوکسدروف بە فیلمەکانی (گوندێکی هیندی) لە ساڵی ١٩٥١ و (نەیی و کەمانچە) لە ساڵی ١٩٥٧، خەڵاتی (فیستیڤاڵی کان)ی بردەوە. شوبرگ کە لە سەرەتادا کارئەکتەرو دەرهێنەری شانۆیی بوو بە بینینی فیلمەکانی ئایزنشتاین تامەزرۆی سینەما بوو. شوبرگ لە ساڵی ١٩٢٩ فیلمی (بەهێزترین)ی دەرهێنا. لە دەیەی ١٩٣٠ بە دروست بوونی سینەمای دەنگدار دووبارە گەڕایەوە بۆ شانۆ بەڵام لە دەیەی ١٩٤٠ دەستی دایەوە فیلمسازی و لە ساڵی ١٩٤٩ فیلمی (تەنیا یەك دایك)ی سازکرد. شوبرگ لە ١٩٥١ بە هۆی دەرهێنانی فیلمی (کیژۆڵەی ژولی)، لەسەر بنەمای نمایشێکی ئسترنیدبێرگ خەڵاتی فیستیڤاڵی (کان)ی بردەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گروپەدا نووسەرێکی لاو بە ناوی (ئینگماربەرگمن) لە دایك بووی ١٩١٨ بە کاری سینەماوە خەریك بوو. بەرگمن کە ئەمڕۆ گەورەترین فیلمسازی سویدە، لە سەرەتادا خەریکی نووسینی فیلمنامە بوو دوایی خەریکی سازکردنی فیلم بوو. ئەم نووسەرە بە بەرهەمەکانی نووسەرە ئەسکەندنافییەکان و فەرەنسییەکان زۆر ئاشنا بوو بە تایبەتی (ژان ئانۆی و ئەلبێر کامۆ) لە سازکردنی فیلمەکانیدا کاریگەریی ئەوانی بە سەرەوە بوو. بەرگمن لە ساڵی ١٩٤٩ بە سازکردنی فیلمی (زیندان)، قۆناغێکی تازەی لە کارەکانی دەست پێکرد وەك فیلمسازێکی سەربەخۆو خاوەن شێواز دەرکەوت.

لە بەرهەمەکانیدا یادەوەرییەکان، خەونەکان و ناکۆکییە شەخسىیەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن. بەرگمن بۆ دەربڕینی بیرو ئەندێشەکانی زیاتر گرنگی بە تەکنیکە سینەماییەکان ئەدا. بەرگمن لە کاری فیلمسازیدا کاریگەریی شوسترۆم، ستیلەر، ئیکسپر سیۆنیزمی ئەڵمانی، درایرو کارنەی لەسەرەو هەندێ جاریش شێوازی جیاجیا لەناو یەکدا ئاوێتە دەکات. تایبەتمەندێتی تری بەرگمن گرنگی دانە بە ڕۆڵ بینینی کارئەکتەرەکان.

فیلمەکانی (خۆشەویستی حەوتەم) لە ساڵی ١٩٥٦، (شلکی سروشتی) لە ساڵی ١٩٥٧، (ڕووخسار) لە ساڵی ١٩٥٩، (لێك چوو لە ئاوێنەیەکدا) لە ساڵی ١٩٦٢، لە فیلمە گرنگەکانی ئەون. بەرگمن لە ساڵی ١٩٧٦ وەك نارەزایی بەرامبەر بە هەڵس و کەوتی کاربەدەستانی دەوڵەتی لەگەڵیا، سویدی بەجێهێشت.

لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، بەرهەم هێنانی فیلم لە سوید گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی واتە گەیشتبووە ٤٠ فیلم لە ساڵێکدا.

ئەم ژمارەیە لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ کەمی کردەوە بۆ ١٥ فیلم لە ساڵێکدا لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ هاندانی فیلمسازەکان بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمی بە نرخ، کۆمپانیای (سوید فیلم) دامەزراو بۆ فیلمە بەرجەستەکان خەڵاتی دیاری دەکرد. (پەرلەمانی سوید)یش یاساکانی تایبەت بە باجی سینەما چاك کردو ١٠٪ لە باجی فرۆشتنی فیلمەکان بۆ چاك کردنەوەی حاڵەتەکە درا بە کۆمپانیای (سوید فیلم). لە دەیەی ١٩٦٠ چەند فیلمسازێکی لاو خەریکی کارکردن بوون کە گرنگییان بە مەسەلە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان ئەدا. (بو ویدربرگ) لە ساڵی ١٩٦٢ پەڕتووکێکی دەربارەی سینەمای سوید نووسی و تیایدا ڕەخنەی لە دەسەڵات و توانای بەرگمن گرتبوو لەسەر سینەما. ئەو لە ساڵی ١٩٦٣ فیلمی (کۆتایی راون)ی سازکردو لە ساڵی ١٩٦٧ فیلمی (ئیلڤێرا مدیگان- Elvira Madigan)ی دەرهێنا. لەم فیلمەدا سوودی لە شێوەی ڕەنگ ئامێزی وێنەکێشەکانی ئیمپرسیۆنیزم وەرگرتبوو بە تایبەتی (ڕینوار)، سەرنجی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشا. ویدربرگ فیلمنامەی بەرهەمەکانی خۆی دەینووسی و سوودی لە کارئەکتەری ناپیشەیی وەردەگرت. ویدربرگ لە ساڵی ١٩٧١ فیلمی (جوهیل- Joehill)ی دەرهێنا کە بەرهەمی

هاوبەشی سویدو ئەمریکا بوو. جوهیل چیرۆکی خەماوی کۆچ کەرانی سویدی بوو لە ئەمریکا. ویلگوت سیومن لە سالّی ١٩٦١ پەرتووکێکی لە هۆلیوّد نووسی کە لێکۆلّینەوەیەکی کۆمەلّ ناسیانەی سینەمای ئەمریکا بوو.

سیومن، کە لە ئەمریکا خوێندنی سینەمای تەواوکردبوو وەك یاریدەدەری بەرگمن لە فیلمی (رۆشنایی زستانی) لە سالّی ١٩٦٣ بەشداری کرد. چەندین سالّ لەگەلّ بەرگمن کاری کردو لە سالّی ١٩٦٣ خۆی بە تەنیا خەریکی فیلمسازی بوو. سیومن حەزی بە لێکۆلّینەوەی رەوشت و رەفتاری کۆمەلاّیەتی دەکرد لە سالّی ١٩٦٤ فیلمی (٤٩١)ی دەرهێنا.

(یورن دانر) لە سەرەتاوە بە نووسین دەستی پێکرد لە دەیەی ١٩٥٠ خەریکی سازکردنی فیلمی کورت بوو. دانر کە لە سالّی ١٩٦١ بە ناوی رەخنەگر لە رۆژنامەی (پێشرەوی سوید) کاری دەکردو لە ١٩٦٢ رەخنەیەکی دەربارەی بەرهەمەکانی بەرگمن بلاّوکردەوەو تیایدا ئەوی بە بێ گوێ نەدان بە مەسەلە کۆمەلاّیەتییەکان تاوانبار کردبوو. دانر لە ١٩٦٣ فیلمی (یەك شەممەیەك لە سێپتەمبەر)ی سازکرد کە باسی شکستی هاوسەرێتی دەکرد. ئەم فیلمە لە فیستیڤالّی ڤینیسیا خەلاّی وەرگرت. لە سالّی ١٩٦٥ فیلمی (رووداوە کە لێرەوە دەستی پێ کرد)ی سازکرد. (دانر) لە فیلمسازیدا سوودی لە شێوە نائاساییەکان دەکرد بەو هۆیەوە بەرهەمەکانی لە سوید ئەوەندە جێی سەرنجی خەلّك نەبوو لە دواییدا زیاتر خەریکی نووسینی رۆمان بوو.

(مای زتر لینگ)، یەکێکی ترە لە فیلمسازە سەرکەتووەکانی دەیەی ١٩٦٠ کارەکانی بە کا رئەکتەری شانۆو سینەما دەست پێکرد.

زترلینگ کە کارئەکتەرێکی بەرجەستە بوو لە سالّی ١٩٦٣ بە فیلمی بەلّگەنامەیی و کورتی (رۆلّی جەنگ) خەلاّتی یەکەمی فیستیڤالّی ڤینیسیای بردەوە. لە فیلمەکانی تری ئەو (یارییەکانی شەوانە) لە سالّی ١٩٦٦ و (کچەکان) لە سالّی ١٩٦٨ بوو.

لە دەیەی ١٩٦٠ بەرگمن فیلمی (رۆشنایی زستانی) ١٩٦٣، (خامۆش) لە سالّی ١٩٦٣، (کات ژمێری گورگ) لە سالّی ١٩٦٨ ، (شەرم) لە هەمان سالّدا دەرکرد.

فیلمی (تۆم خۆش ئەوێ) لە بەرهـەمی بیورکمـن، فیلمـی (هاوسـەرێتی سـویدی) لـە ساڵی ١٩٦٤ لە دەرهێنانی ئـاك فـالك- Ake Falk، (ڕوخسـاری ئـازادی) لـە سـاڵی ١٩٦٩ لـە بەرهـەمی یـان هــالدورف، (نیمچــە دوورگــە) لــە ١٩٦٦ فیلمــی (بــاوك) ســاڵی ١٩٦٩ لــە دەرهێنانی شوبرگ، لە بەرهەمە بەرجەستەکانی ئەو دەیە بوون.

بە هەوڵی فیلمسازەکان لە دەیەی ١٩٦٠دا حاڵەتی سینەمای سـویدی ئـەهوەن کـردەوە بەڵام نەیتووانی کۆتایی بە قەیرانی دارایـی سـینەما بێنـێ. کێشـەی ئـابووری سـینەمای سوید لە دەیەی (١٩٧٠) شدا هـەر بـەردەوام بـوو. لـەم دەیـەدا بەرهـەم هێنـانی فیلـم لـە سـاڵێکدا گەیشتە ٢٠ تــا ٢٥ فیلـم. یـان تـرول فیلمـی (پەنابـەران)ی لـە سـاڵی ١٩٧١ و (نیشـتمانی نـوێ) لـە سـاڵی ١٩٧٣ی سـازکرد کـە بـە کـەمترین بودجـە تـەواو کرابـوو. لـە دەیەی ١٩٧٠ سینەمای سوید بە هۆی بەها هونەرییەکانی لە فیسـتیڤاڵە جیهانیـیـەکاندا دەرکـەوت. لـەو سـاڵانەدا سـینەماو تەلـەفزیۆنی سـوید دەسـتیان دایـە هاوکـاری کردنــی یەکتری. لە دەیەی ١٩٧٠ کۆمپانیای (سوید فیلم) چالاکتر بـوو. لـە سـاڵی ١٩٧٨ فیلمسـازی بە توانا (یورن دانر) کرا بــە بەڕێوەبـەری ئـەم کۆمپانیایـە، توانـی گەشـە بـە سـینەمای سوید بدات.

لە دەیەی ١٩٨٠ سینەمای سوید بەرهەمی بەنرخی دەرکردو بەرهەم هێنانی فیلم لە ساڵێکدا لە ١٥ فیلم بۆ ٢٠ فیلم زیادی کرد. فیلمی (فانی و ئەلکساندرا) لە ساڵی ١٩٨٤ لە دانانی بەرگمن، فیلمـی (پـردی ڕزگـاری) لـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە بەرهـەمی هاوبەشـی سـویدو دانیمارك لە دەرهێنانی بیل ئاگۆست، فیلمی (زیـاتر لـە تەئەسـوف، زیـاتر لـە ئـازار) لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە بەرهـەمی ئاگنتـا ئیلـرس- جارلــان، فیلمــی (فریشــتە) لــە ســاڵی ١٩٩٠ و (کەروێشکەپیاو) لە ساڵی ١٩٩١ لە دانانی ستیگ لارسون، فیلمی (ئــەوروپا) لـە سـاڵی ١٩٩١ لە دانانی لارس فون تریر لە فیلمە بەنرخەکانی سینەمای سوید بوون.

## سۆڤیەت

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٦ (برایانی لومێر) لە سنت پترۆز بۆرگ فیلمێکیان نمایش کرد. لە دوای ئەوان، ئینگلیزیەك بە ناوی (رۆبێرت. و پل) و نوێنەرانی کۆمپانیای (ئەدیسۆن) خەریکی نمایش کردنی فیلم بوون لە ڕوسیا. بەڵام ڕوسەکان هەتا ساڵی ١٩٠٧ فیلمیان بەرهەم نەهێنا.

لە ساڵی ١٩٠٧ ئەلکساندەر درانکوڤ کە وێنەگری چاپەمەنی بوو، یەك ستۆدیۆی بچووکی (کینما توگراف)ی پێك هێناو بە سازکردنی فیلمێ دەربارەی (ئستنکارازین)، کە یەکێك بوو لە پاڵەوانە میللیەکانی ڕوسیا، سەرکەوتنێکی بازرگانی گەورەی بە دەست هێنا.

لە ساڵی ١٩١٠، زیاتر لە ١٥ کۆمپانیای سینەمایی بچووك و گەورە لە ڕوسیاو بە تایبەتی لە مۆسکۆ دروست کرابوون کە خەریکی بەرهەم هێنانی هەموو جۆرە فیلمەکان بوون. گوشاری حکومەتی تزاری ڕوسیاو سەرکەوتنی فیلمی (ئستنکارازین) بووە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیاکان زیاتر ڕوبکەنە ئە و فیلمانەی کە باسی قارەمانە مێژووییەکان ئەکەن. ٣ فیلمی ڤاسیلی گونچاریف، (مەرگی هەیوانی ترسناك) لە ساڵی ١٩٠٩، (پوطری گەورە) لە ساڵی ١٩١٠، (ژیان و مەرگی پۆشکین) لە ساڵی ١٩١٠ چەند نموونەیەکن لە فیلمەکانی ئەو قۆناغە. خەڵك زۆر حەزیان لەو جۆرە فیلمانە دەکردو ئەستێرە سینەماییەکانی وەك (ئێوان ماژوخین، ڤالدمار پسی لاندر) زۆر خۆشەویست بوون لای خەڵك. ئەم فیلمانە پڕ فرۆش بوون و لە ڕاستیدا بەرهەمی لاوازبوون و لاسایی کردنەوەی فیلمە پڕ باق و بریقەکانی ئیتالی بوون.

لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧، زۆربەی دەرهێنەرو کارئەکتەرە کۆنەکانی سینەمای ڕوسیا کۆچیان کرد بۆ وڵاتانی فەرەنساو ئەڵمانیاو ئەمریکا، تەنیا گروپێکی کەم لە فیلمسازە کۆنەکان مابوونەوە. جەنگی ناوخۆو قات و قڕی، توانای فیلمسازی بە شێوەی ڕابردوو لە ناوبردو فیلمە بیانییەکانیش نەدەهاتن، بەڵام بەو

هۆیەی کە لینین سینەمای وەك وەسیلەیەك بۆ شۆڕش دەزانی، بە پشتگیری دەوڵەت، سینەمای سۆڤیەت گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات. سینەماکاران دەستیان هەڵگرت لە سازکردنی فیلمی مێژوویی و لاوازو سینەمای سۆڤیەت گۆڕا بە سینەمای ئەزموونی و پێشڕەو.

لە ساڵی ١٩١٧ لە پەروەردەو فێرکردنی دەوڵەتدا بەشێکی تایبەتی بۆ سینەما کرایەوە بە سەرپەرشتی هاوسەرەکەی لینین (نادژدا کروپسکایا). لە ساڵی ١٩١٨، کۆمیتەی نوپا لە شۆڕشگێڕان، یەکەم فیلمیان لە دوای شۆڕش بەرهەم هێنا بە ناوی (ئاژیر). لەو ساڵانەدا سینەماکارانی سۆڤیەتی دەستیان دایە چەند ئەزموونێکی نوێ. یەکێك لە سەرنج ڕاکێشترین ئەو ئەزموونانە ئامادەکردنی شەمەندەفەرێك بوو بە هەموو کەل و پەلەکانی وێنەگرتن و دەزگای کامێرا چاپ و پرۆژکتۆر. سینەماکارە لاوەکان بەم شەمەندەنەفەرە لە نێوان گروپە جیاجیاکانی شۆڕشگێڕان پڕوپاگەندەیان دەکردو بۆ کارەکانیان وێنەیان دەگرت. (ئیدوارد تیسە) کە لە دواییدا بووە وێنەگری ناسراوی ئایزنشتاین، بە یەکەمین شەمەندەنەفەر گەشتی کرد. لە نێوان ئەو لاوانەی کە لەو کارەدا بەشدارییان کردبوو تیۆردانەری بەرجەستەی وەك (لوکولشوف و ژیگاور توف) پەیدابوون. ئەو فیلمانەی کە ئیدوارد تیسە گرتبووی، ورتوف لە مۆسکۆ مۆنتاژی کرد.

ورتوف کە ناوی ڕاستی (دینس ئارکادیە ڤیچ کافمن) بوو، لە پێش شۆڕشدا خەریکی خوێندن بوو لە کۆلێژی پزیشکی. هەروەها لە بەشی مۆسیقاش وانەی وەرگرتبوو. هۆنراوەی دەوت و چیرۆکی زانستی خەیاڵی و ڕۆمانی دەنووسی. ناوی (ژیگا ورتوف)یش لەو ڕۆژانەدا بوو کە بۆ خۆی هەڵبژارد. هەروەها لە زانکۆ تاقیکردنەوەیەکی بۆ تۆمارکردنی دەنگی سروشتی دروست کردو دوایی ئەم دەنگانەی ڕێك خست. لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧، کەمێك پێش شۆڕش، وەك مۆنتێرۆ نوسەری سینەما خەریکی کارکردن بوو. لە ساڵی ١٩١٨ لەژێر چاودێری (کولشوف) سەرقاڵی مۆنتاژی ئەو فیلمە کورتانە بوو کە وێنەی ژیانی خەڵکی لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی ڕوسیادا گرتبوو.

له سالّی ١٩١٩ به شێوەیەکی سەربەخۆ خەریکی کارکردن بوو به مۆنتاژ کردنی ڕاپۆرته فیلمەکان فیلمی (سالڕۆژی شۆڕش)ی سازکرد. ورتوف له بارەی دانانی فیلمه واقیعیەکانەوه ئەزموونێکی باشی بەدەست هێنا. ورتوف لەگەڵ قوتابیەکانی به کامێرایەکی شاراوه وێنەی دیمەنه واقیعیەکانیان دەگرت؛ دوایی وێنەکانیان مۆنتاژ دەکرد. ئەو ئەم شێوازه فیلمسازیەی ناونا شێوەی سینەمای –چاوپیاخشاندن. ورتوف کامێرای به پله به پله به تەواوتر له چاوی مرۆڤ دادەنا که توانای تۆمارکردنی کاریگەریەکانەو دەتوانێت ئەو جیهانەی که تەنیا خۆی دەیبینێ پیشانی مرۆڤی بدات. له سالّی ١٩٢٢ ورتوف دەستی کرد به دروست کردنی سینەمای واقعیەت. (سینەما- واقعیەت) گۆڤارێکی سینەمایی بوو که هەر بەشێك لەوه یەك ئەڵقەی فیلم، تێکڕای دوو یا سێ بەشی هەواڵی پێك دەهێنا. هەوڵدانی ورتوف بۆ گەیشتن به سینەمایەك که توانای تۆمارکردنی به وردی ڕووداوەکانی هەبێت بووه هۆی ئەوەی لینین له سینەمای سۆڤیەتدا بەرهەمی بەڵگەنامەیی له فیلمه ئاساییەکان جیا بکاتەوه.

(کولشوف)یش وەك ورتوف له بارەی مۆنتاژی فیلم دەستی دایه ئەزموونی سەرنج ڕاکێش. کولشوف به سوود وەرگرتن له چەند بەشێکی له فیلمه کۆنەکانی (ئیوان ماژو خین)ی کارئەکتەری ناسراوی ڕوسی، فیلمی تازەی دروست دەکردو لەوێدا گرنگی مۆنتاژی له دروست کردنی فیلمەکەدا پیشان ئەدا. کولشوف له دامەزراندنی یەکەمین (خوێندنگەی نیشتمانی فیلمی سۆڤیەت) له سالّی ١٩١٩، ڕۆڵی هەبوو خۆشی خەریکی وانەوتنەوه بوو لەو خوێندنگەیەدا. پودوفکین، که یەکێك بوو له دەرهێنەره گەورەکانی سۆڤیەت، له قوتابیه بەرجەستەکانی کولشوف بوو. بەڵام گەورەترین فیلمسازو تیۆر دانەری سینەمای سۆڤیەت (سرگی میخا یلۆیچ ئایزنشتاین) بوو. ئایزنشتاین له بارەی مۆنتاژی فیلم تیۆرێکی به تەواوی نوێی دەرکردو به بەرهەم هێنانی فیلمی (زرێ پۆشی پوتمکین) له سالّی ١٩٢٥ ناوبانگی جیهانی دەرکرد.

لەم فیلمەدا به سوودوەرگرتنی هونەرمەندانەی ئایزنشتاین له فەزاو ڕیتم، تەماشاچیان به توندی دەخاته ژێر کاریگەریی خۆی. (زرێ پۆشی پوتمکین)، لەسەر

بنەمای ڕووداوێکی واقیعی دانرابوو ئایزنشتاین توانی بە سوود وەرگرتن لە نمای گەورە لە ڕووخساری مەلەوانەکان، بە تەواوی فەزایـەکی واقیعی بخوڵقێنێ. شـێوەی مۆنتـاژی ئایزنشتاین دوایی لە مۆنتاژی فیلم بە شێوەی بنەماو ڕێسایەکی مۆنتاژ دەرهات.

یەکێکی تر لە فیلمسازە گەورەکانی ئەو قۆناغە (ئەلکساندەر پترو ڤیچ داوژنکۆ)یە. داوژنکۆ کە درەنگ تر لەوانی تر ڕووی کردە سینەما، لە لایەنگرانی بە جۆشی شـۆڕش دەژمێردرێت. هەرچەندە داوژنکۆ چـەند کـارێکی تـاقی کردبـۆوە هـەتا ماوەیـەك ڕووی کردبووە وێنەکێشان و هێڵکاری و کاریکاتێرە سیاسـیەکان. بـەڵام هـەموو ئـەم ئیش و کارانەی لە بەرامبەر گیانی شۆڕشگێڕی خـۆی زۆر ئـارام و بێگـیان دادەنـا بـەو هۆیـەوە هەموو کارەکانی خستە لاوەو لە سـاڵی ١٩٢٦ سـەرەتا وەك فیلمنامـەنووس و دوایـی وەك دەرهێنەر ڕووی کردە سینەما. داوژنکۆ بە سوودوەرگرتن لە ئـەزموونی هونەرمـەندانی سینەمای سۆڤیەت دەستی دایە شێوازی شاعیرانە. ئـەم شـێوازە لـە دوا فیلمی بێدەنگی ئەودا بە ناوی (زەوی) لە ساڵی ١٩٣٠ گەیشتە لوتکە. ئەم بەرهەمە کـە لـە ڕووی شـێوەو ناوەڕۆکـەوە بـە فیلمێکـی شۆڕشـگێڕی دادەنرێـت، گـەورەیی شۆڕشـی سۆشیالیسـتی سۆڤیەتی بە دیدێکی شاعیرانە پێناسە کردووە. بابەتی سەرەکی فیلمی (زەوی) خـەباتی گوندنشـینە هەژارەکانـە لـە بەرامبـەر گوندنشـینە خـاوەن موڵکـەکان. (ئەزنشـتاین، پودوفکین، داوژنکۆ) توانیـان سـینەمای سۆڤیەت لـە سـاڵەکانی دوا سـەدەی سـینەمای بێدەنگ بە شێوەی سینەمای پێشڕەوی جیهان دەربهێنن.

دامەزراندنی کۆمپانیای سینەمای دەوڵەتی لە مۆسـکۆو مەڵبـەندی پـەروەردەکردنی پیشەوەرانی هونەرو کارئەکتەر لـە پـترۆگراد لـە گەشـەکردنی سـینەما لـە دوای شـۆڕش ڕۆڵێکی گرنگی بینـی. لـەو قۆناغـەدا وێنـەگری بـێ ئـەزموون و ناپیشـەیی کـە لـە مەیدانەکانی جەنگی ناوخۆدا سەرقاڵی کارکردن بوون، بە هۆی پرۆڤەو کاری بـەردەوام بوون بە سینەماکاری پیشـەیی. بەشـێکی زۆری وزەی ئـەم کەسـانە بـۆ بەرهـەم هێنـانی فیلمـی پرۆپاگـەندەیی دەوڵـەتی بـەکاردەهێنران. بـەڵام لـەپاڵ فیلمـی پرۆپاگـەندەییدا بەرهەمی ناسیاسی دادەنران. فیلمی (جل و بەرگی تـازەی ئیمـپراتۆر) لـە سـاڵی ١٩١٩ لـە

دانانی یوری زلیا بوژسکی، فیلمی (ڕازی شازادە) لە ساڵی ١٩١٩ لە دەرهێنانی پرۆتازانۆف لە بەرهەمەکانی ئەو قۆناغە بوون.

لینین لە ساڵی ١٩١٩ پیشەی فیلم و وێنەگرتنی بە میللی ڕاگەیاند. ئەم کارە لە بارودۆخێکدا ئەنجام درا کە لە ١٤٣ سینەمای مۆسکۆ تەنیا ١٠ هۆڵی سینەما جێی سوودوەرگرتن بوو. کێشەی هونەریی و پچڕاندنی کارەبا دەبووە هۆی ئەوەی هەندێ جار چەند هەفتەیەك سینەماکان نەیان دەتووانی فیلمێك پیشان بدەن. ڕیفۆرمی ئابووری لە ساڵی ١٩٢١ یارمەتی چاك بوونەوەی وەزعی پیشەسازی سینەمای دا. بە پەیماننامەی بازرگانی سۆڤیەت- ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢٢ هێنانی فیلمی خام لە ئەڵمانیاوە ئاسان کرا. بەم گۆڕانکاریە ژمارەی فیلمە دانراوەکان لە ١١ فیلم لە ساڵی ١٩٢١ گەیشتە ١٥٧ فیلم بۆ ساڵی ١٩٢٤. ڤلادیمیر مایکوفسکی و سوڤلد مایرهولد، دوو ڕووی گەورەی شانۆی سۆڤیەت بوون لە دەیەی ١٩٢٠ کاریگەریان لەسەر فیلمسازە لاوەکان بەجێ هێشتبوو. وتارو نووسینەکانی گۆڤارەکانی دەیەی ١٩٢٠ ئەوە پیشان ئەدات کە ئەو ساڵانە بۆ سینەمای سۆڤیەت قۆناغی باس و لێکۆڵینەوەو ڕاگۆڕینەوە و وتار نووسین بووە.

یەکەمین فیلمی سینەمای دەنگدار لە سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٣٠ لە سۆڤیەت نمایش کرا، بەڵام کەمی پرۆژکتۆری فیلمە دەنگدارەکە بووە هۆی ئەوەی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٣٥ پیشەسازی فیلمسازی لە پاڵ فیلمە دەنگدارەکاندا، فیلمی بێ دەنگیش بەرهەم بهێنن. لەبەرئەوە سینەمای سۆڤیەت بە هۆی کەم بوونی تواناکان وردە وردە ڕووی کردە ئەم سینەمایەو بەم چالاکیە لەسەرخۆیە بووە هۆی ئەوەی هەتا فیلمسازی سۆڤیەت بتوانن لەو هەڵانەی کە لەم بارەوە لە هەموو وڵاتانی تر ڕووی داوە، بەرکەنار بمێننەوە.

(ئازنشتاین، پودوفکین، گریگوری ئەلکساندەروف) بەناوی گەورەکانی سینەمای سۆڤیەت لە بەیانێکدا ڕایان گەیاندبوو، مۆنتاژ وەك وەسیلەی سەرەکی دەربرین لە سینەمای بێدەنگی سۆڤیەتدا نابێت لە سینەمای دەنگدار لەناوبچێت. کاریگەریی ئەم بەیانە لە فیلمەکانی سەرەتای دەیەی ١٩٣٠ سۆڤیەتدا دەبینرێ. فیلمی (ڕێگایەك بۆ

ژیان) له بەرهەمی ئیك- Ekk له ساڵی ١٩٣١، فیلمی (ڕووداوێکی ئاسایی) لە ساڵی ١٩٣٢، فیلمی (هەڵاتن) لە ساڵی ١٩٣٣ لە بەرهەمی پودوفکین و فیلمی (کوێستانە ئالتوونییەکان) له ساڵی ١٩٣١ لە بەرهەمی یوتکویچ لەو فیلمانەن کە پەیڕەوی ئەو بەیانەیان کردووه. لەم نێوانەدا فیلمی ڕێگایەك بۆ ژیان لە هەموویان زیندووترو سەرنج ڕاکێشترە. ئەم فیلمه دەربارەی گروپێکی نەوجەوانی بێ سەرپەرشته کە هەوڵ ئەدەن ژیانیان چاك بکەن و بەرەو باشی بڕۆن.

لەو قۆناغەدا بەرهەمی ئەزموونیش دانراون. فیلمی (زەوی تینووه) لە ساڵی ١٩٣٠، له بەرهەمی (ڕازین) لەو کۆمەڵە فیلمانە بوو. ڕازین لە ساڵی ١٩٣٩ لەسەر چیرۆکی (خاکی تازە ئاوەدان) له بەرهەمی شۆلۆخوف فیلمێکی تری بەرهەم هێنا. له ساڵی ١٩٣٠ گریگۆری کوزنیتسف و لیۆنید تراوبێرگ فیلمی (تەنیا)یان بەرهەم هێنا کە یەکەمین فیلمی دەنگداری ئەوان بوو. لەگەڵ ئەوه هەردوو دەرهێنەر هەوڵی زۆریان دابوو هەتا بەرهەمی ڕیالیزمی بخولقێنن، فیلمەکە بووه جێی ڕەخنەگرتن.

پودوفکین له ساڵی ١٩٣٣ فیلمی (هەڵاتن)ی بەرهەم هێناو تیایدا شریتی دەنگەکانی به شێوەی وێنەکان مۆنتاژ کرد. به شێوەیەك کە لە یەك دیمەندا کۆمەڵێك دەنگ و ڕیتمی مۆسیقا به دوای یەکدا دێت.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٨ هەتا ١٩٣٧ سینەمای سۆڤیەت ورده ورده کەوتە ژێر چاودێری ڕێکخراوێك کە (بوریس شومیاتسکی) کەسی یەکەم بوو لەوێدا. ئەم ڕێکخراوه دوایی کرا به وەزارەتی سینەما. فیلمەکان به توندی سانسۆر دەکران. سانسۆر لەژێر چاودێری شومیاتسکی ئەنجام ئەدرا کە هەموو پیشەسازی سۆڤیەتی کۆنترۆڵ دەکرد. بە هۆی کاریگەریی سانسۆری توندی فیلمەکان، ژمارەی فیلمە بەرهەم هێنراوەکان لە ساڵدا کەمی کردەوه. بە شێوەیەکی گشتی لە دوای دەسەڵاتی ڕەهای حیزبی کۆمۆنیست لەسەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ستالین، گەشەی جارانی سینەمای سۆڤیەت وەستاو فیلمە پڕوپاگەندەییە دەوڵەتییەکان و بەرهەمی ئاسایی و لاواز جێی کاره بەرجەستەکانی پێشووی گرتەوه. بارودۆخی

نـەگونجاوو گوشـارە سیاسـیيەكان لـەو سـاڵانەدا هونەرمـەندانی وەك (ئایزنشـتاین)ی گۆشەگیر كردو نابوت كرد.

لە دوای مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣ وەزارەتی سینەما لـە سـۆڤیەت هەڵوەشـایەوەو یاساكانی سانسۆر تا ئەندازەیەك كەمتر كرا. بە هۆی ئەم گۆڕانكاریيـە بەرهـەم هێنـانی فیلم كە لە ساڵی ١٩٥٢ هاتبووە خوارێ بۆ (٥) فیلم لـە سـاڵی ١٩٥٨ گەیشـتە ١٠٠ فیلـم لـە ساڵێكداو یەكێتی سۆڤیەت خەریكی گۆڕینەوەی فیلم بوو لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا.

لـەو قۆناغـەدا لـە پـاڵ فیلمـەكانی ڕیـالیزمی سۆشیالیستی بەرهـەمی ڕەخنەگرانـە، ڕۆمـانتیك، نیۆریـالیزم و هـەتا فیلمـی تاوانیـان بەرهـەم دەهێنـا. یەكـەمین فیلمـی ڕەخنەگرانەو جیاواز لەگەڵ شێوازە ئاساییيەكانی سینەمای سۆڤیەت (زانستی ژیان) لە سـاڵی ١٩٥٥، لـە بەرهـەمی یـولی ڕایزمـن بـوو كـە تیـایدا لـە چوارچێوەی باسی كێشـەی هاوسەرێكدا، بە توندی ڕەخنە لە لێپرسراوانی باڵای حیزب دەگرێت.

فیلمی (چل و یەكەمین) لە ساڵی ١٩٥٦ لە بەرهەمی گریگۆری چوخرای بەرهەمێكی عاشـقانە بـوو كـە بـە هـۆی شـێوەی بـاس كردنـی نـاكۆكی نێـوان عەشـق و فرمـانی كۆمەڵایەتی جیهانی سەرسوڕمان كرد.

باشترین بەرهەمی ئەو قۆناغە "كاتێك كـە حـاجی لـەق لەقـەكان ئـەفڕن) لـە سـاڵی ١٩٥٧ و فیلمـی (ئـەو نامەیـەی كـە هـەرگیز نەگەیشـت) لـە سـاڵی ١٩٦٠ لـە بەرهـەمی كالاتوزوف بوون كە لە بارەی شێوەی مۆنتاژو دەربڕینـی شـاعیرانە بـە بەرهـەمێكی زۆر بە نرخ دادەنرێت.

فیلمی (مرۆڤێك دەمرێت) لە ساڵی ١٩٥٦ بەرهەمی ڤاسیلی ئوردینسكی لـە كۆمەڵـەی ئەو فیلمە نیۆریالیزمیيانە بوو كە ڕوویەكی تازەی لە واقیعیەت پیشان ئەداو دەنگێكی توندی ڕەخنـەیی هـەبوو. (سرگی بـاندار چـوك و ئـاندرەیی تاركۆفسكی) لـە فیلمسازە گەورەكانی تری ئەو قۆناغەن. تاركۆفسكی لە ساڵی ١٩٦٢ فیلمی (منـاڵی ئیـوان) و (نـاوی من ئیوانە)ی دەرهێنا. بەرهەمی تری ئـەو فیلمـی (هـەیوانی روبلـف)ە دەربـارەی ژیـانی وێنەكێشـێكی سـەدەی چواردەهـەم بـوو كـە بـە هـۆی بـاری سیاسـی هـەتا سـاڵی ١٩٧١ لـە سۆڤیەت مۆڵەتی نمایش كردنی پێ نەدرا.

لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ سینەمای سۆڤیەت بەرهەمی بەنرخی خوڵقاند. فیلمی (جەنگ و ئاشتی) ١٩٦٦- ١٩٦٧ لە بەرهەمی باندارچوك کە لە چوار بەشدا بەرهەم هێنرابوو، فیلمی (شای لیر) لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەرهەمی کوزیتسف، فیلمی (تاوان و پاداشت) لە ساڵی ١٩٦٩ ، لە دانانی کولیژا نوف، فیلمی (مۆسکۆ باوەڕی بە گریان نییە) لە ساڵی ١٩٧٢ لە دەرهێنانی ڤلادیمیر مەنشوف، فیلمی (یەکەمین مامۆستا) لە ساڵی ١٩٦٥ لە دانانی ئەندرەیی‌میخالکوف کونچالوفسکی، فیلمی (سایات نوڤا) لە ساڵی ١٩٧٨ لە بەرهەمی سرگی پاراجانوف، فیلمی (سولاریس) لە ساڵی ١٩٧٢ لە دانانی تارکۆفسکی لەو کۆمەڵە بەرهەمانەی ئەو قۆناغە بوون.

لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠، ٤٣ ستۆدیۆی فیلمسازی لە ڕوسیا هەبوو. لەم ژمارەیە ٢٤ ستۆدیۆ بۆ بەرهەم هێنانی فیلمە بەڵگەنامەیی‌یەکان تەرخان کرابوو.

لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ فیلمسازە کۆنەکان لە سۆڤیەت خەریکی بەرهەم هێنانی فیلم بوون کە کارەکانیان لە ڕووی هونەری‌یەوە زۆر بە نرخ بوو. فیلمی (ژیان جوانە) لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەرهەمی گریگوری جوخرای، فیلمی (چاوپێکەوتنی تایبەتی) لە ساڵی ١٩٨٣، لە دەرهێنانی نیکیتامیخالکوف و نوستالژیا، فیلمی (خەمی غەریبی) لە ساڵی ١٩٨٣ ، لە دانانی ئاندرەیی تارکوفسکی لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەو قۆناغە بوون.

لە ساڵی ١٩٨٤ تارکۆفسکی سۆڤیەتی بەجێ‌هێشت. بە ڕۆیشتنی ئەو قۆناغێکی سینەمایی لە سۆڤیەت کۆتایی پێ‌هات. لە هەمان ئەو ساڵانەداو بە هاتنە سەرکاری گۆرباچۆف بارووده‌ۆخی سیاسی سۆڤیەت گۆڕا. ئەو ئازادی‌یەی کە بە هۆی گۆڕانکاری سیاسی دروست بوو هەل و مەرجی فیلمسازی لە سۆڤیەت ڕووبەڕووی گۆڕانێکی قووڵ کردەوە. سینەمای ئەم وڵاتە کە لە دەست و پێوەندی سانسۆر ئازاد ببوو سەرقاڵی مەسەلە جدی‌یەکان بوو کە لە بارووده‌ۆخی سیاسی پێشوودا نەی دەتوانی ئەوانە باس بکات. ستۆدیۆوەکانی فیلمسازی لە بەرهەم هێنانی فیلمدا ئازاد بوون، بەو مەرجەی بتوانێت بودجەی خۆی دابین بکات ئەم وەزعە بووە هۆی ئەوەی گروپێك لە فیلمسازەکان، نیگەرانی زاڵ بوونی سینەمای بازرگانی بن لە سەر پیشەسازی سینەمای سۆڤیەت.

فیلمەكانی (شادمانی ئاسیا) لە بەرهەمی كونچالوفسكی و (گاڵتەیەكی ناخۆش) لە بەرهەمی ڤلادیمیر نائوموف لە دوای ٢٠ ساڵ مۆڵەتی نمایش كردنیان وەرگرت. فیلمەكانی (عاشقی غەریب) لە بەرهەمی پاراجانوف، فیلمی (دودو ئاباشیدز- Do do Abashidz) و (قوربانی) دوا بەرهەمی تاركۆفسكییە كە لە ساڵی ١٩٨٦ لە دەرەوەی سۆڤیەت نمایش كراوە، لەو ڕۆژانەدا مۆڵەتی نمایش كردنی نەدراوە.

لە ساڵی ١٩٨٦ یەكێتی فیلمسازانی سۆڤیەت خەڵاتێكی سینەمایی تازەیان دانا كە بەرامبەر ئۆسكاری ئەمریكا بوو ئەو خەڵاتە ناونرا (نیكس- Nikes).

لە دوای جیابوونەوەی كۆمارەكانی سۆڤیەت، ڕوسیا بەرزترین بەرهەمی فیلمی هەبوو لە بارودۆخی تازەدا كە ئیتر ستۆدیۆكانی فیلمسازی نەیان دەتوانی پشت بە توانای دارایی دەوڵەت و دەسەڵاتی مەركەزی ببەستن، ڕووبەڕووی قەیران بوونەوە. بەرهەم هێنانی فیلم بە هۆی كێشەی دارایی هاتەخوارەوە. لە لایەكی تریشەوە سینەمای سۆڤیەت هەروەك سینەمای ئەوروپا ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمەی چاودێری لەگەڵ فیلمە هاتووەكانی ئەمریكی و تەلەفزیۆن بوونەوە، گروپێك لە فیلمسازەكان هەوڵیان دا بە لاسایی كردنەوەی فیلمە بازرگانییەكانی خۆرئاوا بەسەر كێشەكاندا زاڵ بن. بەم جۆرە لە بەرهەم هێنانی فیلمە هونەرییەكان بەردەوام بوون.

لە كۆمارەكانی تری سۆڤیەت، ژمارەی فیلمە بەرهەم هێنراوەكان لە ساڵێكدا لە خوارترە لە ئاستی بەرهەمی فیلم لە ڕوسیا. كێشەی تر، جەنگەكانی ناوخۆیە لەو كۆمارانە، كە پیشەسازی سینەمای تووشی كێشە كردۆتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پیشەسازی فیلمسازی لە كۆمارەكانی تری سۆڤیەت گۆڕانكاری گەورەی بەدواوە بووە. تاجیكستان و كازاغستان لە دەیەی ١٩٩٠ فیلمسازانی وەك (طالب خامیدوف، باخیتا خدانزر ئوف، ئەمیركاراكولوف و یەرمك شینابائوف هەبوون. هەروەها (سەمیر عباس ئوف، شوخارا عباس ئۆف و یوری سابیت ئۆف) لە فیلمسازەكانی دەیەی ١٩٩٠ بوون لە ئۆزبەكستان.

## فەرەنسا

یەکەمین فیلمی سینەمایی لـە فەرەنسا (برایـانی لۆمـێر) لـە ٢٨ی دیسـێمبەری ١٨٩٥ نمایشیان کردو لەوە بەدواوە ئیتر سـینەمای فەرەنسا هەمیشـە چالاك بـووە. بەرهـەمی برایانی لۆمێر لە سـەرەتاوە فیلمـی بەڵگەنامـەیی و کۆمیدی‌یـە کورتـەکان بـوون. بـەڵام سینەمای داستانی (ژرژ ملی یس) هێنایە کایەوە.

(ملـی یـس)، فیلمـی خـەیاڵی و ڕیوائـی دادەنـا کـە هـەتا پێش ئـەو سـینەما تـەنیا وەسیلەیەك بوو بۆ تۆمارکردنی واقیعی ژیانی ڕۆژانە. ملی یس یەکەمین کەس بوو کە بۆ خوڵقاندنی دیمەنە ریوائی‌یەکان سوودی لە (تـەکنیکی) سـینەمایی کـرد. فیلمـەکانی ئەوەندە تەکنیکی سـینەمایی و دیمـەنی سەرسـوڕهێنەری تیـا بـووە کـە هـەتا ئـەمڕۆش بۆتە هۆی سەرسوڕمانی پسپۆڕان.

فیلمی (لە گەشتێکدا بۆ مانگ) لە ساڵی ١٩٠٢ گەشتیارەکان لەگەڵ دانیشتوانی شـێوە ئاژەڵدا دەجەنگن. فیلمی (لە چوار سەد لێدانی شـەیتان) لـە سـاڵی ١٩٠٦ عەرەبانـەی بـە شـێوە لـە ئەسـتێرەیەك کـە بـە ئەسـپێکی میکـانیکی و سەرسـوڕهێنەر ڕادەکێشـرێ بـۆ هـەموو هەسـارەکان گەشـت دەکـات، لـە فیلمـی (لـە ڕزگـارکردنی قوتـب) لـە سـاڵی ١٩١٢ گروپێکی پشکنین لە بەسـتەڵەك لەگـەڵ چـەند وەحشـی‌یەکی بـەفرین دەجـەنگن. ملـی یس ئەم وەحشیانەی لە تەختەو بە ئەندازەیەکی زۆر گەورە دروست کردبوو. هـەروەها لە فیلمی (بەکرێدانی شەیتانی) لە ساڵی ١٩٠٩ پیاوێك هەموو کـەل و پـەلی ژوورێـك لـە جانتاکەی دێنێتە دەرەوەو ژوورەکە بە مێز، پیانۆ، کۆمەڵێك میوان و خزمەتکارێك پـڕ دەکاتەوەو لە کۆتایی‌دا، هەموو ئەم کەل و پەلانـە دەگەڕێنێتـەوە نـاو جانتاکـە. بێجگـە لەمانە ملی یس لە ساڵی ١٩٠٨ شوێن و میانەی پارافراژ (کونەکانی قـەراخی فیلـم)ی بـە شێوەیەکی یەکسان و جیهانی دەرهێنا. لە پێش ئەوە بە هۆی جیاوازی شوێنی کونەکان، هەر فیلمێك تەنیا بە پرۆژکتۆرێکی تایبەتی کە لەگـەڵ فیلمەکـە گونجـاو بـوو دادەنـراو نمایش دەکرا ئەم کارە ڕێگر بوو لە نمایش کردنـی فیلـم لـە وڵاتـانی جیاجیـا بـە لـەناو

چوونی ئەم سنووردارییە، نمایش کردنی فیلم لە وڵاتە جیاجیاکاندا ئاسان کرا. (ملی یس) کۆمپانیایەکی سینەمایی بە ناوی (ستار فیلم) دامەزراند کە لە ساڵی ١٩٠٤. بەشێکی لە ئەمریکا خەریکی کارکردن بوو.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٣ هەتا ١٩٠٩ (شارل پاتە) بە کردنەوەی (کۆمپانیای سینەمایی پاتە) فرۆشتنی ڕەهای سینەمایی لە ئەمریکاو هەموو وڵاتانی ئەوروپا بە دەست هێناو لە ١٩٠٨ دوو بەرامبەری هەموو ئەو فیلمانەی کە بەرهەم هێنەرانی ئەمریکی بەرهەمیان دەهێنا فیلمی ئەنارد بۆ ئەمریکا.

(پاتە) نمایشنامە ناسراوەکانی لەگەڵ هونەر پیشە بەناوبانگە کۆمیدییەکانی فەرەنسی یا شانۆ ناسراوەکانی تری، بە شێوەی فیلم دەردەهێنا. لە ئەنجامدا فیلمەکانی ئەو وێنەگرتنی شانۆییە بەناوبانگەکان بوو. بەڵام ئەم فیلمانە زۆر بە نرخ بوون و شێوەی کاری ئەو لە فەرەنساو دەرەوەش سینەماکارانی دوایشی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. سوودوەرگرتن لە کارئەکتەری شانۆیی ڕەواجی پەیدا کردو ڕۆمانو نمایشنامە بەناوبانگەکان بە شێوەی فیلم دەردەهێنران. (سارا برنار) کارئەکتەری گەورەی شانۆی فەرەنسا لە فیلمەکانی (خانم کاملیا) لە ساڵی ١٩١١ و (شازادە ئەلیزابێت) لە ساڵی ١٩١٢ ڕۆڵی بینی. لەو ساڵانەدا بەرهەم هێنانی فیلمی کۆمیدیش برەوی پەیدا کرد. فیلمە کۆمیدییەکانی ئەو قۆناغەی فەرەنسا هونەرمەندانی وەك (چارلی چاپلن)ی خستە ژێر کاریگەرییەوە. لە هەمان ڕۆژگاردا (لویی فوییاد)یش فیلمەکانی (تارمایی) ١٩١٣-١٩١٤ و (خوێن خوێرەکان) ساڵی ١٩١٥-١٩١٦ی بەرهەم هێنا کە ئاوێتە بوو لە خەون و واقیعیەت.

لە ساڵی ١٩١٤، ٩٠ ٪ ی فیلمە نمایش کراوەکانی جیهان لە فەرەنسا بەرهەم دەهێنران بەڵام ئەم حاڵەتە هەروا نەمایەوە. لە ساڵی ١٩٢٨، ٨٥٪ی فیلمەکان ئەمریکی بوون. کێشەی ئابووری لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بووە هۆی ئەوەی هەتا کۆمپانیا گەورە سینەماییەکانی فەرەنسا لەناو بچێت. بە لەناوچوونی ئەم کۆمپانیایانە سینەماکارە لاوەکان هەلیان بۆ هەڵکەوت هەتا بە شێوەیەکی سەربەخۆ فیلم ساز بکەن. هەوڵدانی ئەو سینەماکارانە بووە هۆی ئەوەی هەتا بزووتنەوەیەك لە سینەمای فەرەنسا دروست

بێت كە هەوڵی ئەدا سینەما بكەن بە زمانی هونەری. تیۆر دانەری ئەم بزووتنەوەیە (ریكیوتو كانودو) بوو كە سینەمای ناونا (هونەری حەوتەم) و لە ساڵی ١٩٢٠ یانەی دۆستانی هونەری حەوتەمی لە پاریس كردەوە. كەسایەتیەكی گرنگی تری ئەم بزووتنەوەیە (لویی دلو ك) بوو ئەم كەسە لە فەرەنسا ڕەخنەی سینەمایی پەرە پێداو لە ساڵی ١٩٢٠ پەرتووكی (فتۆژنی) چاپ كرد. ئەم پەرتووكە كۆمەڵێك ڕاو بۆچوون بوو دەربارەی سینەما. مەبەستی ئەو لە فتوژنی دۆزینەوەی ئەو وێنە شاعیریانەیە كە لە مرۆڤ و كەل و پەلدا بوو. ئەو وێنانەی كە تەنیا سینەما توانای نمایش كردنی هەیە وشەی فتۆژنیك* كە ئەمڕۆش ڕەواجی هەیە لەو پەرتووكەی (دلوك)ەوە وەرگیراوە. دلۆك لە دامەزراندنی یانە سینەماییەكانی فەرەنساش ڕۆڵی هەبووە. دلۆك بێجگە لە تێوردانان، فیلمسازیش بووە.

سینەمای پێشكەوتووی فەرەنسا بەرهەمی كاری ئەم سینەماكارانەو تیۆردانانە لاوانە بوو ئەم سینەمایە گرنگی زۆری دا بە شێوەی دەربڕینی سینەمایی و دەیان ویست توانای دەربڕینە تایبەتیەكانی سینەما بدۆزنەوە. پەیڕەوانی ئەم بزووتنەوە پێشتر گرنگیان بە سینەمای ئەزموونی ئەداو ئەوەندە گرنگیان بە چیرۆكی فیلم نەئەدا.

وتاربێژی سنیەماكارانی پێشڕەو (ئابل گانس) بوو كە لەژێر كاریگەریی (گریفیث)دا بوو باوەڕی وابوو كە فیلم دەبێت وەك سەمفۆنیەك دابڕێژرێت. گانس گرنگیەكی زۆری بە شێوەی دەربڕینی سینەمایی دەداو بەرهەمەكانیشی زۆربەی شەیدایانەو خەیاڵاوی بوون. لە فیلمی (سوڕانەوە) لە ساڵی ١٩٢٣، دەوروبەری ڕێی ئاسنو جیهانی ئامێری بە زمانێكی سینەمایی پڕ جۆش و خرۆش نمایش كردبوو. گانس توانی لەم فیلمەدا بیروباوەڕی بە شێوەیەكی تەواو پیشان بدات و تواناكانی دەربڕینی تایبەتی سینەما بدۆزێتەوە. بەرهەمی گەورەی تری ئەو فیلمێك بوو دەربارەی ناپلیۆن كە تەواو بوونی لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٧ درێژەی كێشا. گانس ئەم

---

*فوتوژنیك: وتەیەكی فەرەنسیە، بە واتای وێنەگرتنی جینات دێت.

فیلمەی بە ٣ کامێرا وێنەگرت و هەر سێ وێنەگرتنەکەی بە یەکەوە بە نمایش دەرهێنا هەتا وێنەگرتنێکی بەرجەستە پیشان بدات. پێشتر ئەم فیلمە کە ١٢ کات ژمێر بوو هەرگیز بە نمایش دەرنەدەهات.

لەو قۆناغەدا گروپێك لە فیلمسازەکانیش بە پشت بەستن بە ئەدەبیاتی (ماندنی) بەرهەمیان دەخوڵقاند. (ژیرمن دولاك) کە لە بەرهەمەکانیدا لەگەڵ بێ ئاگاییەکانی مرۆڤدا خەریك دەبێت لە ساڵی ١٩٢٧ فیلمێکی سوریالیزمی لەسەر بنەمای سیناریۆیەك لە (ئانتونن ئارتو) سازکرد.

(ژان پستاین)نیش چەند فیلمێکی سازکرد کە لە بارەی جوانی و تایبەتمەندێتی تەکنیکی بە بەرهەمی بەرجەستە دادەنرێت. پستاین لە ساڵی ١٩٢٨ بەرهەمێکی لە (ئەدگار ئالن پو)ی بە شێوەی فیلم دەرهێنا هاوچەرخەکانی ئەم فیلمە لە بارەی تواناو جوانییەوە بە مۆسیقای دیبۆسی دەشوبهێنن.

سینەمای نایاب، شێوەیەکی تری فیلمسازییە کە لە فەرەنسا ڕەواجی هەبووە. ئەم سینەمایەش هەروەك سینەمای پێشڕەو لە پێش هەموو شتێکەوە گرنگی بە فۆرم داوە بە شێوەیەکی گشتی گاڵتەئامێزو توانج ئامێز بووە نموونەی باشی سینەمای نایاب دەتوانرێ لە بەرهەمەکانی (رنەکلەر)دا ببینرێ. رنە کلەر پسپۆڕی دانانی فیلمی کۆمیدی بوو لە دیمەنە کۆمیدییەکاندا بە باشی سوودی لە دەنگ وەردەگرت. لە فیلمی (شەبقەی حەسیریی ئیتالی) لە ساڵی ١٩٢٧، کە ڕووداوی گەڕانە بە دوای شەبقەیەکی حەسیریی لە ئاهەنگێکی بووکێنیدا. هەموو تایبەتمەندێتییەکانی کارەکانی ئەو کۆکراوەتەوە. بەڵام ڕەخنەگران فیلمی (ئازادی لە ئێمەوەیە) بە باشترین بەرهەمی کلەر دەزانن کە لە ساڵی ١٩٤٢ بەرهەم هێنراوە. ئەم فیلمە ڕەخنەییە باس لە ژیانی ئالی دەکات.

دەرهێنەرێکی گەورەی تری ئەو قۆناغە (ژان رنوار) بوو کە کوڕی (ئاگوست رنوار)ی وێنەکێشی بەرجەستەی ئیمپرسیۆنیزم بوو.

ژان رنوار یەکەمین فیلمی لە ساڵی ١٩٢٤ دەرهێناو هەتا کۆتایی تەمەنی وەك دەرهێنەرێکی ناسراوی سینەمای فەرەنسا مایەوە. رنوار بە بەرهەمی (نانا) لە ساڵی

١٩٢٦ خۆی وەك دەرهێنەرێكی خاوەن شێواز ناساند. لە فیلمی (تونی) لە ساڵی ١٩٣٥ ڕووی كردە نیۆریالیزم و لە دروست كردنی فەزای واقیعی و كارئەكتەری ناپیشەیی سوودی وەرگرت. شاكارەكانی ئەو لە پیشاندانی دەربڕینی سینەمایی لە (بۆچوونی گەورە) لە ساڵی ١٩٣٧، (گیانەوەری ئادەمیزادی) لە ساڵی ١٩٣٨ و (یاسا بازی) لە ساڵی ١٩٣٩ دەردەكەوێ.

دەرهێنەرێكی تری فەرەنسی كە لەسەر فیلمسازانی دوای خۆی كاریگەریی هەبووە (ژان ڤیگۆ)یە. ڤیگو لە پێش مردنیدا لە ٢٩ ساڵیدا، دوو فیلمی زۆر باشی لە دەیەی ١٩٣٠ داناوە. ڤیگو لە فیلمسازیدا دیدێكی شاعیرانەی هەبوو فیلمەكانیشی فەزای ڕیوائیو چڕی و پڕی هەبوو. بەڵام دیدی شاعیرانەی ڤیگۆ ڕێگر نەبوو لە دانانی ئەو بە مەسەلەكانی ڕەخنەگریی و كۆمەڵایەتی. لە فیلمی (لە نمرەی ڕەوشتدا سفر) لە ساڵی ١٩٣٢ ڤیگۆ ژیان لە قوتابخانەیەكی شەوانە ڕۆژی زۆر سەختی لە دیدی مامۆستایەكی سەرپێچی كار (گوناهبار) پیشان دەدات و شێوازەكانی یاسای پەروەردەو فێركردن دەكات بە مەخسەرە.

لە ڕۆژانی جەنگی جیهانی دووەمدا لە دوای ئەوەی كە ئەڵمانییەكان فەرەنسا داگیر دەكەن حكومەتی دەست نیشانكراوی خۆیان دەهێننە سەركار، فیلمسازەكان ناچار بوون بۆ دەربازبوون لە سانسۆر فیلمی خەیاڵی و بەسەركردنەوەی ڕووداوە كۆنەكان، بەرهەم بهێنن، ژان كوكتو فیلمی (دێوو پەری) لە ساڵی ١٩٤٦، (ئورفە) لە ساڵی ١٩٥٠ بەرهەم هێنا. دێوو پەری لەسەر بنەمای چیرۆكێكی منداڵانی سەدەی هەژدەهەم دانرابوو، هەروەها ئورفە گێڕانەوەیەكی تازە بوو لە ئەفسانەی ئورفەی شاعیر كە بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەرەكەی دەچێتە جیهانی مردووان. لە هەمان ساڵدا (مارسل كارنە) بۆ پیشاندانی بەرگری چاكە لە بەرامبەر خراپەی ئەفسانەكانی سەدەكانی ناوەڕاستی زیندوو كردەوەو فیلمی (میوانەكانی شەو)ی سازكرد. میوانەكانی شەو داستانی بەرگریی نوێنەری شەیتانە لە بەرامبەر ئەربابەكانی خۆی. نوێنەرەكە كە دەچێتە كۆشكێكی سەدەكانی ناوەڕاست، عاشقی كچی خاوەن كۆشكەكە دەبێت و لەبەر خاتری ئەو سەرپێچی لە خواستەكانی شەیتان دەكات. فیلمێكی تری كارنە، (منداڵەكانی

بەهەشت)ە لە ساڵی ١٩٤٥، چیرۆکی غەمگین و شاعیرانەی دوو عاشقی دوور لەیەکە. کارنە لە بەرهەمەکانیدا بە ئاوێتەکردنی شێوازە جیاوازەکانی سینەمایی شێوازێکی تایبەتی خۆی خوڵقاند.

لە ڕۆژانی داگیرکردنەکەدا، ڕوبەر برسون، فیلمسازی دەست پێکردو لە دواییدا بووە گەورەترین خاوەنی فیلمسازی شێوازی فەرەنسا. برسون تەنیا ئەو فیلمانەی ڕێك دەخست کە بەهای هونەرییان هەبێت. ئەو لە فیلمی (تاوانبارێك بۆ مەرگ ڕادەکات) لە ساڵی ١٩٥٦، بە شێوەیەکی وردو نەخشەکێشراو خەباتی ئەندامێکی ڕاپەڕینی بەرگریی فەرەنسا بۆ دەرباز بوون لە زیندانی نازییەکان بە نمایش دەرهێناوە. برسون لەم فیلمەدا هەوڵیدا پێکادانە دەروونییەکانی زیدانییەکە بەبێ زیادەڕۆیی لە نواندن دا پیشان بدات.

لە پاڵ فیلمی خەیاڵی و دەروناسیانە، سینەمای کوشتن و تاوانیش دروست بوو بناغەدانەری ئەم هونەرە (ژرژ کلوزو) بوو.

کلوزو کاری خۆی بە فیلمی (تاوانبار لە ژمارە ٢٤ دەژی) دەست پێکرد. بەڵام باشترین کاری فیلمی (قەلەڕەش)ە لە ساڵی ١٩٤٣. قەلەڕەش لەسەر بنەمای چیرۆکێکی ڕاستەقینە دانراوە لەم فیلمەدا نامەکانی نووسەرێکی ون بووی شارێك بە دڵ تەنگی و ترسێکەوە دائەنێ. ئەم نامانە کە تاوانبارکەرو ئاشکراکەر بوون دەبێتە هۆی ئەوەی لە شارێکی بچووك و ئارامی فەرەنسا گومان و نەفرەت هەموو شوێنێکی بگرێتەوە لە پای ئەوەدا چەند کارێکی پێچەوانەی یاسا ئەنجام دەدرێ. قەلەڕەش کە بە لایەنی ناشیرین و بێڕەحمانەی ژیان خەریك بووە بە هۆی وێنەگرتنی ناخۆشی کە لە خەڵك بە دەست دێت ڕووبەڕووی کاردانەوەی جیاجیای ڕەخنەگران بۆوە.

هەڵچوونی بەرگریی لە نمایشەکە بە تووڕەیی دێت و ئەوەی بە بەرهەمێکی ڕەزامەند دادەنێ لەگەڵ بیروباوەڕی نازییەکان لە بارەی خەڵکی فەرەنسا. بەڵام هەندێ لە ڕخنەگرەکان بە کاردانەوەیەکی دادەنێن لە بەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتی نازییەکان. کلوزو لە ساڵی ١٩٥٣ فیلمی (کرێی ترس) و لە ساڵی ١٩٥٥ فیلمی (شەیتانی صەفتان)ی بەرهەم هێنا کە بە کارە زۆر باشەکانی ئەو ناسراون. کرێی ترس فیلمێکی

ڕەخنەگرانە بوو دەربارەی کۆچی دوایی چوار شۆفێری کامیونـە کـە لـەکاتی هـەڵگرتنی دینـامێت دا لـەناو دەچـن و شـەیتانی صـەفتانیش چـیرۆکێکی تـاوان و نـهێنی ئامێزی هەبوو.



فیلمێکی (فرانسوا ترۆفۆ)

لە دەیەی ١٩٥٠ گروپێکی ڕەخنەگری لاوی سـینەمایی، وەك (کلـود شـابرول، فرانسـوا تروفو، ژان لوگ گدار گرد، ئاندرە بازن) لە گۆڤاری (کایرس دو سـینەما- Cahiers du Cinema)، کۆبوونـەوە. ئەوانـە کـە لەگـەڵ شـێوازی فیلمسـازی هۆلیـۆد نـەیار بـوون، جۆرێکی نوێیان لە سینەما هێنایە کایەوە کە ناونرابوو بە "شەپۆلی نوێ".

لایـەنگرانی شـەپۆلی نـوێ لـە بـارەی شـێوازو شـێوەی فیلمسـازی لەگـەڵ یـەکتریدا جیاوازیان هەبوو. پێشتر ئەوانە لە کۆمەڵی ڕەخنەگرانی (گۆڤاری کایرس دوو سـینەما) بـوون فیلمی (فرانتیك- Frantic) لـە سـاڵی ١٩٥٨ لـە دانـانی لویـی مـاڵ، فیلمـی (لـە هەناسەدان کەوتووە) لە ساڵی ١٩٦٠ لە دانانی گدار لـە بەرهـەمی فیلمسـازەکانی شـەپۆلی نوێ بوون.

(ژرژ فرانـژو، کریـس مارکـەر، ئـەنیس واردا)ش پەیوەسـت بـوون بـەم جـۆرە بزووتنەوە سینەماییيە. (لوئیـس بونویـل)یـش کـە فیلمسـازێکی ئیسـپانیيە لـە دەیـەی ١٩٦٠ دوو فیلمی لە باشترین بەرهەمی سینەمای فەرەنسای بەرهەم هێنا.

لەو قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆری فیلمسازە لاوەکان خەریکی کارکردن بـوون. لـە سـاڵی ١٩٦٢ (گۆڤاری کایرس دوو سینەما) لە لیستێکدا ناوی ١٦٢ فیلمسازی نوێی ڕاگەیاند.

بە هۆی قەیرانی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٨ لە فەرەنسا گروپێك فیلمسازی لاو لـە دەوری یەکتری کۆبوونەوە هەتا بەرگریی لە بـەهاکانی سـینەمای ئـەزموونی و هونـەری بکـەن. بەڵام چالاکییەکانیان ئەوەندە کاریگەریی لەسەر سـینەمای فەرەنسا دانـەناو سـینەمای بازرگانی، سەرەڕای هەوڵدانی ئەم گروپەش هەر گەشەی کرد.

لە دەیەی ١٩٧٠ دەوڵـەتی فەرەنسا بـۆ پارێزگـاری کردنـی سـینەمای هونـەری ئاسـتی باجی ئەم جۆرە فیلمانەی کەم کردەوەو لەسەر فیلمە لاوازەکان زیـادی کـرد. ئـەم کـارە بـووە هـۆی ئـەوەی هـەتا سـینەمای فەرەنسـا بتوانێـت بـەردەوام بێـت لـە کـاری خۆیـدا؛ هەرچەند لەگەڵ پشتگیری دەوڵەت لە سینەمای ناوخۆ، هێشتا هەر زیاتر ئەو فیلمانەی کـە لـە فەرەنسا پیشـان ئـەدران ئـەمریکی بـوون. کێشـەیەکی تـری سـینەمای فەرەنسـا گرنگی دانی خەڵکە بە تەلەفزیۆن. کـە لـە ژمـارەی بینـەری سـینەمای کـەم کردۆتـەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو کێشەکاندا، سینەمای فەرەنسا هەتا ئێستا فیلمی بـەنرخی هونـەری ڕێك دەخات.

(ژان ژاك ئانود، لوك بسون، ژان کلود بریسو) لە فیلمسازە باشەکانی دەیـەی (١٩٩٠)ە لە فەرەنسا.

## كوبا

لە ساڵی ١٨٩٧ یەكەمین فیلم لە كوبا بە نمایش دەرهات و زۆر خێرا سینەما بووە خۆشحاڵی گشتی و خۆشەویستی خەڵكی كوبای نیمچە دەریای كارائیب. لە ساڵی ١٩٠٦ ئەنریكۆ دیازكویە سادا، لە كوبا فیلمی سازكردو لە ساڵی ١٩٠٨ سازكردنی فیلمی داستانی كورت بەرەوی هەبوو. هەتا ساڵی ١٩٢٠ (كویەسادا) تەنیا فیلمسازی كوبایی بوو. ناسراوترین فیلمی كوبایی ئەو ساڵانە فیلمی (مانویل گارسیا) لە دانانی خوان ئەنجلۆ. دەرهێنەری تری ئەو قۆناغە (رامون پون- Ramon Peon) بوو كە یەكەمین ستۆدیۆی فیلمسازی لە كوبا دروست كردو لە ساڵی ١٩٢٩ یەكێك لە باشترین بەرهەمەكانی خۆی سازكرد. سینەمای بێدەنگی كوبا زیاتر بە مەسەلەكانی كۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕییەوە خەریك بوو.

لە ساڵی ١٩٣٧ (ئەرنستو كاپاروس) یەكەمین فیلمی دەنگداری كوبایی سازكرد. (رامون پون)یش لە هۆلیوود گەڕایەوەو لە ساڵی ١٩٣٨ یەكێك لە باشترین فیلمە مێژووییەكانی سینەمای كوبای سازكرد. لە قۆناغی قەیرانی ئابووری ئەمریكا، سینەمای كوبا بە پەیڕەوكردنی سینەمای ئەمریكا خەریكی بەرهەم هێنانی فیلمی كۆمیدی و مۆزیكالی بوو. لە ساڵی ١٩٤٣ یەكەمین فیلمی ڕەنگاوڕەنگی كوبایی بەرهەم هێنراو لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە دیسان لەژێر كاریگەریی سینەمای ئەمریكا بەرهەم هێنانی فیلمی چەتەگەریی بڕەوی پەیدا كرد. لە ساڵی ١٩٤٣ سینەمای ناپیشەیی لە كوبا دەستی بەكاركردن كرد. (توماس گوتی یەرز ئالە ئا) لە ساڵی ١٩٤٦ دوو فیلمی كورتی سازكردو لە ساڵی ١٩٤٨ بانستور ئالندروس (١٩٣٠-١٩٩٢)، وێنەگری بەرجەستەی كوبایی، فیلمێكی لەسەر بنەمای چیرۆكێكی كافكا دەرهێنا.

لە دوای شۆڕشی كوبا لە ساڵی ١٩٥٩، پیشەسازی سینەمای ئەم وڵاتە گۆڕانێكی گەورەی دروست كردو لەژێر چاودێری ڕێكخراوێكی ڕێك و پێك جێگیر ببوو. ئەم ڕێكخراوە كە چاودێری نمایشی فیلمە بیانییەكانیشی دەكرد كۆمپانیای سینەمای تازەی

دروست کردو بۆ پەروەردەکردنی سینەماکاران، پسپۆڕانی لە چیکۆسلۆڤاکیاوە بانگێشت کرد. چالاکی‌یەکانی ئەم ڕێکخراوە بووە هۆی ئەوەی ژمارەی فیلمی بەرهەم هێنراو لە ساڵدا زیاد بکات و ژمارەیەکی زۆری سینەماش لە وڵاتەکەدا دروست بکرێت.

لە دوای شۆڕش چەندین فیلمساز کە لەو بارودۆخە تازەیە ناڕازی بوون، کوبایان بەجێهێشت. بەڵام ئالندروس کە زیاتر لە دەرەوەی کوبا کاری دەکرد بە ماوەیەکی کەم لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش گەڕایەوە کوباو لە ساڵی ١٩٥٩ تا ١٩٦١ لە وڵاتەکەی سەرقاڵی سازکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی بوو. (ئومبرتو سولاس) یەکێکی ترە لە فیلمسازە بەرجەستەکانی ئەم قۆناغەی کوبا.

ئەم فیلمسازە کە لە ١٤ ساڵیدا بۆ خەبات کردن لە دژی دیکتاتۆری باتسیتا خوێندنگەی بەجێهێشتبوو، لە دوای شۆڕش ڕووی کردە سینەما. سولاس لە ساڵی ١٩٦١ فیلمی (کاسابلانکا- Casablanca)ی دەرهێناو دوایی ژمارەیەکی زۆر فیلمی بەڵگەنامەیی و داستانی سازکرد. ناسراوترین فیلمی ئەو (لوسیا- Lusia) بوو لە ساڵی ١٩٦٨ . لوسیا فیلمێکی گاڵتەئامێزی دەربارەی وەزعی ژنانی کوبایی دوای شۆڕش بوو.

(ئالەئا) کە فیلمسازی لە ڕۆژانی خوێندنی‌یەوە بە سازکردنی فیلمی (٨) ملیمەتری دەست پێکردبوو لە ڕۆژانی حکومەتی باتیستا پەیوەندی بە شۆڕشگێڕەکانەوە کردبوو، لە کوبا مایەوە، لە ڕێکخستنی سینەمای کوبا لە دوای شۆڕش چالاکانە بەشداری کردو خۆی بووە گەورەترین فیلمسازی کوبا. لە ساڵی ١٩٦٠ فیلمی (چیرۆکەکانی شۆڕش)، یەکەمین فیلمی ڕەسمی حکومەتی تازەی پێك هێنا.

لە ساڵی ١٩٦٢ فیلمی (دوانزە کورسی) دەرهێنا کە فیلمێکی کۆمیدی بوو دەربارەی چالاکی‌یەکانی نەیارانی شۆڕشی کوبا. فیلمی (مەرگی بۆرۆکراتێك) لە ساڵی ١٩٦٦، یەکەمین فیلمی ئالەئا بوو کەسەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم فیلمە بە شێوەی گاڵتەئامێز خراپی‌یەکانی بۆرۆکراسی‌یەك لە دوای شۆڕشی کوبا، دەکاتە مەخسەرە. ئەم فیلمە خەڵاتێکی زۆری بردەوە بەڵام گرنگترین خەڵات کە تایبەت بوو پێی، خەڵاتی تایبەتی لیژنەی داوەری بوو لە فێستیڤاڵی (کارلووی واری). ئالەئا لە ساڵی ١٩٦٨ فیلمی (یادەوەری‌یەکان لە پێش گۆڕانکاری)ی سازکرد. ئەم فیلمە داستانی

گۆڕانـی دەروونـی پیـاوێك بـوو لـە هاڤانـا لـە پێـش شـۆڕش، خـەڵاتی جیـهانی زۆری بـە دەسـت هێنـا. دوا بەرهـەمی فیلمـی (شـلكەكان و شـوكلاتەكان) لـە سـاڵی ١٩٩٤ بـوو. ئـەم فیلمـە لـە فێسـتیڤاڵی كـان جـێی پەسـەند بـوو خـەڵاتی وەرگـرت. لـە دوای شـۆڕش فیلمسازانی بیانیش لە كوبا سەرقاڵی كاركردن بوون. (چزارە زاواتینی، كریـس ماركـەر، میخائیل كالاتوزوف و ئەنیس واردا) لەو كۆمەڵە دەرهێنانانە بوون.

## پۆڵەندا

کاری فیلمسازی زۆر زوو لە پۆڵەندا دەستی پێکرد بەڵام بە هۆی کێشـەی سیاسـی و ئـابووری بـە هێواشـی پێش کـەوت. لـە سـاڵی ١٩٠٢ ئـەندازیارێکی لاو بـەناوی (کازیمـیرز پروزینسکی) کامێرایەکی بە ناوی (پلوگراف- Pleographe ) داهێناو بەوە فیلمی کورتی سازکرد. گرنگی دان بە سینەما لە سـاڵی ١٩١٠ بـەدواوە زیـادی کـرد. یـەکێك لـە هۆکـانی ئارەزوومـەندی خـەڵك بـۆ سـینەما، بوونـی ئەسـتێرەیەك بـوو بـە نـاوی (ئاپولونیـا شالوپیك) کەلە دوایی‌دا لە هۆلیۆد بە ناوی (پولانگری) ناسرا. هەتا ساڵی ١٩١٤ سینەمای پۆڵەندا لەژێر دەسەڵاتی ڕوسیای تـزاری‌دا بـوو پێشـتر فیلمـەکان لەسـەر بنـەمای دەقە ئەدەبی‌یەکان دادەنران. بەسەربەخۆبوونی پۆڵەندا لە ساڵی ١٩١٨، بەرهەم هێنانی فیلمی دژ بە تز اری‌یەکان برەوی پەیداکرد، ژمارەی بەرهەم هێنانی فیلم لە سـاڵدا گەیشـتە ٢٢ فیلم. لە ساڵی ١٩٢٠ یەکەمین ستۆدیۆی فیلمسازی لە وارشۆ دامەزرا.

لەم دەیەدا سینەمای پۆڵەندا لە ڕووی هونەری‌یەوە لە هەموو وڵاتانی تر لە دواوە بوو.

ئەلکساندەر هرتس، ڕیچارد ئوردینسکی کـە بەرهـەمی کلاسـیکیان بـە شـێوەی فیلـم دەردەهێنـا، ڤیکتـور بیگانسکی هـەوڵی ئـەدا هـەتا دەسـتی بگاتـە شـێوەی دەربڕینـی سینەمایی، ڕیچارد بولسلاڤسکی کە لە دوایی بووە دەرهێنـەرە ناسـراوەکانی هۆلیـۆد، لـە بەرجەستەترین فیلمسازانی ئەو قۆناغە بوون.

لە ساڵی ١٩٢٩ گروپێکی خوێندکار (ئەنجومەنی سینەمای پێشڕەو)یان دروسـت کـرد. ئـەم ئەنجوومەنـە لەسـەر سـینەما. لـە پێش جـەنگدا لـە پۆڵـەندا کاریگـەریی هـەبوو. ئەلکساندەر فوردو جرسی بوساك، لـە ئەندامـەکانی ئـەم ئەنجوومەنـە بـوون. باشـترین فیلمی ئەم قۆناغە فیلمی (پاسەوانی شەقامەکان) بوو لە ساڵی ١٩٣٢، لە بەرهەمی فورد. ئەم فیلمە توانی لە دەرەوەی پۆڵەندا سەرنجی بینەران ڕابکێشێ.

فیلمی (بێداری- Awakening) لە ساڵی ١٩٣٤ لـە بەرهـەمی فـۆردو فیلمـی (روزا) لـە ساڵی ١٩٣٦ لە بەرهەمی جۆزیف لجتز، لە فیلمە سەرکەوتووەکانی ئەم قۆناغە بوون. لـە

دوای ئەوەی سـوپای ئـەڵمانیا پۆڵـەندای داگـیرکرد، دەرهێنـەرەکانی وەك فـۆردو بوسـاك (یەکەی سینەمایی سوپای پۆڵەندا)یان لە ڕوسیا دامـەزراند. لـە دوای جـەنگ لـە سـاڵی ١٩٤٨ یەکەمین خوێندنگەی سینەمایی لە (لودز Lodz) کرایەوە، بە دوای ئـەوەدا چـەند سـتۆدیۆیەکی فیلمسازی جیـا جیـا دروسـت کـران کـە هـەندێ لەوانـە بـۆ کـاری (دومـا)، وێنەی جوڵاو (فیلم کارتۆن) و بەرهەمی بەڵگەنامەیی تەرخان کران.

فیلمی (لافاو) لە ساڵی ١٩٤٧ لە سازکردنی بوساك، فیلمی (دوا دیمـەن) لـە سـاڵی ١٩٤٨ لە بەرهەمی جاکوبوسکاو فیلمی (جادەی سنووری) لە ساڵی ١٩٤٨ لە بەرهەمی فـۆرد، لـە فیلمەکانی دو ای جەنگی پۆڵەندا بوون کە لە دەرەوەی پۆڵەنداش جێی سەرنجی خـەڵك بوو. فیلمی (٥ کەس لە شەقامی بارسکا) لە دەرهێنانی فۆرد لە فێستیڤاڵی کان لە سـاڵی ١٩٥٣ خەڵاتی پێدراوە.

لـە سـاڵەکانی دەسـەڵاتی سـتالین دا، سـینەمای پۆڵـەندا بـە هـۆی بوونـی سانسـۆر دووچـاری وەسـتان بـوو هـەتا ٣ ساڵ لـە دوای مردنـی سـتالین نـەیتووانی بگەڕێتـەوە حاڵـەتی ئاسـایی خـۆی. لـە ناوەڕاسـتی دەیـەی ١٩٥٠ فیلمسـازە داهێنـەرەکان سـەرقاڵی کـارکردن بـوون و توانیـان سـینەمای پۆڵـەندا بـە جیـهان بناسـێنن. ئەوانـە کـە لـە فیلمـەکانیاندا سـەرلەنوێ بـە لێکۆڵینـەوەی داسـتانە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـەوە خـەریك دەبـوون. هـەوڵیان ئـەدا کەسایەتی تاکە کـەس لەسـەر بنـەمای دەروون ناسـی شیبکەنەوە. بە نمایش کردنی فیلمەکانی (یەك نەوە) لە ساڵی ١٩٥٤ و (کەناڵ) لە سـاڵی ١٩٥٧ لە بەرهەمی ئاندرەیی وایدا لە فێستیڤاڵی کـان، جارێکی تـر سـەرنجی جیـهانی بـۆ سـ ینەمای پۆڵەندا ڕاکێشا. لەم فیلمانەدا وایدا پاڵەوانەکانی لـە بـارووودۆخێکی سـەخت و بـەدەر لـە تواناشـیان دادەنـێ و پاڵەوانەکانیشی دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە. لـە سـاڵەکانی دواییدا وایدا هەموو جۆرەکانی فیلمی سازئەکرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٩ بـە دانـانی فیلمـی (لوتنـا- Lotna) دووبـارە گەڕاوەتـەوە بـۆ ئـەو مەوزوعانـەی کەپەیوەسـتە بـە یادەوەرییەکانی لە جەنگی جیهانی دووەم. هـەروەها لـە فیلمـی (خۆڵەمێشـییەکان) لـە ساڵی ١٩٦٥ دیسان بە مەوزوعی جەنگەوە خەریك بوو.

له ساڵی ١٩٦٢ رومن پولانسکی فیلمی (چەقۆ لە ئاودا)ی بەرهەم هێناو لە ساڵی ١٩٦٤ (یدرزی کاوا لروزیج)ی دەست نووسی ساراگوسای دەرهێنا. یرزی سکولیموڤسکی لە ساڵی ١٩٦٥ فیلمی (گوزەرکردن)ی هێنایە سەر پەردەی سینەماو لە ساڵی ١٩٦٨ وایدا فیلمی (هەموو شتێك بۆ فرۆشتن)ی دەرهێنا کە تایبەتی ترین بەرهەمی ئەو بووە.

قەیرانی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٨ لە پۆڵەندا. کە خۆپیشاندانی خوێندکارانی بەداوە بوو بە توندی زەرەری لە سینەمای ئەو وڵاتە دا. هێزەکانی دەوڵەتی بەسەر سینەمادا زاڵ بوون و هەموو ئەو کەسانەی کە لەم پیشەیەدا ڕۆڵی سەرەکی‌یان هەبوو، بەرکەنار کران. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئارەزووی دژ بە یەهودی‌یەکان لە دەوڵەتدا گروپێك لە سینەماکاران بە ناچاری پۆڵەندایان بەجێهێشت. لەم قۆناغەدا فۆرد لە پۆڵەندا ڕۆیشت و بوساك ڕووی کردە سازکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی. بە هۆی ئەم گوشارانەوە سینەمای پۆڵەندا قۆناغێکی درێژی لە قەیران و خامۆشی‌دا بەسەربرد.

وایدا لە ساڵی ١٩٧٠ فیلمی (ئاسۆی دوای جەنگ)ی سازکرد. لە کۆتایی ١٩٧٠ فیلمەکانی بە هۆی پیشان دانی بێ ئارامی سیاسی لە پۆڵەندا، کەوتە بەر سەرنج. لە ساڵی ١٩٧٧ فیلمی (پیاوێکی خۆڵەمێشی) و لە ساڵی ١٩٨١ (پیاوی فلزی)ی سازکرد. پیاوی فلزی وایدای دووچاری کێشەی سیاسی کردو لە کۆتایی‌دا ناچار بوو پۆڵەندا بەجێ بێڵێ و بچێتە فەرەنسا. فیلمی (هاوسەر) لە ساڵی ١٩٧٢ یەکێکی ترە لە بەرهەمە بەرجەستەکانی وایدا لەو دەیەدا.

لە دەیەی ١٩٨٠ لەگەڵ بوونی سانسۆرو گوشاری توندی سیاسی سینەمای پۆڵەندا بەردەوام بوو لە کارکردن. فیلمسازەکانی وەك (کاوال روڤیچ و تادیوس کونویکی) بەرهەمی باشیان پیشان دا. لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠ حکومەتی کاتی پۆڵەندا ڕووخا. لەم قۆناغەشدا فیلمسازەکان لە جێی تەنگ و چەڵەمەی سیاسی زیاتر بە تەنگ و چەڵەمەی ئابووری‌یەوە دامابوون.

کریستوف کیسلوفسکی، فیلمسازی گەورەی پۆڵەندا یەکەمین فیلمی لە ساڵی ١٩٦٩ سازکرد بەڵام چەند ساڵێك بە هۆی کێشەی سیاسی نەیتوانی فیلمەکە پەخش بکات.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ فیلمێکی کورتی دەربارەی (کوشتن) و فیلمێکی کورتی دەربارەی (عەشق) سازکرد.

فیلمەکانی (ژیانی دووانەی ورونیکا)، (ئاوی) لە ساڵی ١٩٩٣، (سوور) لە ساڵی ١٩٩٤ و (سپی) لە ساڵی ١٩٩٤ لە فیلمە ناسراوەکانی ئەو بوون.

بێجگە لە (کیسلوفسکی وایدا، زانوسی و کیوسکی)یش لە دەیەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ بە بەرهەم هێنانی فیلم خەریك بوون، مارسیا زیبدیسکی، یانوش زاروسکی و ئاندرەیی زولاڤسکی لە دەرهێنەرە بەرجەستەکانی ئەم سالآنەی دوایی بوون لە پۆڵەندا.

## بولگاريا:

يەكـەمين فيلمـی سـينەمايی لـە بولگاريـا لـە سـاڵی ١٨٩٦ نمـايش كـرا. لـە سـاڵی ١٩٠١ يەكـەمين فيلمـی بەڵگەنامـەيی سـازكراو لـە سـاڵی ١٩٠٥ يەكـەمين هۆڵـی سـينەما لـە بۆدابست دروست كـرا. بەرهـەم هێنـانی فيلـم لـە سـاڵی ١٩١٢ بـە دواوە لـە دوای دروسـت كردنی ستۆديۆيەكی فيلمسازی لە بۆدابست دەستی پێكرد. لە پێشتر ئـەو فيلمانـەی كـە لـە بولگاريـا نمـايش دەكـران بيـانی بـوون. بـەڵام لـە نێـوان سـاڵەكانی ١٩١٢ هـەتا ١٩١٤ كۆمپانياى فيلمسازى يەك لە دواى يـەك دروسـت دەكـران و وردە وردە ئارەزوومـەندانی سينەما ئەوەندە زيادی كرد كە لە ساڵی ١٩١٨، ١٥ دەرهێنەری پيشەيی لە بولگاريا كاريـان دەكرد. لەم قۆناغەدا، سەرەڕای بەرهەم هێنانی فيلم گرنگيان بە ڕەخنەی سينەمايی و لێكۆڵينەوەی تيۆری ئەم هونەرە ئەدا لە بولگاريا.

لە ساڵی ١٩١٩ ماوەيەكی كەم كۆمۆنيستەكان دەسەڵاتيان گرتە دەست. دەوڵەتی كاتی بولگاريا گرنگی زۆری دا بە سينەما.

يەكـەم وڵات بـوو لـە جيهانا كـە پيشەسـازی سـينەمای بـە نيشـتمانی ڕاگـەياندو لـە مـاوەی ٤ مـانگدا ٣٠ فيلـم بـە بودجـەی دەوڵـەت بەرهـەم هێـنرا. بـە ڕووخـانی كۆمۆنيسـتەكان و هاتنـە سـەركاری حكومـەتی تـازە، فيلمسـازانی پێشـڕەوی وەك (ئەلكساندەر كورداو پل فجوس)ی وا لێكرد هـەتا لـە وڵات دووربكەونـەوە. گرۆپيـگ لـە كارئەكتـەرەكانيش بولگاريـان بەجێهێشـت. لـە ئـەنجامی ئـەم گۆڕانكاريـەدا لـە ناوەڕاستی دەيەی ١٩٢٠ بەرهـەم هێنـانی فيلـم لـەم وڵاتـە وای لێهـات گەيشـتە سـفر. لـە دەيەكانی ١٩٣٠و ١٩٤٠ وەزعی سينەمای بولگاريا بەرەو چاك بوونەوە دەڕۆيشتو ژمـارەی فيلمی بەرهەم هێنراو لە ساڵدا گەيشتە ٤٠ فيلم. بە هۆی بوونی پەنابەرانی بولگاری لە ئەمريكا لە نێوان ساڵەكانی ١٩٣٤ تا ١٩٣٩ فيلمەكانی بولگاری دەنێردران بۆ ئەمريكا.

بەلام ئەو فیلمانە لە ڕووی چۆنیەتیەوە ئەوەندە باش نەبوو. لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا سینەمای بولگاریا لە ڕووی بەهای هونەریەوە گەیشتە لاوازترین پلە.

لە سالی ١٩٤٧ کۆمۆنیستەکان دەسەلاتیان گرتەوە دەست و یەك سال دوای ئەوە جارێکی تر سینەمای بولگاری بە نیشتمانی ڕاگەیەنرا. لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠ گۆڕانکاری باش لەم سینەمایەدا دەرکەوت و ژمارەی فیلمە بەرهەم هێنراوەکان لە سالدا گەیشتە ٢٠ فیلم. لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ بێجگە لە ٢٠ فیلمی سینەمایی لە سالدا هەموو سالێك ٥٠ فیلمی بەلگەنامەیی و ٣٥ فیلمی کارتۆن بەرهەم دەهێنرا. لەم قۆناغەدا فیلمسازە لاوەکان بە توانایەکی وەهاوە هاتنە پێشەوە کە پێشتر ئەوانە دەرچووی قوتابخانەی سینەمایی بودابست بوون. (زولتان فابری، یانوش هرسکو، ستفان سزابو، میکلوش یانچو) لە فیلمسازە بەرجەستەکانی ئەو قۆناغە بوون.

لە دوای ئەم دوو دەیە، سینەمای ئەم ولاتە بەرهەمی کەمتر بۆوە. لە سالی ١٩٩١، تەنیا ١٤ فیلم لە بولگاریا بەرهەم هێنراون کە لەو ژمارەیە ٤ فیلمی بەلگەنامەیی و ١ فیلمی کارتۆن بووە. هەروەها ژمارەی بینەری سینەماش کەم بۆوەو فیلمەکانی بولگاری دووچاری پێشبڕکێی بەرهەمی سینەمایی ئەمریکی بوونەوە. ئێستا حکومەتی بولگاریا بۆ پا ڕێزگاری کردنی سینەمای خۆمالی کۆمەکی دارایی فیلمسازە بولگاریەکان و ئەو سینەمایانەی کە بەرهەمەکانی ئەوانە پیشان ئەدەن دەکات.

## هيندستان

خەڵكی هيندستان زۆر حەزيان لە سينەمايە. ئەم وڵاتە كە دانيشتوانەكەی نزيكەی ٩٠٠ مليۆن كەسە، خاوەنی بەرزترين بەرهەم هێنانی فيلمی سينەماييیە لە جيهاندا. لە هەر ساڵێكدا چەندين كۆمپانيای سينەمايی و ئامادەكارانی سەربەخۆ لە هيندستان زياتر لە ٩٠٠ فيلمی سينەمايی و ژمارەيەكی زۆری فيلمی كورت و بەڵگەنامەيی ساز دەكەن. فيلمەكان لە نزيكەی (١٣٠٠٠ ) هەزار هۆڵی سينەمادا نمايش دەكرێ و بۆ وڵاتانی بەريتانيا، ئەمريكا، كەنەداو وڵاتانی ئاسيايی و ئەفريقی دەنێردرێن. لە هيندستان خەڵك بە ١٦٠٠ ديالەتيكی جيا جياو ١٦ زمان قسە دەكەن، چەندين مەزهەب، فەرهەنگ و داب و نەريتی جياجيا ئەوەندەی تر كێشەی بۆ سينەمای هيند دروست كردووە. بە هەمان هۆ لە هيندستان دوو جۆر فيلم بەرهەم دەهێنرێن. هەندێ فيلم بە زمانی هيندی بەرهەم دەهێنرێن هەندێ فيلمی تر كە لە زمانەكانی تریئەو ناوچانەو بە ديالێكتی ناوچەيی بەرهەم دەهێنرێن. گەورەترين مەڵبەندی فيلمسازی لە هيندستان، لە (بۆمبای مودەريس)ن. لە كاتێكدا كە ستۆديۆی فيلمسازی لە هەموو شوێنەكانی وڵاتەكەدا بلاوبۆتەوە. لە بۆمبای فيلمەكان بە زمانی هيندی دادەنرێن كە زۆربەی خەڵكی هيندستان بەو زمانە قسە دەكەن. لە شاری (مودەريس)يش فيلمەكان بە زمانی تاميل دادەنرێن كە لە باشووری وڵاتەكە زمانی سەرەكیيە.

لە باكووری هيندستان فيلمەكانی هيندی و لە باشووريش ئەو فيلمانەی كە بە زمانی تاميل بەرهەم دەهێنرێن خۆشەويسترين و پڕ جەماوەرترينی فيلمەكانن. يەكێكی تر لە بەرهەمە گرنگەكانی سينەمای هيند فيلمە بەنگالیيەكانن كە لە شاری (كەلكەتە) بەرهەم دەهێنرێن. (ماراتی، ئوريا- Orya، ئاسا ميش- Assamese) لە زمانەكانی تری ئەم وڵاتەن.

سينەما لە ساڵی ١٨٩٦ لە هيندستان ناسرا. لە ساڵی ١٨٩٨ فيلمی كورتی (گەيشتنی شەمەندەفەر بۆ وێستگەی بۆمبای) نمايش كراوەو لە ساڵی ١٩١٣ (دادا صاحب فاليكە)

دەرهێنەرو ئامادەكاری هیندی فیلمی (راجەهاری شاندرا)ی سازكرد. سەركەوتنی ئەم فیلمە لە ڕووی بازرگانی‌یەوە وای لە فالیكە كرد لە بۆمبای یەكەمین ستۆدیۆی فیلمسازی دروست بكات. فیلمەكانی فالیكە وەك بەرهەمەكانی (ملی یس) فیلمسازی فەرەنسی، خەیاڵی بوون. فالیكە فیلمەكانی لەسەر بنەمای چیرۆكی داستانە كۆنەكان دادەناو پاڵەوانی بەرهەمەكانیشی، خواكان و خواوەندەكانی هیند بوون. لەگەڵ هاتنەكایەی سینەمای دەنگدار فالیكە كۆتایی بە كارەكانی هێنا، بەلام هێشتا ئەو بابەتانەی ئەو حەزی لیٚ دەكرد تا ئێستاش جیٚی سەرنجی خەڵكە لە هیندستان.

لە ساڵی ١٩٢٥ (فرانتس ئوستن)ی دەرهێنەری ئەڵمانی، فیلمی ڕوناكی ئاسیا (ژیانی بودا)ی لە هیندستان بەرهەم هێنا كەبە باشترین بەرهەمی سینەمای بیٚدەنگ دادەنرێت لە هیندستان، لە كۆتایی قۆناغی سینەمای بیٚدەنگدا ساڵانە لە هیندستان ١٠٠ فیلم بەرهەم دەهێنران. لە ساڵی ١٩٣١ فیلمی (ئەلەم ئارا- Alam Ara)، كە یەكەمین فیلمی سینەمای دە نگداری هیندی بوو هاتە سەر پەردەی سینەما. لەم فیلمەدا بەشێكی زۆری سەماو گۆرانی تیا نمایش كرابوو. سەركەوتنی لە ڕادەبەدەری ئەم فیلمە لە ڕووی بازرگانی‌یەوە بوو بە نموونە بۆ بەرهەم هێنانی فیلمەكانی دوایی. فیلمە هیندی‌یەكان لە ڕووی سەردەمەوە زۆر بالان. هەریەكەیان ژنێكی هونەر پیشەی ناسراو ڕۆڵ دەبینیٚو گۆرانی‌و سەما ڕۆڵی سەرەكی‌یان هەیە لە فیلمدا.

زۆربەی چیرۆكەكان بۆ نمایش كردنی دیمەنێكی سەماو گۆرانی كە لەوانەیە هیچ پەیوەندی بە چیرۆكی فیلمەكەوە نەبێت، دادەنرێت لە هەر فیلمێكدا ئەبیٚ بە لانی كەمەوە ٦ دیمەنی سەماو گۆرانی لەگەڵدا بێت. سوودوەرگرتن لە سەماو گۆرانی لە سینەمای هینددا بە هۆی كاریگەریی نمایشە كۆنەكانی‌ئەم سینەمایەیە لەم وڵاتەدا. ئەم سینەمایە لە ڕووی مۆسیقاوە لەژێر كاریگەریی نمایشە خۆماڵی‌یەكانی هیندە لە سەدەی نۆزدەدا. سینەمای ڕەواجی هیندی زیاتر بازرگانی‌یە. گرنگی نادا بە واقیعی كۆمەڵایەتی و تەنیا ئەو چیرۆكانەی كە هەست و سۆزی دوور لە واقیعی و لەگەڵ سەماو گۆرانی بە نمایش دەردەهێنن.

بێجگە لە سینەمای بازرگانی، لە هەمان سەرەتاوە جۆرێکی تریش لـە سـینەما هاتـە ئـاراوە کـە گرنگـی بـە مەسـەلە کۆمەڵایەتی‌یـەکان ئـەدا. لـە سـاڵی ١٩٣٤ لـە بۆمبـای (ستۆدیۆی تالکیز- Talkies )، دروست کرا. فیلمی (کچی مەخسەرە نەویستراو) لە ساڵی ١٩٣٦ لە بەرهەمی ئەم ستۆدیۆیە بوو. ئەم فیلمە باسی تەنگ و چەڵەمـەو مەسـەلەکانی سیستەمی چینایەتی دەکرد لە هیندستان. لە ساڵی ١٩٣٧ فیلمی (ساینت توکارم- Saint Tukaram) کـە بـە زمـانی مـاراتی بـوو. خـەڵاتی فێسـتیڤاڵی ڤانیسـیای بـردەوە. فیلمسازێکی تـری هینـدی کـە نـاوی (بیمـال روی- Bimal Roy) بـوو، واقیعیـەکانی کۆمەڵگەی هیندی باس دەکرد. لە ساڵی ١٩٥٣ فیلمی نێوریالیزمی بە ناوی (دوو هێکتـار زەوی) سازکرد. ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی کـان لـە سـاڵی ١٩٥٤ خـەڵاتی وەرگـرت. (خواجا احمد عباس) فیلمسازێکی ترە کـە زیـاتر فیلمـی بازرگـانی سـازدەکرد. هـەروەها لـە پـاڵ ئەوانەشدا لـە زەمینـەی سـینەمای جدی و هونـەریش دا خـەریکی تاقیکردنـەوە بـوو فیلمی (مونا- Munna) لە ساڵی ١٩٥٤، لە دەرهێنانی خواجا، یەکەم فیلمی هینـدی بـوو کـە سـەماو گۆرانـی تیا نـەبوو. ئـەم فیلمـە لـە هیندسـتان و وڵاتـانی تـر بــە پێشـوازی ڕەخنەگران ڕووبەڕوو بۆوە بەڵام لە ڕووی بازرگانی‌یەوە شکستی خوارد.



ساتیا جیێت رای

ساتیا جیت رای، دەرهێنەری گەورەی هیند، یەکەمین فیلمساز بوو کە دوور لە سیستەمی بازرگانی فیلمی ساز دەکردو سەرکەوتوو بوو. سەرکەوتنی ئەو بووە هۆی ئەوەی جۆرێك لە سینەمای سیاسی و سەربەخۆ لە هیندستان سەقام گیر بێت.

ساتیا جیت رای بە زمانی بەنگالی فیلمی ساز دەکردو فیلمی (پاتر پانچالی Pather Panchali ) کە سێ بەش بوو، ناسراوترین بەرهەمی ئەوە. ئەم فیلمە چیرۆکی کوڕێك بەناوی ئاپۆ دەگێڕێتەوە کە لە گوندەوە دەچێتە شار. بەشی یەکەمی ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٥٥ لە فێستیڤاڵی کان نمایش کراو لە هیندستان و لە دەرەوەش ڕووبەڕووی پێشوازیەکی زۆر بۆوە. بەشی دووەمی فیلمەکە لە ساڵی ١٩٥٦ و بەشی کۆتایی لە ساڵی ١٩٥٩ بەرهەم هێنرا. ساتیا جیت رای بێجگە لەم فیلمە چەند فیلمێکی تری باشی سازکرد بەڵام هیچ کامێکیان لە بەرهەمەکانی ئەوەندەی ئەو ٣ فیلمە سەرکەوتوو نەبوون. لە کارەکانیدا زۆر گرنگی بە مۆسیقا ئەدا. لە فیلمەکانیدا سوودی لە مۆسیقازانە گەورەکانی هیند وەك (ڕاوی شانکار) وەردەگرت. بێجگە لەوانە ئاوازی فیلمی شکسپیر (والا- Wallah) لە ساڵی ١٩٦٥ لە دەرهێنانی جیمز ئیوری فیلمسازی ئەمریکی، لە بەرهەمی (ساتیا جیت رای)یە. تایبەتمەندێتی فیلمەکانی ئەو هەمەڕەنگیە کە لە بارەی بابەت و جۆری چیرۆکی فیلم لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێ. لە هەموو بەرهەمەکانی ئەودا دەتوانی ئەندێشەی مرۆڤ دۆستانەو گرنگی دان بە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە پاڵ عەشق دا بە سینەما ببینێ. ڕای تەنیا دەرهێنەرێکی هیندیە کە لە وڵاتانی تر بەرهەمەکانی ڕووبەڕووی پێشوازیەکی زۆرو جێی گرنگی پێدان بووە. ساتیا جیت ڕای لە ساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووەو دوا فیلمیشی، (گەشتی ناتەواو) بوو کە کوڕەکەی (ساندیپ ڕای) تەواوی کرد.

سینەمای هیند لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بۆ زیادکردنی ژمارەی بینەرانی هەوڵێکی زۆری داوە. مەسەلەی سیاسی و شەڕەکانی ناوخۆش کاری زۆری کردە سەر ئەم سینەمایە.

لە ماوەی جەنگی نێوان هیندستان و پاکستان لە ساڵی ١٩٦٥، کاربەدەستانی پاکستان پیشاندانی فیلمە هیندیەکانیان لە خۆرهەڵاتی پاکستان قەدەغە کرد. ئەم

قەدەغەکردنە زەرەری بە پیشەسازی سینەما دا لە پەنگال. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆ رهەڵاتی پاکستان و بە دروست بوونی دەوڵەتی بەنگلادش، ٥٠ ملیۆن بینەر بۆ سینەمای بەنگالی زیادبوو.

سینەمای ئەمڕۆی هیند، فیلمسازی باش و جدی‌یان هەیە. بەڵام هێشتا هەر سینەمای بازرگانی زاڵە بەسەر پیشەسازی سینەمای ئەم وڵاتە. خۆشەویستی ئەم جۆرە سینەمایە لە هیندستان بە جۆرێکە کە فیلمی (من عاشق بووم) لە دەرهێنانی سوراج بەهارجاتیا لەسەرەتای دەیەی ١٩٩٠ بۆ چەند ساڵێك لەسەر ڕووی پەردەی سینەما مایەوە. هەرچەند مانگێك فیلمەکە دووبارە مۆنتاژ دەکرایەوەو دوایی بە زیادکردنی چەند دیمەنێکی، دیسان بۆ بینەران پێشکەش کراوەتەوە.

سینەمای نابازرگانی هیند لە دەرەوەی ئەم وڵاتەش توانیویەتی بینەران بۆ خۆی پەیدا بکات. فیلمی (شازادەی ڕاهزنان) لە ساڵی ١٩٩٤، لە سازکردنی سوکرکاپور کە باسی مەسەلەی ژنان دەکات لە ڕژێمی چینایەتی هیند لە جیهاندا ڕووبەڕووی پێشوازی‌یەکی زۆر بۆوە، بەڵام لەناو هیندستان مۆڵەتی پیشان دانی پێ‌نەدرا.

ساندیپ ڕای، راج کاپور سای پارانجیب، کتاج مەهتا، شوکر کایول و مانی کاپول لە فیلمسازە سەرکەتووەکانی سینەمای ئەمڕۆی هیندستانن.

## ئێران:

ئێرانی‌یەکان بۆ یەکەمین جار لە ڕۆژگاری سەڵتەنەتی (موزەفەرە دین شا)ی قاجار ئاشنای سینەما بوون. ئەم شایە لە ساڵی ١٩٠٠، پێنج ساڵ لە دوای یەکەمین نمایشی داهێنانی (برایانی لۆمێر) چووە شاری کنترکس ویل لە فەرەنسا بۆ بینینی (سینما توگراف) و زۆر بە توندی شەیدای ئەم داهێنانە تازەیە بوو. موزەفەرەدین شا داوای لە میرزا ئیبراهیم خان کرد کە وێنەگری تایبەتی دەربار بوو هەتا کەل و پەلی وێنەگرتن و پەخشی سینەما ئامادە بکات.، یەك مانگ دوای ئەوە لە (ڕۆژی جەژنی گوڵ)دا لە بەلجیکا میرزا ئیبراهیم خان فیلمێکی لە مەراسیمەکە ئامادە کرد. ئەو بە یەکەمین وێنەگری ئێرانی دادەنرێت. لە دوای ئەوەی میرزا ئیبراهیم خان گەڕایەوە بۆ ئێران لە دەرباری پاشادا وێنەی دەگرت و. کامێراکەی لە جۆری (گومون) بوو ئەو فیلمانەی کە ئامادەی ئەکرد، بەرهەمی بەڵگەنامەیی و ئاسایی بوون. وێنەگرتن لە قمەزنی و لە سەبزەمەیدان و ئامادەکردنی وێنەی شێرەکان لە (دوشان تەپە)، لە کارەکانی ئەو قۆناغەی ئەو بووە.

لە دوای گەڕانەوەی پادشا بۆ ئێران نمایش کردنی فیلمە کە بۆ یەکەم جار لە (دەرباری شا) و دوایی لە جەژنەکان و میوانداری‌یە گەورەکان ڕەواجی هەبوو. نمایش کردنی فیلم بۆ پیاوان و بۆ ژنان بە جیا بوو. بەو جۆرە لەهەر کۆڕێك دا بە شێوەیەکی گشتی فیلمەکە دووجار نمایش دەکرا. بەم جۆرە سینەماکە لە ئەوروپاو ئەمریکا لە سەرەتاوە هونەری خەڵك و هەرزان بوو، لە ئێران بە شێوەی هونەری ئەشراف و خانەدانەکان و پڕ بودجە دەرکەوت.

یەکەمین کەس کە هەوڵی دا لە ئێراندا سینەما بە شێوەیەکی هونەری و جێی سودوەرگرتنی گشتی بێت، (میرزا ئیبراهیم خانی سەحاف باشی) بوو. لە ساڵی ١٨٨٧ سەردانی ئەوروپای کردووەو لە لەندەن ئاشنای سینەما بووە. سەحاف باشی لە مانگی سێبتێمبەری ساڵی ١٩٠٤ گەڕایەوە ئێران و لە حەوشەی پشت ماڵەکەی هۆڵێکی نمایشی

دروست کرد. کۆمیدی‌یە ئاسایی‌یەکانی لەو قۆناغەدا نمایش دەکردو زۆربەی ئەو کەسانەی دەهاتن بۆ بینینی لە خانەدان و گەورەکان بوون دوایی سەحاف باشی لە شەقامی چراغ گاز (ئەمیر کبیر)ی ئێستا یەکەمین هۆڵی سینەمای گشتی کردەوە. نرخی ئەو بلیتانەی لەو سینەمایەدا کە شەوانە دەکرایەوەو یەك مانگی ڕەمەزان چالاکی هەبوو، لە ١ ریاڵ تا ٥ ریاڵ بوو. ئەو فیلمانەی کە لەم هۆڵەدا پیشان دەدران زیاتر لە بەرهەمەکانی (کۆمپانیای پاتە) بوو بێجگە لەوانە هەندێ فیلمی جەنگی ترانسوال لە ئەفریقای باشوور نمایش دەکران کە لە ١٠ خوولەك زیاتر نەبوو. میرزا ئیبراهیم خان پیاوێکی ڕۆشنبیرو بیروباوەڕێکی پێشکەوتووانەی هەبوو بەڵام بە هۆی کێشەی دارایی و ئە و ئاستەنگانەی کە لەگەڵ کەسایەتی‌یە گرنگەکاندا پەیدا ببوو لە ئێرانەوە دوور خرایەوە بۆ کەربەلاو لە دوایی‌دا چووە هیندستان. لە دوای شۆڕش میرزا ئیبراهیم خان گەڕایەوە ئێران، چووە مەشهەد هەتا دوا ڕۆژی تەمەنی لەوێ مایەوە. بەڵام ئیتر بە سینەماوە خەریك نەبوو.

دوو ساڵ دوای ئەوە، مەهدی ڕوسی خان کە ناوی ڕاستەقینەی (ئیوانۆف) بوو لە ئێران زۆر یارمەتی دەربوو بۆ برەوپێدانی سینەما. روسی خان باوکی ئینگلیزو دایکی روسی بووە. لە دوکانی وێنەگری عبداللە میرزای قاجار کە وێنەگری دەربار بوو کاری دەکرد. لە سەرەتای سەڵتەنەتی (محمد علی شا)، روسی خان بووە وێنەگری دەربارو سەرۆکی بەشی وێنەگرتن لە (خانەی هونەر) بە هۆی ئەو وێنانەی کە لە گەورەکانی گرتبوو، شا نازناوی (روسی خان)ی پێدا. لە ساڵی ١٩٠٧ دوو ڕوس بە خۆشی خاوەن شکۆ (احمد میرزا) دوو فیلمیان لە هۆڵی ئاوێنەی کۆشکی گوڵستان نمایش کرد. ئەوانە، دوایی لە ماڵی کەسانی ناسیاو و لە مەراسیمی ژن هێناندا خەریکی نمایش کردنی فیلم بوون. مهدی ڕوسی خان بە بینینی ئەم فیلمانە هەستی بە لایەنی بازرگانی ئەم داهێنانە تازەیە کرد. ئامێرێکی نمایش و ١٥ بەکرەی فیلمی لە کۆمپانیای پاتە کڕیو لە مانگی ١٩٠٦/٢ سەرقاڵی نمایش کردنی فیلم بوو لە دەربارو ماڵی خانەدانەکان. لە دوایی‌دا ڕوسی خان لە ساڵی ١٩٠٧ لە دوکانی وێنەگری خۆی لە شەقامی (عەلائەلدەولە)

خەریکی نمایش کردنی فیلم بوو. لە دوایی‌دا (ئاقایوف) لە شەقامی چراغ گاز (ئەمیر کبیر)ی ئێستا هۆڵی پیشاندانی فیلمی کردەوە.

پێشبڕکێی نێوان ڕوسی خان و ئاقایوف بووە هۆی ئەوەی کە هەرکەیان هەوڵ بدەن هۆڵی گەورەترو باشتر بکەنەوە. ئاقایوف هۆڵێکی بچووکی بە ٢٠ کورسی لە بەشی دواوەی دوکانێك لە شەقامی ناصری (ناصر خسرو) دروست کرد. هەروەها ڕوسی خان حەوشەی (خانەی هونەر) کە لە بەرامبەر هۆڵی ئاقایوف بوو وەرگرت. ڕووی حەوشەکەی بە قووماش گرت و تیایدا ١٥٠ تا ٢٠٠ شوێنی دانیشتنی دروست کردو هەتا پیانۆژانێك و کەمانچەژەنێکی دامەزراند تا لە کاتی پێشکەش کردنی فیلمەکەدا مۆسیقا لێبدەن. ڕوسی خان لە هاوینی ١٩٠٩ بەرەو ڕوسیا چوو لەوێ یەك سندوق فیلمی هێنا. لە دوای گەڕانەوەی دووەم هۆڵی نمایشی خۆی کە دوایی ناوی نا (فاروس)، لە شەقامی لالەزار کردەوە. ئەم هۆڵە دەزگایەکی مولیدەی کارەبا، فێنك کەرەوە، چێشتخانەو سەندەویجی هەبوو. لەو ڕۆژانەدا ناکۆکی و پێشبڕکێی نێوان ئاقایوف و ڕوسی خان گەورە بۆوەو لە دوایی‌دا هەردووکیان خرانە زیندانەوە. ڕوسی خان لە دوای ئازادبوونی لە زیندان لە دەروازەی شاری قەزوین هۆڵێکی تازەی کردەوە کە زیاتر فیلمی ڕوسی پیشان ئەدا. باروودۆخی سیاسی گومان کراوی ڕوسی خان و پەیوەندی ئەو بە ئەشراف‌و کەسانی ڕژێمی پێشوو، بووە هۆی ئەوەی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئەو هەل و مەرجەدا، هۆڵی دەروازەی قەزوین داخرا. لە دوایی‌دا لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٩ هۆڵی (فاروس)یش داخرا.

ڕوسی خان لە دوای میرزا ئیبراهیم خانی عکاسباشی، یەکەمین کەس بوو کە لە ئێران وێنەگرتنی دەست پێکرد. ئەو لە عاشورای ساڵی ١٩٠٩ فیلمێکی ئامادەکرد کە بۆ دەرکەوتن و ناساندنی خۆی ناردی بۆ ڕوسیاو لە هەموو شوێنێك نمایش دەکرا، بەڵام لە ئێران مۆڵەتی نمایش کردنی نەدرا. لە دوای کەوتنی (محمد علی شا) لە ئێران خەڵك دوکانەکەیان تالان کردو سینەمای فاروس کەوتە بەردەستی (میرزا اسماعیل قەوقازی). ڕوسی خان لە ساڵی ١٩١٢ ڕووی کردە فەرەنساو ڕۆژانی تەمەنی خۆی لەوێ بەسەربرد.

لە دوای ڕوسی خان، ئارتاشس پاتماگریان، کە بە (ئەردەشێر خان) ناسرابوو، لە ساڵی ١٩١٢ هۆڵی سینەمایی لە شەقامی (عەلائەلدەولە) دروست کرد. لەو هۆڵانەدا کاتێك کە ژمارەی بینەران زیاد دەبوو پیانۆژەنێك و کەمانچە ژەنێك بە ئاوازی مۆسیقا لەگەڵ فیلمەکەدا بەردەوام دەبوون. لە ساڵی ١٩١٣ ئەم هۆڵە داخراو ئەردەشێرخان هۆڵێکی نمایشی تری لە شەقامی لالەزار لە بەرامبەر سینەمای فاروس دروست کرد. بێجگە لەوانە لە ساڵی ١٩١٧ ئەردەشێرخان هۆڵێکی تازەی لە شەقامی (عەلا ئەلدەولە) بە ناوی (سینەما خورشید) کردەوەو لە ساڵی ١٩٢٠ لە شەقامی (ئەمیریە) سینەمایەکی لە دەرەوە بەبێ بینا کردەوە. بەڵام لەبەرئەوەی هەر جارێك کە فیلم نمایش دەکرا کارەبای ناوچەکە تووشی پچڕان و خەلەل دەبوو، ئەم سینەمایەش داخرا.

یەکێکی تر لەوانەی کە بۆ نمایش کردنی فیلم لە ئێراندا هەوڵی دا، (علی وکیلی) بوو. لە ساڵی ١٩٢٤ لە بەغداد چوو بۆ چەند سینەمایەك کە لە بارەی توانای گوزەرانی ژیانییەوە لە وە زعێکی گونجاودا بوو بڕیاریدا هۆڵێکی وا لە ئێراندا دروست بکات. وکیلی لە بەغداد کەل و پەلی نمایشی فیلمی کڕی. لە دوای گەڕانەوەی هۆڵی (گراندهوتیل)ی بەکرێ گرت بۆ نمایشی فیلم و دوای ئامادەکردنی ئەو شوێنە خەریکی پیشاندانی فیلم بوو. لەو ڕۆژگارەدا چوونی ژنان بۆ سینەما عادەت نەبوو. وکیلی هۆڵەکانی سینەمای فراوان کردو هۆڵی خوێندنگەی زەردەشتیانی کچانی بەکرێ گرت بۆ پیشاندانی فیلم بۆ ژنان. هەروەها لە هۆڵی سینەمای سوپا ئۆرکسترایەکی دانا کە لە میانەی نمایشی فیلمەکاندا، ئاوازی ئێرانی بژەنن. وکیلی لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ بە هۆی دەست گیر بوونی لە کارێکی تر لە چالاکی سینەما دوور کەوتەوە.

لە هەمان قۆناغدا (خان بابا موعتەزەدی)، سێیەمین وێنەگری سینەمایی ئێرانی، دەستی بەکارکردن کرد. موعتەزەدی لە پاریس خوێندنی تەواو کردبوو لە دوای دوو ساڵ کارکردن لە کۆمپانیای (گومون) لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ بە کەل و پەلی پێویستی وێنەگرتن هاتەوە بۆ ئێران. لەو ڕۆژگارەدا سینەما لە ئێران ڕەونەقی پەیدا کردبوو لە تاران ٧ هۆڵی سینەما دروست کرابوو، موعتەزەدی یەکەمین لابراتۆری دەرخستنی فیلمی لە تاریکخانەی دوکانەکەی دروست کردو لە ساڵی ١٩٢٨ پیشەسازی سینەمای

دروست کرد. موعتەزەدیوێنەی فیلمی سینەمایی درێژی (ئابیو رابی) لە بەرهەمی (ئوگانیانس)ی گرت و هەر خۆی فیلمی درێژی بەلگەنامەیی (سەردانی ڕەزا شا بۆ تورکیا) و چەند ڕاپۆرتە فیلمێکی سازکرد. لە فیلمەکانی تەنیا ژمارەیەکی دیاریکراوی ماوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٠ ئەڵمانییەکان فیلمی بەلگەنامەیی و درێژی خۆیان، (ڕێگەی ئاسنی ئێران)نیان بە نمایش دەرهێنا. ئەم فیلمە هەر لە دروست کردنی ڕێگای ئاسنی باکوور لە ساڵی ١٩٢٦ هەتا تەواوبوونی کارەکە وێنەی گیرابوو. لەو قۆناغەدا ئەو فیلمانەی کە پیشان ئەدران بێدەنگ بوون و زیاتریش بیانی بوون وەك (میترۆ پۆلیس) لە دانانی فریتس لانگ، کۆمیدییەکانی چاپلن و (ڕزگارکردنی بابل) لە بەرهەمی گریفیث. فیلمەکان خودی خاوەن سنیەماکان ئامادەیان دەکردو بە شێوەیەکی باو کاتی نمایش کردنی فیلم ئاوازی پیانۆو کەمانچە دەست پێدەکات تا تەواو بوونی فیلمەکە. لە کۆتایی دەیەی ساڵی ١٩٣٠ سینەما لە ئێران وەك هونەرێك قبولْ کرابوو. واتە سەرەڕای هۆڵی سینەماو بینەر، ڕەخنەگرو کاربەدەستانی چاودێریش لەسەر فیلم جێگەی خۆیان کردبۆوە ئەم بارودۆخە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی هۆڵەکانی سینەما بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٠ ئیدارەی دەوڵەت یاسای "نمایشەکان و سینەماکان" دەربکەن. ئەم یاسایە خاوەن سینەماکان ئاگادار دەکات بۆ کردنەوەی سینەماو نمایشی فیلم پێویستە مۆڵەتی نووسراو وەربگرن. بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فیلم دەبێ لێپرسراوان پێش نمایش کردنی فیلمەکە ببینن. بەپێی ئەو یاسایە پیشاندانی فیلمی بەدڕەوشتی قەدەغە کرابوو. سەرەڕای جگەرەکێشان و شکاندنی هێلکە لە هۆڵی سینەما، دانانی کورسی زیادەو وەستانی بینەران لە هۆڵدا قەدەغە بوو. هەر لەو ساڵانەدا بۆ کردنەوەی خوێندنگەی فێربوونی سینەماو نواندن چەند هەوڵێك دراو لە ساڵی ١٩٣٠ (ئەوانس ئوگیا نیانس)، خوێندنگەی ئارتیستی* سینەمای دامەزراند.

---

*ئارتیست: وشەیەکی فەرەنسییە بە مانای هونەرمەند، یا کەسێك لە بەشێکی هونەردا پسپۆڕبێ.

ئەوانس ئوگانیانس، پەنابەرێکی ئەرمەنی- ڕووس بوو کە لە ساڵی ١٩٠٠ لە (عەشق ئاباد)ی تورکمەنستان لە دایک بووەو لە ساڵی ١٩٢٩ لە کاتێکدا کەنەی دەتووانی بە فارسی قسە بکات هاتە ئێران ئوگانیانس لە ساڵی ١٩٣٠ بە کۆمەکی دارایی پەنابەرێکی ڕووسی بە ناوی (گریشا ساکوار لیدزە) خوێندنگەیەکی سنیەمایی بەناوی (خوێندنگەی ئارتیستی سینەما) دامەزراند. لە قۆناغی یەکەمدا زیاتر لە ٣٠٠ کەسی نووسی کە بۆ ئەو کاتە ژمارەیەکی سەرنج ڕاکێش بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە خوێندنگە کە وانەی تایبەتی بۆ کچانیش تیابوو هیچ کچێك یا ژنێك ناوی خۆیان نەنووسی. لە وانەکانی ئەم خوێندنگەیە (وێنەگرتن، شمشێربازی، بالیە، تەکنیکی سینەماو وەرزشی سویدی) تیابوو.

قوتابخانەی ئارتیستی سینەما دوو قۆناغی چالاکی هەبوو کە بە کۆمەڵ ٢٣ هونەرمەندی پەروەردە کرد. دەست پێکردنی قۆناغی سێیەمیش ڕاگەیەندرا بەڵام ئەم قۆناغە بە کردەوە بە ناتەواوی مایەوە. کارێکی گرنگی تری ئوگانیانس سازکردنی یەکەم فیلمی درێژی بێدەنگی ئێرانی بە ناوی (ئابی و رابی) بوو. ئەم فیلمە کە بە سەرمایەی ساکوارلیدزە سازکرابوو لە ١٩٣٠/١٢/١٢ لە (هۆڵی سینەمای مایاك) نمایش کرا. ئەم فیلمە بە لاسایی کردنەوەی فیلمە کۆمیدییەکانی ئەو قۆناغەو لەسەر کارەکانی هەردوو کۆمیدی دانیمارکی بەناوی (پات و پاتاشون) دانرابوو. ئابی و ڕابی هەروەك پات و پاتاشون دو و کەسایەتی بوون کە بە یەکەوە گاڵتەیان دەکرد بۆ نموونە ئابی بە پەلە بڕێکی زۆر ئاو دەخواتەوە. بەڵام سکی ڕابی بەرز دەبێتەوە. یا ئابی لەتاو بێخەوی ئەوەندە سەری لەسەر سەرینەکە دێنێ و دەبا هەتا سەرینەکە کە پارچە پارچە دەبێت و پەڕەکانی دەچێتە ئاسمان. لەم کاتەدا ڕابی دێتە ژوورەوەو بە خەیاڵی ئەوەی کە بەفر دەبارێ چەترەکەی دەکاتەوەو لەسەر سەری ڕای دەگرێ. لەم فیلمەدا ئوگانیانس بۆ کۆمەك کردنی خوڵقاندنی دیمەنە پێکەنیناوییەکان سوودی لە نیگارەکانی (فریدریك تالبێرگ) و، سویدیەك کە نیگارو دیکۆری دیمەنەکانی خستۆتە ئەستۆ، ڕۆڵەکانی فیلمی (ئابی و ڕابی)، زەرابی و سوهرابی دەیان بینی و هەموو ڕۆڵەکانیش خودی ئوگانیانس لەگەڵ چەند کەسێك لە قوتابییەکانی قوتابخانەی

ئارتیستی وەك (دهقان و قطبی)، خستبوویانە ئەستۆی خۆیان. لەم فیلمە تەنیا یەك دانە ماوەتەوە ئەوانی تری هەمووی لە ساڵی ١٩٣٢ لە کاتی گڕگرتنی سینەمای مایاك لە ناوچووە. دووەمین فیلمی ئوگانیانس، بە ناوی (حاجی ئاغای ئاکتوری سینەما)، لە ساڵی ١٩٣٣ نمایش کرا. ئەم فیلمە چیرۆکی فیلمسازێکی لاوە کە

دەگەڕێ بە دوای بابەتێکدا بۆ سازکردنی فیلمێك لە کۆتاییدا بڕیار ئەدا بۆ خولقاندنی چیرۆکەکە سوود لە حاجی ئاغا وەربگرێ وەك کارئەکتەر کە خەزووری خۆیەتی.

خۆشی ڕووداوەکە کە لەوەدایە حاجی ئاغا بە توندی بەکاری سینەمایی زاواکەیی و نواندنی کچەکەشی لە فیلمەکەدا ناڕازییە. فیلمساز بۆ گەیشتن بە مەبەست چەند دیمەنێك دروست دەکات. پوری کە نۆکەری حاجی ئاغایە، سەعاتەکەی دەدزێ و حاجی ئاغا بە ناچاری بە دوای نۆکەرەکەدا دەگەڕێ و لە شاردا دەگەڕێ. ڕێکخەرانی فیلمەکە لە دوای زنجیرەیەك ڕووداو حاجی ئاغا بە بێ ئەوەی ئاگای لە ڕێنماییەکانی ئەوان بێت لە نزیکەوە ڕێنمایی دەکرێت. کە دوایی دەتوانێت سەعاتەکە بدۆزێتەوە. دەرهێنەر بەبێ ئاگای حاجی ئاغا هەموو دیمەنەکان بە شاراوەیی وێنەی دەگرێ و لە دواییدا حاجی ئاغا ڕادەکێشێ بۆ هۆڵی سینەما. حاجی ئاغا لەسەر پەردەی سینەما خۆی دەبینێتەوەو چەپڵە ڕێزان و هاندانی بینەران وای لێ دەکات وازبێنێت لە دژایەتی سینەما. (ئە وانس ئوگانیانس) نووسەرو دەرهێنەری فیلمەکە بووەو (پایولۆ پوتومکین)یش وێنەگرتنی فیلمەکەی خستۆتە ئەستۆ. ئەم فیلمە بە سەرمایەیەکی کەم و تەنگ و چەڵەمەی زۆر بەرهەم هات و ئامادەکردنی ئەم فیلمە یەك ساڵی خایاند. بەڵام لەبەرئەوەی نمایشی ئەمە لەگەڵ نمایشی فیلمی (کچی لوڕ) کە یەکەم فیلمی دەنگداری ئێرانی بوو بە یەکەوە بوو، ئەوەندە جێی سەرنج نەبوو. لە دواییدا ئوگانیانس هەوڵی دا ستۆدیۆی فیلمسازی و بەرهەم هێنانی فیلمی ئێرانی دروست بکات بەڵام لەم کارەدا شکستی هێنا. چەندین جار هەوڵیدا دیسان بە کاری سینەماوە خەریك بێت بەڵام سەرکەوتوو نەبوو هەتا لە ساڵی ١٩٣٩ کۆچی دوایی کرد.

فیلمی (کچی لوڕ)، یەکەمین فیلمی دەنگداری ئێرانی، گۆڕانێکی گەورەی لە سینەمای ئێراندا بەدی هێنا. ئەم فیلمە (عبدالحسین سپنتا) (١٩٠٧-١٩٦٩) سازی کردبوو. سپنتا بەلاوی چووبووە هیندستان بۆ تەواوکردنی خوێندن لەوێ بە ڕێنمایی (دنیشا ئێرانی) سەرۆکی ئەنجومەنی زەردەشتیان، بە نووسین، وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە، خەریك بوو. لەو قۆناغەدا ئەو دەربارەی ئێرانی کۆن، زەردەشت و عارفی قەزوینی، بەرهەمی زۆری نووسی. لە ساڵی ١٩٢٩ ڕۆژنامەی (دوورنمای ئێران)ی لە بۆمبای بڵاوکردەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە لە دوای ١٥ ژمارە داخرا، لە دوای ئەوە سپنتا بە لێکۆڵینەوە سەرقاڵی نووسین و زمانی کۆنی ئێرانی بوو. لە ساڵی ١٩٣٣ لە سەردانێکیدا بۆ ئێران لەگەڵ ڕابیندرانات تاگورو دنیشا ئێرانی چوونە دیداری عارف. سپنتا لە هیندستان ئاشنای سینەما بوو لەگەڵ ئەردەشێری ئێرانی خاوەنی کۆمپانیای فیلمسازی (ئمپریال فیلم) لە بۆمبای خەریکی کارکردن بوو. کچی لوڕ کاری بەرهەمی ئەم دووانە بوو. لە ڕاستیدا ئەردەشێری ئێرانی دەرهێنەری هونەریی و عبدالحسین سپنتا دەرهێنەری چەند بەشێکی فیلم بوو. واتە مەسەلە هونەرییەکان، کارەکانی کامێراو مۆنتاژو وێنەگرتن لەژێر چاودێری ئەردەشێری ئێرانی بوو گفتوگۆو شیعرەکان، ئاوازەکان ئەو وردەکاریانەی کە مۆرکێکی ئێرانی دەدا بە فیلمەکە لە ژێر چاودێری سپنتادا بوو. هەتا فیلمنامەی کچی لوڕ بە پێی قسەکانی خودی سپنتا بە چاودێری هونەریی ئەردەشێری ئێرانی نووسیویەتی. گەورەترین کێشەی ڕێك خەرانی ئەم فیلمە پێویستی قسەکردن بوو بە زمانی فارسی لەگەڵ کارئەکتەرەکان. ئیتر ئامادەکارانی فیلمەکە بە سوود وەرگرتن لە ئێرانییەکانی دانیشتووی هیندستان وەك کارئەکتەری ناپیشەیی، کێشەکەیان چارەسەر کرد. خودی سپنتاش لە جێی چەند کەسێك ڕۆڵی دەبینی. چیرۆکی ئەم فیلمە لە هیندستان ڕووی داوە بەڵام لە دەوروبەری بۆمبای شوێنێك کە لە لوڕستان بچێت پەیدا نەبوو بەو هۆیەوە هەڵبژاردنی شوێنەکانی وێنەگرتن بە هەوڵدان و دژواریيەکی زۆر ئەنجام درا. لە کۆتاییدا لە دوای ٧ مانگ کارکردن و هەوڵ دان فیلمەکە تەواو بوو. ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٣٤ لە سینەمای مایاك پیشان درا. ئەم

فیلمە لە کاتێکدا نمایش کرا کە فیلمە ئەوروپیو ئەمریکیەکان بەبێ دۆبلاژ، لە سینەماکانی ئێراندا پیشان ئەدرا. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بینەرانی ئێرانی لە گفتوگۆی فیلمەکان تێنەدەگەیشتن دیسان گرنگییان بە سینەمای بێدەنگ ئەدا.

نمایش کردنی فیلمی (کچی لوڕ) لەو ڕووەوەی کە گفتوگۆکانی بۆ بینەران نامۆ نەبوو تێدەگەیشتن، لە لایەن خەڵکیەوە پێشوازی لێکرا. نمایش کردنی فیلمەکە لە سینەماکانی (مایاك) و (سوپا) دوو ساڵ درێژەی کێشاو هەتا لە لایەن ڕەخەگرانەوە پێشوازی لێکرا. بەڵام بەهەرحاڵ سپنتا لە کارشکێنی گروپێك لە یارمەتی دەرانی سینەما زۆر ڕەنجی کێشا. سپنتا هەتا ساڵی ١٩٣٧ فیلمی ساز دەکرد. فیلمەکانی (فیردەوسی) لە ساڵی ١٩٣٥، (شیرین و فەرهاد) لە ساڵی ١٩٣٦، (چاوە ڕەشەکان) و (لەیلاو مەجنون) لە ساڵی ١٩٣٧ لە بەرهەمەکانی ئەو بوون. لە فیلمی لەیلاو مەجنون سپنتا بێجگە لە نووسینی فیلمەکە ڕۆڵی مەجنونیشی بینیوە. لەیلاو مەجنون پڕ خەرج ترین و دوا فیلمی ئەو بوو بەڵام بە هۆی گروپ چێتی لە نێوان بەرهەم هێنەرانی فیلم، نمایشی فیلمەکە ڕووبەڕووی شکست بۆوە. لەوەبەداوە سپنتا وازی لە سینەما هێناو لە ساڵی ١٩٤٤ تا ١٩٥٤ بە بەخش کردنی هەفتەنامەی (سپنتا)وە خەریك بوو. سپنتا لە کۆتایی تەمەنیدا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٠ بە کامێرایەکی ٨ ملیمەتری، وێنەی دەگرت. لەو قۆناغەدا بێجگە لەو وێنانەی کە لە شوێنەکان و خەڵکی جیاجیا گرتبووی دوو فیلمی لێ ساز کرد. یەکێ لەوانە (پایز) بوو، تۆمارکردنی ڕۆژێکی ژیان بوو لە گوندێکی نزیك ئەسفەهان. سپنتا لە ساڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کرد.

لە دوای دوورکەوتنەوەی سپنتا لە سینەما لە ساڵی ١٩٣٧ سینەمای ئێران نزیکەی ١٣ ساڵ لە چەقین دا بوو. جەنگی جیهانی دووەمیش دامێنی ئەو وەزعەی گرت. لەو قۆناغەدا نمایشی فیلمە بیانیەکان لە ئێراندا برەوی هەبوو. بەرجەستەترین کەسێك لەو قۆناغەی سینەمادا، ئیبراهیم مورادی (١٨٩٩-١٩٧٨) بوو. مورادی کە نووسەرو وێنەگرو داهێنەر بوو. لە (بەندەر ئەنزلی) لە دایك بووە و لە ١٣ ساڵیدا پەیوەندی کردووە بە ڕاپەڕینی جەنگەڵ. مورادی لە دوای شکستی (میرزا کوچك خان) لە ساڵی ١٩١٧ چووەتە سۆڤیەت. لەوێ ڕووی کردە پیشەی وێنەگری و ئاشنای کامێراو چاپی

فیلم و ڕەنگ ئاوێتەکردن بـوو. لـە سـاڵی ١٩٢٣ گەڕایـەوە بـۆ ئـێران، ماوەیـەك خـەریکی کاری وێنەگری بوو لـە سـاڵی ١٩٢٧ بڕیـاریدا فیلـم سـاز بکـات. بـۆ ئامـادەکردنی ئـامێرو کەلو پەلی پێویست بۆ فیلمسازی لە ساڵی ١٩٢٩ بە قاچاخ لە ئێرانەوە چوو بۆ مۆسکۆو لینینگراد. هەندێ کەل و پـەلی پێویستی لـەوێوە هێنـا. ساڵێك زیـاتر کـاری کـردو ئـەو پارچانـــەی کـــە وردە وردە گرتبـــووی خـــۆی ســـازی کـــردو چـــیرۆکی فیلمنامـــەو کارئەکتەرەکانی فیلمەکەشی ئامادەکرد. مورادی لـە سـاڵی ١٩٣٠ سـتۆدیۆی (جـهان نمـا)ی دانـا. یەکـەمین فیلمیشی (تۆڵـەی بـرا) بـوو کـە یەکـەم جـار وای دانـابوو نـاوی بنـێ (جەستەو گیان) لەبەر ئامادەکردنی کەل و پەلی پێویست سەردانی ڕوسیای کردووەو لە هەمان ستۆدیۆ فیلمەکەی بەرهەم هێنا. تۆڵەی برا چیرۆکی مونافەسـەو بـەغیلی نێـوان دوو برا بوو دیمەنەکانی دروست کردنی گیـان و هیپتۆنـیزمی تیـابوو کە پێویستی بـە تەکنیکی سینەمایی دەکرد. مورادی کە هێشتا کاریگـەریی شکستی ڕاپـەڕینی جەنگـەڵی لـە سـەرما بـوو، لـەم فیلمـەدا ئـەوە پیشـان ئـەدات کـە سـتەمکاران تـەنیا لـە ڕوویـاندا سـەرکەوتن دیـارە. تۆڵـەی بـرا لـە سـاڵی ١٩٣٢ دوو شـەو لـە هۆڵـی ئەرامنـەی ئـەنزلی و شەوێك لە شاری ڕەشت نمایش کراو جێی پەسەند نەبوو. مورادی بۆ تـەواوکردنی ئـەم فیلمە هەوڵیدا سەرنجی ئامادەکارانی سینەما ڕابکێشێو سەرمایەی پێویسـت کۆبکاتـەوە بەڵام سەرکەوتوو نـەبوو. بـە عەمـەلی سازکردنی یەکـەم فیلمـی ئـەو لـە سـاڵی ١٩٣٣ بـە ناتەواوی مایەوە. لەم فیلمەش هیچ دانەیەکی نـەماوە. فیلمـی دوای ئـەوەی فیلمـی (بـە زەوق) بوو.

لە ساڵی ١٩٣٥ ، دەربارەی فەسادی خانەزادەکان و خەڵکی شـارو دەوڵەمـەندەکان بـوو. لەم فیلمەدا گوندنشینەکان سەرەڕای سەختییەکانی ژیـان، بـە سـەربەرزی دەمێننـەوەو بۆ فەساد خۆیان نادەن بە دەسـتەوە. وێنـەگرتنی فیلمـی بـە زەوق پێشـتر لـە گـەیلان و دوایـی لـە تـاران ئـەنجام درا. فیلمەکـە پێنـج مـانگ لـە دوای یەکـەمین فیلـم کـە (کچـی لوڕی) بوو تەواو بوو. فیلمی بە زەوق بێدەنگ بوو خەڵك کـە فیلمـی (کچـی لـوڕی)یـان دیبوو ئاشنای سینەمای دەنگدار ببوون، ئەوەندە گرنگییان بەم فیلمە نەدا.

مـورادی لــه ســاڵی ١٩٥٠ ســتۆدیۆی مـورادی دروسـت کـرد. لـه سـاڵی ١٩٥٢ فیلمـی (جەمشیدی کەمەرشکێن)ی ئەو نمایش کـرا. ئـەم فیلمـە کـە لەسـەر لاسایی کردنـەوەی فیلمێکی بیـانی دانرابوو، تـا حـەدێك سـەرکەوتوو بـوو. لـە دوای ئـەم فیلمـە، فیلمـی (پـەیوەندی ژیـان) و (گەوهـەری لەکـەدار)ی لـە سـاڵی ١٩٦٠ ساز کـرد کـە هـەردووکیان شکسـتیان هێنـاو لـە سـاڵی ١٩٦١ فیلمـی گوڵـی دەریـایی دەسـت پـێکرد کـە ئـەمیش بـە ناتەواوی مایەوە. مورادی یەکـەمین کـەس بـوو کـە لـە سینەمای ئـێران بـە شـێوەیەکی جدی گرنگـی بـە ڕەنـگ داو بـەهای ئـەوەی لـە سـینەمادا ناسـی. لـە پێش پـەیدابوونی سـینەمای ڕەنگـاوڕەنگ ئـەو چـەند دیمـەنێکی لـە فیلمـەکانی بـە ئـامێرێك کـە خۆشـیی دروستی کردبوو، ڕەنگ دەکرد. لە فیلمی گوڵی دەریاییدا دیمـەنی قایـەق لێ خوڕینەکـە لە بەندەری ئەنزلی سەوزەو ئـەو دیمەنـەی کـە قایەقەکـە لـە کـاتی خۆرئـاوا بوونـدا لـە بەندەرەکە دەچێتە پێشێ، ڕەنگی بە تەواوی پرتەقاڵی و سوورە. مـورادی لـە سـاڵی ١٩٤٤ بە هاوکاری خـان بابـا موعتـەزەدی ئـامێری ژێـر نووسی فیلمـی داهێنـاو لـە سـاڵی ١٩٤٩ ئامێری گۆڕینی دەنگی فیلمی بە شریتێکی تایبەتی دروست کرد. مورادی ئەم ئـامێرەی ناونابوو (ئامێری وەرگێڕانی فیلم).

لە ساڵی ١٩٤٥ گروپی هونەری ئێران بـە سەرپەرشـتی حیلمـی لـە تـاران و سـتۆدیۆی درام لـە گـەیلان، کـاری خۆیـان بـۆ پـەروەردەکردنی هونـەر پیشـە دەسـت پـێکردو هـەردووکیان داخـران. لـە سـاڵی ١٩٤٧ بـۆ دۆبـلاژ کردنـی فیلمـە بیانیـیـەکان چـەند هەوڵێك درا.

لەو قۆناغەدا، سینەما بینەری زۆرتری بۆ خۆی ڕاکێشابوو. لە نیوەی دووەمی سـاڵی ١٩٣٥ ژمـارەی کۆڕەکانی نمایشی فیلـم لــە ٢ بـۆ ٣ زیـادی کـردو سـینەماکان لـە ڕووی ئاسایشەوە زیاتر بەهرەمەند بوون. لە لایەکی ترەوە نارێك و پێکی لە فرۆشتنی بلیتو هەروەها بە هۆی چەندین باس و خواسی باش و ناکۆك دەربارەی ئەم داهێنراوە تازەیە لە ساڵی ١٩٣٦ یاسایەکی تازە بۆ نمایش کردنی فیلم دانرا. بە پـێی ئـەم یاسـایە چوونـی منداڵ لە خواروو ٨ ساڵەوە بۆ سینەما قەدەغە کراو منداڵانی نێوان ٧ تا ١٦ سـاڵیش تـەنیا یەك ڕۆژی پشوو لە هەفتەدا مۆڵەت دەدران بچن بۆ بینینـی فیلمـە پەروەردەیـیـەکان.

هەروەها مۆڵـەت دانـی نمایشی فیلمـەکان دەبوایـە بـە ڕەزامـەندی نوێنـەرانی وەزارەتـی فەرهەنگ و خوێندنی باڵا بووایەو فیلمەکان فایلی نمایشیان وەردەگـرت. لـەم یاسـایەدا پێشبینی کرابوو کە فایلی سینەما دوواکەوتووەکان لابرێت بەڵام بە کردەوە خەڵك ئەم یاسایەیان ڕەچاو نەدەکردو مناڵەکانیان دەبرد بۆ سینەما.

گرنگی‌دانی خەڵك بۆ سینەما بووە هۆی ئەوەی هەتا سـەرمایەدارە پەنابـەرەکان کـە زۆربـەیان عـەرەب یـا ڕوسـی بـوون، ڕابکێشـن و گرنگـی بـەم پیشـە تـازە بـدەن و چـەند هۆڵێکی تازە دروست بکەن. لە سەرەتای دەیـەی ١٩٤٢ چـەندین هۆڵـی سـینەما لـە تـاران دروست کرابـوون وەك سـینەماکانی مایـاك، فردەوسـی، خورشـید، فوکس و ئـێران. لـەو قۆناغـەدا، سـینەما جـێی گرنگـی دان و خۆشـی چینـی ناوەڕاسـتی شارنشـین بـوو فیلمـەکانیش بـە زەوق و ڕۆحیـەت و سـەلیقەی ئـەو چینـە دادەنـران و فیلمنامـەکان پیشاندانی ژیانی چینی ناوەڕاستی ئاسوودە بوو زیاتر خەریکی نمایش کردنی هەسـت و سۆزی ئـەم چینـە بـوو لـە کۆمەڵگەدا. لـەم فیلمانـەدا ئەگـەرچی لاوی یەکـەم لەوانەیـە لەگەڵ کچی چیرۆکەکە جیاوازی چینایـەتی هـەبێ بـەڵام هـەژار نـەبوو ئەگـەر هـەر بـە هەژاری ڕای بکێشێ بە هۆی بوونی هاوڕێی نەشیاو کێشەی ئەخلاقی بووە.

(لافاوی ژیان) کە ساڵی ١٩٤٧ سازکرا بە یەکەمین فیلمی دەنگداری ئێرانی دادەنرێت لە نموونە تـەواوەکانی ئـەم جـۆرە سـینەمایەیە. لـەم فیلمـەدا بـاوکێکی پارەپەرسـت بـە شـووکردنی کچـەی بـە لاوێکـی شـەریف و سەرڕاسـت نـەیارەو کچـەی بـە ئومێـدی پارەوسـامان دەداتــە پیـاوێکی بەتەمـەن و دەوڵەمـەند. پیـاوی دەوڵەمـەند، خـراپ و بەدڕەفتار لە دواییدا خێزانەکە لە یەك دوور دەخاتەوەو ژیانی خۆیشی نـابوت دەکـات. لـە کۆتـایی چیرۆکەکـەدا بـاوکی خـەتابار کـە لاوەکـە دەبینێـت لـە کـاردا پیاوانـە سەرکەوتووەو لە ناوبـانگی سـەروەت و سـامان بەهرەمـەندە. ئـەم وەزعـە دەبێتـە هـۆی تەمێ بوون و شەرمەزاری باوکی چاوچنۆك و نەزان. فیلمەکانی (گەڕیدە) لە ساڵێ ١٩٥٣ لە بەرهەمی مهدی رئیس فیروز، (ئافاتی ژیان) لە ساڵی ١٩٦١ لـە دەرهێنـانی محمـد علـی جەعفـەری چیرۆکەکـەی تـا حـەدێك لـە لافاوی ژیـان دەچـوو لەسـەر هـەمان نموونـە دانرابـوو. ئـەم جـۆرە سـینەمایە ماوەیـەکی زۆری نـەخایاندو بـە هـۆی کاریگـەریی

جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی وردە وردە گۆڕانی بەسەردا هات. گۆڕانکاری سینەما هەم لە سەر فیلمنامەکان هەم لەسەر جۆری بینەران کاریگەریی هەبوو لە کۆتاییدا بە تەواوبوونی قۆناغی دووەم سەرەتای قۆناغی سێیەمی سینەما دەستی پێکرد.

سێیەمین قۆناغی سینەمای ئێران لە دوای چەند ساڵێك دابەزین، لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٦٢ دەستی پێکرد. ئەم سینەمایە سینەمایەکی بازرگانی بوو کە ئامانجی پارە پەیداکردن بوو، ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵك و دابین کردنی خواستەکانی حکومەت کاتی بوو. لە قۆناغی یەکەم و دووەم هێشتا سینەما وەك پیشەیەك بۆ پارە کۆکردنەوە لە ئێران نەناسرابوو سەرمایەداران لەم کارەدا سەرمایە گوزارییان نەدەکرد. بەڵام لە قۆناغی سێیەم خاوەن سەرمایەکان سەرنجی قازانج کردنی ئەم پیشەیەیان داو سەرمایەیەکی زۆریان لەم ڕێگایەدا سەرف کرد. دەوڵەتیش کە ئاگای لەمە بوو دەیتووانی سینەما وەك هۆکارێکی پڕوپاگەندەو ڕاکێشان و ڕازی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی سادەو بۆ ئارام کردنەوەی ئەوانە سوودی لێ وەربگرێ، پشتگیری لە سینەما کردو ئەوەی وەك هۆکارێك لە دەست حکومەتی کاتی دەرهێنا.

قۆناغی سێیەمی سینەمای ئێران لە ساڵی ١٩٦٦ بە فیلمی (گەنجی قارون) دەستی پێکردو ماوەی ١٤ ساڵ واتە هەتا ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو. سینەماکارانی ئەو قۆناغە هەر ٣ مانگ جارێك فیلمێکیان سازدەکردو لە ساڵدا بە شێوەیەکی مام ناوەندی ٦٩ فیلم بەرهەم دەهێنن. ئەم سینەمایە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧-١٩٧٨ نزیکەی ٧٦٧ فیلم ی بەرهەم هێنا. سینەمای بازرگانی قۆناغی سێیەم لەژێر کاریگەریی بارودۆخێکی سیاسی تایبەتیدا هاتە کایەوە. گرنگترین هۆکاری دروست بوونی ئەوە دەبێ بە زاڵ بوونی سانسۆر لەسەر سینەمای ئێران و کۆچ کردنی گوندنشینەکان بۆ شار بزانرێ.

سانسۆری فیلمەکان کە بە جدی لە ساڵی ١٩٣١ دەستی پێکردبوو لە ساڵی ١٩٥١ بە دەستوورێك لە چەند بەشێکی وردەکاریو بۆ پاراستنی سەڵتەنەت گۆڕا. لە ساڵی ١٩٥٥ فیلمی (ئاغا محمد خانی قاجار) لە دەرهێنانی نصرت الله محتشم سانسۆر کراو دیمەنی کۆتایی فیلمەکە کە کوشتنی ئاغا محمد خان پیشان ئەدات، گۆڕدرا. لە کۆتایی تازەکەیدا کە بە تەواوی دژی واقیعیەتی مێژوویی بوو ئاغا محمد خان لە دوای

شمشێربازی دەڕوات تا بە دەستی خاڵی دوژمنەکانی دەجەنگێ. واتە ئەو ڕووداوەی کە بە تەواوی پێچەوانەی واقیعیەتە کە ئیدارەی سانسۆر ئەوەی بە ڕاست دەزانی. فیلمی (باشووری شار) لە ساڵی ١٩٥٩، لە سازکردنی فرخ غفاری بە هۆی نمایشی ژینگەی واقیعی گەڕەکێکی هەژارنشین، بووە جێی ناڕەزایی ئیدارەی سانسۆر. لە ساڵی ١٩٦٦ دەستوورێکی ٢٧ مادەیی دانرا کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوانە کراوە کە نابێ دیمەنەکانی شۆڕشی خەڵك و سەرکەوتنی ئەوان بەسەر هێزەکانی حکومەت، دیمەنی پیشاندانی هەژاری خەڵك و بینا وێران کراوەکان پیشان بدرێت. ئیدارەی (کاروباری نمایش و سینەماو ستۆدیۆ) کە فایلی ئەدا بە فیلمە ئێرانیو بیانییەکان لێپرسراوی جێبەجێ کردنی یاساکە بوو، دەستەی چاودێری لەسەر "دەرکردنی فایلی نمایشی هەموو جۆرە فیلمەکان" لە نوێنەرانی وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر، وەزارەتی موخابەرات، وەزارەتی ناوخۆ، دەزگای موخابەرات و پەروەردەو فێرکردن پێك هاتبوو. لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٦٨ بەڕێوەبەرێتی چاودێری لە وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر دامەزراو مۆڵەت دانی فیلمنامەکانیان گرتە ئەستۆ. لەم بارووۆخەدا سینەما کە لە ڕووی سیاسییەوە بە توندی سانسۆر دەکرا، ناچار بوون لە دانانی هەر دیمەنێکی واقیعی یا سیاسی دووربکەونەوە.

لە لایەکی ترەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بەشێکی زۆر لە گوندنشینەکان بەرەو شارەکان کۆچیان کرد. هۆی کۆچ کردنی ئەو خەڵکە کۆبوونەوەی سەروەت بوو لە چەند شارێکی گەورەدا ئەم کۆچ کەرانە، کار، دابین کردنی کۆمەڵایەتی، تەندروستیو خۆش گوزەرانییان دەویست. ئەوانە کە بە هیوای ژیانێکی خۆشتر هاتبوونە شارەکان هەروەها کێشەی زۆریشیان لە بەردەمدا هەبوو هەم خۆیان لە بەرامبەر چینێکی دەوڵەمەندا بینییەوە.

کە شێوەی ژیان و بەهای جیاجیایان هەبوو. بوونی ئەم کۆچ کەرانە بووە هۆی ئەوەی سینەما بینەری تازەی بۆ پەیدا بکات، کە تەنگ و چەڵەمە، داخوازی و چاوەڕوانییەکانیان لەگەڵ بینەرانی قۆناغەکانی یەکەم و دووەم جیاواز بوو. کۆچ کەران بۆ پڕکردنەوەی نێوانی خۆیان و چینی خۆش گوزەرانی شارنشین،

سینەمایەکیان دەویست کە بیرکردنەوەیان بەرجەستە بکات و لە جیهانی خەیاڵدا کێشەکانیان لەناوبەرێت. بەم جۆرە لەژێر گوشاری سانسۆرو لەگەڵ سەرنجی داخوازییەکانی بینەرانی نوێ، سینەمایەك بە شێوەی واقیع گەریی دروست بوو کە هەل و مەرجی هونەری ئەوە، بازرگانەکان، پڕوپاگەندە چییە تایبەتییەکان و چاپەمەنییەکانی پەیوەست بەم گروپە دیارییان دەکرد.

سینەمای قۆناغی سێیەم لەسەر یاساو ڕێسای دانانی چیرۆکی گشتی و ئەفسانەکان داڕێژرابوو. بنەمای چیرۆکی ئەم سینەمایە هەمان ئەفسانەی شازادەیەك بوو کە دێتە ماڵی کچی هەژارو داخوازی ئەو دەکات، یا چیرۆکی پیاوێکی هەژار کەلە پڕێکا دەگاتە سامان و دەسەڵات. لە زۆربەی فیلمنامەکانی ئەو قۆناغەدا، پاڵەوانی هەژار لەگەڵ کەسانی بە دەسەڵات و خۆش گوزەران کە خزمایەتیان هەبوو کە خۆی لەوە بێئاگا بوو. بۆ نموو نە کوڕە وون بووەکە باوکی دەوڵەمەند یا برازای مامی بە توانا بوو کە وارثی نەبوو. لە فیلمی (گەنجی قارون) لە ساڵی ١٩٦٦ لە بەرهەمی (سیامك یاسمی) کە تەواوترین نموونەی ئەو جۆرە سینەمایەیە، قارون کە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە بڕیاری خۆکوشتن ئەداو پیاوێکی هەژار ئەو ڕزگار دەکات. لە دوای مل ملانێ و چەند ڕووداوێکی زۆر دەردەکەوێ قارون باوکی پیاوێکی هەژارەو لە کۆتایی شادی چیرۆکەکە، پاڵەوانەکە دەستی دەگاتە سەروەت و لەو ژیانە سەختە ڕزگاری دەبێ.

فیلمی (موڵکداری دۆزەخ) لە ساڵی ١٩٧٠، لە دانانی ئەمیر شیروان، چیرۆکەکەی لە فیلمی گەنجی قارون دەچێت. لەم فیلمەدا کوڕێکی هەژار عاشقی کچێکی دەوڵەمەند دەبێ. لێرەدا لە دوای کێشمەکێشێکی زۆر لاوە هەژارەکە مامی کچەکە لە مردن ڕزگار دەکات. ئاشکر دەبێت لاوە هەژارەکە کوڕی مامی کچەکەیە. باوك و کوڕ یەکتری دەدۆزنەوە. لاوە هەژارەکە بەبێ هیچ زەحمەتێك دەوڵەمەند دەبێو چیرۆکەکە بە باشیو بە خۆشی تەواو دەبێت.

فیلمی (سوڵتانی دڵەکان) لە ساڵی ١٩٦٩ لە دانانی محمد علی فەردین، لاوێکی هەژار بە وتنی گۆرانی لە شوێنێکی نەشیاودا لە پڕێکا دەیکات بە خاوەنی سەروەت و سامان. چیرۆکی ئەم فیلمە لەسەر فیلمی (ئاشنا)ی هیندی دانراوە. فەردین هەوڵی دا لە

سازکردنی ئەوەدا بە شێوازێکی ئاسایی ئەو فیلمانەی کە خۆیشی بـە پاڵـەوانی سـەرەکی ئەوانـە دادەنرێـت میانەیـەکی هـەبێت. بـەڵام بـە کـردەوە (سـوڵتانی دڵـەکان) هـەموو هۆکارەکانی ئەو فیلمانەی تر کـە لـەو دەچـوو لـە خـۆیدا هـەبوو. هـۆی سـەرەکی ئـەوە دەبـێ لـە بێتوانـایی مانـەوەی مـەوزوع و فـەزای گـەنجی قـارون بـۆ ئامادەکـاران و دەرهێنەرانی سینەمای ئەم قۆناغە بزانرێ.

لە ڕاستیدا سەرکەوتنی لە ڕادە بەدەری فیلمی گەنجی قـارون بـووە هـۆی ئـەوەی تـا چەند ساڵێك فیلمی لەو جۆرە بەرهەم بهێنرێت. فیلمی گەنجی قارون لە نمایش کردندا یەکەم جار بە کۆمەڵ ٣٤٥ ڕۆژ پیشان دراوە کە دانیشتوانی ئەو کاتەی تاران کـەمێك لـە سەروو ملوێنێك بووە، زیاتر لـە ٨٧٠٠٠ کـەس بینیویانـە. خـودی (یـاسمی) کـە پاڵـەوانی فیلمەکە بووە خۆی بە پیاوێکی زەحمەتکێش و کەم دەست پیشان ئەدا بەوە ڕازی بـووە کـە هـەیبووە بەهـەر ناخۆشـیەك بـە قەناعەتـەوە هـەوڵ ئـەدات. بـەو جـۆرەی یـاسمی چاکەخوازی پاڵەوانەکەشی دەزانی. لە ڕاسـتیدا ئـەوە خەسـڵەتێکە کـە حکومـەتی کـاتی پێویستی بە دروست بوونی ئەوانە هەیە. واتە زاڵ بوونی بیرکردنەوە لە بارەی حاڵەتی کۆمە لایەتی و وەزعی ڕۆژگارو چەن و چون نەکردن لە بەرامبەر هەر ستەمێك خۆیـان بدەن بە دەستەوە. سەرکەوتنی گەنجی قـارون بـووە هـۆی ئـەوەی چـەند فیلمێکی زۆر لەو بابەتە بەرهەم بهێنرێت.

لە فیلمە پۆلیسیەکانی ئـەو قۆناغـەدا، دیسان بـە پێچەوانـەی قۆنـاغی پێشـوو کـە تیایدا پاڵەوانەکە لە هەوڵدانیدا لە دژی تاوانباران هاوکاری پۆلیس دەکـات، پاڵەوانەکـە خۆی بە تەنیایەو لەگەڵ تاوانبارەکان دەجەنگێ.

لە فیلمی (مەرگ لەبەر باران) لە ساڵی ١٩٧٥، لە دانانی سامویل خاچیکیـان، پاڵـەوان کە لە گرووپی تاوانباران جیابۆتەوە، بـە تـەنیا ئەوانـە یەکـە بـە یەکـە لـەناودەبات. لـەم فیلمەدا پاڵەوانەکە بە تەنیایە، بەڵام تاوانبارەکـان هەمیشـە بـە شـێوەی دەسـتە دەسـتە کاردەکـەن. لـەم قۆناغـەدا فیلمـە پۆلیسـیەکان بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر خراپـەکاراندا پێویستیان بە کۆمـەکی گـروپ نـەدەبوو بـەڵکو تـەنیا پەیوەسـت بـوو بـە توانـای تاکـە کەس و بەختی پاڵەوانەکە.

فیلمـەکانی قۆنـاغی سـێیەم، چیرۆکـەکانی زۆربــەی لــە فیلمــە بیانییەکانــەوە وەردەگیران. لەگەڵ کەمێ دەست کاری کردن لە فیلمنامەو بە ئێرانی کردنی چیرۆکەکـە کە لە ڕاستیدا شتێك نەبوو. تـەنیا گۆڕینـی ناوەکـان نـەبێت، زیـادکردنی گاڵتـەو گـەپی سـووك و گونجـاندنی فیلمنامــە لەگــەڵ تواناکـانی فیلمسـازی لــە ئــێران، فیلمنامــە بیانیـیـەکان بـە شـێوەی وەسـیلەیەك کـاری فیلمـە ئێرانیـیـەکانی ڕایـی دەکـرد. فیلمـی (سەنگی ئارام گرتن) لە سالّی ١٩٦٩، لـە دەرهێنـانی عەباسـی کسائی، لـە فیلمـی هینـدی (سوێند)ەوە وەرگیرابوو. فیلمی (هارون و قارون) لە ساڵی ١٩٦٧، لە دانانی نظامی مـافی، لەسـەر بنـەمای فیلمێکـی ئیتـالی بـوو. لـە نێـوان ئـەو فیلمـە بیانیـیـە ناسـراوانەی کـە فیلمنامەکانیشیان لە سینەمای ئەم قۆناغە جێی سوود وەرگرتن بوون.

دەتوانین ناوی (ئەشکەکان) و (زەردەخەنەکان) و (سابرنیا) بەرین. بێجگە لە فیلمە بیـانییەکان، فیلمە سەرکەوتووە ئێرانییەکان چەند جارێك لەگـەڵ کـەمێك گۆڕانکـاری، دووبارە ساز دەکرانەوە. ئەم وەزعەو کەمبوونی فیلمنامەنووسی باش بووە هۆی ئـەوەی هەتا بابەتەکان دووبارە ببنەوەو شێوازی ئەوانە بـە تـەواوی جێگـەی پێش بینـی کـراو بێـت. لاوی یەکـەم فیلـم دیـارە سـەرکەوتوو دەبـێ. مرۆڤــە خراپــەکان کــە لەسـەر ڕێ دانراون، شکست دەخۆن و لە کۆتایی چیرۆکەکەدا لاوەکە بە شـێوەیەکی ئاسـایی هـەژارە بەڵام ڕێك و پێك و ئازا بوو دەستی دەگاتـە سـامان و دەسـەڵات. ئـەم سـینەمایە کـە بـە سـەرکەوتنێکی زۆر دەسـتی پـێ کردبــوو، نــەیتوانی سـەرکەوتنەکانی سـەرەتای خـۆی دووبـارە بکاتـەوەو وردە وردە ئـەو توانایـەی هاتــە خــوارێ هــەتا لــە کۆتـاییدا لــەژێر کاریگەریی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ بە تەواوی کۆتایی بەم قۆناغە هات.

گۆڕانـی جـۆری بینـەران، گـەورەترین هۆکـاری شکسـتی سـینەمای بازرگـانی قۆنـاغی سێیەم بوو، واتە هەمان ئەو هۆکارەی کە بووە هۆی دروست بوونـی ئـەم سـینەمایە لـە کۆتاییدا لایەنی خراپیشی بەدواوە بوو. لە ساڵەکانی ١٩٧٢ گەنجـەکانی شـار بـە شـێوەی گروپێکـی گـەورەی کـارو داخـوازی کـەر دروسـت بـوون. داخـوازی و حـەزو ئـاواتی ئــەو گەنجانــە لەگــەڵ خواســتەکانی گوندنشــینە کــۆچ کــەرەکان کــە لــە دەیــەی (١٩٦٢)ەوە هاتبوونە شار جیاواز بـوو. کۆمەڵـەی ئامـاری ئەنجومـەنی بـاڵای وەزارەتـی فەرهـەنگ و

هونەر لە ساڵی ١٩٧٧ ئەوە پیشان ئەدات کە ساڵانە ٤٨ ملیۆن کەس دەچنە سینەما. لەو ژمارەیە لە هەر ساڵێکدا ٣٦ ملیۆن و ٤٨٠ کەس، گەنج بوون. ئەم لاوانە ئیتر حەزیان بە فیلمەکانی وەك (گەنجی قارون و سوڵتانی دڵەکان) نەدەکردو بەڵکو زیاتر حەزیان بە سینەمای واقیع گەرایی دەکرد کە باسی کێشەکانی ئەوان بکات.

هەتا فیلمی (قەیسەر) لە ساڵی ١٩٧٠، لە دانانی مەسعود کیمیایی، لەگەڵ ئەوەی شۆڕش و تۆڵەسەندنەوەی لاوێك پیشان ئەداو بووە جێی پێشوازی خەڵك و ڕەخنەگران، وەلاّم دەرەوەی داخوازییەکانی ئەم نەوەیە نەبوو، لەبەر ئەوەی پشتی بە بەهاکانی ڕابردوو بەستبوو.

سەرەڕای گۆڕانی جۆری بینەران، دووبارە بوونەوەی بابەتی فیلمەکان، سنووردار بوونی فیلمسازەکانی ئەو قۆناغە لە گروپە هونەرییە تایبەتییەکان و فێستیڤاڵەکان و چاپەمەنییەکان، کەم بوونی ئارامی سیاسی و دەسەڵاتی حکومەت و لە کۆتاییدا هێنانەکایەی تەلەفزیۆن وەك موونافسێکی جدی بووە هۆی ئەوەی هەتا دەست پێکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئەم سینەمایە بە کردەوە شکستی هێنا. لە دوای شۆڕش، ئەم سینەمایە کە لەگەڵ بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی هیچ جۆرە نزیکایەتیەکی نەبوو لەناوچوو قۆناغی چوارەم دەستی پێکرد.

قۆناغی چوارەمی سینەمای ئێران کە بە سینەمای هەمەجۆرو نابازرگانی دانراوە، هاوکات لەگەڵ قۆناغی سێیەم چەندین ساڵ لە پاڵ سینەمای بازرگانیدا بەردەوام بووە. بەلاّم بە هۆی کەمی دارایی فیلمسازەکان، پشتگیری نەکردنی سیاسەتی ڕۆژ لەوانە، بێدەنگی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پێشوازی نەکردنی خەڵکی کە هێشتا بۆچوونیان لە بارەی سینەما لە ئاستی فیلمەکانی قۆناغی سێیەمدا بوو.

نەیتوانی ئەوەندە گەشە بکات کە ببێتە موونافسێك بۆ سینەمای بازرگانی.

یەکەمین نیشانەی شێوە وەرگرتنی سینەمای قۆناغی چوارەم لە فیلمە کورت و بەڵگەنامەییەکاندا دەبینرا. فیلمی (تەختی جەمشید) لە ساڵی ١٩٦١ تەنیا فیلمی بەڵگەنامەیی (فەرەیدونی ڕهنما)، بەرهەمێکی جوان بوو دەربارەی تەختی جەمشید. لەم فیلمەدا بە پێی وتەی خودی رهنما کە بە پەلە ئەنجام دراوەو لە ٤٠ ڕۆژ زیاتری

نـەخایاندووە، دەرهێنـەر بـە بیـانووی تــەختی جەمشـید گۆشـەنیگای تایبـەتی خـۆی دەربارەی مێژوو، کات و مرۆڤ باس دەکات. رهنما بە دوای پەیوەندی‌یەکدا بـوو کـە لـە نێوان ڕابردوو ئێستا هەیەو دەی‌ویست ئەو گروپە لە تایبەتمەندێتی‌یەکانی مرۆڤایـەتی ئاشـکرا بکـات کـە لـە دوای دەرکـەوتنی پرابـهت ی تـەختی جەمشید شـاراوەیە. فیلمــی (شـەپۆل و مـەرجان و پارچـە ئاوریشـم) لـە سـاڵی ١٩٦٣، لـە دانـانی ئیــبراهیم گولسـتان فیلمێکـی بەڵگەنامـەیی بـوو دەربـارەی ڕاکێشـانی لوولـەکانی نـەوت لـە بیرەکـانی نـەوتی ئاغاجاری بۆ دوورگەی خارك. بەرهەم هێنانی ئەم فیلمە کە ماوەکەی ٤٠ خوولەك بـوو ٣ ساڵی خایاند. ئەم فیلمە هێشتا بەرهـەمێکی بـەنرخ و سـەرنج ڕاکێشـە. فیلمـی (ماڵـە ڕەشەکە) لە دەرهێنانی فروغ فروخزاد لە ساڵی ١٩٦٤ سازکرا. ماڵە ڕەشەکە فیلمێك بـوو دەربـارەی مـرۆڤ، (گـەڕی و ژیـان) فیلمێـك بـوو دەربـارەی مرۆڤـی نەخۆشـی گـەڕی و مـەیلی مرۆڤـی جـەزامی بـە ژیـان و ئـارەزووی مـرۆڤ بـۆ ژیـان. فروغـی فروخـزاد لـەم فیلمـەدا ئـەوە پیشــان ئـەدات کـە بـە چ شـێوەیەك ژیـان لـە هەرجێ‌یـەك هـەتا لـە نەخۆشـخانەی گـەڕی ڕوودەدات. فیلمـی ماڵە ڕەشـەکە ڕووبـەڕووی کاردانـەوەی بـاش و خراپ بۆوە. بەڵام بەهەر حاڵێك بە نادیدە نـەگیرابوو کـەس نـەیتوانی دەربـارەی ئـەوە بێ‌دەنگ بێت. کاردانەوە باشەکان بەرامبەر بە فیلمەکە لـە پێش کاردانـەوە نـەیارەکان بوو. فیلمی ماڵە ڕەشەکە لە فێستیڤاڵی (ئوبەر هاوزن) خەڵاتی باشترین فیلمی بـردەوە. لە هەمان ساڵ‌دا فیلمی (گوڵاڵە سورەی سووتاو) لە دانانی هۆشەنگی شفتی ورچی زیونی فیتسڤاڵی بـەرلینی بـۆ خـۆی تـەرخان کـرد. یـەك سـاڵ دوای ئـەوە، واتـە لـە سـاڵی ١٩٦٥ فیلمـی بەڵگەنامـەیی (تەپۆڵکـەکانی مــارلیك) لــە دەرهێنــانی ئیــبراهیم گولســتان، لـە فێستیڤاڵی ڤینیسیادا خەڵاتی وەرگرت. ئەم فیلمە کە بە شێوە ڕاپۆرتێك بوو لـە هـەوڵ و کۆششی شوێنەوار ناسەکان لە تەپۆڵکەکانی مارلیك لە کارکردندا بە لێکۆڵینەوەیـەکی فەلسەفی دەربارەی مرۆڤ و چۆنیەتی بۆچی بوونی ئەو، دەگۆڕێت.

لـە سـاڵی ١٩٦٥ فیلمـی (دەرکـەوتنی ڕاسـتی) لــە بەرهـەمی ئەحمـەد فـاروقی لـە فێستیڤاڵی کان خەڵاتی وەرگرت. ئەم فیلمە چـیرۆکێکی ناسـك و سـادەی خۆشەویسـتی‌و هاوڕێ‌یـەتی دوو منداڵ لـە ئەسـفەهان. کارئەکتـەری فیلمەکـە منـاڵ بـوون و پیشـەکاری

سینەما نەبوون و دەرهێنەر توانیبووی لەگەڵ چیرۆکەکەش دا جوانیـیەکانی بەرهەمـە هونەرییەکانی ئەسفەهان پیشان بدات.

بـەم بەرهەمـە سـینەمای ئـێران لـە جیـهاندا ناسـراو لـە لایـەکی تـرەوە گروپێکـی فیلمساز خۆیـان ڕاگـەیاند کـە دوای سـازکردنی فیلمـەکانی بـاوی ڕۆژ نـەبوون بـەڵکو مەبەستیان بووە سینەما وەك هۆکارێکی دەربڕینـی هونـەری سـوودی لێوەربگـرن. ئـەو جووڵانەوەیەی کە بە فیلمە کورتەکانی سینەمای بەڵگەنامەیی دەسـتی پـێکرد بەرهـەم هێنانی چەند فیلمێکی درێژیشی ئەنجام دا. یەکـەمین فیلمـی درێـژو بەرجەسـتەی ئـەم قۆناغە فیلمی (شەوی قۆزی) لە ساڵی ١٩٦٥ لە سازکردنی (فـرخ غـەفاری) بـوو. غـەفاری چیرۆکی فیلمەکەی لە حیکایەتی قۆزی لە هەزارو یەك شەوە وەرگیرابوو.

قۆزی لە چیرۆکی هەزارو یەك شەوە لە ڕۆژگاری خەلیفەکانی بەغداد ژیـاوە بـەڵام غـەفاری چیرۆکەکـەی بـۆ ڕۆژگـاری ئێسـتا هێنایـەوە. لـە کۆتـایی چـیرۆکی فیلمەکە بـە پێچەوانەی حیکایەتی سەرەکی، قۆزی دەمرێت. فیلمی شەوی قۆزی لە (فێستیڤاڵی کـان و کـارلوڤیواری و بروکسل و لیۆن) بـە باشـی هەڵسـەنگێنرا بـەڵام لـە ئـێران نـەیتوانی سەرنجی بینەران ڕابکێشێ و ڕووبەڕووی شکست بۆوە.

فیلمی (خشـت و ئاوێنـە) لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە سـازکردنی ئیـبراهیم گولسـتان کـە دوای ساڵێك لە دوای فیلمی (شـەوی قـۆزی) نمـایش کـرا، چارەنووسـێکی لـەو باشـتری نـەبوو. گولستا ن چیرۆکی فیلمەکەی ئاوەها باس دەکـات: "چـیرۆکی ئێمـە بـە شـێوەیەکی کـورت ئەوەیە کە پیاوێك مناڵێکی نهێنی ئامێز دەهێنێتـە ماڵـەوە ژنەکـەی هیـوای بـەو مناڵـە دەبێـت. دوایـی پیاوەکـە مناڵەکـە هـەڵدەگرێ و دەی بـات. ئـەوە لـە ڕاسـتیدا ناسـاندنی جۆرێکە بە گەیشتنی مەعریفەت. مـرۆڤ بوونەوەرێکـە کـە دەبێـت چارەنووسـی خـۆی بسازێنێ". خشت و ئاوێنە لەگەڵ ئەوەی کە بە شـێوە واقیـع گـەریی بـوو، زمـانی ڕەوان بێژی و نواندنی هەبوو. لە هەفتەی دووەمەوە ژمارەی بینەران کەمی کـردو نەگەیشتە ٣ هەفتە ڕاگیرا.

لە ساڵی ١٩٦٨ فیلمی (سیاوەش لەسەر تـەخت جەمشید) لـە سـازکردنی فـەرەیدونی رهنما لە ئێران نمایش کـرا. ئـەم فیلمـە یەکـەم جار لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە سـینەمای (تك

پاريس) خرايه سەر ڕووی پەردەی سینەما، لـه فێسـتیڤاڵەکانی (تـری یسـت و لۆکـارنۆ) بە باشی هەڵسەنگێنراو خەڵاتی ژان ئیپستاین ی بردەوە. (رهنمـا) دەربـارەی ئـەم فیلمـە دەڵێت: "سیاوەش لەو کەسانەیە کە بڕوای بە لێپرسراوێتی هەیە لە بەرامبـەر ژیـاندا" ئەم فیلمە چارەنووسێکی خراپـتری لـەو دوو فیلمـەی پێشوو هـەبوو لەبەرئـەوەی نـەك تەنیا خـەڵك پێشوازی لێنـەکرد بـەڵکو ڕەخنـەگرانیش لـە بەرامبـەریا ساردبوون هـەتا کاتێك دەستیان دایە ڕەخنەگرتن فیلمە لە نمایش کردن تـەواو ببـوو. خشت و ئاوێنـەو سیاوش لەسەر تەختی جەمشید لە ڕووی فۆرمەوە جیاواز بوون بەڵام هـەردووکیان بـە شێوەیەك تەمسیلی مەسەلەی لێپرسراوێتی مرۆڤ و فەرمانەکانی لە هەڵس و کەوتیدا بە جیهانی دەرەوە باس دەکرا. لە دوای ئەم دوو فیلمە چەند فیلمێکی تری لـەو بابەتـە سازکران.

لە ساڵی ١٩٧٠ داریوشی مـهرجویی، فیلمـی (گـا)ی لەسـەر بنـەمای چـیرۆکێکی دکتـۆر غلامحسـین سـاعدی دەرهێنـا. چـیرۆکی فیلمەکـە لـە چـیرۆکی چوارەمـی پـەڕتووکی غەزادارانی بیل وەرگیرا بوو. فیلمی گا باسی ڕووداوی مەرگی گای مشد حسن دەکات، کە گرنگترین سـەرچاوەی داهاتی ئـەو تـەنیا ئـەو گایـە بـووە. مـەرگی گاکـە بووەتـە هـۆی ئەوەی هەتا مشد حسن لە تـاو خەفـەت و پەرێشـانی دووچـاری شـێتی ببێـت و خـۆی و گاکـە بوونـە پـەندو سەرسوڕمان. ئـەم فیلمـە هـەم بـە ڕای بـاش و هـەم بـە ڕای خـراپ ڕووبـەڕوو بـۆوە. هەرچـەند ژمـارەی باشـەکان زیـاتر بـوون. ئـەم فیلمـە لـە فێسـتیڤاڵی ڤینیسیا خـەڵاتی تایبـەتی ڕەخنـەگرانی بـردەوەو لـە دوو فێسـتیڤاڵی تریشـدا هـەر سەرکەوتنی بە دەست هێنـا. (غـرت الله انتظـامی) کـە ڕۆڵـی یەکـەمی دەبینـی، خـەڵاتی (هۆگۆ)ی بردەوە. وەزارەتی فەرهـەنگ و هونـەر سـەبارەت بـەم فیلمـە ڕای بـاش نـەبوو بـەو هۆیـەوە فیلمەکـە دوای ماوەیـەك لـە یەکـەم پیشـاندانی لـە ئـێران لـە سـاڵی ١٩٧٢ هەفتەیـەك لـە سـینەمای کـاپری پیشـان دراوە. پێـش نمـایش کردنـی فیلمەکـە، چاپەمەنی‌یەکانی ئێران دەربارەی ئەم فیلمە زۆریان لەسەر نووسی بـوو بـە هـەمان هـۆ تا بە پێچەوانەی خشت و ئاوێنەو سیاوش لەسەر تەختی جەمشید، خـەڵك پێشـوازی لێ بکات و پڕ فرۆش بێت.

(خۆش باوەڕ) فیلمێکی تری مهرجویی بوو کە لە ساڵی ١٩٧٢ تەواوی کردو پیشان درا، چیرۆکی پیاوێکی گوندنشین بووە کە دێتە ناوشار. لە شاردا خەڵکی بە هۆی سادەیی و خۆش باوەڕیی ئەو فێڵی لێ دەکەن و کێشەی زۆری بۆ دروست دەکەن، ئەم فیلمە کارێکی باش و بەنرخ بوو لە ڕووی فرۆشتنەوە مام ناوەندی بوو.



فیلمی( دانی‌مار) لە دەرهێنانی: مەسعود کیمیایی

فیلمی (قەیسەر) لە ساڵی ١٩٧١ لە بەرهەمی مەسعود کیمیایی فیلمێکی باڵاو سەرکەوتووی تر بوو کە لەو ساڵانەدا پیشان دراوە بوو بە شێوەیەکی نموونەیی بۆ فیلمەکانی دوای ئەو. قەیسەر چیرۆکی لاوێکە کە ناخواستە تووشی مەسەلەی ڕەوشتیو خێزانیی دەبێت و ناچار بۆ تۆڵە سەندنەوە ئازاری چەند کەسێك دەدات و کە خێزانەکەشی دەخاتە مەترسی و ئازارەوەو لەم ڕێگەیەدا خۆی بەخت دەکات. قەیسەر

فیلمێکی واقیع گەریی بوو کە زۆر لە هۆکارەکانی فیلمە ڕەواجەکانی قۆناغی سێیەم ی پاراستبوو بەڵام توانی لە سینەمای ئێراندا ڕوویەکی جیاوازی پێبدات.

جوڵانەوەی سینەمای سەرکەوتوو کە لە دەیەی ١٩٦٠ دەستی پێکردو لە دەیەی ١٩٧٠ گەیشتە ئاستێکی باڵاو بە تواناتر بوو. چاك بوونەوەی وەزعی دارایی دەوڵەت ئەم توانایەی دروست کرد کە ئەو فیلمانەی لەژێر پشتگیری ناوەندە دەوڵەتییەکاندا بەبێ گوێدان بە ئاستی فرۆشتن و گێڕانەوەی پارەی ئەوانە، بەرهەم دەهێنران. فیلمەکانی قۆناغی چوارەم لە دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لە بارەی بابەتەوە زیاتر پشتی بە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران بەستبوو. فیلمی (گا) لەسەر بنەمای چیرۆکێکی غلام محسین ساعدی دانرابوو. فیلمی (شازادەی ڕووپۆش) لە ساڵی ١٩٧٦ لە دانانی بەهمەن فرمان ئارا لەسەر ڕۆمانێك بە هەمان ناو لە نووسینی هۆشەنگ گوڵشیری بە شێوەی فیلم دەرهاتووە.

فیلمنامەی (کاك ئاکل) لە ساڵی ١٩٧٣ لە دەرهێنانی مسعود کیمیایی لەسەر چیرۆکی (کاك ئاکل) لە بەرهەمی صادقی هیدایەت نووسراوەتەوە. پەیوەندی نێوان سینەماو ئەدەبیات لە قۆناغی چوارەم بووە هۆی هەتا هەندێ لە نووسەرە ناسراوەکانی ئەو قۆناغە وەك (بیضایی، تقوایی و گولستان) ڕوو بکەنە سینەماو لەو کۆمەڵە فیلمسازانە بوون کە بوونە خاوەنی شێوازی ئێرانی. فیلمەکانی واقیع گەریی قۆناغی چوارەم زیاتر سازکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی و داستانی بوون. خەریك بوون بە دانانی مەسەلەکانی بەڵگەنامەیی زیاتر هۆکارێك بوو بۆ باس کردنی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. فیلمی (بای جنۆکە) لە ساڵی ١٩٧١، لە سازکردنی ناصر تەقوایی فیلمێکی بەڵگەنامەیی بوو دەربارەی مەراسیمی شیوەنە لە باشووری ئێران، دەرهێنەر توانیویەتی بە شاراوەیی وێنەی ئەو مەراسیمە بگرێت و بەشێك لە بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەی باشوور نمایش بکات. کە بێگانەکان لەوە بێ ئاگا بوون، یا فیلمی (وەکیلی ئاسك) لە ساڵی ١٩٧٢ لە دانانی پەرویز کیمیاوی، فیلمێکی جوان بوو لە زیارەت کەرانی حەرەمی حەزرەتی (رضا ). فیلمێکی تری ئەم فیلمسازە (پ. وەك پلیکان) لە ساڵی ١٩٧٤ دەربارەی پیرەمێردێك بووە کە خەڵکی طبس بوو خەڵك ئەویان بە دێوانە دەزانی.

فیلمە کورت و بەڵگەنامەیی‌یەکان هەروەك فیلمە درێژەکان دووچاری سانسۆر ببوون. فیلمی (ئەو شەوە کە باران باری)، لە سازکردنی کامەران شێردل کە کەوتە بەر سانسۆر. ئەم فیلمە لەسەر بنەمای هەواڵێکی کورت کە لە ڕۆژنامەیەکدا بووە. لە هەواڵەکەدا وا باس دەکات کە لە شەوێکی باراناویدا بە هۆی گیانبازی لاوێکی گوندنشین دەبێتە هۆی ئەوە هەتا گەشتیارانی شەمەندەفەرێك لە مەترسی کەوتنە خوارەوە لەسەر پردەکە کە شکابوو ڕزگار بکات.

کامەران شێردل و گروپی وێنەگرتنەکەی بۆ ئامادەکردنی فیلمەکە چوو بوونە شوێ نی ڕووداوەکە بەڵام ئەوەی لە لێپرسراوانیان بیستبوو بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی و دژو ناکۆك بوو. لێپرسراوان ڕێگای ئاسن و وەستاندنی شەمەندەفەرەکەیان بۆ خۆیان گەڕاندبۆوە، پارێزگار لاوە گوند نشینەکەی بە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەزانی و قائمقامیش بە لێپرسراوی ڕێگای ئاسن هەم بە کوڕێکی گوندنشینی ڕزگارکەر سەیریان دەکرد، کەسانی تریش وەك ڕیش سپی گوند، لەشکر، لێپرسراوی شەمەندەفەر و هەتا خودی لاوەکە هەریەکەیان بۆچوونێکی جیاوازیان هەبوو دەربارەی ڕووداوەکە، ئەم فیلمە لەوانەیە بە هۆی پیشان دانی نارێك و پێکی وەزعەکە و بێئاگایی لێپرسراون، ٧ ساڵ مۆڵەتی نمایش کردنی نەدرا. لە دواییدا فیلمەکە لە سێیەمین فێستیڤاڵی جیهانی فیلم لە تاران لە ساڵی ١٩٧٦، هاتە سەر ڕووی پەردەی سینەماو خەڵاتی گەورەی فێستیڤاڵەکەی بە ناوی باشترین فیلمی کورت بۆ خۆی تەرخان کرد.

بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ هەموو ئەو سنووردانان و کێشانە، سینەمای قۆناغی چوارەم، لە دەیەی ١٩٧٠ بارووِدۆخێکی گونجاوتری هەبوو لە چاو دەیەی ١٩٦٠.

فیلمی (عەرەبانچی) لە ساڵی ١٩٧٢ لە سازکردنی نصرت الله کریمی، بەرهەمێکی واقیع گەریی بوو بە شێوازی سینەمای نیۆریالیزمی ئیتالیا بوو کە توانی بە سوودوەرگرتن لە بەهاکانی سینەمایی بینەرێکی زۆر ڕابکێشێت بۆ هۆڵی سینەما. لە ساڵی ١٩٧٣ ناصر تەقوایی فیلمی (ڕاستگۆ)، داریوش مهرجویی فیلمی (پۆستەچی)، مسعود کیمیایی (بلوچ) و بهرام بیضایی (ڕەهێڵە)یان سازکرد. ئەم فیلمانە بەرهەمی بەنرخ و لە ڕووی شێوازو بابەتەوە هەمەڕەنگ بوون.



**فیلمی (باشو) لەدەرهێنانی: بەهرامی بیضائی**

فیلمی ڕاستگۆ چیرۆکی پیاوێکە کە هاوسەرە جوانەکەی بە دەستی شۆفێرێك دەکوژرێ‌و ئەویش بۆ تۆڵەسەندنەوە، شۆفێری کامیونێك دەکوژێ. بەڵام لە پێش کوشتنی بە دەستی پۆلیس دەزانێ کە بکوژی هاوسەرەکەی دەستگیرکراوە. فیلمی پۆستەچی چیرۆکی نەقی پۆستەچی‌یە کە لە هەر لایەك بە خراپ دادەنرێ و ئەوەی بەسەری دێت قبوڵی دەکات. ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵە جیهانی‌یەکاندا زۆر بە باشی پێشوازی لێکرا. فیلمی (بلوچ)یش هەروەك ڕاستگۆ چیرۆکی تۆڵەسەندنەوەی پیاوێکە لە بکوژانی هاوسەرەکەی و ئەو کێشانەی کە لەم ڕێگایەدا دووچاری دەبێت. هەروەها فیلمی (ڕەهێڵە)یش چیرۆکێکی سادەی هاتنی مامۆستایەکی لاوە بۆ گەڕەك و قوتابخانەیەکی تازە. فیلمەکە بە هۆکاری هاتنی مامۆستاکە بۆ ماڵە تازەکە دەست پێدەکات و بە ڕۆیشتنی ئەو لە گەڕەکەکە تەواو دەبێت. لە ڕاستی‌دا پەیوەندی باشی قوتابییەکان لەگەڵ مامۆستا تازەکە دەبێتە هۆی ئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەتاو

غيرەی خۆی بەرامبەر بە مامۆستاکە دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر. ئەم فیلمە هەرچەند لای ڕەخنەگران بە باشی هەڵسەنگێنرا بەڵام لەلای خەڵکی پێشوازی لیٚ نەکرا (سهراب شهيد ثالث) فیلمسازێکی گەورەو خاوەنی شێوازێکی تر بوو کە لە ساڵی ۱۹۷۳ بە فیلمی (ڕێکەوتنێکی سادە) دەرکەوت. ئەم فیلمە بەرهەمێکی سادە بوو لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵێکی شارستانی کە لە کۆتایی فیلمەکەدا دایکی لە دەست ئەدات، هەروەها لە ساڵی ۱۹۷٤ فیلمی (سروشتی بێگیان)ی سازکرد. ئەم فیلمە چیرۆکی ژیانی ڕۆژانەی کارمەندێکی وێستگەی شەمەندەفەرە. ئەم فیلمە لە (٢٤)هەمین فێستیڤاڵی بەرلین خەڵاتی ورچی زیوینی بۆ باشترین دەرهێنەر بردەوە.

فیلمی (مەغۆلەکان) لە ساڵی ۱۹۷٤ لە سازکردنی پەرویز کیمیاوی فیلمێکی جیاواز بوو باس لە جیهانی ناوەوەی کەسێك دەکات کە دەبێ بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سەردانی زاهدان بکات. هاوسەری پیاوەکەش حەزدەکات دکتۆراکەی لەسەر مەغۆلەکان بنووسێت. ئەم دوو بابەتە واتە تەلەفزیۆن و مەغۆلەکان لە بیری پیاوەکەدا تێکەڵاو دەبن و چیرۆکی فیلمەکە دروست دەکەن.

ئەمیر نادری لە ساڵی ۱۹۷٤ فیلمی (هارمۆنیکا) سازکرد کە فیلمێکی واقیع گەریی و کۆمەڵایەتی بوو. هەتا ساڵی ۱۹۷۹ کۆمەڵێك فیلمی زۆرو باش سازکراون. ئەم فیلمانە توانیویانە بینەری تایبەتی بۆ خۆیان دروست بکەن و لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا، سینەمای ئێران وەك سینەمایەکی جدی دەربخەن. فیلمی (هەنگۆکە) لە ساڵی ۱۹۷٤ لە سازکردنی فەرخ غەفاری لە ساڵی ۱۹۷٦ لە ئێران نمایش کرا بەڵام لە پێش ئەوە لە سینەمای تك پاریس لە فێستیڤاڵی کان پیشان درابوو. فیلمی (نامۆو تەم) لە ساڵی ۱۹۷٦ لە دەرهێنانی بەهرام بیضایی لە زۆربەی فێستیڤاڵەکاندا پیشان دراوەو جێگەی پەسەندی ڕەخنەگرانی بیانی بووە. فیلمی (لە غوربەتدا) لە ساڵی ۱۹۷٦ لە سازکردنی (سهراب شهيد ثالث) فیلمێك بوو دەربارەی تەنیایی پەنابەران لە ئەڵمانیا خەڵاتی باشترین فیلمی وەرگرت. فیلمی (باخی گران بەها) لە ساڵی ۱۹۷۷ لە سازکردنی کیمیایی لە فێستیڤاڵی بەرلین خەڵاتی ورچی زیوینی بردەوە. فیلمی (بازنەی مینا) لە ساڵی ۱۹۷۵ لە دەرهێنانی داریوش مهرجویی فیلمێك بوو دەربارەی چۆنیەتی فرۆشتنی خوێن

له تاران. بازنەی مینا فیلمێکی واقیع گەریی بوو کە هەندێ حەقیقـەتی ناخۆشی بـاس دەکرد. ئەم فیلمە دوای ٤ ساڵ ڕاگیران، لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران نمایش کرا.

(بازنەی مینا) لە فێستیڤاڵەکانی بـەرلین و پـاریس چـەندین خـەڵاتی وەرگـرت. لـە سـاڵی ١٩٧٥ عبـاس کیارسـتمی فیلمـی (گەشـتیار)ی دەرهێنـاو لـە سـاڵی ١٩٧٩ فیلمـی (هـەواڵ)ی پێشکەش کـرد. گەشـتیار چیرۆکی خوێندکارێکە کـە حـەزدەکات لـە تـاران سـەیری پێشبڕکێی تۆپـی پـێ بکـات. لـە ئـەنجامدا خوێندکارەکـە بـە کۆکردنـەوەی پارەیـەکی زۆر دەچێتـە تـاران و بـەڵام لـەتاو هیلاکـی لـە یاریگـای ئەمجەدیـە خـەوی لێدەکەوێ و لە دوای خەوێکی ناخۆش کاتێ بە ئاگا دێتەوە کە پێشبڕکێکە تـەواو بـووە. ئـەم فیلمـە سـەرەتای کـاری یـەکێ لـە باشـترین فیلمسـازەکانی ئـێران بـوو. لـە بەڵگەنامەسازیدا بۆ خوڵقاندنی فەزای هەستیارو گەیشتن بـە جیهانی واقیعـی سـوودی لە مرۆڤ وەردەگرت.

سینەمای قۆناغی چوارەم لە دەیەی ١٩٧٠، لە ساڵی ١٩٧٨ بە فیلمـەکانی بازنـەی مینـا لە سازکردنی داریوش مهرجویی، (گەشتی بەرد) لە دەرهێنـانی کیمیـایی و (قەڵـەڕەش) لە بەرهەمی بەهرام بیضایی، قۆناغی لاوازی تێپـەڕاند بـە ڕووداونـی شۆڕشـی ئیسلامی ئێران، سینەمای قۆناغی چوارەم بـە قۆنـاغێکی تـازە لـە گەشـەکردن و ئـەزموونی نـوێ دەستی پێکرد. لە دوای شۆڕش سینەمای بازرگانی قۆناغی سێیەم بە شێوەیەکی گشـتی خرایـە لاوەو جـێی بـۆ کەسـانی تـازەو ئارەزوومـەند کـردەوە. لـەم قۆناغـەدا فیلمسـازە لاوەکـان پـەیوەندییان بـە سـینەماکارانی دەیـەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ کـرد. ئـەم گروپـە کـاری پێشڕەوییان دەگێڕاو هەندێ جار خۆیان شتێکیان دەخستە سـەر ئـەو قوتابخانەیـە. لـە دوای شۆڕش بۆ دەست پێکردنی کار (بونیادی فارابی) لە ساڵی ١٩٨٨ دروست کرا دەوڵەت توانی بۆ سینەمای ئێران چەند خاڵێك دابنێ بۆ ڕێك خستنی و بـۆ کۆمـەکی فیلمسازە لاوەکان و بە شێوەیەکی گشتی بۆ چاك بوونی وەزعی سینەما هەندێ پێشنیاز بکرێ.

(فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی فـەجر)یش بـۆ دانـانی پـەیوەندی نێـوان سـینەمای ئێران و جیهان کۆمەکی باشی کـرد؛ لـە هـەمان کـاتدا فیلمسازە سـەرکەوتووەکان پێش چەندین ساڵیش بەردەوام بوون لە کارکردن. عباس کیا رستمی فیلمی (ماڵی دۆسـت لـە

کوێیە) لە ساڵی ١٩٨٨، (ژیان و ئیتر هیچ) لە ساڵی ١٩٩٣ و (لەژێر درەختەکانی زەیتون)ی لە ساڵی ١٩٩٥ سازکرد. بهرام بیضایی (چریکەی تارا) لە ساڵی ١٩٧٩، فیلمی (باشو) لە ساڵی ١٩٨٨ و (گەشتیاران) لە ساڵی ١٩٩٥ هێنایە سەر پەردەی سینەما. علی حاتەمی کە کارەکانی بە فیلمی (حەسەن کەچەڵ) (بابا شمل) دەست پێ کرد بوو لە پێش شۆڕش فیلمی (دڵە خامۆشەکان)ی هێنابووە سەر پەردەی سینەما، لە لایەکی تر فیلمی (کمال الملك)ی لە ساڵی ١٩٨٥ دەرهێناو لە لایەکی ترەوە چەند ئەڵقەیەکی مێژوویی تەلەفزیۆنی سازکرد کە خەڵك پێشوازی‌یان لێ‌کرد.

ناصر تقوایی لە دوای شۆڕش فیلمی (ئەی ئێران)ی سازکردو تیایدا بە زمانێکی گاڵتەئامێز خەریکی لێک [illegible] ەك بوو کە لەوێدا دواکەوتوویی و نەزانی [illegible] م لە کۆتایی‌دا لەگەڵ هەموو ئەو مل ملانێیان [illegible] شەوە دەچێت.



فیلمی ( پاسکیلچی ) لە دەرهێنانی :
محسن مەخمەلباف

هەندێ لە سینەماکارانیش لە دوای شۆڕش دەستیان کرد بە چالاکی خۆیان وەك (محسن مەخمەڵباف) کە فیلمی (پاسکیل چی) لە ساڵی ١٩٨٠ و (بوکێنی باش) لە ساڵی ١٩٨٠ سازکردو دوا فیلمی ئەو فیلمی (بەرە)یە لە ساڵی ١٩٩٧ کە بووە جێی سەرنجی ڕەخنەگرانی بیانی. فیلمی (ئەمیر نادری ڕاکردوو)ی لە ساڵی ١٩٧٧دا سازکرد. ئەم فیلمە چیرۆکی تەنیایی و سەرگەردانی کوڕێکی منداڵە لە باشووری ئێران. هەندێ لە فیلمسازەکانیش بە بابەتی جەنگەوە خەریك بوون لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی جەنگی عێراق و ئێران بەرهەمی جوانیان دەخوڵقاند کە لەناو ئەوانەدا ئەتوانین فیلمی (لە کرخە تا راین)، لە سازکردنی (ئیبراهیم حاتمی کیا) ناوبەرین. کە چیرۆکی هەوڵدانی ڕزگارکردنی سەربازێکی ئێرانییە لە بەرەکانی شەڕ دووچاری بۆمبارانی کیمیاوی بووە. حاتمی کیا خۆی فیلمەکەی بە بەرهەمێك لە دژی جەنگی کیمیاوی دادەنێ.

فیلمی (دۆستی ماڵەوە) لە دانانی خەسرەوی سینایی دیدێکی تازە بوو بە مەسەلەی جەنگ و کاریگەریی وێرانییەکان و ئەو دەربەدەرییەی لە ئەنجامی جەنگی جیهانییەوە دروست بووە خەریك بوو. فیلمێکی تری خەسرەو سینایی (لە کۆڵانەکانی عەشق) دیدێکە لەسەر جەنگی ئێران و عێراق.

لە ساڵەکانی دوایی سینەمای منالآن و نەوجەوانان لە ئێران گرنگییەکی زیاتری پێدرا. فیلمەکانی (ڕاکردوو) لە ساڵی ١٩٧٧، فیلمی (ماڵی دۆست لە کوێیە) لە ساڵی ١٩٧٩، (هارمۆنیکا) لە ساڵی ١٩٧٦ و (گەشتیار) لە ساڵی ١٩٧٧ چەند فیلمێکی سەرکەوتوو بوون کە لە چوارچێوەی سینەمای منالآن و نەوجەوانان بەرهەم هێنرابوون. بەشێك لە سینەمای منالآن و نەوجەوانان وەك زۆربەی فیلمە سەرکەوتووەکانی تر پشتی بە ئەدەبیات بەستبوو. هەندێ لەو فیلمانەی کە لەسەر بنەمای ئەدەبیات بوو لە چوارچێوەی سینەمای منالآن و نەوجەوانان وەك (لەم ڕۆ بەدواوە) و (شەرم) لە سازکردنی کیومرث پور ئەحمەدو (هەوێن) لە دەرهێنانی ئیبراهیم فروزش لەسەر بەرهەمێکی هۆشەنگ موارادی کرمانی سازکراون.

گۆڕانكاری‌یەكی تر لەم ساڵانەی دوایی‌دا زیادبوونی ژمارەی دەرهێنەرە ژنەكان بوو (تهمینە میلانی، رخشان بن اعتماد سمیرە مەخمەڵباف) لە فیلمسازە سەركەوتووە ژنەكان بوون لەم ساڵانەی دوایی‌دا.

لەم ڕۆژدا سینەمای ئێران لە جیهاندا ناسراوەو لە فێستیڤاڵە جیهانی‌یەكانی سینەمادا جێگەیەكی بۆ خۆی كردۆتەوە. فیلمە ئێرانی‌یەكان بە دووركەوتنەوە لە توندوتیژی‌و خەریك بوون بە بابەتە مرۆڤایەتی‌یەكان توانیویانە لە دەرەوەی ئێرانیش بینەر بۆ خۆیان دروست بكەن. لەوانە فیلمەكانی وەك (میزەڵانی سپی) لە ساڵی ١٩٩٦ لە سازكردنی جەعفەر پەناهی، (ژیان و ئیتر هیچ) و (پەڵەی شین) لە بەرهەمی كیاروستەمی لەلای خەڵكی و لاتانی تریش سەرنج ڕاكێش بووە بەو هەموو سادەیی‌یەوە پەیوەندی قووڵی مرۆڤایەتی كەسەكانی ناو چیرۆكەكان بووە.

# بــــــەشــــــی دووەم

## ئامادەكار

ئامادەكار تەنیا كەسێكە یان ڕێكخراوێكە كە سەرمایەو تواناكانی ئامادەكردنی فیلـم دابـین دەكـات، ئامادەكـار لـە سـەرەتای كارەكـەوە چاودێری‌یـەكی وردی هـەموو كارەكـان دەكـات. ئـەم سەرپەرشـتی كردنـە هـەر لـە هـەڵبژاردنی چـیرۆك و فیلمنامــەو دانـانی دەرهێنەرو هاوكارەكان و كارئەكتـەرەكان دەسـت پێدەكـات هـەتا دوا شـەو كـە فیلمەكـە نمایش دەكرێ.

هـەندێ جـار ئامادەكـار، نووسـەری فیلمنامـە یـا دەرهێنــەری فیلمیشـە. ئەگــەر دەرهێنـەر ئامادەكـاری فیلـم بێـت دەتوانێـت بەسـەر هـەموو بەشـەكانی فیلمەكـەدا بـە تـەواوی زاڵ بێـت. بـەڵام ئـەم حاڵەتـە كـەمتر دێتـە پێشـێ. لـە بـاروودۆخی ئاسـایی‌دا ئامادەكـار لەگــەڵ دەرهێنــەر پەیوەندی‌یــەكی نزیـك و بـەردەوامی هەیــەو چـاودێری پێشكەوتنی كارەكە دەكەن.

لە ڕابردوودا ئامادەكارانی سینەما زۆربەیان كارمەندی كۆمپانیا گەورەكانی سـینەما بـوون و دەبوایـە پـەیڕەوی سیاسـەتی كـاری كۆمپانیایــان بكردایــە. لــەم ڕۆدا زۆربــەی ئامادەكـارانی فیلـم لـە سـەرمایەگوزان و بەشــدارانی كۆمپانیاكـانی سـینەمان. هــەندێ جاریش دەرهێنەر یا فیلمنامەنووس بە كۆكردنەوەی سەرمایەی پێویست بۆ فیلمەكــەی خـۆی دەبێتـە ئامادەكــار. هــەروەها فیلمــە ســادەكانی خوێندكــاران یــا فیلمــە كورتــە ئەزموونی‌یەكان بە سەرمایەی خودی دەرهێنەرەكانیان بەرهەم دەهێنرێت.

## فیلمنامەنووس

فیلمنامەنووس نووسەری چیرۆکی فیلمە. چیرۆکی فیلم لەوانەیە بەرهەمی خودی نوسەر بێت یا چیرۆکێك کە پێشتر نووسرابێتەوە بۆ سینەما ڕێکی بخات. لە فیلمنامەدا جەخت لەسەر خوڵقاندنی دیمەنەکان دەکرێت کە بتوانرێت ئەوانە بە شێوەی وێنە دەربهێنرێت.

فیلمە سەرەتاییەکان پێویستیان بە فیلمنامەنووس نەبوو. ئەو فیلمانە بەرهەمی کورت و یەك ئەڵقەیی بوون. بۆ بەرهەم هێنانی ئەوانە تەنیا پێویستیان بە دەستوورێکی کارکردن یا نەخشەیەك بووە بۆ کارەکە. بەو دەستووری کارکردنەیان وتووە نەخشەی کار یا (سیناریۆ). بە شێوەیەکی گشتی وێنەگر هاوکات لەگەڵ هەموو لێپرسراوێتی پەیوەست بە بەرهەم هێنانی فیلم، ئامادەکردنی سیناریۆکەشی دەگرتە ئەستۆی خۆی. بە فراوان بوونی فیلم و زیاتر گەشەکردنی سینەما، ئیتر نەخشە کورتەکان نەیان توانی ببنە بنەمای کاری فیلم و فیلمنامە گونجاوو فراوانەکان پەیدابوون. لە سەرەتادا هەر بەشێکی فیلمنامەکە دەسپێررا بە یەك شارەزا. بۆ نموونە نووسینی دیمەنە کۆمیدییەکانی فیلمەکە بە گشتی دەخرایە ئەستۆی کۆمیدییەکەوە.

بە زیادکردنی دەنگ بۆ سینەما، بوونی نووسەری بە توانا کە دەیان توانی لە جیێ سیناریۆ کورتەکان فیلمنامەی باش و هاوکات لەگەڵ گفتوگۆی گونجاو بنووسن، پێویست بوو. یەکەمین فیلمنامە نووسەکان لە شانۆوە دەرکەوتن. بەڵام هەر زوو سەرنجی ئەوەیان دا کە نووسەری سینەمایی لەگەڵ نووسەری شانۆیی جیاوازی زۆری هەیە. ئەوەندەی نەخایاند فیلمنامەنووسی بەرجەستەو بە توانا دروست بوون. لە فەرەنسا نووسینەوەی گفتوگۆ بوو بە کارێکی تایبەت و پسپۆڕی.

لە (هۆلیۆد)یش هەر نووسەرێك بە نووسینی بەشێکی تایبەت لە فیلمنامەکە خەریك دەبوون. لە قۆناغێکی کارکردندا گەیشتە ئەو شوێنەی کە نووسینی دیمەنە کۆمیدییەکان، ترسناك، پێکادان و هەتا دادگاییەکانی فیلمنامە، هەریەکەیان نووسەری تایبەتی خۆی هەبوو. بێجگە لەمانە کەسانێکی تایبەتی هەبوون کە بیرۆکەی

سەرەکی فیلمیان پیشان ئەدا. لەم ڕۆدا هەندێ جار هەندێك لە فیلمنامەکان بەرهەمی نووسینی دوو کەس یا چەند کەسێکە.

لە دەیەی ١٩٥٠ لەگەڵ باسکردنی تیۆری نووسەری سینەماکار لێدوانێك لەسەر ئەوە دروست بوو کە لە نێوان فیلمنامە نووس و دەرهێنەردا کامیان گرنگترە. هەرچەندە ئەم باسە لە کۆتاییدا بەهاو ڕێزی دەرهێنەری زیاتر کرد. بەڵام لە کارکردندا بەهاو ڕێزی فیلمنامەنووسیش زیاتربوو. لە سینەمای ئەمڕۆدا فیلمنامە گرنگی‌یەکی زۆری پێ ئەدرێ و فیلمنامەنووسە بەرجەستەکان لە سازکردنی فیلمی سەرکەوتوودا ڕۆڵی گەورە دەبینن.

## دەرهێنەر

لە ڕاستی‌دا دەرهێنەر بەدیهێنەری فیلمە. دەرهێنەر ڕۆڵی کارئەکتەرەکان و سەرپەرشتی کەرو ڕێنمایی کەری ئەوانە لە چۆنیەتی وتنی گفتوگۆو جووڵەکاندا. دەرهێنەر لە هەموو قۆناغەکانی ئامادەکردنی فیلم هەر لە هەڵبژاردنی چیرۆك و فیلمنامە، هەڵبژاردنی شوێنی وێنەگرتن، هەڵبژاردنی هەموو هۆکارەکانی سازکردن وەك: گروپی هونەریی و گروپی هونەری هەتا ئامادەکردنی فیلمەکە بۆ نمایش کردن ئامادەیی‌یەکی چالاك و ڕاستەوخۆی هەیە. کاری سەرەکی دەرهێنەر لە دوای هەڵبژاردنی هاوکارانی، سەرپەرشتی کردنی ئەوانە بۆ بەدی هێنانی کۆمەڵێك هاوئاهەنگی کردن.

هەرکامێك لە هۆکارەکانی پەیوەست لە فیلمدا لە کاتی ئازادبوون و لە سنووری کاری خۆی‌دا ئاگادارەو دەرهێنەر دەربارەی کارەکانی خۆی ڕوونکردنەوە ئەدات. لە بەرامبەر دەرهێنەریشدا بۆ ئامادەکار دەبێت وەڵام بداتەوە.

لە سەرەتای کاری سینەمادا، دەرهێنەرەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆو بە سەلیقەی خۆیان کاریان دەکرد. لەبەرئەوەی هێشتا کۆمپانیا گەورەکانی سینەما لەسەر بەرهەم هێنانی فیلمدا دەسەڵاتیان نەبوو. بە گەشەکردنی پیشەسازی سینەماو، دروست بوونی کۆمپانیا گەورەکان و ڕاکێشانی سەرمایەدارە بە تواناکان بەلای ئەم پیشەیەو

بازرگانی‌یە تازەیە، زۆربەی دەرهێنەرەکانی بەستەوە بەو کەسانەو ئازادی کارکردنیان لێ وەرگرتنەوە. بەم جۆرە زۆربەی دەرهێنەرەکان ناچار بوون ئەو فیلمانە سازبکەن کە جێگەی ڕەزامەندی گشتی‌یەو پارەیەکی زیاتریش بۆ فیلمسازەکان کۆبکەنەوە.

لە ئەوروپا دەرهێنەرەکان توانیان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و هەمیشە گرنگترین ڕۆڵیان دەبینی لە خولقاندنی فیلمەکاندا. ئەم بارودۆخە وای کرد زۆربەی شێوازە سینەمایی‌یەکان لە ئەوروپا بێتە کایەوە. لە هەمان کاتدا دەرهێنەرە ئەمریکی‌یەکان بە کارمەندی ئاسایی و کۆمپانیا سینەمایی‌یەکان دادەنران. لەو کۆمپانیایانەدا شێوەی فیلمسازی دەرهێنەرێك لە ژێر چاودێری کۆمەڵێك و لەسەر سەلیقەی سەرۆکەکەی بوو. هەرچەندە لەو نێوانەدا دەرهێنەری دیاریکراوی وەك (جان فورد) یا (ویلیام وایلەر) توانیان شێوازی خۆیان لە فیلمسازیدا بپارێزن بەڵام کەسانی بەرجەستەی وەك (ئەرنست لوبیچ و ئورسن ولز) هەرگیز بۆ خواستەکانیان دەستیان هەڵنەگرت و بە هۆی کارشکێنی خاوەن کار بە ناچاری خۆیان لە کاری سینەما دوورخستەوە لە شێوازی فیلمسازی کۆمپانیا گەورەکان هەر فیلمێك وەك بەرهەمی یەك ستۆدیۆ دەناسراو لە سازکردنی‌دا دەبوایە شێوازو شێوەی تایبەتی ئەو ستۆدیۆیە ڕەچاو بکرایە. بەم شێوازەو بێدەنگی ستۆدیۆکان دەربارەی بەرهەمی دەرهێنەرەکان بووە هۆی ئەوەی چەندین ساڵ خەڵك تەنیا ئەستێرە ناسراوەکانی سینەما بناسن بێ‌ئەوەی شتێك بزانن دەربارەی ئەو هونەرمەندانەی کە سەرپەرشتی و سەرخستنی کارەکە ئەنجام ئەدەن.

لە ساڵی ١٩٥٤ (فرانسوا تروفو)ی دەرهێنەرو تیۆردانەری فەرەنسی، کە لە گۆڤاری (کایە دوسینەما)دا ڕەخنەی دەنووسی، وشەیەکی بەکارهێنابوو کە دوای چەند ساڵێك لە وەرگێڕانی ئینگلیزیدا بە نووسەری سینەماکار گۆڕا. لەو قۆناغەدا باس و خواسێك لەو بارەوە لە ئارادا بوو لە دروست بوونی فیلمێکدا فیلمنامە گرنگترە یا دەرهێنەری فیلم، هەندێ لە تیۆردانەرەکان فیلمنامەیان بە گرنگتر دادەنا چونکە فیلمنامە دەتوانێ سەربەخۆ لە فیلم بوونی هەبێت لە کاتێکدا کە هیچ فیلمێك ناتوانێت بەبێ فیلمنامەساز بکرێ. گرووپی نەیاری ئەوان بە جەخت کردن لەسەر گرنگی دەرهێنەر لەسەر ئەو خاڵەی کە یەك فیلمنامە دوو دەرهێنەر دەتوانن بە دوو شێوەی جیاجیا

سازی بکەن. بە دوای ئەم باسانەدا تیۆردانەران سەرکەوتووترین ئەو دەرهێنەرانە بە کەسانێك دادەنێن کە بێجگە لە دەرهێنان هەم نووسەری دەقی بەرهەمەکە بن. ئەم جۆرە دەرهێنەرانە بە (نووسەری سینەماکار) ناودەبران. لە باشترین حاڵەتدا دەرهێنەر بێجگە لە نووسینەوەی ئامادەکردنی فیلم ڕۆڵی تریشی هەیە. لەم حاڵەتەدا دەرهێنەر ئەتوانێ بەسەر هەموو بەشەکانی فیلمدا زاڵ بێت و بەبێ بەشداری سەلیقەی کەسانی تر بەرهەمەکە بەپێی ئارەزوو خواستەکانی خۆی بخولقێنێ. بە شێوەیەکی ئاسایی هەر دەرهێنەرێك پەیوەندی هەیە لەگەڵ وێنەگردا، گروپی هونەریی تایبەتی و هەتا هەندێ جار لەگەڵ فیلمنامە نووسێکی دیاری کراو کاربکات. (وتیوریۆ دسیکا) فیلمسازی ئیتالی باشترین بەرهەمی لەسەر بنەمای فیلمنامەکانی (چزارە زاواتینی) سازکردو وێنەگرتنی فیلمەکانی سپایك ڵی زۆربەیان لە ئەستۆی (ئەرنست دیکرسۆن)دایە.

هەر دەرهێنەرێك بێجگە لە گروپی هاوکارانی تایبەتی خۆی شێوەی تایبەتی خۆی هەیە لە فیلمسازیدا. هەندێك لەوانە وەك (هیچکۆك) لە پێش دەست پێکردنی کاریدا بۆ سازکردنی فیلم بە وردی بەرنامەی دادەناو لە ماوەی وێنەگرتنیشدا زۆر بە گەرمی گۆڕانکاری لە داڕشتنی بەرنامەی سەرەتایدا دەکرد. لە کاتێکدا فیلمسازانی وەك (فلینی) وای دادەنێن کە بەبێ بەرنامە دانانی سەرەتایی کارەکەیان دەست پێبکەن و هەمیشە لە فیلمنامەدا گۆڕانکاری بکەن. دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو هەموو کارەکانی پەیوەست بە ئامادەکردن و بەرهەمی فیلم شارەزایەو دەتوانێ هەموو ڕێگرییەکان لە سازکردنی فیلمدا بە دروستی ڕاست بکاتەوەو سەرپەرشتی بکات. دەرهێنەرە گەورەکانی سینەما هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە لە فیلمسازیدا دەتوانرێت بە سەرنج دان بەو تایبەتمەندێتییانەی هەریەکەیان کارەکانیان بناسرێتەوە.

## بەڕێوەبەری وێنەگرتن

بەڕێوەبەری وێنەگرتن لێپرسراوی وێنەگرتن و دانانی ڕووناکی فیلمە. داخوازییەکان و خاڵەکانی فیلمنامەنووس و دەرهێنەر بە شێوەی وێنە دەردەهێنێ. بەڕێوەبەری وێنەگرتن هەموو کەل و پەلی پێویست بۆ وێنەگرتن ئامادە دەکات و بەپێی بۆچوونی دەرهێنەر لە شێوەی دانانی ڕووناکی و زاویەکانی وێنەگرتنە کە هەڵدەبژێرێو دادەڕێژێ. کەسانی جیاجیا وەك لێپرسراوی کامێراو لێپرسراوی کارەبا، هاوکارەکانی وێنەگرتن و دەرهێنەری هونەریی نەخشەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن.

بەڕێوەبەری وێنەگرتن بە ڕێك خستنی جووڵەی کامێراو گۆڕینی ئەندازەی دووریەکان هەستی دەرهێنەر بۆ بینەران دەگوێزێتەوەو جەخت لەسەر ئەو خاڵانە دەکات کە جێی سەرنجە. جووڵە جیاجیاکانی کامێراو شێوەی دانانی ئەوانە دەتوانێت هەست و شعوری جیاجیا بگەیەنێت بە بینەر.

بۆ نموونە ئەگەر کامێرا لە خوارەوەو ڕووبەڕووی کارئەکتەر دابنرێت بە یارمەتی ڕووناکی دەتوانرێت ڕووخسارێکی ترسناك بەرجەستە بکات. یان بۆ پیشان دانی کەسایەتییەکی لاواز دەتوانێت کامێراکە لە شوێنێکی بەرز دابنێ و لە بەرزییەوە وێنەی بگرێت.

بە ڕای دەرهێنەر فیلمی داخراو لەوانەیە لە فەزای سروشتی یا لە ستۆدیۆ ئامادە بکرێت، ئامادەکردنی فیلم لە ستۆدیۆ بە هۆی بوونی توانای زیاتر، سادەترەو بە هەر شێوەیەك کە ستۆدیۆ ڕێك و پێك تر بێو تەواو بێ کارەکە باشتر ئەنجام ئەدرێ بەو شێوەیەی کە داواکراوە. لە ستۆدیۆکانی ئەمڕۆدا خولقاندنی فەزاکان پێشکەوتووەو سروشتییە. وێنەگرتن لە فەزای سروشتیدا، بە هۆی گۆڕانی ڕووناکی و تۆمارکردن سەخت ترە لە وێنەگرتن لە ستۆدیۆدا. لە فیلمە بەڵگەنامەییەکاندا وەك ئەو فیلمانەی پەیوەستە بە ژیانی ئاژەڵان، وێنەگرتن تەنیا لە فەزای سروشتی ئەنجام ئەدرێت. بەڵام پێشتر فیلمەکان سوودیان لە ستۆدیۆو فەزای سروشتی دەکرد. هەندێ

جاریش ئـەو دیمەنانـەی لـە فـەزای سروشـتی بـە یارمـەتی تــەکنیکی تایبــەتی لەگــەڵ دیمەنە ئامادەکراوەکەدا لە ستۆدیۆدا ڕێك دەخرێت.

لە سەرەتای کاری سینەمادا، وێنەگر بە تـەنیا خـەریکی کارەکـەی دەبـوو بێجگـە لـە وێنەگرتن چاپ کردن و پیشاندانی فیلمیش لە ئەستۆی ئەودا بوو. لەگـەڵ پێشکەوتنی هونـەریی سـینەماو ئـاڵۆزبوونی کارەکـان وێنـەگرتن بـووە کـارێکی پســپۆڕی و وێنــەگر گرنگی‌یەکی زیاتری پەیداکرد.

لـەم ڕۆدا بەڕێوەبـەری وێنـەگرتن خـۆی ڕێنمـایی کامێراکـە ناکـات، بـەڵکو شـێوەی وێنـەگرتن و دانـانی ڕوونـاکی دادەڕێـژێو هاوکارەکانیشــی ئــەو بەرنامەیــە جێبــەجێ دەکەن.

## کارئەکتەری سینەما

کارئەکتەری سینەما ئەو کەسەیە کە ڕۆڵی یەکێك لـە کەسـایەتی فیلمەکـە دەبینـێ. کارئەکتــەر لــەژێر چــاودێری دەرهێنــەرو بــە ڕێنماییــەکانی ئــەو ڕۆڵــە کــە دەبینــێ. هەروەها دەرهێنــەر شـێوەی جـل و بـەرگ و دانـانی شـێوەی ڕووخساری دیمەنـەکان کـە دەبێ کارئەکتەر تیایدا ڕۆڵ ببینێ دیاری دەکات.

کارئەکتـەری سـینەما بێجگـە لـە زانیـاریو ئامـادەیی نوانـدن دەبێـت شـارەزایی لــە هۆکارەکـانی هونـەریی سینەماشـدا هـەبێت هـەتا بتوانێـت شـێوەی بینینـی ڕۆڵـی خـۆی لەگەڵ ئەواندا هەماهەنگ بکات و ڕۆڵی خۆی بە باشترین شێوە بنوێنێ، بـۆ نموونـە بـە هۆی جێگۆڕکەی کامێراو گۆڕینی نماکان، کارئەکتەری سینەما نـاتوانێت بـۆ ماوەیـەکی زۆر تەرکیز بکاتە سەر ڕۆڵی خۆیی و ناچـارە لـە هـەندێ جـاری پێویسـتدا ڕۆڵـی خـۆی بوەسـتێنێ و خـۆی لەگـەڵ بـارودۆخی تـازە بگونجێنـێ ئـەوە بخاتـە لاوە. کارئەکتــەری سینەما بە پێچەوانەی کارئەکتەری شانۆیی ڕۆڵـی خـۆی لـە دوای پرۆڤەیـەکی زۆرو بـە شـێوەیەکی زینـدوو تـەواو لەسـەر شـانۆ نمـایش ناکـات. بـەڵکو چـەند جـارێك بەشـە جیاجیاکـانی ڕۆڵێـك لـە بەرامبـەر کـامێرا دووبـارە دەکاتـەوە هـەتا دەرهێنـەر بتوانێـت

باشـترین نوانـدن هـەڵبژێرێ. بـۆ تۆمـارکردنی ڕۆڵێکی داواکـراو هـەندێ جـار بۆیـەك چەندین جار وێنەی دەگیرێت.

خـاڵێکی تـری گرنگـی کارئەکتـەری سـینەما ئەوەیـە کـە کـامێرا وێنــەی ڕوخسـاری کارئەکتەر لە نزیکەوە نمایش دەکات و بچووکترین جووڵەشـی تۆمـار دەکـات. وردەکـاری کامێرا لە تۆمارکردنی حاڵەتەکانی کارئەکتەر بە جۆرێکە کە هـەندێ لـە تیۆردانـەرانی سـینەما لـەو بڕوایـەدان کـە دەبـێ کارئەکتـەری سـینەما خـۆی بـە تـەواوی لـە جـێی کەسایەتی فیلمەکە دابنێ. لەبەرئەو هۆیە هەندێ لە دەرهێنەرەکان وایان پێ باشـە کـە بۆ زیاتر سروشتی بوونی ڕۆڵەکان سود لە کەسانی ئاسـایی وەربگـیرێت کـە لەگـەڵ ئـە و ڕۆلانەدا گونجاون و جێی مەبەستیانە.

یەکـەمین کارئەکتـەرەکانی سـینەما کەسـانی ئاسـایی بـوون کـە لــە ڕۆڵـەکانی خۆیـاندا دەردەکـەوتن. بـە سـەرپێ کـەوتنی سـینەما ئیـتر کارئەکتـەری پیشـەیی دروسـت بـوو. کارێکی ئاسـاییە کـە کارئەکتـەرەکانی ئـەو قۆناغـە کارئەکتـەری شـانۆیی بـوون. بـەڵام ڕازی کردنی کارئەکتەرە گەورەکانی شانۆیی بۆ ئامادە بوون لە بەرامبەر کامێرا کارێکی ئاسان نەبوو. لەبەرئەوەی ئەوانە نواندنیـان لـە فیلمـدا بـە کـارێکی بێبـەها دادەنـا. لـە ساڵی ١٩٠٠ زۆربەی ئەو کارئەکتەرانەی کـە لـە فیلمـەکاندا ڕۆڵیـان دەبینـی کارئەکتـەری ناپیشـەیی یـا ئـەو کەسـانە بـوون کـە لـە نواندنــی شـانۆییدا ڕێگەیـەکیان بـۆ خۆیـان نەدۆزیبۆوە. ئەوانە جووڵـەی زۆرو بـە ڕەواجـی شـانۆ لـەو قۆناغـەداو وتنـی حیـوار بـە شـێوەی وتـار یـا حیکـایتخوان بـە دەنگێکی بـەرز هێنایانـە نـاو سـینەما. لـە سـاڵی ١٩٠٨ کۆمپانیای فیلمسازی فیلم دو ئارت (film d'Art) لە ڕێگـەی (کومدیـا فرانسـز) توانیـان چـەند نمایشـێکی شـانۆیی لەگـەڵ هـەموو گروپـی کارئەکتـەرەکان بـە شـێوەی فیلـم دەربهێنن. دەرکەوتنی کارئەکتەرە گـەورەکانی وەك سـارا بـەرنارد (Sarah Bernardt) لەم فیلمانەدا و بەرهەم هێنانی بەرهەمی وەك: (تیرۆری دوك دوگیز)، گرنگیـەکی بـە سینەماداو لە ڕووی بەهای هونەرییەوە چووە لوتکە. بەڵام لەگـەڵ هـاتنی کارئەکتـەری پیشـەیی شـانۆیی بـۆ سـینەما لـە سـینەمای ئـەورووپاو سـینەمای بـێدەنگی ڕوسـیا بـە تایبەتی لە فیلمەکانی ئایزنشتاین و پودوفکین زۆر سـودیان لـە کارئەکتـەری ناپیشـەیی

وەرگرت لە دوای چەند ساڵیش سینەمای نیۆریالیستی ئیتالیا بۆ سروشتی تر بوونی ڕۆڵەکان سودیان لە کارئەکتەری ناپیشەیی وەردەگرت.

بە هاتنەکایەی سینەمای دەنگدار کاری زۆری کردە سەر شێوەی ڕۆڵی کارئەکتەرەکان. جووڵەی قوڵی بێدەنگ کە لە پانتۆمیمەوە وەرگیرابوو خرایە لاوەو نواندن حاڵەتی ئاسایی تری وەرگرت. زۆربەی کارئەکتەرە ناسراوەکانی سینەمای بێدەنگ بە هۆی نەبوونی دەنگی گونجاو جێگەی خۆیان دا بەو کارئەکتەرانەی کە دەنگی گونجاویان هەبووەو بە شێوەیەکی ئاسایی قسە دەکەن.

وردە وردە لەگەڵ هێنانە ئارای ئەستێرەسازی لە سینەمادا ئەو کارئەکتەرانە لە سینەمادا دەرکەوتن کە جێی سەرنج و خۆشەویستی زۆری خەڵکی بوو. زۆربەی ئەو کارئەکتەرانەی ڕۆڵی دیاریکراویان لە فیلمە جیاجیاکاندا دەبینی و خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئەوانە هەمیشە هەر لەو ڕۆڵانە ببینن. لە قۆناغی ئەستێرەسازیدا گرنگی کارئەکتەرەکان بە شێوەیەك بوو کە هەتا دەرهێنەرەکان ناچار بوون بە پەیڕەوی کردنی ئەوان و گونجاو لەگەڵ تواناو سەلیقەی کارئەکتەرەکان فیلمەکانی خۆیان دەربهێنن. هەرچەندە دەرهێنەرە گەورەکانی وەك هیچکۆك لەگەڵ کارئەکتەرەکان بە شێوەی کەم لە فیلمەکاندا ڕەفتاری دەکردو چاودێری هەموو جووڵەکانیانی دەکرد. بەڵام کاتێك توانای کارئەکتەر و دەسەڵاتی کارئەکتەرە گەورەکان بە ڕادەیەك بوو کە ڕۆڵی خۆیان بە پشت بەستن بە توانای هونەری و ئەزموونی کاری خۆیان دەخوڵقاندو هەتا بۆ ئەوانە فیلمنامەو ڕۆڵی گونجاو لەگەڵ تواناکانیان دەنووسرایەوە.

## فیلمنامە- سیناریۆ

فیلمنامە بریتییە لە دەقێك کە فیلم لەسەر ئەو بنەمایە سازدەکرێت. هەر فیلمنامەیەك باس لە هەموو دیمەنەکان و گفتوگۆکانی فیلمەکە دەکات بە پێچەوانەی نمایشنامە کە زیاتر دەقاو دەق لەسەر شانۆ نمایش دەکرێ فیلمنامە لەوانەیە بە هۆی ئەوەی دێتە سەر پەردەی سینەما، جیاوازییەکی زۆری دەبێت. بە هۆی گرنگی بوونی فیلمنامە لە سازکردنی فیلمدا، هەندێ هۆکاری تریش لە سازکردنی فیلمدا ڕۆڵیان

هەیە. دەبێ دەرهێنەر بە سەرنج دان بە هەموو هۆکارەکانی فیلمنامە بۆ وێنەگرتن ئامادەیی هەبێت.

فیلمنامە هەرگیز بۆ خودی خۆی جێی بەراورد کردن نییە لەبەرئەوەی دەقێکە بۆ پیشان دان لەسەر پەردەی سینەما نووسراوە.

نەوەك بۆ خوێندنەوە، هەروەها گفتوگۆی فیلمنامەکانیش دەبێ لەگەڵ مۆسیقاو دەنگەکانی دەقی فیلمەکە بێت هەتا بە شێوەیەکی تەواو دەربێت.

فیلمنامە نووسین کارێکە بە چەند قۆناغێك کە بە بیرۆکەیەکی تایبەتی یا بەداستانێك یا ڕۆمانێك دەست پێدەکات. هەندێ جاریش بۆ فیلمێك فیلمنامەیەکی تایبەتی دەنووسرێ و هەندێ جاریش داستانێك بە شێوەی فیلمنامە دەردەهێنرێت. لە سینەمادا، وێنەکان لە جیاتی وشەکانی داستانەکە یان چیرۆکەکە بابەتەکە دەگێڕنەوە. کاتێك کە ڕۆمانێك یا چیرۆکێك بە شێوەی فیلم دەردەهێنرێت وەسفە ئەدەبییەکانی بەرهەمەکە لادەبرێت و جێی خۆی دەدا بە گفتوگۆکان و جێبەجێکردنی یاسای کارکردن.

یاسای کارکردن بریتییە لە: گۆشەی کامێرا، جۆری گرتەکان کە بڕیار دراوە وێنەی بگیرێ، جووڵەی کامێرا، جۆری نواندن و جووڵەی کارئەکتەرەکان، ڕووناکی و هەموو بەشەکانی تری جێبەجێ کردنی فیلمەکە دیاری دەکات.

فیلمنامە نووس لە دوای ڕێك خستنی کۆتایی دەیدات بە دەرهێنەر دەرهێنەریش لە دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکەو بەراوردکردنی لەگەڵ سەلیقەو شێوازی خۆی، نوسخەیەکی تازە لەوە دروست دەکات کە بە فیلمنامەی تایبەتی وێنەگرتن یا بە (Shooting Script) بەناوبانگە لە ئێراندا بۆ ئەم قۆناغە سود لە واژەی فەرەنسی دیکوپاژ- Decoupage وەردەگرن.

سکرێبتی فیلمنامە یەکێکە لە دژوارترین قۆناغەکانی سازکردنی فیلم. لەم قۆناغەدا فیلم لە دوا شێوەی خۆیدا دادەنێ و چیرۆکەکە بە شێوەی دەنگەکانی ڕۆڵە جیاجیا دەردەهێنێ. لە کارێکی ناپیشەییدا، ئەکادیمی یا فێرگەیی، پێویستی بە فیلمنامەی ورد نییەو دەتوانێ سود لە فیلمنامەی سادەتر وەربگرێ.

لەم جۆرە فیلمنامانەدا ئیرتیجالی ڕۆڵی گرنگی هەیە. واتە کەم بوونی بەشەکانی فیلمنامە لەگەڵ داهێنانەکانی دەرهێنەر و کارئەکتەرەکان لە چوارچێوەی پرۆڤەدا حەقی بۆ دەکەنەوە.

لە فیلمە بەڵگەنامەییەکاندا لە جێگەی سوودوەرگرتن لە فیلمنامەی تەواو ورد سود لە دەقێك وەردەگیرێ کە پێشتر نەخشەیەکی گشتی لە یاساکانی وێنەگرتن و بابەتی فیلم و ئەو یادەوەرییانەی دەربارەی کەسەکان، بابەتەکان و ڕووداوەکانە. نەخشەی هەمەلایەنەی بابەتی بەڵگەنامەکان و دەقی گفتوگۆی فیلم، لە دوای تەواوبوونی وێنەگرتن دەخرێتە سەر کاغەز.

## وێنەگرتن

وێنەگرتن ئامادەکردن و تۆمارکردنی کۆمەڵێك گرتەیە. گرتەش لە کۆمەڵێك فرێم پێك دێت (چەند وێنەیەکی تەنیا)یە کە بە دوای یەکدا دێن واتە بە یەك جووڵەی کامێرا کە دەگیرێن. شێوەی وێنەگرتن، جووڵە جیاجیاکانی کامێرا، شێوەی دانانی کامێرا بە دووری یا نزیك بوونی گرتەکان دەتوانرێ هەست و شعوری جیاجیا لای بینەر دروست بکات. بە شێوەیەکی گشتی ئەو گرتانەی کە دەبێت لە مەوقعێکی کامێراکە بگیرێ. لە یەك نۆبەداو لەسەر شانەوە وێنە دەگیرێن. وێنەگرتن لەسەر بنەمای فیلمنامەیەکی تایبەتی یا سیناریۆ ئەنجام دەدرێت.

دەرهێنەر فیلمەکە دەخاتە بەردەستی بەڕێوەبەری وێنەگرتن. ئەویش بەپێی یاسای کارکردنی نووسراو ڕووناکی و شوێنی کامێرا ڕێك دەخات و بە ڕێنمایی دەرهێنەر دوا نەخشەی پێویست بە پراکتیکی ئەنجام ئەدات. لە دوای دیاریکردنی شوێنەکانی وێنەگرتن و ئامادەکردنی دیکۆرەکان، پرۆژەی کارئەکتەرەکان دەست پێ ئەکات. کاتێك کە دەرهێنەر هەموو ئامادەییەکی پێویستی بۆ دیاریکردنی کارەکە بە دەست دەهێنێت، دەست دەکرێ بە وێنەگرتن. لەوانەیە لە چەند جاری یەکەمدا، کارەکە کەم و کوڕی هەبێت بەو هۆیەوە لە هەر دیمەنێك چەند جارێك وێنە دەگیرێت

هەتا ئەوەی مەبەستە بە دەست دێت. دوایی هەموو فیلمە گیراوەکان بۆ دەرخستن دەبرێتە لابراتوار (ستۆدیۆی وێنە).

## ڕووناکی

ڕووناکی هونەرێکە بۆ بەدی هێنانی ڕووناکی‌یەکی شیاو بۆ وێنەگرتنی فیلم، ئەو ڕووناکی‌یەی لە دیمەنەکاندا هەیە هەموو کاتێك تەواو نی‌یەو شیاو نی‌یە لەگەڵ فەزای پێویست بۆ وێنەگرتنەکە. لەبەرئەوە دەبێت سوود لە ڕووناکی زیاتر وەربگیرێت بۆ پڕکردنەوەی. هەڵبژاردن و نەخشەی ڕووناکی شانۆ یا دیمەنەکان دەخرێتە ئەستۆی بەڕێوەبەری وێنەگرتن.

بەڕێوەبەری وێنەگرتن لە کاتی نەخشە دانانی ڕووناکی شانۆدا دەبێت گرنگی بە دوو مەسەلە بدات. یەکەمیان ئەوەیە کە ڕووناکی‌یەکە بە جۆرێك دابنرێت کە بۆ وێنەگرتنەکە شیاو بێت و بەو جۆرەی کە بە شێوەی تیشکی ڕووناکی‌یەکەی بەو جۆرە بێت کە چۆنیەتی ئەو نمایشە بێنێتە دی کە داواکراوەو بۆ پیشاندانی حاڵەتەکانی خەماوی، شادی، ترسناك، هەڵچوون یارمەتی‌دەر بێت.

لە کاتی وێنەگرتن لە فەزای کراوە یا لە فەزای داخراو، پێویستە ڕووناکی دیمەنەکان بە سروشتی بێتە بەرچاو. ئەم کارەش بە هۆی هۆکارە تایبەتی‌یەکان و هەندێ جار بە دروست کردنی دژ لە نێوان ڕووناکی و سێبەردا ئەنجام ئەدرێت. لە فەزای کراوەدا بە شێوەیەکی گشتی ڕووناکی سروشتی بە هۆی ئەو ئامێرانەی کە ڕووناکی پێچەوانە دەکەنەوە ڕاست دەکرێنەوە.

ڕووناکی دەرەوەکانی تیشکی خۆر بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆ وێنەگرتن پێویستە، یارمەتی‌دەر دەبێت.

له دانانی ڕووناکی‌دا سوود له پرۆژکتۆره گەورەو بـەهێزەکان وەردەگیرێ کـه زیـاتر له جیّی تیشکی خۆر یان بۆ ڕووناکی بەهێز بەکاردەهێنرێت و سوود له هـەموو جـۆره گلۆپ و چرایەکی گەورەو بچووك وەردەگیرێ.

بەڕێوەبـەری وێنـەگرتن بـۆ بەدەسـت هێنـانی باشـترین جـۆری ڕوونـاکی بێجگـه لــه هۆکـاره هونەرییـەکان سـوود لـه هاوکـاری چـەند پسـپۆڕێکی جیاجیـای وەك پسـپۆڕی کارەباو دەرهێنەری هونەریی لێهاتووش وەردەگرێت.

## مۆسیقای فیلم

مۆسیقای فیلم پارچەیەك مۆسیقایه که بۆ فیلـم دەنوسـرێتەوه و ئامـاده دەکرێـت. بـەهای مۆسـیقا لـه بەرزکردنـەوەی کاریگـەریی سـینەما هـەتا لـه پێـش ئـەوەی دەنـگ بخرێتـه سـەر فیلـم ناسـرابوو. لـه سـەرەتای سالّی ١٩٠٨ (کـامیل سـن سـان) ئاوازدانــەری فەرەنسـی، مۆسـیقای بـۆ فیلمـی (تـیرۆری دوك دوگـیز) دانـا، کـه یەکـەمین بەرهـەمی کۆمپانیای فیلمسازی (فیلم دو ئارت) بوو. لـه ڕۆژانـی سـینەمای بـێدەنگدا بـۆ زۆربـەی فیلمه گرنگەکان ئاوازیان بۆ دادەنرا یا ئاوازێك هەڵدەبژێردرا بۆ پەخش کردنی لەگـەڵ فیلمەکـەدا. لـه هۆڵـه گـەورەکانی سـینەمادا مۆسـیقای فیلمەکـه ئۆرکسـترایەکی تـەواو دەیژەنـی و هـەتا لـه هۆڵـه بچووکـەکاندا پیـانۆژەنێك مۆسـیقای فیلمەکـەی پێشـکەش دەکرد. کاتێك بۆ فیلم مۆسیقای تایبـەتی دانـەنرابوو، ئۆرکسـترا یـا پیـانۆژەن بـه تـاکی لەگەڵ حاڵەت و جۆری فیلمەکه لەگەڵ پێشکەش کردنـی پارچـه جیاجیاکـان، هاوشـانی فیلمەکەیان دەکرد.

لەگەڵ دروست بوونی سینەمای دەنگدار، مۆسیقای فیلم بـه شـێوەیەکی سـەربەخۆو جدی باس کرا. لەوە بەدواوە ئاواز دانەری فیلم له کاتی نووسینەوەی مۆسیقاکه بێجگه له فـەزای فیلـم و هـەورازو نشـێوی چیرۆکەکـه دەبێـت سـەرنجی هەماهـەنگی لـه نێـوان گفتوگۆکان و کاریگەرییيه دەنگی‌یەکان لەگەڵ دەقی مۆسیقاکه بدات.

له سەرەتادا ئاوازدانەرەکان زیاتر ئەو مۆسیقایانەیان بۆ فیلم ڕێك دەخست کە پێشتر دانراوە یا هەبووە بەڵام لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٣٠ دانانی مۆسیقای تایبەتی بۆ هەر فیلمێك لە ئەوروپاو ئەمریکا برەوی پەیداکرد. لە سەرەتادا ئاوازی فیلمەکان زیاتر بە شێوەیەك دەنووسرانەوە کە تەنیا لەگەڵ دەقی فیلمەکە دەبیستراو تا پەیوەست نەبوو لەگەڵ گفتوگۆکان و ڕووداوەکانی فیلمەکە.

بەڵام لەم ڕۆدا شێوازێکی تر کە جێگەی سەرنجە هەوڵ ئەدرێ لە مۆسیقای فیلم دا سوود لە کاریگەریی زیاتر لەسەر بینەرو ئامادەکردنیشی بۆ دیمەنە جیاجیاکان و ڕووداوەکانی فیلمەکە بکرێت.

ئاوازدانەرەکانی فیلم وردە رودە لە کارەکەی خۆیاندا توانای باشتریان پەیداکردوو هەروەها دەرهێنەرەکانیش سەرنجی گرنگیی مۆسیقای فیلمیان دا. لەم ڕۆدا پەیوەندییەکی زیاتر لە نێوان دەرهێنەرو ئاوازدانەر دروست بووە. پێشکەوتنەکانی هونەریی لە بارەی تۆمارکردن و پەخش کردنی دەنگ یارمەتی دەربووە لە چاك کردنی مۆسیقای فیلم.

## ڕێکخستنی دەنگ

ڕێکخستنی دەنگ هونەری زیادکردنی دەنگە بۆ فیلم. لەم ڕۆدا بە هۆی ئامێری پێشکەوتوو، دەتوانرێ فیلمەکان لەگەڵ دەنگدا بە یەکەوە پەخش بکرێن. ئەم کارە بە دوو شێوە ئەنجام ئەدرێت. دۆبلاژو دانانی دەنگ هاوکات لە شێوازی دۆبلاژی فیلمدا بەبێ تۆمارکردنی دەنگ وێنەگرتنەکە ئەنجام ئەدرێت. دوایی ئەوە مۆنتاژ دەکرێ و لە هۆڵی تایبەتی نمایش دەکرێن. ئەو گروپەی کە هەندێ جار خودی کارئەکتەرەکانی فیلمەکەن یا هەندێ جار کەسانی ترن هاوکات لەگەڵ دەم جوڵاندنی لێوی کارئەکتەرەکاندا، گفتوگۆکانیان دووبارە دەکرێنەوە. ئەم دەنگانە لە دوای تۆمارکردن و ڕێك خستنی لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە جێی مەبەستە وەك مۆسیقاو کاریگەرییە دەنگییەکان (Sound effect ) دەخرێتە سەر فیلمەکە.

لە ڕێکخستنی دەنگدا هاوکات بۆ تۆمارکردنی دەنگ سوود لە ئامێری پێشکەوتوو وەردەگیرێت کە دەتوانێت خێرایی ئەوە لەگەڵ خێرایی کامێرای وێنەگرتن هاوکات و یەکسان بێت. لەم شێوازەدا کامێرای بێدەنگ بەکاردەهێنن و هاوکات لەگەڵ وێنەگرتنەکەدا زۆر لەو دەنگانەی کە جێی مەبەستە وەك گفتوگۆکانی فیلمەکە تۆمار دەکەن. دەنگەکانی فیلمەکە لە دوای ڕێکخستنی کۆتایی لەگەڵ دەنگەکانی تر وەك مۆسیقاو کاریگەریە دەنگیەکان دەخرێتە سەر کاسێتێك. بەم کارە دەڵێن ئاوێتەکردنی دەنگ یا میکس. دواکاسێتی دەنگ بە سێ شێوازی موگناتیسی، تیشکی یان ئەپتیکی و دیجیتاڵی دەخرێتە سەر لایەکی فیلمەکە. ئەوەی جێی سەرنجە شێوازی دیجیتاڵی لە دەیەی (١٩٩٠)ەوە سوودی لێ وەرگیراوە. لەم شێوازەدا دەنگە گڕەکان وەك تەقینەوەکان و دەنگە تیژەکان وەك دەنگەکانی کەمانچە زیاتر بە ڕوونی تۆمار دەکرێت. هەروەها دەنگەکانی تریش وەك تەقەکردن و پێکادانی ئۆتۆمبێل لە شێوازی دیجیتاڵیدا بە جۆرێکی باشتر تۆمار دەکرێت.

سینەما لە سەرەتادا بێدەنگ بوو. لە ساڵی ١٩٢٧ دەنگی بۆ زیادکراو سینەمای دەنگدار هاتە کایەوە. دیارە هەوڵ دان بۆ سینەمای دەنگدار چەندین ساڵ پێش ئەوە دەستی پێکردبوو. بۆ نموونە سوود وەرگرتن لە دەنگی مۆسیقاو ئەو کارئەکتەرانەی کە لە کاتی پەخشی فیلمدا لە جیاتی کەسایەتییەکان قسەیان دەکرد، بە یەکەوە پەخش کردنی فیلم لەگەڵ دەنگی تۆمارکراو هەتا شێوازەکانی داهێنانی تایبەتی وەك سوودوەرگرتنی ژاپۆنییەکان لە شێوازی (حیکایەتخوان)، بەشێك بوو لەو کارانەی کە بۆ دروست کردنی سینەمای دەنگدار ئەنجام ئەدرا. داهێنەرێکی زۆر لە هەوڵداندا بوون بۆ زیادکردنی دەنگ بۆ سینەما. ئەو داهێنەرە سینەماییانەی لە زۆربەی وڵاتانی جیاجیا و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نەخشەکانیان کەم و زۆر لە یەك دەچوون.

لە ساڵی ١٩٢٦ کۆمپانیای برایانی وارنەر، یەکێ لە بچووکترین و کەم سەرمایەترین کۆمپانیاکانی سینەمایی هۆلیۆد، بە هاوکاری (وسترن ئەلەکتریك) کۆمپانیای ڤیتافونی دابین کرد. فەرمانی ئەم کۆمپانیایە کردنەوەی ڕێگەیەك بۆ سینەمای دەنگدار. فیلمی (دون ژوان) یەکەم ئەنجامی هەوڵی ئەوانە بوو. لەگەڵ ئەوەی کە مۆسیقای ئەم فیلمە

(ئۆرکسترای فیلار مونیك)ی نیۆیۆرك پێشکەشی کرد چەندین کێشە لە کاتی پەخشدا بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك پێشوازی لیٚ نەکات. بەڵام برایانی وارنەر سەرەڕای بوونی مەترسی‌و شکست هێنان لە هەوڵەکانیان دەستیان هەڵ نەگرت و لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٢٧ فیلمی (گۆرانی بێژی جاز)یان هێنایە سەر پەردەی سینەما. دەنگی ئەم فیلمە بە مۆسیقاو چەند گفتوگۆیەك سنووردار بوو بەڵام بیستنی دەنگی قسەکردنی (ئال جالسون)ی کارئەکتەرو گۆرانی بێژی ڕوسی و بە ڕەگەز ئەمریکی، بینەرانی زۆر بە توندی سەرسوڕمان کردو بەم جۆرە سەردەمی سینەمای دەنگدار دەستی پیٚکرد.

لەوە بەدواوە گرنگترین مەسەلە گەیشتن بوو بە شێوەی باشتری دەنگ. لەوکاتەدا دوو شێوەی موگناتیسی و ئەپتیکی بۆ تۆمارکردنی دەنگ بەکاردەهێنرا. لەهەر دوو شێوەکەدا دەنگ لەسەر کاسێتی فیلمەکە تۆمار دەکرا. بە شێوەیەکی‌گشتی زیادکردنی دەنگ بۆ سینەما گۆڕانکارییەك بوو بەڵام جووڵەی کامێرا کە لە کۆتایی سینەمای بیٚدەنگدا سوودمەند بوو لە ئازادییەکی زۆر، بە توندی سنووردار کرا، ئەم سنوورداری‌یە، کەم کردنی جووڵەو هەڵس و کەوتی میکانیکی کارئەکتەرەکان کە دەبیٚ بۆ دەربڕینی گفتوگۆکان لە مایکەوە بەرەو مایکێکی تر دەڕۆن و توندی پیٚ دەبەخشیٚ. دوایی بە داهێنانی مایکرۆفۆنی بچووکتر کارئەکتەرەکان سەربەخۆیی‌یەکی زیاتریان وەرگرت لە کارکردندا. لە سەرەتای دەیەی ١٩٣٠ ڕێکخستنی دەنگ لە سینەمادا هەل و مەرجێکی گونجاوی پەیدا کردبوو.

بە زیاد کردنی دەنگ بۆ سینەما قۆناغی فیلمە نێودەوڵەتی‌یەکان کۆتایی هات. سەرەتا فیلمەکان بۆ فرۆشتن لە بازاڕە جیهانی‌یەکاندا بە چەند زمانێك ئامادە دەکران. لە دواییدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە سوودیان لە ژێر نووسی وەرگرت یا دۆبلاژکردن. زۆربەی کارئەکتەرەکانی سینەمای بیٚدەنگ بە هۆی نەبوونی دەنگی گونجاو ناچار بوون لە سینەما دوورکەوتنەوە بەڵام کۆمەڵێك لە دەرهێنەرە شانۆیی‌یەکان پەیوەندی‌یان بە سینەماوە کرد. ئەو دەرهێنەرانەی سینەما کە نامۆ بوون لە سوود وەرگرتن لە گفتوگۆو دەنگ لە فیلمدا، لە بارەی چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە هۆکاری دەنگ ڕێنمایی و پشتگیری دەکران.

له دەیەی ١٩٥٠ ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری تۆمارکردنی دەنگ ڕووی دا، لەسەر ڕێکخستنی دەنگی سینەماش کاریگەریی بەجێهێشت و دەنگی فیلمەکان بە شێوەیەکی باشتر تۆمارو پەخش دەکرا. وردە وردە جۆرە تەکنیکێك هاتە کایەوە کە ئەو دەنگانەی زیادن یا نەویستراون لە فیلمەکە لادەبران. لە دەیەی ١٩٥٠ گرنگترین شێوەی پەخشی دەنگی فیلم، دەنگی (ستریۆ فۆنیك) بوو. لە دەیەی ١٩٧٠ شێوەی پەخشی دەنگی ستریۆ فۆنیك تەواوترو هەرزانتر بوو. لە دواییدا لە دەیەی ١٩٩٠ سینەما سوودی لە ڕێکخستنی دەنگی (دیجیتاڵی) کردو ئەم شێوازە هەتا ئەمڕۆش باشترین شێوازی پەخش کردنی دەنگی فیلمە.

## تەکنیکە تایبەتییەکان

تەکنیکە تایبەتییەکان، هونەری بە واقیعی پیشاندانی دیمەنە ناواقیعییەکانە لە سینەمادا. لە سینەمادا زۆر لە دیمەنەکان واقیعی نین ناکرێ لە واقیعەوە وەربگیرێ. وەك دیمەنەکانی پیکادانی ئۆتۆمبێل تەقینەوەی بینا گەورەکان، گڕگرتنی ماڵ و خانووەکان، دەرچوونی شەمەندەفەر لە هێڵەکەی یا فڕینی کارئەکتەرەکان. بۆ پیشاندانی ئەو دیمەنانە بە واقیعی سوود لە شێوازێکی تایبەتی وەردەگیرێ. ئەو شێوازانەش دەبێت بێ مەترسی بن، بودجەی زۆری نەوێت، لەسەر پەردەی سینەما بە واقیعی بێتە بەرچاو و بینەر بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بەم شێوانە دەڵێن تەکنیکە تایبەتییەکان (Special effects).

تەکنیکە تایبەتییەکان بە سێ شێواز دروست دەکرێت. بەشێك لە کارەکان لە بەرامبەر کامێراو کاتی وێنەگرتن ئەنجام ئەدرێت، هەروەك دیمەنەکانی تەقینەوەو پێکادانی ئۆتۆمبێلەکان. بەشێکی تر لە دوایوێنەگرتن لە تاقیگە (لابراتوار) یا بە هۆی کۆمپیوتەرەوە پێك دەهێنرێت، هەروەك نەمانی دیمەنێك پلە بە پلەو پیشاندانی دیمەنێکی ترو پێکەوە لکاندنی ئەو دیمەنانەی کارئەکتەری هەیە بە کەسایەتی وێنە کێشراو سێیەمین بەش لە تەکنیکە تایبەتییەکان لە پێکەوە لکاندنی هەردوو تەکنیکی

سەرەوە بە دەست دێت واتە بەشێك لە كارەكانی پێش كامێراو بەشێكی تر لە لابراتوار یان بە هۆی كۆمپیوتەرەوە پێك دەهێنرێت.

ئەو فیلمانەی كە سادەیەو بودجەی كەمەو هی قۆناغی ئەزموونی خوێندكارانە، دەتوانێت لە بری كەمی تواناكان بۆ بەكارهێنانی خوڵقاندن بە شێوەیەكی تر پڕی بكاتەوە. بۆ نموونە بۆ پیشاندانی بینا گەورەكان دەتوانێت سوود لە ماكێتە بچووكەكان وەربگرێت یا بۆ نمایشی دیمەنێكی ئاسمانی شەوێكی پڕ لە ئەستێرە دەتوانێت بە كون كون كردنی كارتۆنێكی ڕەش چەند ئەستێرەیەك دروست بكات و تیایدا ڕووناكی لێ بدرەوشێتەوە.

بە دروست كردنی هۆكاری دیمەنی بچووك دەتوانرێ كارئەكتەرەكە گەورە پیشان بدرێت و بە پیاكردنی صابونی وردكراو لەسەر پەیژەوە، وێنەی دیمەنی بەفربارینی پشت پەنجەرەكە دەگرێت.

لە تەكنیكە تایبەتییەكاندا سوود لە وێنەگرتن و هۆكارە هونەرییەكان دەكرێت بۆ خوڵقاندنی ئەو دیمەنانەی كە داواكراوە.

لە سەرەتادا تەكنیكە تایبەتییەكان لە كامێرادا ئەنجام ئەدرا، یەكێ لە شێوازە ڕەواجەكان، وێنەگرتن بوو لە شووشەوە. لەم شێوازەدا لە دواوەی ڕووی شووشەوێنە دەكێشراو لە پشت ئەو بەشانەی كە ڕەنگ نەكرابوو كارئەكتەرەكان دەبینران. شێوازێكی تر داپۆشینی چەند بەشێك بوو لە عەدەسە لە كاتی وێنەگرتندا. لەم شێوازەدا یەكەم جار وێنەی كارئەكتەرەكە دەگیرێت لە كاتێكدا كە بەشەكانی تری عەدەسەكە داپۆشرا بوو. دوایی فیلمەكە دەگەڕێننەوە بۆ دواوەو دوایی ڕووی ئەو بەشانەی كە پێشتر وێنەی نەگیراوە سەرلەنوێ وێنەی دەگیرێت لە شێوەیەكی تردا بۆ پیشان دانی جووڵەی كارئەكتەر سوود لە زەمینەیەكی جوڵاو (باك گراوند) وەردەگرێت. بە گەشەسەندنی ئامێری هونەریی ئیتر پێویستی نەدەكرد تەكنیكە تایبەتییەكان لەكامێرادا دروست بكرێن. بەڵكو توانیان بە ئامێرە هونەرییە تایبەتییەكان و لە كاتی چەند جارێكی وێنەگرتن لەسەر ڕووی بەشە جیاجیاكانی فیلم كارەكە ئەنجام بدەن. سوودوەرگرتن لە باك گراوندی جیاجیا، تەلاری میناتۆری و

هەیکەلی بووکە شووشە (دوما) لەو قۆناغەدا برەوی هەبوو. گرنگترین ئەو شێوانەی کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە تەکنیکە تایبەتی‌یەکاندا بەکاربراوە سوود وەرگرتن بووە لە پەردەی شین. لەم شێوازەدا کارئەکتەر لە بەرامبەر پەردەیەکی شیندا ڕۆڵی خۆی دەبینی و باك گراوندێکی ویستراو یان هەتا هەندێ شتی زیاتر لە دواییدا دەخرایە سەر پاشماوەی فیلمەکە.

لە تەکنیکە تایبەتی‌یەکانی سینەمادا دەتوانرێ سوود لە شێوازەکانی کارتۆنی یا گیان بەخشینەوە بکرێت، هەروەك ئەو دیمەنانەی کە بە هۆی کارتۆنەوە دەخرێتە سەر فیلمەکە.

تەکنیکە تایبەتی‌یەکان بە گشتی بە شێوەیەك دروست دەکرێن کە دیمەنەکە بە واقیعی دێتە پێش چاوو لە ئەنجامدا بینەران هەست بەو تەکنیکە سینەمایی‌یە ناکەن. بۆ نموونە هیچ کاتێك بینەران لە کاتی بینینی فیلمدا هەست بەوە ناکەن کە سیمێك بەکارئەکتەرو کەل و پەلەکانەوە بەستراوە هەتا بۆ بەرزکردنەوەی کارئەکتەرەکان لەسەر زەوی و یا دانانی کەل و پەل یارمەتیان بدات. ئامێری دروست کردنی باو ئامێری دروست کردنی بەفرو باران و تەم دۆخی ئاوو هەوای ویستراو لە فیلمەکەدا پێك دەهێنن. دیمەنەکانی تەقینەوە، تەقەکردن، گڕگرتن، پێکدادانی ئۆتۆمبێل لە هێڵ دەرچوونی شەمەندەفەرو زەمین لەرزەکان هەموویان بە هۆی تەکنیکە تایبەتی‌یەکان بە یارمەتی کەل و پەل و توانای تایبەتی دەخولقێنرێن. هەروەها بۆ خولقاندنی دیمەنەکانی جەنگ یا کارەساتە گەورەکان بە شێوەیەکی گشتی سوود لە دیمەنە بچووکەکانی میناتۆری دەکرێن. سوودوەرگرتن لە دوما لە تەکنیکە تایبەتی‌یەکان لەسەر ئاستێکی فراوان برەوی هەیە. هەندێ لە بووکە شووشەکان (دوما) زۆر بچووکن و هەندێکی تریان بە ئەندازەی کەسێکی ئاسایی دەبن. بووکە شووشەکان (دوما) بە هۆی مرۆڤ یا ئامێرەکان جووڵەیان پێ دەکرێت. هەندێ لە بووکە شووشەکان زۆر گەورەن بە هۆی ئامێری هایدرۆلیکی دەجولێنرێن.

بۆ دروست کردنی تەکنیکی تایبەتی سوود لە گۆڕینی ڕووخسارو دم و چاوی جیاجیا وەردەگیرێت. لە خولقاندنی ئەو دیمەنانەی کە بە یارمەتی تەکنیکی تایبەتی و

هۆكارو توانا جیاجیاكان بەكاردەهێنرێن. كەشتییەكی بچووك لە بەرامبەر باك گراوندێك وەك فەزا دێتە بەرچاو دەجوولێت و كارئەكتەریش بە هۆی سیمەكان لە بەرامبەر زەمینەیەكی شیندا دەفڕێت. لەو دیمەنە فەزاییانەی كە دەبێت كارئەكتەرەكە لە دوورەوە ببینرێ، دومایەكی بچووك جێگەی ئەو دەگرێتەوەو ئەو هەستە دروست دەكات لای بینەر كە كەشتیوانەكە لە فەزادا دەجوولێت. لە دیمەنەكانی زەمین لەرزەدا، بۆ ڕووخاندنی بیناكان سوود لە ماكێتەكان دەكرێت. بۆ پیشاندانی كەوتنی كەل و پەلەكان سوود لە سیمەكان وەردەگیرێت و دوكەڵ و گڕگرتنی كەل و پەل، دیمەنەكانی سووتاندنە كە دەخوڵقێنرێت. لەو دیمەنانەدا كە كارئەكتەرەكان لە بیناكاندا دەكەونە خوارەوە بە گۆڕین و سوودوەرگرتن لە دوماكان دەكرێت.

سوودوەرگرتن لە كۆمپیوتەر لە تەكنیكە تایبەتییەكاندا شۆڕشێكی گەورەی بەدی هێنا. لەم ڕۆدا دوماكان بە هۆی كۆمپیوتەرەوە كۆنترۆڵ دەكرێن و زۆربەی ئەو دیمەنانەو وێنەنانەی وەك كەشتییە فەزاییەكان، هەیكەلەكان، سایەكان و بارینی بەفروباران لە كۆمپیوتەردا دروست دەكرێن. هەتا باك گراوندی فیلمەكەش لە كۆمپیوتەردا قابیلی كۆنترۆڵ و گۆڕانە.

لە دەیەكانی ١٩٢٠ تا ١٩٥٠ هەر كۆمپانیایەكی فیلمسازی بەشێكی تایبەتی هەبوو بۆ دروست كردنی تەكنیكە تایبەتییەكان. لە دەیەی ١٩٥٠ بە دواوە ئەو هونەرمەندانەی كە خەریكی ئەم كارە بوون لە ستۆدیۆكاندا بە جیا بە شێوەیەكی سەربەخۆ كاریان دەكرد. لە كۆتاییدا (جۆرج لۆكاس) بۆ سازكردنی فیلمی (جەنگی ئەستێرەكان) لە ساڵی ١٩٧٧ كۆمپانیای ڕووناكی و سیحری دروست كرد كە بۆ خوڵقاندنی تەكنیكە تایبەتییەكان تەرخان كرابوو.

بە سەركەوتنی جەنگی ئەستێرەكان بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە فیلمی زانستی خەیاڵی سازبكرێن كە تیایاندا تەكنیكە تایبەتییەكان لە پێش هەموو شتێكی تر گرنگی هەبوو. لە دواییدا سوود وەرگرتن لە تەكنیكە تایبەتییەكان لە هەموو جۆرە فیلمە كۆمیدیو، ترسناك و ڕووداوە زۆرەكاندا ڕەواجی پەیداكردوو چەند هونەرمەندێك لە كۆمپانیا سەربەخۆ تایبەتییەكاندا خەریكی ئەم كارە بوون.

## مۆنتاژ

مۆنتاژ قۆناغی هەڵبژاردن و ڕیزبەندی و ڕێك و پێك کردنی وێنەکان و خستنە سەری دەنگە بۆ فیلمەکە. لە دوای دەرکەوتنی فیلم لە لابراتور نوسخەیەك لەسەر نێگەتیفی ئەسڵی چاپ کراوەو دەخرێتە بەردەست بەشی مۆنتاژ. ئەم نوسخەیە پڕە لە چەند وێنەیەکی گیراو لە دیمەنە جۆراوجۆرەکانی فیلمەکە کە بە هۆی دیاریکردنیانو شوێنە تایبەتییەکانی وێنەگرتن بە وردی لەسەر بنەمای سیستەم و زنجیرەی فیلمنامەو دانانی بە دوایەکی ڕووداوەکان وێنە نەگیراون. لەم قۆناغە بەدواوە مۆنتێر بە سەرنج دان بە سیناریۆی فیلمنامەکەو لەگەڵ ڕای دەرهێنەر بۆ دانانی باشترین دیمەن و لەسەر بنەمای چیرۆکی فیلمەکە دیمەنەکان بە دوای یەکدا ڕێك دەخرێت. گرتەی تاکەکەس و دوور لە هەمان کاتدا بەدوای یەکدا ڕێك دەخرێت و کاسێتێکی تەنیا پێك دەهێنن و فیلمەکە شێوەی کۆتایی خۆی وەردەگرێت.

ئەگەر هاوکات لەگەڵ وێنەگرتندا دەنگیش ئەنجام درابێ ئەوا لە قۆناغی مۆنتاژدا تەنیا گفتوگۆکان و هەندێ لە کاریگەرە دەنگییەکان دەخرێتە بەردەست مۆنتێر.

لە دواییدا مۆسیقاو دەنگەکانی تر وەك گفتوگۆی دەقەکەو هاوتای ئەوە دەخرێتە سەر فیلمەکە. لە دوای دەنگ خستنە سەر فیلمەکە، دەنگەکان لە ئامێرێکدا لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتە دەکرێن و کاسێتێکی تەواو و سەربەخۆ پێك دەهێنێت.

مۆنتاژ لە سێ قۆناغدا ئەنجام ئەدرێت. یەکەم جار هەموو بەشەکانی وێنەگیراوەکان لەسەر بنەمای فیلمنامەکە بە دوای یەکدا ڕێك دەخرێن. لە قۆناغی دووەمدا کە پێی دەڵێن مۆنتاژی سەرەتایی باشترین وێنەی گیراو لەهەر دیمەنێك هەڵدەبژێردرێ. لە قۆناغی کۆتاییدا بە کۆتایی مۆنتاژی دیمەنە هەڵبژێراوەکانی قۆناغی دووەم، بە دوای یەکدا دادەنرێن و لە دواییدا فیلمەکە دوا شێوەی خۆی وەردەگرێت.

لەم ڕۆدا زۆربەی مۆنتێرەکان لە جیاتی ئامێرە باوەکانی پێشوو سوود لە کۆمپیوتەر وەردەگرن. لەم شێوازەدا، فرێمەکانی فیلمی سەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار

دەكرێت و مۆنتێر فیلمەكە لەسەر ڕووی مۆنیتەر (شاشەی تەلەفزیۆن) دەبینێت و مۆنتاژی دەكات. یەكەمین جار لە ساڵی ١٩٩٢ (راب كوبرین- Rob Kobrin)ی مۆنتێر فیلمێكی سینەمایی بە شێوەیەكی تەواو بە كۆمپیوتەر مۆنتاژ كرد. لەو ساڵەدا تەنیا (٤ ) فیلم بە كۆمپیوتەر مۆنتاژ كرابوو. لەم ڕۆدا ٨٠٪ی فیلمەكانی سینەمایی هۆلیۆد بە هۆی كۆمپیوتەر مۆنتاژ دەكرێن و مۆنتێر لە جیاتی بڕین و دووبارە دانانەوەی پارچەكانی سیلولویدی فیلمەكە بە یەكتری تەنیا بە دەست پیانان بە یەك كلیل بە جولاندنی ماوسی كۆمپیوتەر فیلمەكە مۆنتاژ دەكات. بە هۆی سوود وەرگرتن لە كۆمپیوتەر دەتوانرێ گۆڕانكاری لە دیمەنەكاندا بكرێت و لە چەندین گرتەی دیمەنێك باشترینیان هەڵبژێرێ. لە ڕابردوودا مۆنتاژ خستنە پاڵ یەكی فرێمی گرتەی فیلم بوو بەڵام ئێستا مۆنتاژی ناوەوەی فیلم ئەنجام ئەدرێت مۆنتێر دەتوانێت وێنەكان بۆ دیمەنەكان زیاد یا كەم بكات. لە فیلمی (ئالاسكا) لە دەرهێنانی فریزەر هستون- Fraser Heston)، كۆبرین هەندێوێنەی لە چیاكانی ئالاسكا بە باك گراودێ كە لە ناوچەی كەناری كەنەدا وەرگیرابوو، خرایە سەری.

سوود وەرگرتن لە كۆمپیوتەر میانەی نێوان مۆنتاژو تەكنیكی تایبەتییەكانی لەناو بردووەو مۆنتاژو دەنگ دانانی فیلمی گۆڕیووە. هەتا هەندێ جار بە زەحمەت دەتوانرێو تێبگەیت چ بەشێك لە فیلم پەیوەستە بە مۆنتاژو چ بەشێك بە وێنەگرتن و نەخشەی دیمەنەكان پەیوەستە. شێوازی نوێی مۆنتاژ، خێرایی كارەكەی گەیاندۆتە باڵاو توانایەكی لە ڕادەبەدەری خستۆتە بەردەم مۆنتێر.

## كامێرای سینەمایی

كامێرای سینەمایی، گرنگترین ئامێری فیلمسازییە. كامێرای سینەمایی ئامێرێكە لە كامێرای فۆتۆگرافی دەچێت لەگەڵ ئەو جیاوازییەی كە لەهەر چركەیەكدا ٢٤ وێنەی جیا بەڵام بە دوای یەكدا دەگرێت. كامێرای فیلمسازی دوو بەشی ئەپتیكی، میكانیكی و بەشێكی هاوبەشی هەیە. بەشی ئەپتیكی هەموو زوومەكان و دوورنماكان دەگرێتەوە.

زوومی کامێرای فیلمسازی کە (عەدەسە)یشی پێ دەڵێن بریتییە لە کۆمەڵێك زوومی سادە. ئەم زوومانە لە شتە واقیعییەکانی بەردەمی کامێراکە وێنەیەکی بچووکتر دەسازێنێ و ئەم وێنانە دەگوێزێتەوە سەر ڕووی فیلمەکە.

لە وێنەگرتندا بۆ خولقاندنی وێنە جیاجیاکان سوود لە زاویەی جۆراوجۆر وەردەگیرێت. زاویەی ئاسایی یا زاویەی ستاندارد بینینی زیاتر لە بینینی چاوی ساغی مرۆڤ دەچێت و ئەو زوومانەی بە زاویەی دیدی جیاجیا یا زوم بۆ خولقاندنی وێنەی دوور یا نزیك بۆ دیمەنێك جێی سوود وەرگرتنە. دوور نماکان هۆکاری ڕێك خستن و کادر بەندی کۆتایی وێنەیە. واتە ئەو وێنەیەی کە لە عەدەسەوە تێپەڕیوەو لەسەر ڕووی فیلمەکە تۆمار دەکرێ و پیشانی وێنەگر ئەدرێت.

بەشی میکانیکی ژوورە بچووکە تاریکەکە دەگرێتەوە، ئامێری بردنە پێشەوەی فیلم، گیت و پاشکۆکانی ئەوە. ژووری تاریك، فیلمی خام (ئەو فیلمەی کە هێشتا وێنەی لەسەر تۆمار نەکراوە) لەسەر ئەو کاسێتانەی کە نامانەوێ دەپارێزرێ. ئامێرەکانی بردنە پێشەوەی فیلم و گیت کۆمەڵێکی میکانیکییە کە فیلمەکە بە خێراییەکی دیاری کراو بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دەباتە پیشەوە.
ئامێرە هاوبەشەکانی نێوان بەشی ئەپتیکی و میکانیکی چەند بەشێکن لە کامێرای فیلمسازی کە هەردوو بەشەکەی ئەپتیکی و میکانیکی پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە.
کامێرای فیلمسازی بە شێوەیەکی گشتی زۆر قورسن و بۆ دانانی سوود لە ستاند وەردەگیرێ.

ستاند لە دوو بەش پێك دێت کە سێ قاچ و سەری ستاندەکەیە سەری ستاندەکان دەجووڵێن و وێنەگر بە یارمەتی ئەوە دەتوانێت کامێراکە بە هەموو لایەکدا بسووڕێنێتەوەو بۆ خوارەوەو بۆ سەرەوەی ببات. هەندێ جاریش کامێراکە لەسەر سکە دادەنێن بۆ جووڵە پێکردنی بە دوای دیمەنەکەدا.

## سازكردنی فیلم

فیلمەكان لەگەڵ یەكتریدا جیاوازی زۆریان هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییە دیارانە دەتوانین ئەوانە لە سێ گروپدا دابنێین. ئەو فیلمانەی كە كارئەكتەرەكانی كەسانی زیندوون و بە فیلمی زیندوو ناودەبرێن، هەروەها فیلمە بەڵگەنامەییەكان و فیلمی كارتۆن یا بووكە شووشە (دوما). هەر فیلمێك كە پەیوەستە بەوانە لە كاتی سازكردندا. تەنگ و چەڵەمەو تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە. دەتوانین بڵێین سازكردنی هەر فیلمێك ئەزموونێكی تازەیە.

هەل و مەرجی سازكردنی فیلمەكان زۆر جیاوازە. لەوانەیە گروپێكی بە تواناو دەوڵەمەند لە ستۆدیۆیەكدا بە هەموو پێداویستییەكی تەواوە دەست بكەن بە ئامادەكردنی فیلم یان گروپێكی ئەكادیمی یا خوێندكاران كە بە توانایەكی دیاری كراو فیلم ساز بكەن یان كەسێك بە تەنیا خەریكی ئەم كارە بێت. بەڵام بە شێوەیەكی گشتی هەر فیلمێك ئامادەكارو دەرهێنەری هەیە كە بە هاوكاری یەكتری دەست دەكەن بە سازكردنی فیلم. هەڵبژاردنی بابەت یەكەمین هەنگاوە بۆ كاركردنی فیلم. ئەم هەڵبژاردنەش دەتوانرێ لەسەر بنەمای ئامانجی جیاجیا بێت. سەرگەرمی بینەر، خولقاندنی بەرهەمێكی هونەری، ڕەخنەی كۆمەڵایەتی بە ئامادەكردنی بەرهەمێكی بەڵگەنامەیی. بابەتە كۆمیدییەكان، عاتفی و یا چیرۆكە ڕووداو ئامێزەكان بۆ فیلمە سەرگەرم كەرەكان گونجاون. فیلمە بەڵگەنامەییەكان لەسەر بنەمای بابەتە كۆمەڵایەتیو سیاسییەكان، ژیانی ئاژەڵان، هەواڵ و ڕیپۆرتاژی داهێنانەكان و لەو بابەتانە ساز دەكرێن.

فیلمەكانی كارتۆن، دەتوانرێت بۆ سەرگەرم كردن بەكار بهێنرێو هەروەها دەتوانرێ بۆ بابەتی ڕەخنە ئامێز، كۆمەڵایەتی و یا ڕیپۆرتاژ بەكار بێت. قۆناغی دوایی ئامادەكردنی فیلمنامەیە لە دوای ئامادەكردنی فیلمنامە، دەرهێنەر كارئەكتەری فیلمەكە هەڵدەبژێرێ. ئەم قۆناغە زۆر گرنگ و هەستیارەو لەبەر ئەوەی بینەری

سینەما بە گشتی پێش هەموو شتێك سەرنجی کارئەکتەر ئەدات. لە دوای ئەوەی کە کارئەکتەرەکان دیاری دەکرێن و نەخشەکێشی جل و بەرگ و ماکیاژ لەژێر چاودێری دەرهێنەر نەخشە شیاوەکان بۆ کەسایەتییەکان دادەنێت، لە کۆتاییدا وێنەگرتن دەستی پێ دەکات. وێنەگرتنی سینەمایی کارێکی زەحمەت و دوورو درێژەو بۆ گەیشتن بە ئەنجامی داواکراو پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە. بۆ نموونە لە فیلمێکی بەلگەنامەییدا لە بارەی ژیانی ئاژەڵانەوە پێویستە گروپی وێنەگرەکان ماوەیەکی زۆر لە شوێنی ژیانیان ئامادەبن هەتا بتوانن هەڵس و کەوتی ئاژەڵەکان لەو حاڵەتەی کە خۆیان مەبەستیانە وێنەی بگرن. لە دوای تەواوبوونی وێنەگرتن فیلمە گیراوەکان بۆ دەرخستن و چاپکردنی دەنێردێتە لابراتور (تاقیگە) و دوایی بۆ مۆنتاژکردن دەدرێ بە مۆنتێر. نوسخەی مۆنتاژکراوی فیلمەکە دەنێردرێ بۆ لابراتور (تاقیگە). لەوێدا نێگەتیفی ئەسڵی هەروەك ئەم نوسخەیە مۆنتاژ دەکرێت.

لە دوای ئامادەکردنی نێگەتیفی ئەسڵی ئەوە لەسەر ڕووی فیلمی بۆزەتیف چاپ دەکرێت. دوایی کاسێتە ئامادەکراوەکە دەنگەکەشی لەسەر تۆمار دەکەن لەسەر لایەکی فیلمەکە. ئەم نوسخەیە یان دوا کۆپی کە بە نوسخەی پەخش یا نوسخەی پەخش ناسراوە، لە سینەما نمایش دەکرێت.

## ئاژەڵ لەسینەمادا

لە یەکەمین ڕۆژەکانی پەیدابوونی سینەما ئاژەڵ لە فیلمەکاندا ڕۆڵیان بینیوە. لە فیملەکانی منالاندا هەندێ لە ئاژەڵەکان ئەوەندە چوونە دڵەوە هەتا وەك ئەستێرەی سینەماییان لێهاتووە. (لاسی، بنجی و بەچکە پڵنگ و مەیمونی تەڕەزان) لەو کۆمەڵە ئاژەڵانەن کە هەرکەیان جەماوەری تایبەتی خۆیان هەیە. ئاژەڵی تریش وەك (پشیلەکان، سەگەکان، شەمپانزەکان و ئەسپەکان) لە فیلمەکاندا دەبینرێن.

ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ ڕۆڵ بینین بەکاردێ لە فیلمدا بە گشتی لەو باخچانەی کە نزیکن لە ستۆدیۆکان یا لە پەروەردەکەرانی ئەوانە بەکرێ دەگیرێن. هەر ئاژەڵێك بۆ دەرکەوتن لە فیلمدا بەکاربێت دەبێت ڕاهێنانی پێ بکرێت. دیارەفێرکردنی ئاژەڵەکان

پێویستی بە تواناو حەوسەڵەیەکی زۆر هەیەو بۆ وێنەگرتنی بۆ فیلم سەرەڕای ئەمانەش دەبێت سوود لە تەکنیکی تایبەتی وەربگیرێ.

ئاژەڵ بە گشتی بە واقیعی لە فیلمدا ڕۆڵ نابینێت. بەڵکو چەند دیمەنێکی لێ وەردەگیرێو بە شێوەیەك مۆنتاژ دەکرێت کە بینەر وا هەست دەکات ئاژەڵەکە ڕۆڵ دەبینێت. جووڵەی جۆراوجۆر ی ئاژەڵ لە بەرامبەر کامێرادا زۆربەی بۆ دەست هێنانی پاداشتێکە کە فێرکارەکەی دەی داتێ. بۆ نموونە سەگێك کە لە فیلمێکدا کە بەرەو ڕووی کارئەکتەرێك دەڕوات لە واقیعدا هەیە بەرەو ڕووی فێرکارەکەی دەڕوات.

ئەو دیمەنە بێ مەبەستانەی دواندنی ئاژەڵەکان بە مۆنتاژکردن بە شێوەیەکی مەنتقی دەردێت دەخرێتە سەر چیرۆکی فیلمەکە. بەم جۆرە بەبێ ئەوەی کە ئاژەڵەکان ئاگادار بن لە فیلمدا ڕۆڵ دەبینن.

ئەو ئاژەڵانەی کە مەترسی دارن ناتوانرێت بە پاداشت کۆنترۆڵ بکرێن بەڵکو بۆ سوود وەرگرتن لەوانە بە یارمەتی دەرمانی بێهۆش کەر دەکرێت. ئاژەڵ لەهەر جارێکدا جووڵەیەك لەبەر دەکات و لە دوای چەند جارێك پرۆڤە وێنەی دەگیرێت. لەناو ئاژەڵاندا سەگەکان بە تایبەتی نەژادی ئەڵمانی شپرد، لە هەموویان زووتر زانیاری وەردەگرێت.

## فیلمی کارتۆن

فیلمی کارتۆن جۆرێکی فیلمسازییە کە بە گشتی سوود لە وێنەکێشان یا کەل و پەلی سێ مەودایی وەك بووکە شووشە (دوما) بە شێوەیەك وێنە ئەگیرێت کە بە زیندوو جوڵاو بێتە بەرچاو. لە فیلمێکی ئاساییدا وێنەگری سینەمایی بە شێوەیەکی بەردەوام و لەسەر بنەمای ٢٤ وێنە لە چرکەیەکدا شێوەی خۆی وەردەگرێت لە کاتێکدا فیلم کارتۆن بە شێوەیەکی دوابەدوا واتە وێنە بە وێنە یان فرێم بە فرێم وێنە دەگیرێت. لە وێنەکێشانی جوڵاو یا کارتۆنی نیماتۆر (وێنەکێش) جوڵەکان بە شێوەیەك ٢٤ چرکە درێژە بکێشێ.

ئەم وێنانە بە کامێرایەکی تایبەتی یەکەیەکە تۆمار دەکرێت و بە شێوەی فیلمێکی ئاسایی بە ٢٤ وێنە لە چرکەدا دەدرێت.

بەم شێوەیە ئەو وێنانەی کە دانە بە دانە گیراون، لە کاتی نمایشدا بە جوڵاو دێتە بەرچاو. لە فیلمی کارتۆنی بووکە شووشەدا (دوما) جووڵەی بووکە شووشەکان بە دوای یەکدا وێنە دەگیرێن و بە شێوەی فیلمێکی ئاسایی بۆ نمایش کردن دەردێت. بینەران وا هەست دەکەن کە بووکە شووشەکان خودی خۆیان لە حاڵەتی جووڵەدان و ئاگاداری میانەی زەمەنی نێوان جووڵەکان نابن.

فیلمی کارتۆن هەروەك فیلمی ئاسایی پێویستی بە فیلمنامەیە. بەڵام فیلمنامەی کارتۆن لەگەڵ فیلمنامەی ئاسایی جیاوازە. لە ڕاستیدا فیلمنامەی کارتۆن چیرۆکێکە کە بە وێنە دەردەبڕدرێ هەر فیلمنامەیەکی فیلم کارتۆن بە گشتی لە ٦٠ وێنە پێك دێت کە بە شێوەی هێڵکاری ڕەش و سپی دەکێشرێت، ساز دەکرێت. بۆ دەربڕینی یەك چیرۆکی کورت کە بە گشتی پێویستی بە سێ زەمینەی وێنەگرتنە. کاتێك کە ئەو فیلمنامەیەی کە دەتەوێ ئامادەکرا، چەند کەسێك خەریکی گۆڕینی دەبن بۆ فیلمی کارتۆن. لەم قۆناغەدا دوای باك گراودی وێنەکێشان، جل و بەرگی کەسایەتییەکان و شێوەی جووڵەی ئەوانە دەکێشرێن و لە کۆتاییدا لە ژێر چاودێری دەرهێنەر وێنەگرتن دەست پێ دەکات.

لە فیلمی کارتۆندا مۆسیقاو کاریگەرە دەنگییەکان لەسەر زیادکردنی کاریگەریی فیلم و ئاستی واقیعی گرتەکانی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. نیما تۆڕەکانی هێڵکاری دیمەنەکاندا بە ماوەی زەمەنی هەر دیمەنێك، لێدانی ئاوازی ئەوەو زانیاری لاوەکی تر سەرنج ئەدات. نیماتۆر تەنیا وێنەی جووڵە سەرەکییەکان دەکێشێت، تەواوکردنی قۆناغەکانی هەر جووڵەیەك، ڕەنگ دانانی وێنەکان و بەشەکانی تری ئەکەوێتە سەر شانی هونەرمەندان و پسپۆڕانی تر.

لە دوای ئامادەکردنی وێنەکان لەسەر وەرەقەی سلولوید یاسل- Cel وێنە دەکێشرێن. دوایی و ێنەکان ڕەنگ دەکرێن. لە دوای ئەم قۆناغە وێنەکان بۆ وێنەگرتن ئامادە دەکرێن.

كـارتۆن لـه فيلمـى سـينەمايى ئاسـايى كـۆن تـره. وێنـەى وەرزشـكارێك لــه حاڵــەتى جووڵه لەسەر ديوارى كۆنى يۆنانى ئەوە پيشان ئەدات كه مرۆڤ بۆ گيـان بەخشـين بـه وێنــەكان لـه دێرزەمانــەوه هـەوڵى بـۆ داوه. هـەروەها نمايشـى سـێبەريش دەتوانـين بـه هەوڵه سـەرەتاييەكان دابنێين بـۆ گەيشـتن بـه كـارتۆن. لـه نمايشـى سـێبەرى بووكـه شووشه تايبەتيەكاندا له پشت پـەردەوه بـه شـێوەيەك دەجووڵێنـن كـه بينـەر تـەنيا سێبەرەكەيان دەبينێت لەسـەر پـەرده. لـەم نمايشـانەدا بووكـه شووشـه بێگيانـەكان بـه زيندوو دێنه بەرچاو.

لـه سـاڵى ١٨٣٢ (ژوزف پلاتـو) زنجيرەيـەك نيگـارى جـوڵاوى بــه ئـامێرێكى نمـايش دەرهێنـا. لـه سـاڵى ١٨٣٤ كەسـێكى ئينگلـيزى بـه نـاوى (ويليــام. ج. هونــەر) ئـامێرێكى سندوقى بچكۆلەى وەك ئەوە بۆ نمايش دانا كه دەيتوانى ئەو وێنانـەى لـه دواى يـەك و به يەكەوه لەسەر شريتێكى كاغەزى وێنــەكرابوون بـه شـێوەيەك پـەخش بكـات كـه بـه زيندو و جوڵاو بێته بـەرچاو. لـه سـاڵى ١٨٩١ فەرەنسـيەك بـه نـاوى (ئـەميل رنـو) بـه يارمەتى ئامێرێك كه له ساڵى ١٨٧٧ داى هێنابوو، يەكـەمين فيلمـى كـارتۆنى پـێ نمـايش كردو به سوود وەرگرتن له ڕووناكى خـەڵوز، ئاوێنـەو سـندوقى فيلـم كـه وێنـەكانى بـه دەسـت ڕەنـگ ئـامێز كرابـوون. هاوكـات لەگـەڵ مۆسـيقا، بـۆ مـاوەى ١٥ خوولـەك لەسـەر شانۆى (ئوپتيك)ى پاريس نمايش كرد.

داهێنانى كامێراى سينەمايى له گۆڕانى فيلمى كارتۆندا ڕۆڵێكى گەورەى بينى بـەڵام پێشكەوتنى گرنگتر سوود وەرگرتن بوو له شێوەى وێنەگرتنى تايبـەتى فيلـم كـارتۆندا. بەريتانيەك به ناوى (جيمز ستوارت بلكتون) كه لـه ده سـاڵيەوه لـه ئـەمريكا ژيـانى بەسەر بردووه، له ساڵى ١٩٠٦ بۆ يەكەمين جار له وێنەگرتنى فيلم كارتۆندا سـوودى لـه شـێوەى وێنـه بـه وێنـه وەرگـرت. لـه سـاڵى ١٩٠٨ (ئـەميل كـول)ى فەرەنسـى لـه سـەماى چيلكەى شقارته لــه بەرامبـەر پەردەيـەكى ڕەش فيلمێكـى سـازكرد. كـول لـه سـاڵى ١٩٠٨ هەتا سـاڵى ١٩١٨ زيـاتر لـه ١٠٠ فيلمـى كـارتۆنى سـازكردو يەكـەمين كەسـايەتى كـارتۆنى، (فانتوش- Fantoche)ى خوڵقاند.

لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، کارتۆن بـە شـێوەی بەشـێکی ناسـراو لـە هونـەری سینەما دەرکەوت و لە بارەی هونەرییەوە پێشکەوتبوو. (ئیرل هورد) سـوود وەرگرتنـی لە کاغەزی سلولوید لـە فیلـم کـارتۆندا داهێنـا. ئـەم شـێوازە ئـەوەی خولقـاند هـەتا بـۆ نمایشی هـەر جووڵەیـەك لـە جیـاتی هـەموو وێنـەکان تـەنیا بەشـێك لەوانـە دووبـارە بکێشـرێتەوە. شـێوازی هـۆرد کـات و قـەبارەی کارەکـەی لـە بەرهـەمی کـارتۆندا کـەم کردەوە.

لە دەیەی ١٩٢٠ فیلمە کارتۆنییەکان لەگەڵ هەموو ئەو دژوارییە هونەرییانـەدا بـە شێوەی بەشێك لە بەرنامە ئاسـاییەکانی سـینەما دەرهـاتبوون، پـەیدابوونی سـینەمای دەنگ داریش لە شێوە وەرگرتنی دەربڕینی تایبەتی کارتۆندا کۆمەکێکی زۆری کرد.

والت دیزنی چەند ستۆدیۆیەکی گەورەی فیلمسازی بۆ بەرهەم هێنانی فیلم کـارتۆن لە ئەمریکا دامەزراندو کەسایەتییە ناسراوەکانی کارتۆنی وەك (میکـی مـاوس، دانلـداك و گوفی)ی دروست کرد. کۆمپانیای دیزنی فیلم کارتۆنی (بەفری سپی و حـەوت کورتـە باڵاکـە)، (پینوکیـو) و (بـامبی) و (فـەنتازیا)ی سـازکرد ئـەم بەرهەمانـە لـە فیلمـە کارتۆنییە سەرکەوتووەکانن.

لـە دوای والــت دیزنــی چــەند کۆمپانیایــەکی گــەورەی تــری فیلمســازی خــەریکی سازکردنی فیلمی کارتۆن بوون. کۆمپانیای (مترو گولدویـن مـایر) لـە دەیـەی ١٩٣٠ هـەتا ١٩٥٠ بەشی تایبەتی کارتۆنی بە سەرپەرشتی (فرد کویمبی) دامەزراند. کویمبی لە ساڵی ١٩٢٦ هەتا خانەنشین کردنی لە ساڵی ١٩٥٦ لەو پۆستەدا مایەوە. لە ڕۆژانی سـەرۆکایەتی ئەو (ویلیـام هانـاو جوزیـف بـاربرا) کەسـایەتی خۆشەویسـتی وەك (تـۆم و جـێری) یـان دروست کرد. هەروەها کۆمپانیای (وارنەر)یش لە خولقـاندنی کەسـایەتی خۆشەویسـتی کـارتۆنی ڕۆڵـی هـەبووە. (باگزبـانی، پورکـی پیـك و دانـی داگ) لــە داهێنانــەکانی ئــەم کۆمپانیایە بوون. لە سـاڵی ١٩٤١ گروپێـك لـە میناتۆرەکـانی کۆمپانیـای دیزنـی دەسـتیان کرد بە مانگرتن و دەرکران. دوای ئەوە ئـەم گروپـە لـە سـاڵی ١٩٤٣ (کۆمپانیـای کـارتۆن سـازی یوپـا- UPA)یـان دامـەزراند. نیماتۆرەکـانی یوپـا سـوودیان لـە شـێوەی هونــەری سەربەخۆتر، هەرزانترو جیاوازتر وەرگرت. شێوەی کاری ئـەم گروپـە کـاری کـردە سـەر

هونەرمەندانی وڵاتانی خۆرهەڵات وەك (پۆڵەندا، چیكۆسلۆڤاكیاو یوگوسلافیا). فیلمی كارتۆن لەو وڵاتانەدا بە خێرایی پیش كەوت و بە شێوەیەكی هونەری بە نرخ دەركەوت. لە سۆڤیەت و ئەڵمانیای خۆرهەڵات كارتۆن پەیوەست بوو بە شێوە كۆنەكان و ئەوەندەی ئەوروپای خۆرهەڵات نەگۆڕا.

لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠ هونەرمەندانی پێشڕەوی ئەوروپی لە بارەی كارتۆن دەستیان دایە ئەزموونی جیاجیا. لەم دەیەدا (لوتە ڕاینیگر) لە شێوازی وێنەكردنی كارتۆن ئەزموونی تازەی بە دەست هێنا.

لە پێشكەوتنی كارتۆنی بووكە شووشەدا قەرزاری هونەرمەندانی وەك (پول ستارویچ)ی ڕوسی و (جورج پالی)ی پۆڵەندی و لە هەمووی گرنگتر (یری ترنكا) كە خەڵكی چیكۆسلۆڤاكیا بوو.

سازكردنی فیلمی كارتۆن بۆ تەلەفزیۆن لە دەیەكانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ برەوی پەیدا كرد. فیلمی كارتۆنی تەلەفزیۆنی بۆ سەرگەرمی منالان یا بۆ ئامانجە بازرگانییەكان ساز دەكران و بەهای هونەری زۆری نەبوو. لە دەیەی ١٩٨٠ كارتۆن لە فیلمە گەورە سینەماییەكاندا سوودی لێ وەرگیرا. لە فیلمی (چ كەسێك پێڵاوی دووری بۆ ڕاجر ربیت) لە ساڵی ١٩٨٨، لە سازكردنی كۆمپانیای دیزنی، كەسایەتییە كارتۆنییەكان و كارئەكتەری ئاسایی بە یەكەوە لە كۆمپیوتەردا سودی لێ وەردەگێرا.

ڕێك خستنی كارتۆن و كارئەكتەری ئاسایی، فیلمێكی ئاسایی سەرنج ڕاكێشی پێك دەهێنا. بە هۆی فرۆشتنی زۆری ئەم فیلمە، چەند فیلمێكی كارتۆنی باڵای وەك (پەری بچووكی دەریایی، دێوو دولبەر، عەلادین و زەمین لە پێش مێژوو)، ساز كران.

لە فیلمی كارتۆندا سوود لە تەكنیكە تایبەتییەكان وەردەگیرا وەك لە فیلمەكانی زانستی- خەیاڵی (جەنگی ئەستێرەكان). لەم ڕۆدا فیلمەكانی كارتۆن بە هۆی كۆمپیوتەرەوە سازدەكرێن و نیماتۆر لە جیاتی بەكاربردنی كەل و پەلی كۆن بۆ خوڵقاندنی وێنە ویستراوەكان سوود لە كۆمپیوتەر وەردەگیرێت. چیرۆكی (كەل و پەلی یاری) لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەرهەمی كۆمپانیای پەیكسار- Pixar یەكەمین فیلمی كارتۆن بوو كە كەسایەتییەكان، كەل و پەل و هەتا مرۆڤەكانیش بە تەواوی بە كۆمپیوتەر

سازكرابوون. (ستۆدیۆی كارتۆن سازی پەیكسار) كە دامەزرێنەرەكەی (ئستیون جایز)ی بنیات نەری كۆمپانیای (ئەپول)ە، یەكەمین ستۆدیۆی فیلمی كارتۆنییە كە هەموو بەرهەمەكانی بە كۆمپیوتەر ساز دەكات.

## سینەمای بەڵگەنامەیی

سینەمای بەڵگەنامەیی جۆرێكە لە سینەما كە بە نمایش لە ڕووداوی زانستی، مێژوویی، كۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەو واقیعانەی كە هەیە لە جیهاندا دەكۆڵێتەوە. لەم جۆرەی سینەمادا فیلمساز بابەتەكە هەڵدەبژێریٚو لێكۆڵەری ڕووداوەكە، ڕاستیو واقیعەتەكان و ڕاپۆرتی ڕاستەقینەو ورد لە واقیع پیشان ئەدات و هەندێ جار بە لێكۆڵینەوەی ڕووداوەكان خەریك دەبێت. هەندێك لەو باوەڕەدان سینەمای بەڵگەنامەیی دەبێت.

واقیعی كۆمەڵایەتی و ئابووری پیشان بدات و بۆ چاك بوونەوەو هێوركردنەوەی بارودۆخی نەگونجاو یارمەتیدەر بێت. هەندێكی تریش ئەم سینەمایە بە شێوەیەك لە دروست كردنی هەواڵ گەیاندن دادەنێن كە بەشێكی فراوان لە مەسەلە كۆمەڵایەتی و زانستی و پەروەردەیی و فێركاری بگرێتەوە.

لە فیلمی بەڵگەنامەیی دا ڕووداو یان لە كاتی ڕوودانیدا، وێنەی دەگیرێت یان دوایی دەرهێنەر دیمەنەكانی ئەو ڕووداوە ڕێك دەخاتەوەو وێنەی دەگرێت. هەل و مەرجی ئامادەكردنی فیلمی بەڵگەنامەیی زۆربەیان قابیلی پێشبینی نییەو گروپی وێنەگرتن دەبێت خۆی بۆ هەندێ مەترسی واقیعی چاوەڕوان كراو ئامادە بكات.

بۆ سازكردنی فیلمێكی بەڵگەنامەیی دەبێت سوود لە كەل و پەل و توانای تایبەتی وەربگیرێت. هەتا بۆ وێنەگرتنی هەندێ لە دیمەنەكان دەبێت كەل و پەلی تایبەتی دروست بكرێت. بۆ نموونە دروست كردنی قەفەزی ژێر دەریایی كە بۆ وێنەگرتنی ماسییە گەورەكان سوودی لێ وەردەگرن.

له سەرەتادا فیلمە سینەماییەکان، هەواڵ و ڕاپۆرتی ورد بوون لەو واقیعانەی کە هەبوون. وەك هاتنی شەمەندەفەر بۆ وێستگە یا دەرچوونی کرێکاران لە کارخانەو نمایشی ئەو کەسانەی کە سەرشەقام و کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتن. بەڵام لەم ڕۆدا ئەم جۆرە سینەمایە بە فیلمی بەڵگەنامەیی ناناسرێت. لە ساڵی ١٨٩٠ سازکردنی فیلمی هەواڵی و ڕێپۆرتاژی لەسەر بنەمای ڕووداوی سەرنج ڕاکێش برەوی هەبوو. لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠ لە چەندین وڵاتدا فیلمسازەکان لە پاڵ فیلمە ڕێپۆرتاژییەکاندا دەستیان دایە سازکردنی ئەو فیلمانەی کە لەسەر بنەمای ڕووداوە واقیعییەکان بوون. هەندێ لەو فیلمانە باش بوون و لە چەند ئەڵقەیەك پێك دەهێنران. لە ساڵی ١٩١١ فیلمێکی بەڵگەنامەیی ئینگلیزی سازکرا کە دوو کات ژمێر بوو لە هیندستان وێنەی گیرابوو. لە ساڵی ١٩٢٢ رابرت فلاهەرتی کە فیلمسازێکی ئەمریکییە، فیلمی (نانوکی باکوور)ی سازکرد کە دەربارەی ژیانی دانیشتوانی ئاسکیمۆ بوو. سەرکەوتنی ئەم فیلمە لە ڕووی بازرگانی و لە ڕووی مرۆڤ ناسییەوە بەرهەمێکی بەرجەستە بوو سەرنجی فیلمسازەکانی تری ڕاکێشا بۆ سازکردنی ئەو فیلمانەی کە دەربارەی شوێنە دوورەکان بوو. فلاهەرتی لە ساڵی ١٩٢٦ (موانا- Moana )ی دەرهێنا کە جان گریرسون، دەرهێنەرو تیۆردانەری ئینگلیزی ئەوەی بە فیلمێکی بەڵگەنامەیی داناو لەوە بەدواوە ئەو فیلمانەی کە لەسەر بنەمای واقیعی سازدەکران بە فیلمی بەڵگەنامەیی ناونران. گریسون سینەمای بەڵگەنامەیی بە بەرجەستەکردنی خوڵقاندنی واقیعەت دەزانی و بۆ برەو پێدانی هەوڵێکی زۆری دا لە ڕوسیاش فیلمسازی گەورە لە بواری سینەمای بەڵگەنامەییدا چالاکییان هەبوو.

ژیگاورتوف، فیلمسازی ڕوسی هەوڵی دا بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکە جیاجیاکانی فیلمسازی، واقعیەتی بە پوختەترین شێوە نمایش بکات و لە ساڵی ١٩٢٤ (چاوی سینەما) و لە ساڵی ١٩٢٩ (پیاوێك بە کامێرای سینەما)ی سازکرد. ئایزنشتاین لە ساڵی ١٩٢٨ بە سازکردنی فیلمی (ئۆکتۆبەرو ئەو دە ڕۆژەی کە جیهانی هەژاند)، ڕووداوەکانی شۆڕشی ڕوسیای بە شێوەی فیلم دەرهێنا. لە فەرەنساش (ژان پستاین و ئالبێر تۆ کاوالکاتی) دەستیان کرد بە سازکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی. لە ئەڵمانیاش والتە روتمان، (بەرلین

سەمفۆنی شارێکی گەورە)ی سازکرد. ئەم فیلمە لە ڕووی مۆنتـاژەوە بەرهـەمێکی نـەمر بـوو. لـە سـاڵی ١٩٣٠ ژان ڤیگـۆی فیلمسازی فەرەنسـی فیلمێکـی کورتـی دەربـارەی نیـس* سازکرد.

سـازکردنی فیلمـی پـەروەردەیی و زانسـتی لـە دەیـەی ١٩٢٠ لـە بـەریتانیا، فەرەنسـا، ئـەڵمانیاو ڕوسـیا دەسـتی پـێکرد. لـە سـاڵی ١٩٢٥ پودۆفکین لـە ڕوسـیا فیلمێکـی لەسـەر بنـەمای تاقیکردنـەوەکانی بـاڤلۆڤ سـازکرد. لـە هـەمان دەیـەدا لـە ئـەڵمانیا کۆمپانیـای فیلمسازی یوفا بەشـێکی تایبـەتی بـۆ بەرهـەم هێنـانی فیلمـی ناخـەیاڵی (واقیعـی) دامەزراند.

فیلمسازەکانی وەك ورتوف، فلاهەرتی و روتمان توانیان سینەمای بەڵگەنامەیی پێك بـهێنن بـەڵام ئـەو کەسـەی کـە پێش هـەموویان مەودایـەکی سیاسـیدا بـەم سـینەمایە (گریرسون).

گریرسـون لـە چوارچێـوەی لێکۆڵینـەوەی لـە ڕووی ئاسـتی کاریگـەریی هۆکارەکـانی پەیوەندییە کۆمەڵیەکان سەرنجی بەهاکانی سـینەمای بەڵگەنامـەییدا. گریرسـون لـە ساڵی ١٩٢٨ گروپێکی لە فیلمسازە لاوەکـان کۆکـردەوەو خـەریکی بەرهـەم هێنـانی فیلمـی بەڵگەنامەیی بوو. لە ساڵی ١٩٣٩ گریرسون لە لایەن دەوڵـەتی کەنـەداوە هـەڵبژێردرا بـە سەرۆکی سەنتەری بەرهەم هێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی لەو وڵاتـەدا. ئـەم سـەنتەرە لـە کاتی خۆیدا گرنگترین شوێنی بەرهەم هێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی بوو لە جیهاندا.

لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٥ تـا ١٩٥١ زنجیرەیـەك فیلمـی بەڵگەنامـەیی بـە نـرخ بـەناوی (گەشتیارانی ڕۆژگار) سازکرا. لە ساڵی ١٩٤١ هربرت کلاین لەسەر بنەمای فیلمنامەیـەکی جـان ئشـتاین بیـك (گوندێکـی فـەرامۆش کـراو)ی سـازکردو تیـایدا لـە وەزعـی شـارێکی مەکسـیکی کۆڵیبـۆوە کـە دووچـاری نـاکۆکی نێـوان کۆنەپەرسـتی و مۆدرێنیسـم ببـوون. فلاهـەرتی لـە سـاڵی ١٩٤٢ فیلمـی (زەوی) سـازکرد. لـە پێش دەسـت پـێکردنی جـەنگی

---

*نیس: ناوی شارێکی گەشتیارییە لە خوارووی فەرەنساو مەڵبەندی فێستیڤاڵەکان بووە. (و. ك).

دووەمی جیهانی لە ئەوروپا سینەمای بەڵگەنامەیی وەك هۆكارێك بۆ پڕوپاگەندەی فراوان خوازان و لایەنگرانی عەسكەرتاریەت بەكارهێنرا. بەرجەستەترین فیلمساز كە لەم زەمینەیەدا كاری كرد (لنی ریفنشتال) بوو. كە لە ساڵی ١٩٣٤ فیلمی (ئیرادەی سەركەوتن) لەسەر بنەمای كۆبوونەوەی نازیەكان لە نۆرمبێرگ سازكرد. فیلمێكی تری ریفنشتال (ئۆڵەمپیك) بوو لە ساڵی ١٩٣٨ كە گرنگی هێزی جەستەیی و توانای مرۆڤی دەردەخست. بە هۆی شكستی نازیەكان ئەم فیلمسازە ناچار بوو لە سینەما دوور كەوێتەوە.

لە بەرامبەر فیلمسازانی وەك ریفنشتال كە پەیوەست بوو بە حیزبی نازی و حكومەتی ئەڵمانیای نازی، چەند فیلمسازێكی سەربەخۆش چالاك بوون كە پەیوەست نەبوون بە حیزب یا پشتیان نەبەستبوو بە دەوڵەتەوە. (لویس بونویل) كە فیلمسازێكی ئیسپانی بوو پەیوەست بوو بەم گروپە. لویس بونویل لە ساڵی ١٩٣٢ فیلمی (نیشتمانی بێ نان)ی سازكردو تیایدا بارودۆخی ناخۆشی ژیانی گوندنشینەكانی ئیسپانیای وێنەگرتبوو. لە دەیەی ١٩٣٠ لە هەموو شوێنەكانی ئەوروپادا فیلمی بەڵگەنامەیی بەنرخ سازكران.

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا سینەمای بەڵگەنامەیی بۆ هەردوو لایەنی شەڕكەر گرنگی پەیدا كرد لەبەرئەوەی گرنگی ئەم سینەمایە وك هۆكارێكی پڕوپاگەندە، پەروەردەیی و هەتا هۆكارێكە بۆ جوولاندنی گیانی سەربازیی لە تاكەكەسدا، لەناو ئەو وڵاتانەدا كە لە ڕۆژانی جەنگدا سوودیان لە سینەما كردووە لە هەموویان چالاكتر ئەڵمانیا بووە. سینەمای ئەڵمانیا لە ماوەی ساڵەكانی حكومەتی نازیەكان خەریكی پڕوپاگەندە بوون بۆ حیزبی نازی و سیاسەتەكانی نەژاد پەرستیو فراوان خوازیانەی هێتلەر لەو قۆناغەدا سینەمای بەڵگەنامەیی لە ئینگلستانیش بووە جێی سەرنج و پشتگیری و زۆر پێشكەوت. لە ماوەی ساڵەكانی جەنگدا چەند فیلمێكی بەڵگەنامەیی بەنرخ و دیار لەم وڵاتەدا بەرهەم هێنران. ئەمریكاو سۆڤیەتیش لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهان دا خەریكی سازكردنی فیلمی بەڵگەنامەیی سیاسی و پڕوپاگەندەیی بوون. بە كۆتایی هاتنی جەنگ و نەمانی پشتگیری دارایی دەوڵەتەكان،

لە ناکاو ژمارەی فیلمە بەڵگەنامەیی‌یەکان بەرەو کەم بوونەوە چوو، لەو نێوانەدا کەنەدا تەنیا وڵاتێك بوو کە پشتگیری بەرهەم هێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی دەکرد. لە وڵاتانی فەرەنساو بەلجیکاو هۆڵەنداو ئەڵمانیاش سینەمای بەڵگەنامەیی گرنگی خۆی پاراست. سینەمای بەڵگەنامەیی لەو وڵاتانەدا بە سەرچاوەی دارایی ئامادەکارانی سەربەخۆ پەیوەست بوو لە کاتێکدا کە لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات و سۆڤیەت دەوڵەت پشتگیری لەو سینەمایە دەکرد. زۆربەی ستۆدیۆکانی فیلمسازی لە سۆڤیەت تەرخان کرابوو بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی و هەر ساڵەی لەم وڵاتەدا زیاتر لە (١٠٠٠) فیلمی کورتی بەڵگەنامەیی بەرهەم دەهێنران. لەو وڵاتانەی کە پەیوەست بوون بە سۆڤیەت وەك: بولگارستان، چیکۆسلۆڤاکیا، ئەڵمانیای خۆرهەڵات، پۆڵەندا، مەجارستان، ڕۆمانیاو یۆگسلافیاش زۆر گرنگی‌یان بە سینەمای بەڵگەنامەیی ئەداو چەند فیلمسازێکی بەرجەستە لەم زەمینەیەدا کاریان دەکرد.

لە ئینگلستان سینەمای بەڵگەنامەیی لەگەڵ بوونی ڕابردوویەکی درەخشاوە بە هۆی لە دەست دانی پشتگیری دارایی دەوڵەت و پەیوەست بوون بە ئامادەکارانی سەربەخۆ دووچاری لاوازی بوو. لە دەیەی ١٩٥٠ بە هۆی کاریگەریی گروپێکی فیلمساز کە لەژێر ناوی سینەمای ئازاددا کۆببوونەوە، ماوەیەك سینەمای بەڵگەنامەیی ڕەونەقی وەرگرت بەڵام نەیتوانی تواناو گرنگی ساڵەکانی پێش جەنگ و ڕۆژانی جەنگ بە دەست بێنێت. لە کۆتایی‌دا سینەمای بەڵگەنامەیی لە ئینگلستان لە مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە رووی کردە لێکۆڵینەوەی هونەری و زانستی و بە تەلەفزیۆن پەیوەست بوو. لە ئەمریکاش لە دوای جەنگ سینەمای بەڵگەنامەیی پەیوەست بوو بە تەلەفزیۆن. زۆربەی فیلمە بەڵگەنامەیی‌و بە نرخە ئەمریکی‌یەکان بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئەم وڵاتە بەرهەم دەهێنران.

لە ئ ێران یەکەمین وێنەگرانی وەك میرزا ئیبراهیم خانی عەکاسباشی، ڕوسی خان و خان بابا موعتەزەدی لە سەرەتادا خەریکی سینەمای بەڵگەنامەیی بوون. ئیبراهیم خان لە قمەزنی و لە سبزە میدان وێنەکانی گرتووە. ڕوسی خان لە عاشورای ساڵی ١٩١٠ فیلمێکی ئامادەکردو خان بابا موعتەزەدی فیلمێکی بەڵگەنامەیی درێژی سەردانی شای

بۆ توركیا سـازكردووه. لـه كۆتـایی دەیـەكانی ١٩٣٠ و سـەرەتای دەیـەی ١٩٤٠ گروپێك لـه باشـترین هونەرمـەندان و فیلمسـازانی ئـێران رووپـان كـرده بەرهـەم هێنـانی فیلمـی بەلگەنامەیی. فەرەیدون رهنما له ساڵی ١٩٢١ فیلمی (تەختی جەمشید)ی سازكرد.

ئیبراهیم گولستان فیلمەكانی (شەپۆل و مەرجان و پارچه ئاوریشم)ی له ساڵی ١٩٣١ و (تەپۆلكەكانی مارلیك) له ساڵی ١٩٣٣ دەرهێنـا. فـروغ فـروغ زاد لـه سـاڵی ١٩٣٢ فیلمـی (ماڵه رەشەكه)ی برده سەر پەردەی سینەما. سینەمای بەلگەنامەیی ئێران بـه خـێرایی ل ه جیهاندا دەركەوت و زۆر له فیلمەكانی ئەو قۆناغه توانیان خەڵاتی جیهانی بـاش بـۆ خۆیان مسۆگەر بكەن. سینەمای بەلگەنامەیی بنەماو پایەیەك بوو بۆ سینەمای جدیو بەنرخ له ئێران.

لەگـەڵ دروسـت كردنـی كـامێرای سـووكی ١٦ ملیمـەتری سـینەمای بەلگەنامـەیی گۆڕانێكی گشتی به سـ ەردا هات. فیلمسازەكان توانیان به سوود وەرگرتن لەم كامێرایانـه نزیكتر بنەوه لەو مەوزوعانەی كه خۆیان مەبەستیانەو دیمەنی واقیعی تری پـێ تۆمـار بكـەن. ئـەو پێشـكەوتنه هونەرییانـەی تریش كـه بـۆ فیلمسـازەكان سـەربەخۆیی‌یەكی زیاتری خوڵقاند بۆ كاركردن له گەشەكردنی ئەم جۆره سینەمایەدا رۆڵیان هەبووه.

لـەم رۆدا فیلمـه بەلگەنامەیی‌یـەكان بـه شـێوازو شـێوه جۆراوجۆرەكـان سـازدەكرێن. بەلگەنامـەیی ریپۆرتـاژی، راسـتی وێنـەكان، كۆمەلایـەتی، پڕوپاگـەندەیی، زانسـتی و چەندین جۆری تری فیلمی بەلگەنامەیی هەیه كه هەریەكه لەوانەش بـۆ چـەند بەشـی ت ر دابەش ئەبن. بەلگەنامەیی سیاسی- پڕوپاگەندەیی له قۆناغـه جیاجیاكـاندا هـەندێ جـار بەرهـەمی كاریگـەرو قوڵیـان هـەبووەو فیلمـه بەلگەنامەیی‌یـه زانسـتیو جوگرافی‌یەكان و مرۆڤ ناسی‌یەكان له پێشكەوتنی زانست دا كاریگەر بوون.

لـەم رۆدا لـه جیهاندا زۆربـەی وڵاتـه جیاجیاكـان خـەریكی بەرهـەم هێنـانی فیلمـی بەلگەنامـەیین. سـینەمای بەلگەنامـەیی فێسـتیڤاڵی تایبـەت بـه خـۆی هەیـه. (فێستیڤاڵەكانی پۆڵۆنیا، بۆ دابست، شیكاگۆ، ئەدینبورو ئۆبەرهاوزن- Oberhausen) بۆ نمایش كردن و هەڵسەنگاندنی فیلمه بەلگەنامەیی‌یەكان تەرخان كراون.

## فێستیڤاڵە سینەماییەکان

فێستیڤاڵە سینەماییەکان، بەرنامەی نمایش کردن و ناساندنی فیلمە بالاو نوێکانن. بە مەبەستی هەڵبژاردن و ناساندنی فیلمە بالاکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی فیلم و خۆشەویستی سینەما فێستیڤاڵە سینەماییەکان رێك دەخرێت. بە شێوەیەکی گشتی فێستیڤاڵە سینەماییەکان لە چەند رۆژێك تا چەند هەفتەیەك دەخایەنێت و لەو ماوەیەدا باشترین بەرهەمی سینەمایی جیهانی نمایش دەکرێت، دەنرخێنرێن و فیلمە بالاکان خەلات وەردەگرن.

ئەم فیستڤالانە بێجگە لە بەهای هونەری بەهای بازرگانیشی هەیەو لە بەرزکردنەوەی فرۆشتنی فیلم و دەرکەوتنی ئەو فیلمانە لە جیهاندا رۆلێکی گرنگ دەبینێ. فێستیڤاڵەکان بۆ فیلمە هەڵبژێراوەکان ئەو هەلە دەرەخسێنێ هەتا لە ولاتانی تریش نمایش بکرێن. لەم بەرنامانەدا بەشەکانی تری فیلمەکانیش خەلات وەردەگرن کە لە داهاتوودا کاری ئەوانە کاریگەری زیاتری دەبێت. سەرەڕای ئەوانەش ئەو شارانەی کە شوێنی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵەکانە دەبێتە جێی سەرنجی هونەر دۆستان و گەشتیاران و ئەم حاڵەتەش بۆ چاککردنی حاڵەتی ئابووری ئەو شارە کاریگەر دەبێت.

(فێستیڤاڵی ڤینیسیا) کۆنترین فێستیڤاڵی سینەمایی جیهانە. ئەم فێستیڤاڵە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٢ بەڕێوەبراو خەلاتەکەی شێری ئاڵتونییە. (فێستیڤاڵی کان) لە ساڵی ١٩٤٦ و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە فەرەنسا رێك خرا.

ئەم دوو فێستیڤاڵە هەتا ئەمڕۆ بە باشترین فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهانی دادەنرێن و خەلاتەکانیان بەهایەکی زۆریان هەیە. (فێستیڤاڵی بەرلین) لە ساڵی ١٩٥١ لە ئەڵمانیا رێك خرا. گرنگترین خەلاتی ئەم فێستیڤاڵە ورچی ئاڵتونی و ورچی زیوینە. سینەمای بەڵگەنامەیی لەم فێستیڤاڵەدا گرنگیەکی تایبەتی پێ ئەدرێ. (فێستیڤاڵێ مۆسکۆ)ش کە لە ساڵی ١٩٣٥ دەستی پێکردووە یەکێکی ترە لە فێستیڤاڵە گرنگەکانی جیهان.

(فێستیڤاڵی سینەمایی ئۆسکار) لە ساڵی ١٩٢٧ لە ئەمریکا ڕێك دەخرێت و زیاتر بۆ ناساندن و پڕووپاگەندەی فیلمە ئەمریکی‌یەکان تەرخان کراوە.

بەشێك لەم فێستیڤاڵەش تایبەتە بە فیلمە بیانی‌یەکان. خەڵاتی ئۆسکار ئەوەندەی خەڵاتەکانی فێستیڤاڵەکانی ڤینیسیاو کان بەهای هونەری‌یان نی‌یە بەڵام لەسەر ئاستی فرۆشتنی فیلم کاریگەریی زۆری هەیە.

ئەمڕۆ لە جیهاندا زیاتر لە (٢٠٠) فێستیڤاڵی سینەمایی ڕێك دەخرێن کە زۆربەیان بۆ هەموو جۆرە فیلمەکان تەرخان دەکرێن. فیلمە بەڵگەنامەیی‌یان، کارتۆن، فیلمی کورت، زانستی- خەیاڵی، پەروەردەیی و سینەمای منداڵان و نەوجەوانان هەریەکەیان لە فێستیڤاڵی تایبەتی بە خۆیان نمایش دەکرێن. فێستیڤاڵی ئوبەرهاوزن لە ئەڵمانیا، تەرخان کراوە بۆ فیلمی بەڵگەنامەیی. لە (فێستیڤاڵی بەرلین)یش لە ساڵی ١٩٦١ بەشێك بۆ سینەمای نەوجەوانان زیادکراوە. کارئەکتەری ئەمریکی (رابرت رد فۆرد) لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ پشکنین و، پەروەردەکردن و گەشەکردنی فیلمسازە لاوەکان و بە مەبەستی پشتگیری لە بەهاکانی هونەری سینەمای ئەمریکی دەزگای (سان دنس- Sun dance)ی دامەزراند ئەم دەزگایە کە هەر ساڵەی فێستیڤاڵێکی سینەمایی تایبەت سازدەکات، تایبەتە بەو فیلمانەی کە سەربەخۆ لە کۆمپانیا گەورەکان و بە سەرمایەیەکی کەم بەرهەم دەهێنرێن.

لە ئێراندا، یەکەمین فێستیڤاڵی سینەمایی لە ساڵی ١٩١١ و لە بارەگای ئەنجومەنی فەرهەنگی بەریتانیا سازکراوە. ڕێك خەری ئەم فێستیڤاڵە (فرخ غفاری) بوو کە بۆ فیلمە ئینگلیزی‌یەکانی تەرخان کردبوو، لەوە بە دواوە لە دوای ١٣ ساڵ چەند فێستیڤاڵێکی بچووك و ئاسایی لە ئێران سازکراوە. لە ساڵی ١٩٣٢ بەڕێوەبەرێتی سەداو سیما لە وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر یەکەمین فێستیڤاڵی جیهانی بۆ فیلمەکانی هونەری، پەروەردەیی، فێرکاری، جیهان ناسی سازکرد. خەڵاتی ئەم فێستیڤاڵە پەیکەرێکی ئاڵتونی‌و، زیوی و برۆنزی دۆڵفین بوو. پەیکەری دۆڵفین نیشانەو سمبولی پەیوەست بە (١٢٠٠ ) ساڵ پێش ئێستایە کە لە لورستان دۆزرابۆوە. ئەم فێستیڤاڵە هەتا پێش شۆڕش چوارده خوولی لێ سازکراو ئەمڕۆش هەر لەژێر ناوی فێستیڤاڵی فیلمەکانی پەروەردەیی و فێرکاری گەشە بەکاری خۆی ئەدا.

له ساڵی ١٩٣٥ ، دوو ساڵ له دوای دامەزراندنی سەنتەری پەروەردەی فیکری منداڵان و نەوجەوانان، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی منداڵان سازکرا. یەکەمین فیلمی ئێرانی کە لەم فێستیڤاڵەدا خەڵاتی وەرگرت فیلمی (پادشای جەمشید) لە سازکردنی نصرت الله کریمی بوو. ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٣٦ لە دووەمین خوولی فێستیڤاڵی فیلمەکانی منداڵان مەدالیای زیوی فیلمەکانی پەروەردەیی بۆ نەوجەوانان وەرگرت.

یەکەمین فێستیڤاڵی جیهانی فیلم لە تاران لە ساڵی ١٩٤١ کارەکانی خۆی دەست پێکرد. ئەم فێستیڤاڵە گەورەترین ڕووداوی سینەمایی بوو لە ئێران. ٢٦ وڵات لەم فێستیڤاڵەدا بەشداریان کردبوو لە دەستەی لیژنەی بڕیار دەرانی نێودەوڵەتی کەسایەتی‌یەکانی وەك: گریگوری جوخرای و ساتیاجیت رای دەبینران.

فێستیڤاڵی فیلمی نەوجەوانانی ناوچەی ئاسیا لە ساڵی ١٩٤٢ سازکرا. فێستیڤاڵی سینەمای لاوانی ئێران کە تایبەت بە فیلمسازانی ئاماتور و فیلمی ٨ ملمی مەتری بوو، کارەکانیان لە ئەیلوولی ١٩٤٣ دەست پی‌کرد.

لە فێستیڤاڵەکانی تری ئەم قۆناغە دەتوانین فێستیڤاڵی سپاس لە ساڵی ١٩٣٨، فێستیڤاڵی فیلمی پڕوپاگەندەیی تاران ساڵی ١٩٤٢، فێستیڤاڵی فیلمی پڕوپاگەندەیی لە ساڵی ١٩٤٣ و فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ژنان لە ساڵی ١٩٤٤ ناوبەرین.

ئەمڕۆ گرنگترین فێستیڤاڵی سینەمایی ئێران فێستیڤاڵی نێو دەوڵەتی فەجرە. بەشی سەرەکی ئەم فێستیڤاڵە بۆ چاودێری فیلمە ئێرانی‌یەکان دانراوە هەموو ساڵێك بۆی تەرخان کراوە. بڕیاردان لەسەر فیلمەکان لەم بەشەدا لە ئەستۆی سینەماکارانی ئێرانی‌یە. بەشێکی تری فێستیڤاڵەکە تەرخان کراوە بۆ نمایش کردنی فیلمە باڵاکانی سینەما. خەڵاتی ئەم فێستیڤاڵە سیمورخی شووشەیی‌یە. فێستیڤاڵی فیلمی منداڵان، فێستیڤاڵی سەرانسەری و نێودەوڵەتی سینەمای لاوان، فێستیڤاڵەکانی ناوچەیی سینەمای لاوان، فێستیڤاڵی فیلم و ڤیدیۆیی سورە، فێستیڤاڵی فیلمەکانی پەروەردەیی و فێرکاری و فێستیڤاڵەکانی فیلمی شارەکان، لەو فیستڤاڵانەی ترە کە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران سازدەکرێت.

# لیستی وەرگرانی خەڵاتی ئۆسکار لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٩٣

| ساڵ | باشترین فیلم | باشترین دەرهێنەر | باشترین کارئەکتەری پیاو | باشترین کارئەکتەری ژن |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٢٧-١٩٢٨ | باڵەکان | فرانک بورزاگ (ئاسمانی حەوتەم) لویس میلستون (دوو نەجیب زادەی عەرەب) | ئەمیل یانینگز (دوا فرمان، شێوەی هەموو زیندووەکان) | جانت گینور (ئاسمانی حەوتەم، فریشتەی شەقام، دەرکەوتن)) |
| ١٩٢٨-١٩٢٩ | برادوی میلۆدی | فرانک لوید (شازادەی ئاسمانی) | وارنەر باکستەر (ئاریزونای دێرینە) | مری پیکفۆرد (قەشەنگ) |
| ١٩٢٩-١٩٣٠ | لە خۆرئاوا هەواڵێک نیە | لویس ملیستون (لە خۆرئاوا هەواڵێک نیە) | جورج ئارلیس (دیز رائیلی) | نورماشەر (تەڵاق) |
| ١٩٣٠-١٩٣١ | سیمارون | نورمن تاوبێرگ (ئەسکیپی) | لایونل بری مور (ڕۆحێکی ئازاد) | ماریا درسلەر (بێڵ و مین) |
| ١٩٣١-١٩٣٢ | ئوتێلی گەورە | فرانک بورزاگ (کچێکی خراپ) | ڤالس بیری (قارەمان) فریدریک مارچ (دوکتۆر جکیل و مستەر هاید) | هۆلن هیز (گوناهی مادلین کلودت) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٣٢-١٩٣٣ | دەستەی سوارەکان | فرانك لوید (دەستەی سوارەکان) | چارلز لافتون (ژیانی تایبەتی هەنری هەشتەم) | کاترین هیپورن (ترسی بەیانیان) |
| ١٩٣٤ | شەوێکی ڕێکەوت | فرانك کاپرا (شەوێکی ڕێکەوت) | کلارك گیبل (شەوێکی ڕێکەوت) | کلودت کلوبیرت (شەوێکی ڕێکەوت) |
| ١٩٣٥ | شۆڕش لەسەر کەشتی بانتی | جان فۆرد (هەواڵی چین) | ڤیکتۆر میك لاگلن (هەواڵی چین) | بت دیویس (ترسناك) |
| ١٩٣٦ | زیگفیلدی گەورە | فرانك کاپرا (دیدز بەرەو شار دەچێت) | پول مونی (داستانی لویی پاستەر) | لوبی رایز (زیگفیلدی گەورە) |
| ١٩٣٧ | ژیانی ئەمیل زولا | لیۆمیك کاری (حەقیقەتی ناخۆش) | سپنسەرتریسی (کاپیتانی دلێر) | لوبی رایز (خاکی باش) |
| ١٩٣٨ | ناتوانی ئەوە لەگەڵ خۆتا بپارێزێ | فرانك کاپرا (ناتوانی ئەوە لەگەڵ خۆتا بپارێزی) | سپنسەرتریسی (شاری کوڕەکان) | بت دیویس (جزابل) |
| ١٩٣٩ | بابردەڵە | ڤیکتۆر فلمینگ (بابردەڵە) | رابرت دونیت (خودا حافیز مستەر چیپس) | ڤیوین لی (بابردەڵە) |
| ١٩٤٠ | ربەکا | جان فۆرد (هێشووە تورەکان) | جیمز ئستوارت (داستانی فیلاد لفیا) | جینجەر راجرز (کیتی فولی) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤١ | مرواری من چەندە سەوز بوو | جان فورد (مرواری من چەندە سەوز بوو) | گاری کوپەر (ئەفسەری یورك) | جون فونتین (گومان) |
| ١٩٤٢ | خانم مینیور | ولیام وایلەر (خانم مینیور) | جیمز کاگنی (یەنکی دوو دڵ و دەبەنگ) | گریر گارسون (خانم مینیور) |
| ١٩٤٣ | کازابلانکا | کایکل کورتیز (کازابلانکا) | پول لوکاس (سەرنجی ئەم ڕێگایە بدە) | جنیفەر جونز (هاواری بەرنادت) |
| ١٩٤٤ | ڕۆیشتن بە ڕێگەی مندا | لومیل کاری (ڕۆیشتن بە کاری مندا) | بینگ کرازبی (ڕۆیشتن بە ڕێگەی مندا) | ئینگرید برگمن (گلۆپی غاز) |
| ١٩٤٥ | پشووە لە دەست چووەکان | بیلی وایلدەر (پشووە لە دەست چووەکان) | ری میلاند (پشووە لە دەست چووەکان | جون کرافۆرد میلدرد پیرس) |
| ١٩٤٦ | باشترین ساڵەکانی ژیانی ئێمە | ویلیام وایلەر (باشترین ساڵەکانی ژیانی ئێمە) | فردریك مارج (باشترین ساڵەکانی ژیانی ئێمە) | ئولیویا دو هاویلند (بۆ هەریەکە لە کەسەکانیشی) |
| ١٩٤٧ | ڕەزامەندی بەرێزان | ئیلیا کازان (ڕەزامەندی بەرێزان) | ڕونالد کلمن (ژیانی دووانە) | لورتا یانگ (کچی ئاغا) |
| ١٩٤٨ | هاملێت | جان هوستن (گەنجی سیرامادرا) | لارنس ئولیوبەر (هاملێت) | جین ویمن (گیانی بلیندا) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٩ | هەموو پیاوەکانی پاشا | جۆزیـــــــف ل. مانکیـــە ڤیـــج (نامەیەك بۆ سێ هاوسەر) | برودریـك کرافـۆرد (هـەموو پیاوەکـانی پاشا) | ئولیویا دوهایلند (ویراسە) |
| ١٩٥٠ | هـــەموو شـــتێك دەربارەی حەوا | جوزیـــــــف ل. مانکیـــە ڤیـــج (هـــەموو شـــتێك دەربارەی حەوا) | خـوزە فـرر (سـرانو دوبرژاك) | جـودی هولیـدی (لـە دایـك بووی دوێنێ) |
| ١٩٥١ | ئەمریکیـیـەك لـە پاریسدا | جورج ئـستیونس (شـــوێنێك لـــە مانگدا) | همفـــری بوگـــارت (شازادەی ئەفریقی) | ڤیوین لی (پاسێك بـە نـاوی هوس) |
| ١٩٥٢ | گـــــــەورەترین نمایشـــی ســـەر ڕووی زەوی | جان فۆرد (پیاوی ئارام) | گاری کوپـەر (مـانگی بڵند) | شـرلی بـوث (گەڕانـــەوەی شەوە بچووکەکان) |
| ١٩٥٣ | لـــێرەوە هـــەتا ئەبەدیەت | فـــرد زینـــەمان (لـــێرەوە هـــەتا ئەبەدیەت) | ولیام هۆڵدن (خـاڵی پشکنینی ژمارە ١٧) | ئـودری هیپـورن (پشـووە درێژەکان) |
| ١٩٥٤ | لە بەندەر | ئیلیـا کـازان (لـە بەندەر) | مـارلون برانـدو (لـە بەندەر) | گریـــس کلـــی کچـــی گوندنشین) |
| ١٩٥٥ | مارتی | دلبـــێرت مـــان (مارتی) | ئەرنست یورگنـــاین (مارتی) | ئانـا مانیـاتی (خـاڵ کوتـی گوڵ سوور) |
| ١٩٥٦ | هەشـــتا ڕۆژ دوور لە دنیا | جورج ئـستیونس (زەبەلاح) | یول براینـەر (مـن و پاشا) | ئینگرید برگمن (ئاناستازیا) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | پردێك لەسەر ڕووباری كوای | دیوید لین (پردێك لەسەر ڕووباری كوای) | ئەلك گینس (پردێك لەسەر ڕووباری كوای) | جوان ڤودوارد (سێ ڕوخساری حەوا) |
| ١٩٥٨ | جیجی | ڤینسنت مینەلی (جیجی) | دیوید نیون (مێزە تەنیاكان) | سوزان هیوارد (دەمەوێ بە زیندوو بمێنمەوە) |
| ١٩٥٩ | ڤاوەی بەخت | ویلیام وایلەر (ڤاوەی بەخت) | چارلتون هستون (ڤاوەی بەخت) | سیمون سینبورە (ژووری ڤاتی سەرەوە) |
| ١٩٦٠ | تەلار | بیلی وایلدەر (تەلار) | بیرت لنكستەر (ئەلمر جنتری) | ئەلیزابیت تیلور (باترفیلدی ٨) |
| ١٩٦١ | چیرۆكی وست ساید | جەروم رابینزو رابرت وایز (چیرۆكی وست ساید) | مكسیملیان شل (دادگای نۆرمبێرگ) | سۆفیا لۆرین (دوو ژن) |
| ١٩٦٢ | لۆرانسی عەرەب | دیوید لین (لۆرانسی عەرەب) | گریگۆری پیك (كوشتنیبالندەیەكی لاسایی كەرەوە) | ئان بانكرافت (كرێكاری سەرسوڕهێنەر) |
| ١٩٦٣ | تۆم جۆنز | تونی ریچارد سون (تۆم جونز) | سیدنی پواتیە (گوڵە سەوسەنی مێرگوزار) | پاتریشیانیل (یەهودی) |
| ١٩٦٤ | كابانی جوانی من | جورج گوگەر (كابانی جوانی من) | ركیس هریسون (كابانی جوانی من) | جولی ئەندروز (مەری پاپینز) |
| ١٩٦٥ | دەنگی مۆسیقا | رابرت وایز (دەنگی مۆسیقا) | لی ماروین (چاكەتی پالو) | جولی كریستی (دارشەق) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٦ | پیاوێك بۆ هەموو وەرزەكان | فـــرد زینـــەمان (پیـــاوێك بـــۆ هەموو وەرزەكان) | پـــول ئـــسكوفیڵد (پیاوێك بۆ هـەموو وەرزەكان) | ئەلیزابیت تیلور (چ كەسێك لە ڤێرجینا ولف ئەترسێت) |
| ١٩٦٧ | لە گەرمای شەودا | مـــایك نیكـــۆلاس (خوێندكـــــاری دەرچوو) | رادســـتایگەر (لـــە گەرمای شەودا) | كـاترین هیپـورن (بزانـە چ كەسـێك دێـت بـۆ نـان خواردنی ئێوارە) |
| ١٩٦٨ | ئۆلیویەر | ســەركارول ریــد (ئۆلیویەر) | كلیــف رابرتســـون (چارلی) | كـاترین هیپـورن (شـێر لـە زستاندا) |
| ١٩٦٩ | كاوبۆی نیوەشەو | جــان شــلزینگەر (كـــاوبۆی نیـــوە شەو) | جان ویـن (ڕەنجـی حەقیقی) | میگـی سمیـث (باشــترین ســاڵەكانی كچێنـی جــین برودی) |
| ١٩٧٠ | پاتون | فرانكلــین جــی. شافز (پاتون) | جـورج سی. سـكات (پاتون) | گلندا جاكسون (ژنی عاشق) |
| ١٩٧١ | پــــــەیوەندی فەرەنسی‌یەك | ویلیــام فردكــین (پـــــەیوەندی فەرەنسی‌یەك) | جـــین هـــاكمن (پـــــەیوەندی فەرەنسی‌یەك) | جین فۆندا (كلوت) |
| ١٩٧٢ | باوە پیارە | بـــاب فـــوس (مەیخانە) | مارلون براندو (باوە پیارە) | لیزا مینەلی (مەیخانە) |
| ١٩٧٣ | چزو | جـورج روی هیــل (چزو) | جیـــك لیمـــون (پڵنگەكە ڕزگار بكە) | گولندا جاكسون (خانەدانی) |
| ١٩٧٤ | زڕباب ٢ | فرانسـیس فـۆرد كاپولا (زڕباب-٢) | ئـارت كـارنی (هـری وتونتو | ئیلن بورستاین (ئیتر ئالیس لێرەدا ناژی) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٥ | فڕین بەسەر هێلانەی کوکوختی | میلوش فورمن (فڕین بەسەر هێلانەی کوکوختی) | جاك نیکلسون (فڕین بەسەر هێلانەی کوکوختی) | لویس فلچەر (فڕین بەسەر هێلانەی کوکوختی) |
| ١٩٧٦ | راکی | جان. ج. ئویلدسن (راکی) | پیتەر فینچ (تۆڕ) | فی داناوی (تۆڕ) |
| ١٩٧٧ | ئانی هال | ڤودی ئالن (ئانی هال) | ریچارد دریفوس (کچی ماڵئاوایی) | دایان کیتون (ئانی هال) |
| ١٩٧٨ | ڕاوچی بزنە کێوی | مایکل سیمینو (ڕاوچی بزنە کێوی) | جون ڤوگت (گەڕانەوە بۆ ماڵەوە) | جین فۆندا (گەڕانەوە بۆ ماڵەوە) |
| ١٩٧٩ | کریمەر لە دژی کریمەر | ڕابرت بتون (کریمەر لە دژی کریمەر) | داستین هافمن (کریمەر لە دژی کریمەر) | سالی فیلد (نورماریا) |
| ١٩٨٠ | مرۆڤی ئاسایی | ڕابرت رد فۆرد (مرۆڤی ئاسایی) | ڕابرت دونیرو (گایەکی تووڕە) | سیسی سپاك كوك (کچی کانزاچی) |
| ١٩٨١ | گالیسکە ئاگرینەکان | وارن بیتی (سوورەکان) | هنری فۆندا (لەبەرچاوی ئاڵتونی) | کاترین هیپورن (لەبەرچاوی ئاڵتونی) |
| ١٩٨٢ | گاندی | ریچارد ئاتنبرو (گاندی) | بن گینگزلی (گاندی) | مریل ستریپ (هەڵبژاردنی سۆفی) |
| ١٩٨٣ | ڕۆژانی میهرەبانی | جیمزل. بروکز (ڕۆژانی میهرەبانی) | رابرت دڤوال (بەشە گەرمەکان) | سرلی میك لین (ڕۆژانی میهرەبانی) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٤ | ئامادیوس | ملیوش فورمن (ئامادیوس) | ئێف. مورای ئابراهام (ئامادیوس) | سالّی فیلد (چەند شوێنێك له دلّدا) |
| ١٩٨٥ | بڕۆدەرەوە له ئەفریقا | سیدنی پولاك (بڕۆ دەرەوە له ئەفریقا) | ویلیام هیرت (ماچی ژنی عەنکەبوتی) | جرالدین پیج (گەشت بۆ میهرەبانی) |
| ١٩٨٦ | پلاتون | ئولیورستون (پلاتون) | پول نیومن (ڕەنگی پارە) | مارلی ماتلین (نەوە بچوکەکانی خودا) |
| ١٩٨٧ | دوا ئیمپراتۆر | بەرناردو برتولوچی (دوا ئیمپراتۆر) | مایکل داگلاس (ڤال ستریت) | شیر (مانگ بردوو) |
| ١٩٨٨ | رین من (ناپاکی من) | بری لونیسون (ناپاکی من) | داستن هۆفمان (ناپاکی من) | جودی فاستەر (تاوانبار) |
| ١٩٨٩ | شۆفێری خانم دیزی | ئولیورستون (له دایك بووی چواری جولای) | دانیل دی لویس (پێی چەپی من) | جسیکا تەندی (شۆفێری خانم دیزی) |
| ١٩٩٠ | (لەگەڵ گورگەکان سەما ئەکا | کیڤن کوستنەر (لەگەڵ گورگەکان سەما ئەکا) | جرمی ئایرونز (گەڕانەوەی بەخت | کیتی بیتس (بەدبەختی بێ چارە) |
| ١٩٩١ | بەورە خامۆشەکان | جاناتان دم (بەورە خامۆشەکان) | ئانتونی هاپکینز (بەورە خامۆشەکان) | جودی فاستەر (بەورە خامۆشەکان) |
| ١٩٩٢ | (نەبەخشراو) | کلینت ستیود (نەبەخشراو) | کیلنت سیتود | ئیما تامپسون (کۆتایی هاوارد) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٣ | دۆسیی شیندلەر | ستیڤن سپیلبێرگ (دۆسیی سیندلەر) | تام هنکس (فیلادلفیا) | هالی هانتەر (پیانۆ) |

**خەلاتی ئۆسکار بۆ باشترین ئەکتەری پیاو و ژن ڕۆڵی دووەم لە ساڵی ( ١٩٣٦ )ەوە، هەروەها بۆ باشترین فیلمی بیانی لە ساڵی ( ١٩٤٧ )ەوە.**

| ساڵ | باشترین کارئەکتەری پیاو ڕۆڵی دووەم | باشترین کارئەکتەری ژن ڕۆڵی دووەم | باشترین فیلمی بیانی |
|---|---|---|---|
| ١٩٣٦ | ڤالتەر بیرنان (وەرەو بیگرە) | گیل سوندەر گارد (ئانتونی ئادورس) | |
| ١٩٣٧ | جۆزیف شیلد کراوات (ژیانی ئەمیل زۆلا) | ئالیس بەریدی (لە شیکاگۆی کۆندا) | |
| ١٩٣٨ | ڤالتەر بیرنان (بەستنی پەیوەندی) | ڤی بینتەر (جزابل) | |
| ١٩٣٩ | تۆماس میچێل (مامۆستای شانۆ) | هتی میل دانیل (بابردەڵە) | |
| ١٩٤٠ | ڤالتەر بیرنان (خۆرئاواییەکان) | جین دارول (هێشووە تورەکان) | |
| ١٩٤١ | دۆناڵد کریسپ (مرواری من چەند سەوز بوو) | ماری ئاستور (درۆی گەورە) | |
| ١٩٤٢ | ڤان هفلین (گیانی ئەیگر) | ترزا رایت (خانم مینیور) | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٣ | چـــارلز کوبـــــرون (گەورەترین شادی) | کاتینـــا پاکســـینو (زەنگـــەکان بـــۆ چ کەسێك لیٚ ئەدریٚ) | |
| ١٩٤٤ | بـــیری فیـــتز جراڵـــد (ڕۆیشـــتن بـــە ڕێگـــەی خۆتا) | ئیتل بیری مور (هیچ بە تەنیا دڵێك) | |
| ١٩٤٥ | جیمز دون (درەختێك لە بروکلین دەڕوێت) | ئـان دیـور (ئاوریشـمی میللی) | |
| ١٩٤٦ | هـیرولد ڕاسـل (باشـترین ساڵەکانی ژیانی ئێمە) | ئان باکستەر (گوێزان) | |
| ١٩٤٧ | ئــــەدمۆند گویــــن (موعجـیزە لـە شـەقامی ٣٤) | سلســـــتە هوڵــــم (ڕەزامەندی بەڕێزان) | بۆیاخچی (ئیتالیا) |
| ١٩٤٨ | ڤاڵتـەر هوسـتن (گـەنجی سیرامادرا) | کلـەر تـرور (کلیلـی جوڵاندنی ئارامی) | میستەر ڤینسنت (فەرەنسا) |
| ١٩٤٩ | دیـن جگـەر (کـاتژمێری ١٢) | مارســـدس میــــك کـــەمبریج (هـــەموو پیاوەکانی پاشا) | دزی پاسکیل (ئیتالیا) |
| ١٩٥٠ | جورج ساندرس (هـەموو شتێك دەربارەی حەوا) | جوزفین هاڵ (هاروی) | دیوارەکـــانی مالاپاگـــا (فەرەنسا- ئیتالیا) |
| ١٩٥١ | کارول ماڵدن (پاسێك بـە ناوی هوس) | کیـم هانتـەر (پاسـێك بەناوی هوس) | ڕاشومون (ژاپۆن) |
| ١٩٥٢ | ئـانتونی کویـین (بـژی زاپاتا) | گلوریا گراهام (جوان و ناشیرین) | یاریـــە قەدەغـــەکان (فەرەنسا) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٣ | فرانك سيناترا (لێرەوە هەتا ئەبەدیەت) | دانا رید (لێرەوە هەتا ئەبەدیەت) | |
| ١٣٩٥٤ | ئەدۆند ئوبراین (كنتسی كەم دەست) | ئوماریا سنت (لە بەندەردا) | دەروازەی دۆزەخ (ژاپۆن) |
| ١٩٥٥ | جاك لیمون (مستەر رابرتز) | جوڤان فلیت (خۆرهەڵاتی بەهەشت) | ساموراێی (ژاپۆن) |
| ١٩٥٦ | ئانتونی كوین (ئارەزوو بۆ ژیان) | دوروتی مالون (لەبەر با نوسراوە) | جادە ئیتالیا) |
| ١٩٥٧ | رد باتنز (سایانورا) | میوشی ئومەكی (سایا نورا) | شەوەكانی كابیریا (ئیتالیا) |
| ١٩٥٨ | بورل ئیوز (سەرزەمینی گەورە) | وندی میلەر (مێزە تەنیاكان) | مامی من (فەرەنسا) |
| ١٩٥٩ | هیو گریفیپ (قاوەی بەخت) | شلی ڤینترز (یادەوەرییەكانی ئان فرانك) | ئورفەی ڕەش (فەرەنسا، لە بەرازیل ئامادەكراوە) |
| ١٩٦٠ | پیتەر یوستینف (سپارتاكوس) | شرلی جونز (ئەلمەر جنتری) | بەهاری كچێتی (سوید) |
| ١٩٦١ | جورج چاكیریس (چیرۆكی وست ساید) | ریتا مورنو (چیرۆكی وست ساید) | لە پشت شوشە تاریكەكە (سوید) |
| ١٩٦٢ | ئید بگلی (باڵندەی جوان و شیرین) | پتی درك (كرێكاری سەرسوڕهێنەر) | سیبل و یەك شەممان (فەرەنسا) |
| ١٩٦٣ | ملیون داگلاس (یەهودی) | مارگارت راترفۆرد (كەسانی زۆر گرنگ) | هەشت و نیو (ئیتالیا) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٦٤ | پیتەر یوستینف (توپکاپی) | لیلا کدرڤوا (زۆربای یۆنانی) | دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەینێ (ئیتالیا) |
| ١٩٦٥ | مارتین بالزام (هەزار مەخسەرە) | شلی ڤینتەرز (پەڵەی شین) | دوکانی سەر شەقامی سەرەکی (چیکۆسلۆڤاکیا) |
| ١٩٦٦ | ڤالتەر ماتیو (شیرینیی بەخت) | سندی دنیس (چ کەسێك لە ڤیرجینا ولف ئەترسێ؟) | پیاوێك، ژنێك (فەرەنسا) |
| ١٩٦٧ | جۆرج کەندی (وشترێکی خۆش دەست) | ستله پارسونز (بانی و کلاید) | شەمەندەفەرەکانی ژێر چاودێری (چیکۆسلۆڤاکیا) |
| ١٩٦٨ | جاك ئەلبرتسون (مەسەلەی سووربوونی گوڵەکان) | روث گوردون (منالی رزماری) | جەنگ و ئاشتی (سۆڤیەت) |
| ١٩٦٩ | گیگ یانگ (ئەوانە بە ئەسپەکان تۆپ دەهاوێژن) | گولدی هاون (گوڵی کاکتوس) | لەزگە (فەرەنسا- جەزائیر) |
| ١٩٧٠ | جان میلز (کچی ڕایان) | هلن هیز (فڕۆکەخانە) | (لێکۆڵینەوە دەربارەی هاووڵاتیەکی گومان لێکراو) (ئیتالیا) |
| ١٩٧١ | بن جانسون (دوا نمایشی فیلم) | کلوریس لیچمن (دوا نمایشی فیلم) | باخی فینزی کونتینی (ئیتالیا) |
| ١٩٧٢ | جوئیل گری (مەیخانە) | ئیلین هیکارت (پەپوولەکان ئازادن) | سەرنج ڕاکێشی پەنهانی بۆرجوازی (فەرەنسا) |
| ١٩٧٣ | جان هاوس من | تا توم ئونیل (مانگی | ڕۆژ بۆ شەو (فەرەنسا) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | (بەدواداچوونی کاغەزێك) | کاغەزی) | |
| ١٩٧٤ | ڕابرت دونیرو (زڕباب ٢) | ئینگرید بەرگمن (تاوانێك لە شەمەندەفەرێکی تیژڕەوی هێڵی خۆرهەڵات) | ئاماکورد (ئیتالیا) |
| ١٩٧٥ | جوردج بیرنز (کوڕە پرشنگدارەکان) | لی گرنت (شامپۆ) | درسو ئوزالا (ژاپۆن- سۆڤیەت) |
| ١٩٧٦ | جیسون ڕوباردز (هەموو پیاوەکانی سەرکۆمار) | بیانزیس ستریت (تۆڕ) | ڕەنگی ڕەش و سپی (یوری کوست- فەرەنسا) |
| ١٩٧٧ | جیسون روباردز (جولیا) | ڤنسارد گریو (جولیا) | خانم روزا (فەرەنسا) |
| ١٩٧٨ | کریستوفەر ڤالکن (ڕاوچی بزنەکێوی) | میگی سمیت (تەلاری کالیفورنیا) | (لەناو پەچەکەت بێرەدەرێ) (فەرەنسا) |
| ١٩٧٩ | ملیون دوگلاس (لێرەبوون) | مریل ستریپ (کریمەر لە دژی کریمەر) | تەپڵی حەڵەبی (ئەڵمانیای خۆرئاوا) |
| ١٩٨٠ | تیمونی هاتن (مرۆڤی ئاسایی) | مری ستین بورگن (ملیون و هاوارد) | مۆسکۆ باوەڕی بە گریان نییە (سۆڤیەت) |
| ١٩٨١ | جان گیلگاد (ئارتور) | موریـن ستاپلتون (سوورەکان) | مفیستو (مەجارستان) |
| ١٩٨٢ | لویس گوزت (ئەفسەرێك و پیاوێك) | جسیکا لین (توتسی) | دووبارە دەست پێ کردن (ئیسپانیا) |
| ١٩٨٣ | جاك نیکلسون (ڕۆژانی میهرەبانی) | لیندا هانت (لە مەترسی ساڵی ژیاندا) | فانی و ئەلکساندەر (سوید) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٤ | هینگ. س. نگور (کێڵگەی مەرگ) | پگی شکر و فت (ڕێگەیەك بۆ هیندستان) | جوڵە مەترسی دارەکان (سویسرا) |
| ١٩٨٥ | دون ئامیچ (لوو- ئاوسان) | ئانجلیکا هۆستن (شانازی پێکردن) | چیرۆکی ڕەسمی (ئەرژەنتین) |
| ١٩٨٦ | مایکل کین (هاناو خوشکەکانی) | دایان ڤیست (هاناو خوشکەکانی) | هێرش (هۆڵەندا) |
| ١٩٨٧ | شون کانری (مەخسەرەپێکراوی نەویستراو) | ئۆڵەمپیا دوکاکیس (مانگ بردوو) | بابەتی میوانداری (دانیمارك) |
| ١٩٨٨ | کوین کلاین (ماسییەك بە ناوی ڤاندا) | جینا دیویس (گەشتیاری ڕێکەوت) | پردی ڕزگاری (دانیمارك) |
| ١٩٨٩ | دینزل واشنتون (سکالاٚ) | برندا فریکەر (پێی چەپی من) | سینەمای پارادیزو (ئیتالیا) |
| ١٩٩٠ | جوپشی (هاوڕێ باشەکان) | ڤوپی گولبێرگ (ڕۆح) | گەشتی هیوا (سویسرا) |
| ١٩٩١ | جاك پالانس (زبڵەکانی شار) | مارسیدس رویل (پاشای ماسیگر) | خۆرهەلاٚتییەکان (ئیتالیا) |
| ١٩٩٢ | جین هاکمن (نەبەخشراو) | مارسیا تومی (ڤینی ئامۆزام) | هیندوچین (فەرەنسا) |
| ١٩٩٣ | تامی ل جونز (هەلاٚتن) | ئانا پاکوین (پیانۆ) | بیلە ئۆپۆکۆ (ئیسپانیا) |

## سەرچاوەكان:

١-امید/ جمال. فرهنگ فیلمهای سینمای ایران ١٣٧١- ١٣٥٨. انشتارات تصویر ١٣٧١.

٢-امید، جمال. تاریخ سینمای ایران ١٣٥٧-١٢٧٩. نشر روزنه. چاپ اول ١٣٧٤.

٣-برگمن، اینگمار. پرسونا. ترجمهٔ بهروز تورانی. نشرمینا. بهار ٧٢. چاپ اول.

٤-برگمن، اینگمار. شش صحنه ازیك ازدواج. ترجمه گلی امامی. تهران پیام ١٣٥٥.

٥-بونویل، لویس. با آخرین نفسهایم (خاطرت بونویل). ترجمه علی امینی نجفی تهران. انتشارات هوش و ابتكار ١٣٧١.

٦-پالارد، جان. ڤاتیكان و فاشیسم ایتالیا (١٩٣٢-١٩٢٩) ترجمه مهدی سحابی. تهران. نشر مركز. ١٣٦٩. چاپ اول.

٧-پیترز. جی. ام. ال. سینما و نوجوانان- مترجم دكتر ابراهیم رشید پور. تهران. انتشارات مؤسسة مطالعات و تحقیقات اجتماعی ١٣٤٦.

٨-تهامی نژاد، محمد سینمای رویا پرداز ایران. انتشارات عكس معاصر ١٣٦٥.

٩-تهامی نژاد، محمد. مجموعه مقالات رنگ در سینمای ایران. آرشیو شخصی نوسینده.

١٠-جانتی لویس. شناخت سینما. ترجمه ایرج كریمی. انتشارات فیلم تهران. پاییز ١٣٦٩.

١١-جهانگیریان، عباس. فرهنگ فیلمهای كودكان و نوجوانان از آغاز تا سال ١٣٦٧ فرهنگخانه اسفار. تهران. بهمن ١٣٦٧. چاپ اول.

١٢-حیدری، غلام. تراژدی سینمای كمدی ایران. فیلمخانه ملی ایران با همكاری دفتر پژو هشهای فرهنگی. تهران. ١٣٧٠.

١٣-درایر، كارل تیودور. دو فیلمنامه از كارل تیودور درایر (أردت و روز خشم). ترجمه بابك احمدی. شركت تهران فاریاب. مهرما ١٣٦٤ چاپ اول.

۱٤-دوائی، پرویز. بازگشت یکه سورا. انتشارات تصویر ۱۳۷۰.

۱۵-طالبی نژاد، احمد. یك اتفاق ساده. موسسه فرهنگی شیدا. بهار ۱۳۷۳. چاپ اول.

۱٦ -فصلی در سینما. ترجمه پرویز شفا. تهران. انتشارات مروارید ۱۳۵۵.

۱۷ -فلید، سید. چگونه فیلمنامه بنویسم. مترجم مسعود مدنی. عکس معاصر. آبان ۱۳٦۳.

۱۸-کسلز، آلن. ایتالیای فاشیست. ترجمه محمد ابراهیم اقلیدی. تهران. انتشارات معین. ۱۳٦۹.

۱۹-کیبسی یر، آلن. درك فیلم. ترجمه بهمن طاهری. تهران. نشر چشمه ۱۳۷۳.

۲۰ -گریگور، اولریش. پاتالاس، اونو. تاریخ سینمای هنری. ترجمه هوشنگ طاهری. تهران موسسه فرهنگی ماهور. ۱۳٦۸.

۲۱-مك براید، جوزف. سینمای اورسن ولز. ترجمه رحیم قاسمیان، تهران سروش. ۱۳۷٤.

۲۲ -مکی، ابراهیم. مقدمه‌ای بر فیلمنامه‌نویسی و کالبد شکافی یك فیلمنامه. تهران. سروش. ۱۳۷٤.

۲۳-ولچ، دیوید. تبلیغات و سینمای آلمان نازی (۱۹٤۵-۱۹۳۳). نشر مرکز ۱۳٦۹.

۲٤-ویل یوجین. فن سناریو نویسی. مترجم پیام. انتشارات فیلمخانه ملی ایران، وزارت ارشاد اسلامی. خردارماه. ۱۳٦۱.

# پەراوێزەکان

1. Brando, Marion with Lindsey, Robert. Brando (songs my mother Taught me). London. Arrow. 1995.

2. Britanica. Printed in U.S.A by Encyclopedia Britanic INC. The University of Chicago. 1986.

3. Chaplin, Charles. Charles Chaplin, My Autobiography. Great Britain. Penguin Books Third Edhion. 1974.

4. Compton, Compton Learning Company Division of Encyclopedia Britanica INC. University of Chicago. 1989.

5. Durgnat, Raymond. Franju. London. Studio Vista. 1967.

6. Katz, Ephraim. The film Encyclopedia. New york. Harper perennial.

1994. First deition.

7. Knowledge. The new book of Knowledge. Canada. Grolier. 1980.

8. Lesser, S. Gerald. Children and Television. Newyork. Vintage Book.

1975. First Edition.

9. Morrow, James. Suid, Murray. Media and Kids. NewJersey. Hayden Book Company. 1985. 9th edition.

10. Nadeau, Maurice. The History of Surrealism. Great Britain. Pelican Books. 1973.

11. Niven. David. Brin~ on the empty Horses. Newvork Dell Book. 1976.

12. Tdr (The drama review). Volume 14. Number 2 (T16). winter

**1970.**

**13. The new jump cut. Newsweek. September 16. 1996.**

**14. The Oxford Companion to film. London. Oxford university press. 1976.**

**15. Worldbook. London. Ascot fetzer company. 1995.**